




# بەشێک وەرگێڕاوەکانی

## هاوڕێ کەماڵ حەسەن پوور

بەشی: دووهەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕحمان نەقشی

بەشی: دووهەم

# پێڕست:

**بابەتی ساڵی ......... ٢٠٢١ .......... لاپەڕەی ........... ٤**


١- ڕوانگەی تاران: ڕێبازی میلیشیایی ئێران ............................................ سەعید گۆلکار، کەسرا ئەعرابی

٢- وانەکانی ساڵێک لەگەڵ کۆرۆنا ............................................... یوڤال نوح هەراری - فایناشناڵ تایمز

٣- ئاکارە شەڕانشۆیەکانی ئێران ..................... ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی نیشتمانی وڵاتە یەکگرتووەکان

٤- هەڕەشەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی حەماس دژی ئیسرائیل، دەستی ئێرانی لە پشتە ...................... ئورشەلیم پۆست
............................................................................................. سێت جەی فرانتزمەن

٥- مێژووی دوور و درێژی تێرۆر و شەڕفرۆشیی ئێران ............................... فاکس نیوز - کێلی لاکۆ، هیوستۆن کین

٦- خامنەیی گرینگترین دەنگدەری ئێرانە و توندڕەویی زۆرتر دەخوازێ نە کەمتر ........................ ئەلعەرەبیە نیوز
...................................................................................... سەعید قاسمی نژاد و بەهمەن بین تالێبلو

٧- ئەوەی گرفتە ئێرانە، نەوەک ڕێککەوتنی ئەتۆمی ............................. ئاتلانتیک - جەیمز جێفری و دێنیس ڕاس

٨- ئێران ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکا ....................................... دیفێنس وان - کەریم سەجادپور

٩- ئەمریکا چۆن لەگەڵ سەرکۆماری نوێی ئێران هەڵسوکەوت بکا؟ ........................ نایشنال ریڤیو - ڤیکتۆریا کۆتس

١٠- براوەکانی ئەفغانستان: قەتەر، ڕووسیە، چین، پاکستان، تورکیە و ئێران ...................... ئورشەلیم پۆست
............................................................................................. سێت جەی فرانتزمەن

١١- کابینەی دەوڵەتی نوێی ئێران: تیمێک لە تێرۆریستە داواکراوەکان

١٢- ئەفغانستان سەرهێشەیەکی گەورەترە لەوەی ئێران ئاشکرای دەکا .......................... فارین پاڵیسی - کیڤین لیم

١٣- بێتوو بەڕیوەبەرایەتیی بایدن دژی ئێران نەوەستێتەوە، کۆنگرە دەبێ دژی بایدن بوەستێتەوە ..........................
........................................................................ گابریەل نۆرۆنها، ئاندرێیا سترحکەر، مەتیو زوایگ

بەشی: دووهەم

١٤- گەلۆ هاوپەیمانییەک لە نێوان ئێران و چین هەیە؟ ................................ ئورشەلیم پۆست - جاناتان سپایەر
١٥- بێنێت وەڵامەکانی لە بارەی ئێران لە لایە، بەڵام کەس گوێ ڕادەگرێ؟ ............ ئورشەلیم پۆست - لەهاڤ هارکۆڤ
١٦- بۆچی عێراق دەبێ ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە؟ ........................................... واشینگتۆن پۆست - بابی گۆش
١٧- وڕێنەکانی خامنەیی کۆتاییان نایە
١٨- سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران پێویستی بە لاسایی‌کردنەوەی ڕەیگان هەیە ........ ئامۆتز ئاسایەل

## بابەتی ساڵی ............ ٢٠٢٢ ........... لاپەڕەی ........ ٩٧

١٩- لە ٢٠٢٢، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە سووریە پێش بە تاران دەگرن و ئامادەکاریی بۆ لێدان لە بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکەن .................................................................... جودا ئاری گرۆس
٢٠- ئەو هەمووە ڕق و قینە دژی کورد لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟
٢١- دەوڵەت یارمەتیی خەڵک دەدا یان زیانیان پێ دەگەیەنێ؟ ................ کریستیان ساینس مۆنیتۆر - سکات پیترسن
٢٢- دۆخی وتووێژەکان لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی ئێران .................... ئەنستیتۆی نونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک
٢٣- ئوکراین و گرینگیی خۆڕاگری ........................................................................... جان ڕاین
٢٤- جان میرشایمەر و بناخە تاریکەکانی کەتوارگەرایی ........................................................... ئادام تووز
٢٥- گۆڕانکارییەکانی دادێ لە ئێران و قەیرانی گەورەی داهاتووی پەنابەران .......... نەیشنال ئینتێرێست - مایکڵ ڕوبین
٢٦- بۆچی ڕووسیە ئەو جەنگە دەدۆڕێنێ؟ ........................................................... تویتەر - کامیل گالییەڤ
٢٧- ڕێککەوتنێکی لاوازی بایدن دەگەڵ ئێران، یارمەتیی ئابووری و سەربازیی بە ڕووسیەیە ................................. ........................................................................................................ نەیشناڵ ریڤیو - کارین حەججار
٢٨- بۆچی هێندێک جوو داکۆکی لە سوپای پاسداران دەکەن؟ ....................... ئیسرائیل هایوم - جاناتان س. تۆبین
٢٩- ئەمریکا و ئێران ڕێک دەکەون یان نا؟ .................................................. ئیسرائیل هایوم - کلیفۆرد د. مای
٣٠- دەرگای دیجیتاڵی خەریکە بەسەر ڕووسیەدا دابخرێ؟ .............................. گۆڤاری نی تەکنیک - کەللێ ویکلوند
٣١- هاوپەیمانانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زەخت دەخەنە سەر بایدن تا ستراتیژییەک بۆ سنووردارکردنی ئێران داڕێژێ ................................................................................................... سی ئێن ئێن
٣٢- وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە ستراتیژییەکی باشتر بۆ چاوترسێن‌کردنی ئێران هەیە ................. دێنیس ڕاس
٣٣- ئێهود باراک: ئێران دەتوانێ خۆی بکاتە خاوەن چەکی ناوکی و بۆ وەستاندنی بە هێرشی ئاسمانی زۆر درەنگ بووە

## بابەتی ساڵی ................. ٢٠٢١

# ڕوانگەی تاران: ڕێبازی میلیشیایی ئێران

ئەنستیتۆی تۆنی بلەیر بۆ ئاڵوگۆڕی جیهانیی - سەعید گۆلکار، کەسرا ئەعرابی

بەشی: یەکەم

(ئەو وتارە بەشێکە لە ڕاپۆرتێکی ٦٢ لاپەڕیی لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، دەوری ئایدۆلۆژیی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو ڕژێمە و دروستکردنی تاقمی میلیشیا بۆ برەودان بەو ئایدۆلۆژییە. وەرگێڕ)

لە ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠، چەند ڕۆژ پێش کۆتایی‌هاتنی ئابلۆقە ١٣ ساڵەکەی چەکوچۆڵ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دژی ئێران، فەرماندەیەکی پلەبەرزی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە لێدوانێکی خۆهەڵکێشانەدا باسی ڕایەڵەی میلیشیاکانی وەفاداری خۆیانی کرد. موحەممەدڕەزا نەقدی ڕایگەیاند کە، " ئەو هێزەی ئێمە ڕێکمان خستووە [کە لە سەرانسەری جیهان بە ئەندام گرتوونی] زۆر لە هاوپەیمانی لەگەڵ هەر هێزێکی سەربازی ترسناکترە چونکە... ئەو خەڵکە بڵاوەی پێکراوە و نەناسراوە". ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد کە، کاتێک ئەو هێزە نەناسراوانە هێرش دەکەن، "دوژمن نازانێ کێ هێرشی کردۆتە سەریان". قسەکانی نەقدی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە مەزنترین سامانی کۆماری ئیسلامیی دژی وڵاتانی ناوچە و خۆرئاوا و هەروەها ماکەی گیروگرفتی بەناو بەکرێگیراوانی ئێران ئەوەیە: ئەگەری حاشاکردن.

نەقدی سەرۆکی ڕایەڵەی شەرکەرە ڕاهێنراوەکانی ئێران بوو کە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی، سوپای ئایدولۆژیکی ڕژێمی مەلایان، ماوەی چوار دەیەیە بۆ برەودان بە ئامانجە ستراتیژیک و ئایدۆلۆژیکییەکانی کۆماری ئیسلامی کەلکی لێ وەرگرتوون. ئەو ئامانجانە لەسەر سێ کۆڵەکە دامەزراون: هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، پشتگیری لە جووڵانەوە ئیسلامی

و دژە ئەمریکاییەکان و لەنێوبردنی ئیسرائیل. بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، دەوری سوپای پاسداران بۆ پەروەردەکردنی توندئاژۆیی لە بەرهەمهێنانی میلیشیای هاوتەریب لەگەڵ ئایدۆلۆژییەکەی، وەک حیزبوڵڵا لە لوبنان، تا پشتیوانی لە تاقمی جەماوەریی خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەش یان تاکتیکی، لە حەماس ڕا بگرە تا تالیبان دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای پەرەگرتنی هەڕەشەی پشتگیریی ئێران لە تاقمی چەکداری بەرهەڵستکار، دەوڵەتان و داڕێژەرانی سیاسەت نەیانتوانیوە بڕیار بدەن کە ئاخۆ ئەو ئەکتەرە ناحوکومییانە تا چ ڕادەیەک گوێڕایەڵی تارانن و سوپای پاسداران چەندە کۆنترۆڵی بەسەر ئاکارەکانیانەوە هەیە. ئەو بۆشایی زانیارییە ئاسەواری سیاسیی گەلێک بەرچاوی لێ کەوتوونەوە، کە ئێزنیان داوە بە ڕێبەرانی ئێران تا لەو میلیشیایانە بۆ بەئامانجگرتنی دەوڵەتانی ناوچە و هێرش بۆ سەر بنکەکانی خۆرئاواییان کەلک وەرگرن و بتوانن خۆ لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی ببوێرن و لەو ڕێگایەوە پێش بە بەرپەرچدانەوەی نێونەتەوەیی بگرن.

ناڕوونییەکانی ئاشکرا لە پێوەندیی لەگەڵ مەودای دەسترۆیشتوویی دەرەکیی ئێران هەر جۆرە هەڵسەنگاندنی مەترسیی لە ئەگەری کێشە لەگەڵ ئەو ڕێژیمەی گەلێک ئاڵۆز کردووە. هەڵسەنگاندنی دەسترۆیشتوویی جوگرافیای بەناو بەکرێگیراوانی ئێران گەلێک دراماتیکە و لە هەموو دۆخێکدا یان زێدەڕۆیی تێدا کراوە یان زۆر بە کەم گیراوە.

کاتێک خۆرئاوا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی میلیشاکانی سەر بە ئێرانیان داوە، ئەوان لە پێش هەموو شتێکدا لە سۆنگەی ئابلۆقە ئابوورییەکانی دژی تاران ئەو کارەیان کردووە، بەو گریمانەیە کە نەبوونی پارە بەدەست کۆماری ئیسلامییەوە لە کۆتاییدا پێش بە پشتگیری لە تاقمە میلیشیاکان دەگرێ. بەڵام لە کاتێکدا کە گەمارۆ ئابوورییەکان ئابووریی تەریککەوتووی ئێرانیان بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز کردووە، ئەوان نەبوونە هۆی گۆڕینی پێشترییەتیدانەکانی ڕێژیم. ژمارەی میلیشیاکانی پشتیوانیکراو لە لایەن ئێران زیادیان کردووە و هێرشەکانیان بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان درێژەی هەبووە.

گرینگترین خاڵ ئەوەیە کە هەڵوێستی یەک شێوە گەمارۆ بۆ گشت کێشەیەک ئەو ڕاستییە پاشگوێ دەخا کە لە کاتێکدا کە پێوەندیی نێوان ڕێژیمی ئێران و بەشێک لەو تاقمانەی کاریان لەگەڵدا دەکا لەسەر سوودی کەلوپەل و بەرژەوەندیی هاوبەش دامەزراوە، هێندێک تاقمی دیکە پێوەندییەکی گەلێک قووڵتریان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژی، کولتوور و ڕوانگەی جیهانیی هاوبەش. تاقمەکانی دەستەی دواتر نەتەنیا لەلایەن سوپاوە دامەزراون، بەڵکو

بەشی: دووهەم

لێکدانەوەی بەرتەسکی تاران لەمەڕ چەمکی ویلایەتی فەقێی ئیسلامی شیعەیان، پرەنسیپێک کە لەویدا ڕێبەری گەورەی ئێران ڕێبەری سەرجەم شیعەکانی جیهانە، قەبووڵ کردووە. لە ئاستی جیاجیادا، ئەو تاقمانە ڕێبەرایەتیە ئایدۆلۆژیکیی ڕێبەری گەورە و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییان قەبووڵ کردووە.

تێگەیشتن لە ڕیشەی پێوەندیی نێوان ئێران و ڕایەڵەی میلیشیاکانی، و سروشتی هەنووکەیی ئەو پێوەندییە، دەتوانێ تیشک بخاتە سەر کەمایەسییەکانی ئەو هەڵوێستە کە تەنیا پشتی بە گەمارۆی ئابووری بەستووە. خورئاوا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان، پێویستیان بە هەوڵی مەزنتر و هاوئاهەنگتر بۆ ئاشکرا کردن و پچڕاندنی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەو میلیشیایانە هەیە کە هۆی پێوەندییەکانیان لە بەرژەوەندیی کەلوپەل تێپەڕ دەبن.

کوشتنی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران، کە بەرپرسی ڕایەڵەی میلیشیاکانی تارانە، لە جانیوەری ٢٠٢٠ نەبووە هۆی کەمبوونەوەی توندئاژۆیی پشتیوانیکراو لە لایەن ئێران. زیاتر لە دوو دەیە، سولەیمانی وەک داڕێژەری مەیدانیی لە پشت خولیای ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی بۆ بە میلیشیایی کردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و ئافراندنی دەوڵەتێکی پان شیعە بە ڕێبەرایەتی خۆی وەک ڕێبەری گەورەی سەرجەم موسڵمانانی شیعە بوو. بۆ ئەو مەبەستە ناوبراو توندئاژۆیی شیعەی لە سەرانسەری ناوچە و ئەولاتر، بە دروستکردن و پشتیوانیکردنی میلیشیای غەیرە حوکومیی، پەرە پێ دا.

دوای کوژرانی سولەیمانی، ئەو چاودێرانەی گوتیانە کە کۆماری ئیسلامیی و میلیشیاکانی سەر بە ئێران تا ڕادەیەکی بەرچاو لاواز بوون و لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە پاشەکشەدان، پەرە ئەستاندنی پێشووی ڕایەڵەی میلیشیاکانی ئێرانیان تەنیا بە هی سولەیمانی دەزانی. بەڵام لە کاتێکدا کە ڕێبەریی سولەیمانی دەورێکی سەرەکیی لە ڕۆچوونی هێزی قودس لە قووڵایی گۆڕەپان، لە ئەفغانستان و عێراق تا سووریە و یەمەن هەبوو، ئەوە ڕێبازی میلیشیایی هەردەم لە گەشەی ئێرانە کە ڕێنوێنیکەری چالاکییەکانی ئەو هێزەیە، و درێژە بەو چالاکییانە دەدا. بە بێ لەبەر چاوگرتنی مردنی سولەیمانی و ئەو گورزە ستراتێژیکییەی لە تاران درا، بەڕێوەبردنی ئەو ڕێبازە شێوەی هەڵسوکەوتی سەرەکیی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی دەمێنێتەوە. هیچ نیشانەیەک بۆ گۆڕانی سەرنجی ڕێژیم، سەرەڕای گوشارەکانی ناوخۆیی بەدی ناکرێ.

## لێککردنەوەی ڕێبازی میلیشیایی ئێران

سیاسەتێکی کاریگەر بۆ سنووردارکردنی هەڕەشەی میلیشیاکانی سەر بە ئێران، بە لاوازکردنی ڕێژیمی ئێران یان بە بچووکتر

کردنەوەی سامانەکانی ژێردەستی سوپای پاسداران، پێویستە دوو فاکتەران لەبەر چاو بگرێ. یەکەمیان پلەی خاوەن مافی تایبەتی سوپای پاسداران و هێزی قودس لە سیاسەتی دەرەوە و دامودەزگا ئەمنییەتییەکان و ڕێژەی پشتیوانیی ڕاستەوخۆ کە لە ناوەندە دەسەڵاتەکانی نەرم و ڕەقی تاران بۆ وەدیهێنانی ڕێبازی میلیشیایی ئێران پێیان دەدرێ. دووهەم فاکتەر لە پێوەندیی نێوان سوپای پاسداران و خودی میلیشیاکان و سروشتی دەسەڵاتی ئەو پێوەندییە بەسەر ئاکارەکانیاندا.

بۆ لەبەر چاو گرتنی ئەو دوو فاکتەرە، ئەنستیتۆی تۆنی بلەیر بۆ ئاڵوگۆڕی جیهانی بەرنامەیەکی بۆ کارکردن لەسەر سوپای پاسداران و میلیشیا شیعەکان بە نێوی ئەندامگیریی، ڕادیکاڵ کردن و بەکارهێنان دەست پێ کرد: سوپای پاسداران و بە حیزبوڵلاکردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. ئەو بەرنامەیە ئاشکرای دەکا کە چۆن سوپا دەستڕۆیشتوویی خۆی لە چەند شوێن پەرە پێ داوە و چۆن پێشترییەتی بە میلیشیا جیاوازەکان دەدا و پشتیوانییان دەکا. بە کەلکوەرگرتن لە سەرچاوەی ڕەسەنی سەرەتایی، ئەو پرۆگرامە سروشتی پەیوەندییەکانی سوپای پاسداران لەگەڵ ژمارەیەک لەو مییشیایانە ئاشکرا دەکا کە سوپا پشتیوانییان لێ دەکا. بە شێوەیەکی تاقانە، ئەو بەرنامە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە لێنزی سوپای پاسدارانەوە شەنوکەو دەکا تا لە ئامانجەکانی ئێران لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی نزیک تێبگا.

ئەوە یەکەم ڕاپۆرت لە ئاڵقەیەکی لێککردنەوەی ڕێبازی میلیشیایی ئێرانە، بناغەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی کە بەو ڕێبازەوە تاران ویستوویەتی دەستڕۆیشتوویی، نفووز و توانایە سەربازییەکانی خۆی پەرە پێ بدا. ڕێبازەکە لە پرۆسەی تاقیکاریی و هەڵە لە ۱۹۷۹ بەولاوە گەشەی کردووە و بە لەبەرچاو گرتنی ڕاستییەکانی جوگرافیای سیاسی و ئەزموونەکانی فەرماندەی سەربازیی جۆراجۆر دارێژراوە. ڕێبازی میلیشیایی کورتکراوەی هۆگریی درێژمەودای تاران بۆ بە میلیشیاییکردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەک ئامرازێک بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ئایدۆلۆژیکەکانی سیاسەتی دەرەوەیە. ڕێبازەکە ژێرخانەکانی سیاسی، ستراتێژیکی، تاکتیکی و بەڕێوەبردن دەگرێتە خۆ کە سوپای پاسداران بۆ پەرە پێدانی دەستڕۆیشتوویی ئێران، پشتگیریی لە توندئاژۆیی و برەودان بە پرسە شۆڕشگێڕانەکەی لە ڕێگای ڕایەڵەی میلیشیا، خانەی پێکهاتوو لە توندئاژۆیان و سیخوڕان، گەشەی پێداون.

تێگەیشتن لە ژێریی ئەو ڕێبازە توانایی ئەوتۆ دەدا بە لێکۆڵەران و داڕێژەرانی سیاسی تا ئاراستەی ڕووداوەکان دەستنیشان بکەن و شێوەی بەڕێوەبەریی کارەکان بدۆزنەوە. بەڵام لە بنەڕەتدا، ڕێبازەکە ئەرکێکە کە بە مانەوەی کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دراوە و توانیویەتی چوار دەیە بەردەوام بێ و چەند قەیران، ڕووداوی سیاسی و کێشە تێپەڕ بکا.

## بەشی: دووهەم

ڕێبازی میلیشیایی بە دەسەڵاتی ڕەقی ئەکتەرەکانەوە سنووردار نەکراوە، بەڵکوو کەلک لە ڕێکخراوەکانی خاوەن دەسەڵاتی نەرم و چالاکییەکانی تارانیش لە پەنا شەڕاشۆیی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ڕێژیم وەردەگرێ. ئەوە هاوکاریی نێونەتەوەیی لەگەڵ، یان بە ئامراز کردنی، ئاژانسە پەروەردەیی، کولتووری، مرۆڤدۆستانە و سیاسییەکانی تاران دەگرێتەوە کە دەوری سەرەکی لە یارمەتیدان، بە ئەندامگرتن و توندئاژۆ کردنی میلیشیاکان و پشتیوانیکردن لە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان دەگێڕن. ئەو ڕێبازە تارانی گەیاندۆتە ئاستێک کە کەلک لە بۆشاییەکانی دەسەڵات و کێشە وەرگرێ و ڕایەڵەیەکی لەو شوێنانە دروست کردووە کە ئێران بەبێ ئەوان نەیدەتوانی لەوێ بوونی هەبێ. ئەوەی هەستیارە ئەوەیە کە تێکەڵکردنی ڕێبازی میلیشیایی وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوە و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیی، توانایی ئەوەی بەو ڕێژیمە داوە کە کەڵک لە تاقمە میلیشیاکانی دەستەمۆی خۆی وەرگرێ تا هاوکات خولیا ئایدۆلۆژییەکانی برەو پێ بدا و دۆخی ترسێنەریی خۆی بەهێز بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢١

## ڕوانگەی تاران، ڕێبازی میلیشیایی ئێران (ئاکامە گرینگەکان)

**بەشی: دووهەم**

دۆکترینی میلیشیایی ڕێنیشاندەری بەکارهێنانی تاقمی چەکدارە و وەها دارێژراوە کە دوای کۆماری ئیسلامییش هەر بمێنێ. کۆماری ئیسلامیی لەسەر ئایدۆلۆژییەکی مەزنیخوازانە دامەزراوە کە هەوڵ دەدا دەوڵەتێکی پان-شیعی دامەزرێنێ کە لەسەر دەسەڵاتی ڕێبەری گەورەی ئێران بنیات نراوە. بە هۆی دۆکترینی میلیشیایی، ڕێژیمی مەلایان ئەرکدارییەکی لەمێژینەی بۆ کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژیی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکانی هەیە کە ڕیشەیان لە چەمکی ئیسلامی شیعە، بەناو ئیمام و ئوممەی شیعەدا هەیە. دۆکترینەکە لە لایەن پرەنسیپی ویلایەتی فەقێ پشتگیریی دەکرێ، کە لە لایەن خوداوە نوێنەرایەتیی بە ڕێبەری گەورە دراوە تا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر ئوممەدا (کۆمەڵگەی موسڵمانانی دنیا) هەبێ، و دەسەڵاتەکەی لە سنوورەکانی ئێران تێدەپەڕێ. ئەو ڕایەڵە و ژێرخانەی سوپای پاسداران بۆ وەدیهێنانی ئەو دۆکترینە دروستی کردوون بە شێوەیەکە کە دوای کۆماری ئیسلامییش هەر دەمێنن. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەگەر ڕێژیمی مەلایان بڕووخێ، سوپای پاسداران دەتوانێ درێژە بە گەشەپێدانی ئەو دۆکترینە بدا، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی شۆڕش و سەرهەڵدانیش بێ.

سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، بە تایبەت هێزی قودسەکەی، جێبەجێکاری سەرەکیی دۆکترینی میلیشیاییە سوپای پاسداران و لقی دەرەکیی ئەو (هێزی قودس) بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی دروست کران تا شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوە بسەپێنن. وەک پسپۆڕێکی شەڕی شۆڕشوانانە، سوپای پاسداران کەلک لە توندئاژۆکردن و مێشکشۆردنەوە بۆ پشتگیریی لە ڕایەڵەیەکی خانەی چەکداری و میلیشیایی لە سەرانسەری ناوچە وەر دەگرێ. سوپای پاسداران پشتیوانیی تەواوی لە لایەن دامودەزگای دیپلۆماسیی دەوڵەتی ئێرانی لە پشتە.

دۆکترینی میلیشیایی و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی بە تەواوی لە لایەن دامەزراوەکانی دەسەڵاتی نەرمی ئێران و دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە پشتگیری دەکرێن.

ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی نەرمی تاران، دامودەزگاکانی فێرکردن و پەروەردە، کولتووری، مرۆڤایەتی و دیپلۆماتیک، دەوری

بەشی: دووهەم

گەلێک هەستیار لە پشتیوانی لە بە ئەندامگرتن و توندئاژۆکردنی میلیشیاکان، بۆ پەرەپێدان بە دەستڕۆیشتوویی سوپای پاسداران دەگێڕن. ناوەندە کولتووری، فێرکردن و پەروەردە و ئاییینییەکانی تاران گەلێک گرینگن هەم بۆ پاراستنی حزوور لە دەرەوەی وڵات و هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی پەسەندکراو. ئەو پەیامانە کۆبەرهەمێک لە پرۆپاگەندای بەردەست پێکدێنن کە هەم لایەنگری ڕێژیمە و دژی ئەمریکا، دژی ئیسرائیل یان هەردووکیانن. هێزی قودس ئەندامی خۆی لەو ڕێکخراوانە خزاندوون کە بۆ ئۆپەراسیۆنی نهێنی و گواستنەوەی چەکوچۆڵ و مووچەخۆرانی کەلکیان لێ وەردەگرێ.

## ڕایەڵەی میلیشیایی ئێران یەکەیەکی هاوچەشن نییە و تەنیا هێندێک لە تاقمەکان بریکارن

میلیشیاکانی پشتگیریکراو لە لایەن ئێرانەوە تێکەڵاوێکن لە میلیشیای جەماوەریی سەربەخۆ و تاقمی دروستکراو لە لایەن سوپای پاسدارانەوە. ئامانجەکانیان و ئەو شتانەی ئەوان پێشترییەتی پێ دەدەن گەلێک جیاوازن و وەفادارییان بەرانبەر بە ڕێژیم، بەگوێرەی ڕیشە، ڕێبەری و هۆگرییان بۆ ویلایەتی فەقێ، دەتوانێ ئاڵۆز بێ. فرەلایەنیی لایەنگریی ئایدیۆلۆژیکی لە نێوان تاقمە جەماوەرییە سەربەخۆکان و ئەوانی هێزی قودس دروستی کردوون کە کاریگەریی بەهێزی لەسەر وەفاداریی و هەڵسوکەوت و دەسەڵاتی سوپای پاسداران و ئەو میلیشیایانە هەیە کە پشتگیرییان دەکا. سوپای پاسداران پێشترییەتی بەو تاقمانە دەدا کە سوێندی وەفادارییان بۆ ویلایەتی فەقێ و ڕێبەری گەورەی ئێران وەک سەرووترین دەسەڵاتی موسڵمانانی شیعە خواردووە.

تاقمەکانی دروستکراو لە لایەن سوپای پاسداران ئەو لایەنانەی نێو میلیشیاکانی پشتگیریکراو لە لایەن ئێرانن کە خێراترین گەشەیان هەیە و گەورەترین هەڕەشەن بۆ سەر سەقامگیریی ناوچە ئەو میلیشیایانە کە باوەشیان بۆ ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی شیعەی دیاریکراوی دەوڵەتی ئێران وەک هۆی مانەوە کردۆتەوە، ڕێبەرایەتییەکانیان پەسەند کراون و دەوری ئامرازیی خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی سەربازیی ئێران لە، بۆ وێنە سوریە، سەلماندووە. حیزبوڵڵای لوبنان نمونەی بەنرخی ئەو تاقمانەیە کە سوپای پاسداران دروستی کردوون و لە ترسناکترین بریکارەکانی ئێرانە.

حیزبوڵڵای لوبنان بە تەواوی بە خولیای پان شیعیی کۆماری ئیسلامیی و دەسەڵاتی ڕەهای خامنەیی بە سەر شیعەکانی دنیا وەفادارە و دژبەری بەردەوامی ئیسرائیل، خۆرئاوا و هاوپەیمانە خەلیجییەکانیانە. ئەو تاقمە دروستکراوانە بەنرخترین سامانی میلیشیاییەکانی سوپای پاسدارانن و بریکاری ئێرانن.

هێزی قودسی سوپای پاسداران پەیتا پەیتا لەو شوێنانە کە لە ڕوانگەی تاکتیکییەوە بە پێویستی زانیوە، پشتیوانی لە

بەشی: دووهەم

تاقمی وەک تالیبان و ئەلقاعیدە کردووە، ئەگەرچی جیهانبینییەکی ناکۆکی لەگەڵیان هەیە

پشتیوانی لەو تاقمانە کۆڵەکەیەکی دۆکترینی میلیشیایی ئێرانە و گواستنەوەی چەکوچۆڵ، ڕاهێنان و پشتگیریی لۆجیستیکی بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی تاکتیکی دەگرێتەوە. ئەو تاقمانە بریکاری ئێران نین و سوپای پاسداران دەسەڵاتی بەسەر بڕیارەکانیانەوە نییە. لەگەڵ پەرەگرتنی ناکۆکیی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران لە ٢٠٠٣، هێزی قودس بە هۆی ئامانجی هاوبەشی پاشەکشە کردن بە هێزەکانی هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکان، پشتیوانی لە تاقمە میلیشیاییەکانی عێراقی و ئەفغانستانی کرد، لە ناویاندا ئەوانەی کە لەگەڵ ئەلقاعیدە و تالیبان هاوهەڵوێست بوون. لە کاتێکدا کە پشتیوانی لەو تاقمانە لەنێو هێزی قودسدا پێشوازییەکی کەمی لێ دەکرێ، سوپای پاسداران بژاردەی کار کردن لەگەڵ ئەو جووڵانەوانەی کە وەک دوژمن بۆ گەیشتن بە ئامانجە درێژخایەنەکانی سەیر دەکا، پاراستەوە و درێژەی پێ دەدا.

ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥ و سووککرانی گەمارۆکانی سەر ئێران پێشی بە توندئاژۆیی پشتگیریکراو لە لایەن ئێران نەگرت، میانڕەوی نەکردن یان نەبووە هۆی وەلانانی دۆکترینی میلیشیایی

گریمانەی کەمبوونەوەی ئەرکداریی ئێران بۆ دروستکردن و پشتیوانی لە میلیشیاکان، بە هۆی نەرمتر بوونەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران دوای ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥ و سووکتربوونی گەمارۆکان لەسەر تاران، هەڵە بوو. ژمارەی ئەو میلیشیایانەی کە سوپای پاسداران دوای ئەو دەورەیە قوتی کردنەوە و حزوری سوپا لەدەرەوە، بە پەرە ئەستاندنی هێزی قودس و ئۆپەراسیۆنەکانی لە عێراق و یەمەن، گەیشتە لوتکە. بە هەڵە لێکدانەوەیەکی باو لە بارەی کەلکوەرگرتنی ئێران لە میلیشیایان وەک بەشێک لە ستراتێژیی چاوترسێن کردن ئەو ڕاستییە پاشگوێ دەخا کە دۆکترینی میلیشیایی ڕێژیم زۆر پێش گەمارۆکانی ناونەتەوەیی و بەرز بوونەوەی گرژییەکان لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و ئێران هەبوو.

## میلیشیا فەرمییەکانی کە ڕایەڵەی میلیشیا و بریکارەکانی ئێران پێک دێنن تەنیا بەشێکی بچووکی هەڕەشەکەن

سەرچاوەی مانەوەی ڕایەڵەی میلیشیایان لە ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی نەرم پێکهاتووە کە مانەوەی درێژمەودای بیرۆکەکان و جیهانبینییەک کە پشتگیریی لە دۆکترینی میلیشیا و ویلایەتی فەقێ دەکا دەپارێزن. ڕایەڵەی دەسەڵاتی نەرمی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی تواناییەکانیان لە ماوەی دەیان ساڵ پەرە پێداوە. هەڕەشەی ئەوان ئێستا لە هی خودی ڕێژیم زیاترە.

بەشی: دووهەم

بۆ تێگەیشتن لە بناخەکانی دۆکترینی میلیشیایی تاران، مەترسیی ئەوە هەیە کە یەکەی بریکارەکانی ئێران و میلیشیا شیعەکان وەک بلۆکێکی یەک فۆرم سەیر بکرێ و هەروەها لە تێ نەگەیشتن لە فرەلایەنیی وەفادارییەکان و هەڵسوکەوتی نێوان ڕێژیم و رایەڵەی میلیشیاکانی. ئاکامەکەی ئەوە بووە کە دەستەواژەی 'بریکار' و 'میلیشیای شیعە' بە نۆبە کەلکیان لێ وەرگیراوە و سیاسەتەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانیان و چالاکییە تێکدەرەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر ئیفلیج کردووە.

ئەو ڕاپۆرتە مۆدێلێک پێشکەش دەکا تا سامانە میلیشیاییەکانی ئێران بە گوێرەی وەفاداریی ئایدیۆلۆژیکی لەگەڵ ڕێژیم و تایبەتمەندییەکانی دروستبوونیان لێک جیا بکرێنەوە. ئەو مۆدێلە کەمایەسییەکانی دۆکترینی میلیشیایی ئاشکرا دەکا و، ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە، بە ناو تەوەری خۆڕاگریی دێنێتە بەر ڕووناکایی. بە لێک جیاکردنەوەی ئەو تاقمانە کە بەتەواوی گوێڕایەڵی جیهانبینی ئیسلامی شیعەی ئێرانن، دانەرانی سیاسەت دەتوانن باشتر لە پانتایی دەسەڵاتی سوپای پاسداران لەسەر تاقمە جیاوازەکان تێبگەن. ئەوە ڕێگا بە دەوڵەتان دەدا تا بزانن لەکوێ هەڵوێستی دژی تێرۆریزم، دژی توندئاژۆیی و دژی توندوتیژیی لەگەڵ گەمارۆی ئاسایی بۆ بەرپەرچدانەوەی توندوتیژیی شیعە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پێویستە.

بۆ لێکهەڵوەشاندنی هەڕەشەی توندوتیژیی شیعە لە ناوچە، هەوڵێکی تەواو بە مێشک و بە دڵ دژی توندوتیژیی پێویستە. ئەوە دەخوازێ، لەگەڵ هەنگاوی دیکە، بەرەیەک لە هاوپەیمانان پێویستە کە لە ئاڵۆزیی هەڵسوکەوتەکانی ناوچە کە ڕێژیمی ئێران بە هۆی ئەوانەوە توانیوەیەتی وەفاداریی ناوچەیی وەدەست بێنێ، تێدەگەن. ئەوە هەر وەها بەو مانایەیە کە هەڵمەتی بەردەوام بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی جەماوەریی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئێران لەگەڵ هەولێ هاوئاهەنگ بۆ لێک هەڵوەشاندنی ئەو دامەزراوانە کە ڕێژیم بە هۆی ئەوانەوە لە نێو کۆمەڵگەکاندا ڕۆژانە تەشەنە دەکا، پێویستە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١

# وانەکانی ساڵێک لەگەڵ کۆرۆنا

(بەشی یەکەم)

**یوڤال نوح هەراری**

چۆن دەتوانین ساڵی کۆرۆنا لە ڕوانگەیەکی بەرینی مێژووییەوە کورت بکەینەوە؟ زۆر کەس پێیانوایە ئەو ڕێژە ترسناکە قوربانییانەی کۆرۆنا ئەستاندوونی بێدەسەڵاتیی مرۆڤایەتی لە بەرانبەر سروشت ئاشکرا دەکەن. لە ڕاستیدا، ٢٠٢٠ ئاشکرای کرد کە مرۆڤایەتی گەلێک لە بێدەسەڵاتی دوورە. پەتاکان چیدیکە هێزی کۆنترۆڵنەکراوی سروشت نین. زانست ئەوانی کردووەتە ئالنگارییەک کە دەکرێ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ.

**کە وابوو، بۆچی ئەو هەموو مەرگ و ئازار چێشتنە؟ لەبەر بڕیاری سیاسیی هەڵە.**

لە سەردەمانی پێشوو، کاتێک مرۆڤ بەرەوڕووی پەتای وەک تاعوونە ڕەشە بوونەوە، نەیاندەزانی هۆیەکەی چییە و چۆن پێشی پێ دەگیرێ. کاتێک لە ١٩١٨ هەڵامەت بڵاو بۆوە، باشترین زانانی دنیا نەیاندەتوانی ڤایرۆسەکە دەستنیشان بکەن، بەشێکی زۆر لە ڕێگاچارەکانی ڕەچاو کراو بێکەڵک بوون و، هەوڵەکان بۆ دروستکردنی پێکوتەیەکی کاریگەر بێئاکام بوون.

شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆڤید - ١٩ گەلێک جیاواز بوو. یەکەم زەنگەکانی هۆشداریی ئەگەری بڵاو بوونەوەی پەتایەکی نوێ، لە کۆتاییەکانی دێسامبری ٢٠١٩ وەدەنگهاتن. لە ١٠ی ژانوییەی ٢٠٢٠، زانایان نە تەنیا ڤایرۆسەکەیان دەستنیشان کرد، بەڵکو وەردەکاریی دی ئێن ئەیەکەیان دیتبۆوە و زانیارییەکەیان لەسەر ئینتەرنێت بڵاو کردەوە. دوای چەند مانگی دیکە ئاشکرا بوو کە کام هەنگاوانە دەبنە هۆی هێواش کردنەوە و لێکهەڵتەکاندنی زنجیرەی هەوکردنەکان. لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک چەند پێکوتەی کاریگەر بەشێوەی بەربڵاو بەرهەم هێنران. لە شەڕی نێوان مرۆڤ و ڤایرۆسی نەخۆشکار، هەرگیز مرۆڤەکان هێندە خاوەن هێز نەبوون.

## ژیان بۆ سەرهێڵ گوازرایەوە

هاوکات لەگەڵ دەسکەوتە تاقانەکانی بایۆتەکنەلۆژی، ساڵی کۆڤید بە هەمان شێوە جەختی لەسەر هێزی تەکنەلۆژی زانیاریش کردەوە. لە سەردەمانی پێشووتر مرۆڤایەتی بە دەگمەن توانای وەستاندنی پەتای هەبووە، چونکە مرۆڤەکان نەیاندەتوانی چاودێریی زنجیرەی هەوکردنەکان لە کاتی ڕوودانیاندا بکەن و، لەبەر تێچووی ئابووریی داخستنی بەردەوام یاساغ بوو. لە ١٩١٨ دەکرا ئەو خەڵکە کەرەنتینە بکەی کە تووشی هەڵامەتە مەترسیدارەکە بوون، بەڵام نەتدەوانی جموجۆڵی کەسانی تووشبوو، پێش دەرکەوتنی ئاسەوارەکان یان بێئاسەوارەکان، بخەیە ژێر چاودێرییەوە. ئەگەر داوات لە سەرجەم دانیشتووان کردبا بۆ ماوەی چەند حەوتوو لەماڵەکانیاندا بمێننەوە، دەبووە هۆی تێکڕمانی ئابووری، لێکهەڵتەکانی کۆمەڵایەتی و برسیەتیی جەماوەری.

بە پێچەوانە، لە ٢٠٢٠ چاودێریی دیجیتاڵی، دەستنیشانکردن و چاودێریکردنی سەرچاوەکانی نەخۆشی زۆر هاسانتر کردووە، بەو مانایە کە کەرەنتینەکردن دەکرێ بژارکراوتر و کاریگەرتر بێ. شتێک کە تەنانەت گرینگتریشە ئەوەیە کە ئۆتومات کردن و ئینتەرنێت هەلی داخستنی بەربڵاو، لانیکەم لە وڵاتانی گەشە کردووی ڕەخساند. لە کاتێکدا کە لە هێندێک وڵاتی گەشەئەستێن ئەزموونی مرۆڤ هێشتا بیرهێنەرەوەی پەتاکانی سەردەمانی ڕابردوو بوو، لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی گەشەکردوو، شۆڕشی دیجیتاڵی هەموو شتێکی گۆڕی.

بڕوانە کەرتی کشتوکاڵ. هەزاران ساڵ بەرهەمهێنانی خواردەمەنی پشتی بە هێزی کاری مرۆڤ بەستبوو و، نزیکەی ٩٠٪ خەڵک لەو کەرتەدا کاریان دەکرد. ئەمڕۆ چیدیکە لە وڵاتانی گەشەکردوو بەو شێوە نییە. لە وڵاتە یەکگرتووەکان، تەنیا نزیکەی ١،٥٪ لە خەڵک وەرزێڕن، بەڵام ئەوە نەتەنیا بۆ دابینکردنی خواردەمەنی بۆ سەرجەم دانیشتووانی وڵات بەسە بەڵکو وڵاتە یەکگرتووەکان پێشڕەوی هەناردە کردنی خواردەمەنییە. نزیکەی سەرجەم کاری وەرزێڕی بە مەکینە جێبەجێ دەکرێ، کە تووشی نەخۆشی نابن. بۆیە داخستنەکان تەنیا کاریگەریی سنووردداریان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی هەیە.

بیر لە کێڵگەیەکی گەنم لە هەرەتی تاعوونە ڕەشە بکەوە. ئەگەر لە کاتی دەرویێنەدا بە وەرزێڕان بڵێی لە ماڵەوە بمێننەوە، تووشی قاتی و قڕی دەبنەوە. ئەگەر بە وەرزێڕان بڵێی وەرن دروێنە بکەن، ئەگەری ئەوە هەیە کە یەکتر نەخۆش بکەن. چارە چییە؟

ئێستا لە ٢٠٢٠ بیر لە هەمان کێڵگە بکەنەوە. کۆمباینێکی تەیارکراو بە جی پی ئێس، دەتوانێ سەرجەم کێڵگەکە بە کاریگەرییەکی زۆرترەوە، بێ مەترسیی گیرۆدە بوون دروێنە بکا. لە کاتێکدا کە لە ١٣٤٩ وەرزێرێک ٥ باقە گەنمی دروێنە دەکرد، لە ٢٠١٤ کۆمباینێک ڕێکوردی دروێنە کردنی ٣٠٠٠٠ باقە گەنمی لە ڕۆژێکدا تۆمار کرد. لە ئاکامدا کۆڤید - ١٩ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕێژەی بەرهەمهێنانی جیهانیی دانەوێڵە ئاساییەکان وەک گەنم، گەنمە شامی و برینج نەبوو. بۆ تێرکردنی خەڵک تەنیا دروێنەی دانەوێڵە بەس نییە. بە هەمان شێوە پێویستیت بە گواستنەوەیەتی، هێندێک جار زیاتر لە هەزاران کیلۆمیتر. سەردەمانێکی دوورودرێژ، بازرگانی یەکێک لە تاوانکارە سەرەکییەکانی بڵاو بوونەوەی پەتا بوو. ڤایرۆسی کوشندە بە پاپۆڕە بازرگانییەکان و کاروانەکانی ڕێگای دوور بۆ ئەمسەر ئەوسەری دنیا دەگوازرانەوە. بۆ وێنە، تاعوونە ڕەشە لە خۆرهەڵاتی ئاسیاوە بە جادەی ئاوریشمدا بۆ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گوازرایەوە و، پاپۆڕی بازرگانانی جێنۆڤا [ئیتالیا] هێنایانە ئەورووپا. بازرگانی هەڕەشەیەکی هێندە کوشندە بوو چونکە هەر گالیسکەیەک، گالیسکەوانێکی پێویست بوو، دەیان دەریاوان پێویست بوون تا پاپۆڕێکی بچووکی دەریایی بخەنە گەڕ و پاپۆڕە قەرەباڵغەکان و میوانخانەکان شوێنی سەرهەڵدانی نەخۆشییان بوون.

لە ٢٠٢٠، بازرگانیی جیهانی دەتوانێ کەمتاکورت بێ گیروگرفت بەردەوام بێ، چونکە مرۆڤێکی زۆر کەمتر پێوەی سەرقاڵن. پاپۆڕێکی کانتینەر هەڵگر کە تا ڕادەیەکی زۆر ئۆتۆماتە، دەتوانێ باری زۆرتر لە هی سەرجەم کەشتییە بازرگانییەکی پاشایەتییەکی پێشکەوتووی سەردەمانی پێشوو هەڵگرێ. لە ١٥٨٢، کۆی توانایی بارهەڵگریی هێزی بازرگانی دەریایی ئینگلیز ٦٨٠٠٠ تۆن بوو و پێویستی بە ١٦٠٠٠ مەلەوان هەبوو. پاپۆڕی کانتینەر هەڵگری ئو ئو سی ئێل هۆنگ کۆنگ، لە ٢٠١٧ یەکەم سەفەری خۆی دەست پێکرد، ئەو دەتوانێ ٢٠٠٠٠٠ تۆن بار هەڵگرێ و تەنیا پێویستی بە ٢٢ سەرنشینە.

ئەوە ڕاستە کە پاپۆڕی گەشتیاری بە سەدان توریستەوە و فڕۆکەی پڕ لە مسافیر دەورێکی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی کۆڤید - ١٩ دا هەبوو. بەڵام توریسم و سەفەر زۆر بۆ بازرگانی گرینگ نین. توریستەکان دەتوانن لە ماڵەوە بمێننەوە و خەڵکی سەرقاڵی بازرگانی دەتوانن کەڵک لە زووم وەرگرن، لە کاتێکدا پاپۆڕی ئۆتۆمات و شەمەندەفەری چۆڵ پارمەتیدەری بەردەوامیی ئابووریی جیهانین. لە کاتێکدا کە توریسمی نێونەتەوەیی لە ٢٠٢٠ تێکڕما، ئاستی بازرگانی دەریایی جیهان تەنیا ٤٪ دابەزی.

ئۆتۆماتکردن و بە دیجیتاڵیکردن تەنانەت کاریگەرییەکی بەرچاوتری لەسەر خزمەتگوزارییەکان هەبووە. لە ١٩١٨، کەس بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە قاوەخانەکان، قوتابخانەکان، دادگاکان و کڵێساکان بتوانن لەکاتی داخرانی گشتیدا درێژە بە

کارەکانیان بدەن. ئەگەر قوتابییان و مامۆستایان لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە، چۆن وانەکان درێژەیان دەبێ؟ ئەوڕۆ ئێمە جوابی ئەو پرسیارە دەزانین. چوونە سەرهێڵ گەلێک لایەنی نەرێنیی هەن، لانیکەم لە بواری دەروونییەوە تێچوویەکی گەلێک قورسی هەیە. ئەو بە هەمان شێوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گیروگرفتی ئەوتۆ کە پێشتر بە خەیاڵدا نەدەهاتن، وەک بەشداریی پارێزەران وەکوو پشیلە [ئاماژە بە ڕووداوێکە کە لەویدا پارێزەرێکی ئەمریکایی بە هەڵە فیلتەری پشیلە لە بەرنامەی زوومدا چالاک دەکا و لە کۆبوونەوەیەکی سەرهێڵ لەگەڵ دادوەرێک وەک پشیلە دەر دەکەوێ. و.]. بەڵام ئەو ڕاستییە کە توانرا ئەو کارە بکرێ سەرسوڕ هێنەرە.

لە ١٩١٨ مرۆڤ تەنیا بە شێوەی فیزیکی لە دنیادا دەژیا و، کاتێک ڤایرۆسی کوشندەی هەڵامەت بە دنیایەدا بڵاو بۆوە، مرۆڤایەتی هیچ شوێنێکی نەبوو بۆی ڕا بکا. ئێستا زۆربەی ئێمە لە دوو دنیادا دەژین، دنیای فیزیکی و مەجازی. لە کاتێکدا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە دنیای فیزیکیدا دەخولاوە، خەڵکێکی زۆر بەشێکی بەرچاوی ژیانی خۆیان بۆ دنیای مەجازی گواستەوە، شوێنێک کە ڤایرۆسەکە نەیدەتوانی بۆ ئەوێ وەدوایان بکەوێ.

بێگومان، مرۆڤەکان هێشتا بوونەوەرێکی فیزیکین و، هەموو شتێک ناکرێتە دیجیتاڵی. ساڵی کۆڤید دەوری یەکلاکەرەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پیشە کەم داهاتەکانی بۆ بەردەوامیی شارستانییەتی مرۆڤ ئاشکرا کرد: پاریدەدەرانی نەخۆشان، کرێکارانی بەشی پاقژی، شۆفیری بارهەڵگرەکان، فرۆشیارەکان و ئەوانی خواردەمەنی و کاڵا دەگەیەننە کڕیاران. زۆر جار دەگوترێ هەر شارستانییەتێک تەنیا سێ ژەم لە دڕندەیی دوورە. لە ٢٠٢٠، ئەو خەڵکانەی خواردەمەنییان دەگەیاندە دەست کڕیاران هێڵی باریکی پاراستنی یەکگرتوویی شارستانییەت بوون. ئەوان بوونە هێڵی هەرە گرینگی ژیانی ئێمە لە دنیای فیزیکیدا.

## ئینتەرنێت خۆی ڕاگرت

لە کاتێکدا کە مرۆڤایەتی خەریکی ئۆتوماتیککردن، دیجیتاڵکردن و گواستنەوەی چالاکییەکان بۆ سەر هێڵە، ئەوە ئێمە تووشی مەترسیی نوێ دەکا. یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین شتەکانی ساڵی کۆڤید ئەوەیە کە ئینتەرنێت لەکار نەکەوت. کاتێک ئێمە لەناکاو ڕێژەی هاتوچۆی بەسەر پردێکدا زیاد دەکەین، چاوەڕوانی لە جمینکەوتنی ترافیک و تەنانەت تێکڕمانی پردەکە دەکەین. لە ٢٠٢٠، قوتابخانەکان، فەرمانگەکان و کڵێساکان نزیکەی هاوکات گواستیانەوە سەرهێڵ، بەڵام ئینتەرنێت خۆی ڕاگرت.

**بەشی: دووهەم**

ئێمە هەوڵێستەمان نەکرد تا بیری لێ بکەینەوە، بەڵام دەبوو ئەو کارەمان کردبا. دوای ٢٠٢٠ دەزانین کە ژیان دەتوانێ تەنانەت کاتێک کە هەموو وڵات لە ڕوانگەی فیزیکییەوە دادەخرێ، ژیان بەردەوام دەبێ. ئێستا بیر لەوە بکەنەوە چ دەقەومێ ئەگەر ژێرخانی دیجیتاڵ دارمێ.

تەکنەلۆژیی زانیاری ئێمەی لە بەرانبەر ڤایرۆسی زیندوو خۆڕاگر کردووە، بەڵام بەهەمان شێوە ئێمەی لە بەرانبەر ماڵوێر [بەرنامەی زەرەر گەیەنی کامپیوتێری] و شەڕی سایبەری ناسک و قابیلی زەرەر پێ گەیاندن کردووە. خەڵک زۆر جار دەپرسێ: "کۆڤیدی داهاتوو چییە؟" هێرشێک بۆ سەر ژێرخانی دیجیتاڵیی ئێمە یەکێک لە سەرەکیترین بژارەکانە. ڤایرۆسی کۆرۆنا چەند مانگی پێچوو تا بە دنیادا بڵاو بێتەوە و بە میلیۆنان خەڵک گیرۆدە بکا. ژێرخانی دیجیتاڵی ئێمە لەوانەیە بە تاقە ڕۆژێک دارمێ. لە کاتێکدا کە قوتابخانەکان و فەرمانگەکان دەتوانن خێرا بێنە سەرهێڵ، پێتان وایە چەند کات دەخایەنێ تا لە ئیمەیلەوە بگۆازینەوە بۆ ناردنی نامەی کۆنباو؟

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٢١**

# وانەکانی ساڵێک لەگەڵ کۆرۆنا

(بەشی دووهەم)

یوڤال نوح هەراری - فایناشاڵ تایمز

## کام شت گرینگە؟

ساڵی کۆرۆنا سنووردارییەکی گرینگتری دەسەڵاتی زانستی و تەکنەلۆژیکی ئێمەشی ئاشکرا کردووە. زانست ناتوانێ جێگرەوەی سیاسەت بێ. کاتێک ئێمە بڕیار لەسەر سیاسەت دەدەین، دەبێ گەلێک بەرژەوەندیی و بایەخ لەبەرچاو بگرین و، چونکە هیچ ڕێگایەکی زانستیی بۆ بڕیاردان لەسەر گرینگتربوونی کام بەرژەوەندیی و بایەخ لەبەر دەستدا نییە، هیچ ڕێگایەکی زانستیی نییە کە بڕیار بدا ئێمە دەبێ چی بکەین.

بۆ وێنە، کاتێک بڕیار دەدەین ئاخۆ هەموو شوێنێک داخرێن یا نا، ئەو پرسیارە بەس نییە: "ئەگەر داخستنی گشتی نەسەپێنین چەند کەس تووشی کۆڤید - ١٩ دەبن؟" دەبێ پرسیار بکەین: "ئەگەر داخستنی گشتی بسەپێنین چەند کەس تووشی خەمۆکی دەبن؟ چەند کەس بەهۆی نەبوونی خۆراکی بووژێنەر، ئازار دەبینن؟ چەند کەس ناتوانن بچن بۆ قوتابخانە و کارەکانیان لەکیس دەدەن؟ چەند کەس لە لایەن هاوژینەکانیانەوە لێیان دەدرێ یان دەکوژرێن؟"

تەنانەت ئەگەر سەرجەم زانیارییەکان دروست و جێگای متمانە بن، هەمیشە دەبێ پرسیار بکەین: "چ شتێک گرینگە؟ کێ بڕیار دەدا؟ کام شت گرینگە؟ چۆن ژمارەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکەین؟" ئەوە زۆرتر کارێکی سیاسییە تا زانستی. ئەوە سیاسەتوانانن کە دەبێ لایەنە پزیشکی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هاوسەنگ و سیاسەتێکی گشتگر ڕەچاو بکەن.

بە هەمان شێوە ئەندازیاران پلاتفۆرمی دیجیتاڵی نوێ دروست دەکەن کە یارمەتیمان دەکا لەکاتی داخستنی گشتی کارەکانمان بکەین و، ئامرازی چاودێریکردن بەرهەم دێنن تا بتوانین زنجیرەی گیرۆدەبوونەکان لێک بپچڕین. بەڵام بە

بەشی: دووهەم

دیجیتاڵکردن و چاودێریکردن، سەروەریی کەسایەتیی ئێمە دەخەنە مەترسییەوە و دەروازەی سەرهەڵدانی ڕێژیمی سەرەڕۆی پێشووتر نەبینراو دەکەنەوە. لە ٢٠٢٠، چاودێریکردنی گشتی ڕەواتر و هەروەها ئاساییتر بوو. بەربەرەکانی لەگەڵ پەتایەکە گرینگە، بەڵام لەوانەیە لە پرۆسەکەدا ئازادیی خۆمان لەنێو بەرین؟ ئەوە لەجیات ئەندازیاران، کاری سیاسەتوانانە کە لەنێوان چاودێریی بەکەڵک و مۆتەکەی ڕێژیمی سەرەڕۆ هاوسەنگیی دروست بیننەوە.

## سێ ڕێسای سەرەتایی تا ڕادەیەکی زۆر لە دیکتاتۆریی دیجیتاڵی دەمانپارێزن، تەنانەت لە کاتی پەتا.

**یەکەم**: هەرکات زانیاریی لەسەر خەڵک کۆ دەکەیتەوە، بە تایبەتی لەمەڕ ئەوەی کە لە نێو جەستەی ئەواندا چ دەگوزەرێ، ئەو زانیارییانە دەبێ یارمەتیدەری ئەو خەڵکە بن نەوەک بۆ دەستکاریکردن، کۆنترۆڵکردن و زەرەر پێگەیاندنیان. پزیشکی تایبەتیی من ئاگاداری گەلێک زانیاریی لە ڕادەبەدەری تاکەکەسیی منە. ئەو نابێ ئەو زانیارییە بە هیچ کۆمپانیا یان حیزبی سیاسی بفرۆشێ. ئەوە دەبێ هەموو شێوە "دەسەڵاتی چاودێریی بە هۆی پەتا" بگرێتە خۆ کە ئێمە کەڵکیان لێ وەردەگرین.

**دووهەم**: چاودێریی دەبێ هەمیشە دوو لایەنە بێ. ئەگەر چاودێریی هەمیشە لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە بێ، دەبێتە هۆی سەرەڕۆیی. کەوابوو، هەرکات چاودێریی بەسەر تاکەکانەوە زیاد بکرێ، دەبێ لە هەمان کاتدا چاوێریی بەسەر دەوڵەت و کۆمپانیا زەبەلاحەکانەنیشەوە زیاد بکرێ. بۆ وێنە، لە قەیرانی هەنووکەییدا دەوڵەتان پارەیەکی لەڕادەبەدەر بڵاو دەکەنەوە. پرۆسەی تەرخانکردنی پشتگیریی دارایی دەبێ ڕوون و ئاشکرا بێ. وەک شارۆمەند، دەمهەوێ بە هاسانی ببینم کێ چی پێ دەدرێ و، کێ بڕیار دەدا دراوەکە بەرەو کوێ دەچێ. دەمهەوێ دڵنیا بم کە دراوەکە دەدرێتە و ئەو بیزنسانە کە بەڕاستی پێویستیان پێیەتی نەوەک کۆمپانیای زەبەلاح کە خاوەنەکانیان هەڤاڵی وەزیرانن. ئەگەر دەوڵەت بڵێ دامەزراندنی سیستەمێکی ئەوتۆی چاودێریی لە هەڕەتی پەتادا دژوارە، بڕوای پێ مەکەن. ئەگەر نەکرێ چاودێریی بکەی چی دەکەی، چاودێریکردنی دەوڵەت کارێکی زۆر ئاڵۆز نییە.

**سێهەم**: هەرگیز مەهێڵە ڕێژەیەکی بەرچاو زانیاریی لە تاکە شوێنێکدا کۆ بێتەوە. نە لەکاتی پەتاکەدا و، نە کاتێک کە کۆتایی هات. قۆرخکردنی زانیاریی نوسخەی دیکتاتۆرییەتە. کەوابوو ئەگەر زانیاریی بایۆمەتری خەڵک کۆ دەکەینەوە تا پێش بە پەتاکە بگرین، ئەو کارە دەبێ لەجیات پۆلیس، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکی بێلایەنی تەندروستییەوە بەڕێوە بچێ. و دەبێ زانیارییە کۆکراوەکە لە شوێنی کۆکردنەوەی زانیاریی وەزیرانی دەوڵەت و کۆمپانیا مەزنەکان جیا بکرێتەوە.

ڕاستە، ئەوە دەبێتە هۆی زیدەبوون و ناکاریگەری، بەڵام ناکاریگەریی خەسڵەتێکە، هەڵە نییە. دەتهەوێ پێش بە سەرهەڵدانی سەرەڕۆیی دیجیتاڵ بگری؟ لانیکەم شتەکان کەمێک ناکاریگەر ڕاگرە.

## لەمەڕ سیاسەتوانانەوە

سەرکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیکییە تاقانەکانی ٢٠٢٠، قەیرانی کۆڤید-١٩یان چارەسەر نەکرد. ئەوان پەتاکەیان لە کارەساتێکی سروشتییەوە کردە دووڕیانێکی سیاسی. کاتێک تاعوونە ڕەشە بە میلیۆنان خەڵکی کوشت، هیچ کەس چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لە پاشاکان و ئیمپراتورەکان نەبوو. نزیکەی یەک لەسەر سێی سەرجەم خەڵکی ئینگلیز لە یەکەم شەپۆلی تاعونە ڕەشەدا مردن، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی لە دەسەڵاتکەوتنی شا ئێدواردی سێهەم. شتێکی ئاشکرا بوو کە ئەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانە تا پێش بە پەتاکە بگرن، بۆیە هیچ کەس تاوانی ئەو شکستەیان نەخستە ئەستۆی ئەوانەوە.

بەڵام ئەوڕۆ مرۆڤایەتی ئامرازی زانستیی بۆ وەستاندنی پەتای کۆڤید-١٩ بەدەستەوەن. چەند وڵات، لە ڤییەتنام تا ئۆستralیا، سەلماندیان کە تەنانەت بێ پێکوتە، ئامرازەکانی بەردەست دەتوانن پێش بە پەتاکە بگرن. ئەگەرچی ئەو ئامرازانە نرخێکی مەزنی ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەیە. ئێمە دەتوانین ڤایرۆسەکە شکست بدەین، بەڵام دڵنیا نین کە ئامادەین نرخی سەرکەوتن بدەین. بۆیە دەسکەوتە زانستیەکان بەرپرسیارییەکی گەلێک بەرچاویان خستۆتە سەر شانی سیاسەتوانان.

بەداخەوە بەشێکی زۆر لە سیاسەتوانان لەو بەرپرسیارییەدا شکستیان هێناوە. بۆ وێنە، سەرۆک کۆمارە پۆپۆلیستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و برازیل ئاستی هەڕەشەکەیان بەکەم گرت، گوێیان نەدایە پسپۆڕان و لەجیاتان باسی تیۆریی پیلانیان کرد. ئەوان پلانێکی هەڵسوکەوتی فیدراڵیی باشیان دانەڕشت و هەوڵەکانی دەوڵەت و شارەوانییەکانیان بۆ وەستاندنی پەتاکە بە لاڕێدا برد. نەزانی و هەست بە بەرپرسایەتی‌نەکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ترامپ و بۆلسۆنارۆ بوونە هۆی کوژرانی سەدان هەزار کەس کە دەکرا پێشی پێ بگیردرێ.

لە بریتانیا، وێدەچی دەوڵەت لە سەرەتاکان زۆرتر سەرقاڵی بریکزیت بوو تا کۆڤید-١٩. لەبەر سیاسەتە خۆ تەریکخستنەکانی بەڕێوەبەرایەتیی جانسۆن، لە پاراستنی بریتانیا لە بەرانبەر تەنیا شتێک کە بەڕاستی گرینگ بوو، شکستی هێنا: ڤایرۆسەکە. وڵاتی من ئیسرائیل بە هەمان شێوە لە سیاسەتی خراپ، ئازاری چەشت. هەر وەک تایوان،

نیوزیلەند و قوبرس، ئیسرائیل بە کردەوە "وڵاتێکی دوورگەییە"، بە سنووری داخراوەوە کە تەنیا یەک دەروازەی سەرەکیی هەیە، فڕۆکەخانەی بن گۆریۆن.
بەڵام، لە ترۆپکی پەتاکەدا دەوڵەتی نەتانیاهوو ڕێگای بە مسافیران دا تا بێ قەرەنتیەکران یان تەنانەت پشکنینی ڕێکوپێک، بێنە ژوورەوە و تەنانەت سیاسەتەکانی داخستنی گشتیی خۆیشی پاشگوێ خست.

لە ئاکامدا هەر دوو ئیسرائیل و بریتانیا پێشڕەوی کوتانی خەڵک بە پێکوتە بوون، بەڵام لێکدانەوە هەڵەکەی سەرەتاکان لەسەریان زۆر گران کەوت. لە بریتانیا، پەتاکە بۆتە هۆی کوژرانی ١٢٠٠٠٠ کەس کە پلەی شەشەمی ڕێژەی مامناوەندیی کوژراوانی دنیای پێ بەخشیوە. لە هەمان کاتدا، ئیسرائیل خاوەنی حەوتەمین ڕێژەی مامناوەندیی گیرۆدە بوونە و بۆ بەرپەرچدانەوە، پەنای بۆ "گۆڕینەوەی زانیاریی پێکوتە" لەگەڵ کۆمپانیای ئەمریکایی فایزەر برد. فایزەر ڕەزامەندیی دەربڕی ڕێژەی پێویست پێکوتە بۆ سەرجەم دانیشتووانی ئیسرائیل، لە بەرانبەر ڕێژەیەکی بەرچاوی زانیاری دابین بکا، کە بووە هۆی نیگەرانیی لەمەڕ پاراستنی سەروەریی کەسایەتی و قۆرخکردنی زانیاری و نیشانی دا لە ئێستادا زانیاری لەسەر شارۆمەندان یەکێک لە بەنرخترین سامانەکانی دەوڵەتە.

لە کاتێکدا کە هێندێک وڵات زۆر باشتر جووڵانەوە، مرۆڤایەتی بە گشتی تا ئێستا لە کۆنترۆڵکردنی پەتاکە، یان دارشتنی پلانێکی جیهانی بۆ زاڵبوون بەسەر ڤایرۆسەکەدا شکستی هێناوە. مانگە سەرەتاییەکانی ٢٠٢٠ وەک تەماشای بەریەککەوتنێک بە شێوەی سلۆ مۆشن بوو. ئامرازی پەیوەندیگرتنی سەردەمیانە هەلی بۆ خەڵکی سەرانسەری دنیا ڕەخساند تا کاتی ڕووداوەکان ببینن لە ووهان چ دەگوزەرێ، پاشان لە ئیتالیا، ئەوسا لە وڵاتی زیاتر، بەڵام هیچ ڕێبەرییەکی جیهانی سەری هەڵنەدا تا پێش بە نوقمبوونی دنیا لە کارەساتەکەدا بگرێ. ئامرازەکان لەبەر دەستدا بوون، بەڵام زۆر جار ژیریی سیاسەتوانان بوونی نەبوو.

## خەڵکی بیانی فریا کەوتن

هۆیەک بۆ کەلێنی نێوان سەرکەوتنی زانستی و شکستی سیاسی ئەوەیە کە زانایانی سەرانسەری جیهان هاوکاریی یەکتریان کرد، لە کاتێکدا کە سیاسەتوانان مشتومڕیان بوو. لەژێر سترێس و نادڵنیاییەکی زۆرەوە، زانایانی سەرانسەری دنیا بە ئازادی زانیارییان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕییەوە و پشتیان بە دەسکەوت و تێگەیشتنی یەکتر دەبەست. پرۆژەی زانستیی گەلێک گرینگ لە لایەن تیمە نێونەتەوەییەکانەوە بەڕێوە چوون. بۆ وێنە، یەکێک لە توێژینەوە سەرەکییەکان لەبارەی کاریگەریی

داخستنە گشتییەکان لە لایەن نۆ ئەنستیتۆوە بەڕێوە چوو، یەکیان لە بریتانیا، سێ لە چین و پێنج لە وڵاتە یەکگرتووەکان.

بە پێچەوانە سیاسەتوانان لە دروستکردنی هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی دژی ڤایرۆسەکە و ساغ بوونەوە لەسەر پلانێکی جیهانیی شکستیان هێنا. دوو دەسەڵاتە زەبەلاحەکانی دنیا، وڵاتە یەکگرتووەکان و چین، یەکتریان بە شاردنەوەی زانیاریی ژێنەکی، بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و تیۆریی پیلان و تەنانەت بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسەکە بە ئانقەست، تاوانبار کرد. ژمارەیەکی زۆر وڵاتی دیکە بە ئاشکرا لە مەڕ بڵاوبوونەوەی پەتاکە درۆیان کرد یان زانیارییان ڕانەگەیاند.

نەبوونی هاوکاریی جیهانیی نە تەنیا لە شەڕی زانیارییدا دەر دەکەوێ بەڵکوو تەنانەت زۆرتر لە ناکۆکییەکانی پەیوەندیدار بە کەمایەسیی کەرەستەی دەرمانیدا. لە کاتێکدا کە دۆخی هاوکاری و دڵفراوانی بینراون، هیچ هەوڵێکی جیددی بۆ کەڵک لێوەرگرتنی هاوبەش لە سامانە بەردەستەکان، کاریگەرکردنی بەرهەمهێنانی جیهانی و دڵنیابوون لە بڵاوکردنەوەی دادوەرانەی کەرەستەکان نەدراوە. بە تایبەتی "ناسیۆنالیزمی پێکوتەیی" شێوەیەکی نوێ لە نایەکسانیی جیهانیی لە نێوان وەڵاتانی خاوەن توانایی واکسینەکردنی دانیشتووان و وڵاتانێک کە ناتوانن دروست کرد.

جێگای مەراقە ببینی کە زۆر کەس لە ڕاستییەکی ساکار لەبارەی پەتا تێناگەن: تا ئەوکاتە ڤایرۆسەکە لە هەر شوێنێک بڵاو بێتەوە، هیچ وڵاتێک بە تەواوی ئەمین نییە. وای دانێ ئیسرائیل و بریتانیا لە نەهێشتنی ڤایرۆسەکە لەنێو سنوورەکانیاندا سەرکەوتن، بەڵام بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسەکە لە نێو میلیۆنان خەڵکی هیندوستان، برازیل یان ئەفریقای باشوور درێژەی هەیە. شێوەیەکی گۆڕاو لە ڤایرۆسەکە لە شارێکی دووری برازیل لەوانەیە ببێتە هۆی ناکاریگەریی پێکوتە و ببێتە هۆی شەپۆلێکی نوێی گیرۆدە بوون .

لە دۆخی تەنگەتاوی هەنووکەییدا، وێدەچێ خۆنەویستی دژی بەرەژەوەندیی نەتەوەیی نەبێ. بەڵام ئێستا هاوکاریی جیهانیی خۆنەویستی نییە، بەڵکوو پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی شتێکی بنەڕەتییە.

## دژە ڤایرۆس بۆ دنیا

گفتوگۆکان لەمەڕ ئەوەی لە ٢٠٢٠ ڕووی دا تا چەند ساڵ درێژەی دەبێ. بەڵام خەڵکی گشت لایەنە سیاسییەکان دەبێ لانیکەم لەسەرسێ وانە هاوڕا بن.

**یەکەم**، ئێمە پێویستیمان بە پاراستنی ژێرخانی دیجیتاڵیمان هەیە. ئەو لە ماوەی ئەو پەتایەدا ڕزگاریدەرمان بووە، بەڵام بەو زووانە دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی کارەساتێکی تەنانەت خراپتر.

بەشی: دووهەم

**دووهەم**: هەر وڵاتێک دەبێ زۆرتر سامان بۆ سیستەمی تەندروستی گشتیی خۆی تەرخان بکا. وێدەچێ ئەوە شتێکی ئاشکرا بێ، بەڵام سیاسەتوانان و دەنگدەران هێندێک جار ئاشکراترین وانەکان پاشگوێ دەخەن.

**سێهەم**: دەبێ سیستەمی چاودێریی بەهێزی جیهانیی دامەزرێنین و پێش بە پەتایان بگرین. لە شەڕی کەونارای نێوان مرۆڤ و زیندەوەری نەخۆشکار، هێڵی بەرەی شەڕ لە جەستەی هەر مرۆڤێک تێپەڕ دەبێ. ئەگەر ئەو هێڵە لە هەر شوێنێکی ئەو هەسارەیە بشکێ، سەرجەم ئێمە دەخاتە مەترسییەوە. تەنانەت دەوڵەمەندترین خەڵکی پێشکەوتووترین وڵات ناچارە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی هەژارترین خەڵکی گەشە نەکردووترین وڵات بکا. ئەگەر ڤایرۆسێکی دیکە لە شەمشەمە کوێرەوە لە گوندێکی هەژاری دارستانێکی دوور باز داتە مرۆڤ، دوای چەند ڕۆژ ئەو ڤایرۆسە لە شەقامی واڵ ستریت دەسووڕێتەوە.

چوارچێوەی سیستەمێکی دژە پەتای جیهانی هەر ئێستا بە شێوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و چەند دامەزراوەی دیکە بوونی هەیە. بەڵام بودجەکانی تەرخانکراو بۆ ئەو سیستەمە کەمە و، هیچ توانایییەکی سیاسی نییە. پێویستە ئێمە کەمێک دەسەڵاتی سیاسی و پارەیەکی گەلێک زۆرتری پێ بدەین تا بە تەواوی وابەستەی هەوەسی سیاستەوانی خۆویست نەبن. وەک پێشدا ئاماژەی پێ کرا، پێم وانییە پسپۆڕی هەڵنەبژێردراو ئەرکی بڕیاردان لەسەر شێوەی هەڵسوکەوتیان بەدەستەوە بێ. ئەوە دەبێ لەدەست سیاسەتواناندا بمێنێتەوە. بەڵام شێوەیەک لە دامەزراوەی سەربەخۆی تەندروستی جیهانیی پلاتفۆرمێکی دڵخوازە بۆ ئامادەکردنی زانیاریی پزیشکیی، چاودێریی مەترسییەکان، وشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی توێژینەوە و گەشە پێدان.

زۆر کەس لەوە دەترسن کە کۆڤید - ١٩ دەستپێکی شەپۆلی نوێی پەتایان بێ. بەڵام ئەگەر وانەکانی سەرەوە جێبەجێ بکرێن، شۆکی کۆڤید-١٩ لەوانەیە بە کردەوە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی پەتا. مرۆڤایەتی ناتوانێ پێش بە زیندەوەری نەخۆشکار بگرێ. ئەوە پرۆسەیەکی گەشەکردنی سروشتییە کە میلیاردها ساڵە درێژەی هەبووە و وێدەچێ لە داهاتووشدا درێژەی هەبێ. بەڵام ئەوڕۆ مرۆڤ زانیاریی و کەرەستەی پێویستی بۆ بەرگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشکاری نوێ و بوونیان بە پەتا لەبەر دەستدایە.

ئەگەر کۆڤید - ١٩ لەگەڵ ئەوەشدا لە ٢٠٢١ درێژە بە بڵاو بوونەوە بدا و بە میلیۆنان مرۆڤ بکوژێ، یان ئەگەر تەنانەت پەتایەکی کوشندەتر لە ٢٠٣٠ بەرەوڕووی مرۆڤ ببێتەوە، ئەو نە کارەساتێکی کۆنترۆڵنەکراو دەبێ و نە سزایەک لە لایەن خوداوە. ئەو شکستێکی مرۆڤ و بە واتایەکی دروستتر، شکستێکی سیاسییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢١

# ئاکارە شەڕانشۆیەکانی ئێران

## هەڵسەنگاندنی ساڵانەی هەڕەشە بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان

### (ئاکارە شەڕانشۆیەکانی ئێران)

### * ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی نیشتمانی وڵاتە یەکگرتووەکان

### پێشەکی

ئەو ڕاپۆرتە ساڵانەیەی هەڕەشەکانی سەرانسەری دنیا بەرانبەر بە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە گوێرەی بەشی ژمارە ٦١٧ لە یاسای مۆڵەتنامەی هەواڵگریی FY21 بەڕێوە چووە. ئەو ڕاپۆرتە ڕەنگدانەوەی زانیاریی گشتی کۆمەڵگەی هەواڵگرییە کە هەموو ڕۆژەکانی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی فرەلایەنە، سەربەخۆ و دەستکاری نەکراوە کە بڕیاردەرانی سیاسی، جەنگاوەران و کارمەندانی بەشی بەربەرەکانی لەگەڵ تاوانکاریی لە نێوخۆ بۆ پاراستنی گیانی ئەمریکاییان و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە هەر شوێنێکی دنیا پێویستییان پێیەتی.

ئەو هەڵسانگاندنە جەخت لەسەر هەڕەشە هەرە جیددی و ڕاستەوخۆکان بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵی داهاتوودا دەکاتەوە. شێوەی ڕیزکردنی بابەتەکانی پێشکەشکراو لەو هەڵسەنگاندنەدا بە مانای ئاستی گرینگی یان پلەی هەڕەشەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی هەواڵگرییەوە نییە. هەموویان پێویستیان بە بەرپەرچدانەوەی پتەوە، لە نێویاندا لەو شوێنانە کە جەخت کردنەوە لەسەریان لە داهاتوویەکی نزیکدا لەوانەیە پێش بە هەڕەشەی مەزنتر لە داهاتووی دوورتر بکا، وەک ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا و خراپتربوونی بواری ژینگە.

هەر وەک یاسا دەخوازێ، ئەو ڕاپۆرتە پێشکەشی کۆمیسیۆنی هەواڵگریی کۆنگرە و هەروەها کۆمیسیۆنی هێزە چەکدارەکانی کۆنگرە و ئەنجومەنی پیران بکرێ.

زانیاریی بەردەست تا ٩ی ئاپریلی ٢٠٢١ بۆ ئامادە کردنی ئەو هەڵسانگاندنە کەڵکی لێ وەرگیراوە.

## ئاکارە شەڕانشۆیەکانی ئێران

ئێران هەڕەشەیەکی بەردەوامە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە و هەوڵ دەدا دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان بنکۆڵ بکا و پشتگیری لە دانیشتووانی شیعە لە دەرەوە بکا، لە دەوڵەتانی جیراندا نفوزی خۆی پتەو بکا و دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ، زەختی نێونەتەوەیی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە و هەڕەشەکانی بۆ سەر سەقامگیریی ڕێژیمەکەی بگەیەنێتە نزمترین ئاست.ئەگەرچی خراپتربوونی ئابووری ئێران و ناوبانگە خراپەکەی لە ناوچەدا تەگەرە دەخەنە سەر ئامانجەکانی، بەڵام تاران بۆ برەودان بە ئامانجەکانی هەوڵ دەدا کەڵک لە زنجیرەیەک ئامراز وەرگرێ، وەک دیپلۆماسی، پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، کڕین و فرۆشی کەرەستەی سەربازی و هێرشی بەکرێگیراو و هاوبەشەکانی. ئێمە چاوەڕوان دەکەین کە ئێران لە ساڵانی داهاتوودا ڕیسکی ئەوتۆ بکا کە بتوانێ گرژییەکان پەرە پێ بدا و هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی بکا.

- ئێران خۆی لە خەباتێک لە دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاپەیمانە ناوچەییەکانیدا دەبینێ، کە لە ڕوانگەی ئەو وڵاتەوە جەخت لەسەر سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران دەکەنەوە و ئامانجیان گۆڕینی ڕێژیمە.

- ئاکارەکانی تاران ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی ئەو وڵاتەیە لەمەڕ دوژمنایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسڕائیل و وڵاتانی کەنداو، توانایی نواندنی دەسەڵات بە چەکوچۆڵەی ئاسایی و هێزە بەکرێگیراوەکانی و خولیاکەی بۆ ئەستاندنی دەسکەوتی سیاسی و ئابووری لە کۆمەڵگەی ناونەتەوەیی.

- بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، ویستی ئێران بۆ هێرش بەستراوەتەوە بۆ لێکدانەوەی ویستی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەرپەرچدانەوە، تواناییەکانی بۆ بەرێوەبردنی هێرش بێ هەڵایساندنی ناکۆکیی ڕاستەوخۆ و ئەگەری خستنە مەترسی سووککرانی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان.

- وێدەچێ ڕێبەرانی ڕێژیم لە تێوەگلان لە وتووێژی سیاسی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە داهاتویەکی نزیکدا، بە بێ سووک کرانی گەمارۆکان یان یارمەتی مرۆیی یان گەڕانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەرجام، دوودڵ بن. ئێران درێژە بە

بەرپەرچدانەوەی زەختی وڵاتە یەکگرتووەکان دەدا، ئەگەرچی تاران ورپایە کە خۆی لە تێوەگلان لە ناکۆکیی تەواو [لەگەڵ ئەمریکا] ببوێرێ.

## ئێران سوورە لە سەر پاراستنی دەسترۆیشتوویی لە سووریە

- لەگەڵ دامرکانی ناکۆکییەکان لە سووریە، ئێران بەتەمای حزووری سەربازیی هەمیشەیی و مامەڵەی ئابووری لەگەڵ ئەو وڵاتەیە. بێگومان تاران ئەو شتانەی بۆ پەرەپێدانی دەسترۆیشتوویی ناوچەیی، پشتیوانی لە حیزبوڵڵا و هەڕەشە لە ئیسرائیل دەوێن.

- ئێران وەک هێزێکی تێکدەری سەقامگیری لە یەمەن دەمێنێتەوە، چونکە پشتیوانیی تاران بۆ حوسییەکان، لە نیویاندا بە دابینکردنی مووشەکی بالیستیک و دەریایی و هەروەها سیستەمی بێ سەرنشین، هەڕەشەن بۆ سەر هاوبەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانیان، بە تایبەتی بە هێرشەکان بۆ سەر عەرەبستانی سعودی.

- تاران وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئیسرائیل دەمینێتەوە، هەم ڕاستەوخۆ بە هێزە مووشەکییەکەی و هەروەها ناڕاستەوخۆ بە پشتگیریی لە حیزبوڵڵا و تاقمی تێرۆریستیی دیکە.

- ئێران وەبەرهێنانەکانی لە ئەفغانستان دەپارێزی و ئاکارەکانی لەوانەیە هەڕەشە لە سەقامگیریی بکەن. ئێران بە ئاشکرا پشتیوانی لە وتووێژی ئاشتی لە ئەفغانستان دەکا، بەڵام لە بارەی مانەوەی درێژخایەنی ئەمریکا لە ئەفغانستان نیگەرانە. لە ئاکامدا، ئێران خەریکی پتەوکردنی پێوەندییەکانی هەم لەگەڵ دەوڵەت لە کابول و هەروەها تالیبانە تا بتوانێ سوود لە هەر ئاکامێکی سیاسی وەرگرێ.

## توانایییە سەربازییەکانی ئێران

تواناییە فرەلایەنە سەربازییەکانی ئێران و هەڵوێستە تێکەڵاوەکەی لەمەڕ شەڕ، بە کەڵکوەرگرتن لە توانایی ئاسایی و نائاسایی، تا داهاتوویەکی دوورودرێژ بە بەردەوامی هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی لە ناوچە دەکەن.

- ئێران ستراتیژییە ئاساییە سەربازیەکانی خۆی نیشان داوە، کە بە شێوەی سەرەکی لەسەر چاوترسێن کردن و توانایی تۆڵەکردنەوە لە هێرشبەران دامەزراوە، بۆ وێنە هاویشتنی چەند مووشەکی بالیستیک دژی بنکەی هێزەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لە عێراق لە کاردانەوە بە کوژرانی فەرماندەی هێزی قودس، قاسم سولەیمانی لە ژانوییەی ٢٠٢٠. ئێران مەزنترین هێزی مووشەکیی بالیستیکی لە ناوچەدا هەیە و، سەرەڕای ئالنگارییە ئابوورییەکان، تاران هەوڵ دەدا چەکوچۆڵە ناباوەکانی گەشە پێ بدا و هی نوێش وەدەست بێنێ.

- ئۆپەراسیۆنە شەڕە نائاساییەکانی ئێران و ڕایەڵەی هاوبەشی میلیشیایی و بەکرێگیراوانی، توانایی بە تاران دەبەخشن کە برەو بە بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەدا بدا، قووڵایی ستراتیژیکی خۆی بپارێزێ و بژارە نارێکەکانی تۆڵەکردنەوە دابین بکا.

- هێزی قودسی سپای پاسداران و بەکرێگیراوەکانی دەوری سەرەکیی لە دەسەڵاتی سەربازیی ئێراندا دەگێڕن.

## هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و نێوخۆی ولات

لێکدانەوەی ئێمە ئەوەیە کە ئێران درێژە بە خولیای پەرەپێدانی ڕایەڵەکانی لە ناوخۆی ولاتە یەکگرتووەکاندا بدا، ئامانجێک کە زیاتر لە دە ساڵە هەیەتی، بەڵام مەزنترین مەترسی دژی ولاتە یەکگرتووەکان لە دەرەوەی ولاتن، بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا.

- ئێران هەڕەشەی کردووە تۆڵەی کوژرانی قاسم سولەیمانی لە ژانوییەی ٢٠٢٠، لە کاربەدەستانی ولاتە یەکگرتووەکان بکاتەوە و پێشووتر هەوڵی داوە هێرشی کوشندە لە ولاتە یەکگرتووەکاندا بەڕێوە ببا.

- لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پۆلیسی ولاتە یەکگرتووەکان ژمارەیەک کەسی پێوەندیدار بە ئێرانی گرتووە کە سیخوڕ بوون و هەوڵیان داوە کاریگەرییان لەسەر بەرهەڵستکارانی ئێرانی لە ولاتە یەکگرتووەکان هەبێ، یان زانیارییان لەسەر کۆ بکەنەوە و هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران دەستیان لە کوشتن و ڕفاندن لە ئەورووپا، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا هەبووە.

- ئێران وێدەچێ بۆ بە ئامانج گرتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا گەلێک ئامادە بێ، چونکە کەلوپەل و بەکرێگیراوی لەو ناوچانە هەن کە دەستیان بە چەک و تەقەمەنی ڕادەگا.

## بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی

ئێمە بەردەوامین لەو لێکدانەوەمان کە ئێران ئێستا خەریکی چالاکیی گەشەپێدانی ئەو بەشە سەرەکییانەی چەکی ئەتۆمی نییە کە پێمانوایە بۆ دروستکردنی ئامێرێکی ئەتۆمی پێویستن. بەڵام، دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنی بەرجام لە مانگی مای ٢٠١٨، کاربەدەستانی ئێرانی وازیان لە بەڵێنییەکانیان هێناوە و دەستیان کردۆتەوە بە چالاکیی ئەتۆمی کە سنوورەکانی دیاریکراو لە بەرجامیان تێپەڕاندووە. ئەگەر گەمارۆکانی سەر ئێران سووک نەکرێن، لەوانەیە کاربەدەستانی ئێرانی بیر لە زنجیرەیەک بڕارە بکەنەوە، لە پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ٪٦٠ تا دارشتن و دروست کردنی ڕیئاکتۆرێکی ٤٠ مێگا تۆنی ئاوی قورس.

- ئێران بەردەوام باسی دەستپێکردنەوەی چالاکییە ئەتۆمییەکانی وەک جوابی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجامی کردووە و ڕایگەیاندووە کە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بەڵێنییەکانی لە چوارچێوەی بەرجامدا ڕەچاو بکا، ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاو گرتنی بەڵێنییەکانی خۆی.

لە ژووەنی ٢٠١٩ بەولاوە، ئێران قەبارەی پیتاندنی ئۆرانیۆمی خۆی بۆ ئەوبەری سنووری دیاریکراو لە بەرجامدا زیاد کردووە. لە سێپتامبری ٢٠١٩ بەولاوە، ئێران سنوورەکانی دیاریکراو لەمەڕ توێژینەوە و گەشە پێدانی سانتریفیوژی پێشکەوتووی پاشگوێ خستووە و دەستی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە بنکەی فۆردۆ لە ژێر زەوی کردۆتەوە. لە ژانوییە، ئێران دەستی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ٪٢٠ کرد و توێژینەوە و گەشەپێدانی بۆ بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم بۆ سووتەمەنی ڕیئاکتۆرێکی توێژینەوە دەست پێکرد و لە مانگی فێوریە، لە ئەزموونێکی تاقیگەییدا، گرامێک کانزای ئۆرانیۆمی سروشتی بەرهەم هێنا.

## دەستێوەردانی سایبەری، هەواڵگری، کارتێکەریی و هەڵبژاردن

لێهاتوویی و ویستی ئێران بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنی هێرشبەرانەی سایبەری ئەو وڵاتە دەکاتە هەڕەشەیەکی مەزن بۆ سەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕایەڵەکان و زانیاریی هاوپەیمانان. ئێران توانایی هێرشکردنە سەر ژێرخانی

هەستیار و هەروەها چالاکی کارتێکەریی و هەوڵگریی هەیە.

- ئێران لە نێوان ئاپریل تا جولای ٢٠٢٠ بەرپرسی چەند هێرشی سایبەریی بۆ سەر دامەزراوەکانی ئاوی ئیسرائیل بووە کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی مێدیاکان بوونە ئاسەواری کورتخایەن کە وردەکارییەکانی بڵاو نەکراونەوە.

- ئێران بە شێوەی پەرەئەستێن لە کەڵک وەرگرتن لە دنیای سایبەری بۆ ئۆپەراسیۆنی کارتێکەریی، لەنێویاندا ئۆپەراسیۆنی شەڕانشۆیانەی کارتێکەریی لەسەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٢٠، بەردەوام بوو و ئێمە چاوەڕوانین کە تاران جەخت لە سەر ئۆپەراسیۆنی نهێنی کارتێکەریی بکا، وەک بڵاو کردنەوە زانیاریی هەڵە لە بارەی هەڕەشەی ساختە یان ژێرخانی دەستکاریکراوی هەڵبژاردن و بڵاو کردنەوەی ناوەڕۆکی دژە ئەمریکایی.

- ئێران هەوڵ دەدا کاریگەریی لەسەر لایەنەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٢٠ی سەرۆک کۆماریی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ناردنی پەیامی هەڕەشەدار بۆ دەنگدەرانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەبێ و ئەکتەرە سایبەرییەکانی ئێران لە دێسامبری ٢٠٢٠ زانیارییان لەسەر کاربەدەستانی هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بڵاو کردەوە تا هەوڵ بدەن متمانە بە هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بنکۆڵ بکەن.

## تێبینی:

**ئەو ڕاپۆرتە ٢٧ لاپەڕەیە و باسی زۆر ناچە و وڵاتی دیکەی تێدا کراوە، بەڵام تەنیا بەشی پێوەندیدار بە ئێران وەرگێڕدراوەتەوە سەر کوردی.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## هەڕەشەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی حەماس دژی ئیسرائیل، دەستی ئێرانی لە پشتە

**ئورشەلیم پۆست - سێت جەی فرانتزمەن**

ئیسرائیل بە شێوەی پەرەئەستێن ناچار بووە لەگەڵ هەڕەشەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی حەماس هەڵسوکەوت بکا و ڕۆژی پێنجشەممە گوتی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی خستووەتە خوارەوە کە لە غەززەوە هاتبووە نێو خاکی ئیسرائیل.

ئەو هەڕەشە نوێیە لە لایەن حەماسیشەوە لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە لەسەر ئینتەرنێت دەستاودەستی پێ دەکرێ و لەوێدا ئەوە ئاشکرا دەکرێ کە ئەو تاقمە تێرۆریستییە فەلەستینییە لە غەززە چەند فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بە قەبارەی مامناوەندی لەبەر دەست دان. حەماس دەڵێ ناوی ئەو فڕۆکە نوێیانە "شەهاب" ـە.

پسپۆڕانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەک نیک واتەرز و ئەوانی دیکە ئاماژەیان بە پێوەندیی نزیکی نێوان "شەهاب" ـی حەماس و ئەبابیلی ئێران کردووە.

هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل گرتەیەکی ڤیدیۆییان بڵاو کردۆتەوە کە لەویدا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە دەفڕێ و لەلایەن ئەوانەوە دەخرێتە خوارەوە. وێدەچێ ئەو فڕۆکانە لە ڕووی فڕۆکەی ئەبابیلی ئێرانی دروست کرابن، مودێلێک کە نموونەکەی بۆ حوسییەکانی یەمەنیش هەنارده کراوە و، حوسییەکان دروستیان کردوون و دژی عەرەبستانی سعوودی کەڵکی لێ وەردەگرن. وڵاتە یەکگرتووەکان چەند ساڵە لەمەڕ هەڕەشەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئێران هۆشداریی داوە، لە نێویاندا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی لە واشینگتۆن پیشان دراون. ڕۆژی چوارشەممە هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل (IDF) ڕایگەیاند کە "هێرشی کردۆتە سەر تاقمێک تێرۆریست کە خەریکی کار کردن لە شوێنی بەڕێکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆتەقێنەری ڕێکخراوی تێرۆریستیی حەماس لە غەززە بوون. ئەو تاقمە لە کاتێکدا کەوتنە بەر هێرش کە خەریکی ئامادە کردنی بەڕێکردنی ئامێری ئاسمانیی بێفڕۆکەوان بۆ نێو خاکی ئیسرائیل بوون".

ئیسرائیل بە هەمان شێوە ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند کە سیستەمی پارێزگاریی ئاسمانیی "گومبەزی ئاسن"، ئامێرێکی ئاسمانیی بێفڕۆکەوانی حەماسی دیت کە لە غەززەوە بەرەو خاکی ئیسرائیل دەهات. وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیل

گوتوویەتی کە سیستەمی گومبەزی ئاسن توانایی نوێی هەن، کە لە ماوەی چەند ساڵ گەشەیان پێدراوە و کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، کە دژی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کاریگەرن.

بۆچی هەڕەشەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان گرینگە؟ چونکە ئەوان دەتوانن تەقەمەنی هەڵگرن و لەسەرخۆ بڕۆن و مانۆڕ بدەن. زۆربەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە شێوەی ئێرانی، کە پێیان دەگوترێ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "هەڵگری تەقەمەنی" یان "کامیکازە"، بە شێوەیەک کار دەکەن کە بەرەو مەنزڵێک دەفڕن و پاشان بە سەر شوێنەکەدا بەردەدرێنەوە.

ئەوان لەسەر هێڵێکی ئاسنەوە بەڕێ دەکرێن و دەکرێ بە لۆری یان تەنانەت بە بەلەمێک بگوازرێنەوە و بەو شێوە بخرێنە کار. ئەوان موتۆڕێکی پانکەداریان لە پشتەوە هەیە و، تێکنەلۆژیی جایرۆسکۆپی کەڵک لێوەرگیراو لەو فڕۆکانەدا بۆ ڕێنوێنی کردن، بەڵگەی هەناردەکرانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە لایەن ئێرانن کە بۆ یەمەن، عێراق، سووریە و تەنانەت بە گوێرەی هێندێک ڕاپۆرت، بۆ ئەولاتریش بۆ کەڵک لێ وەرگرتن لە شوێنی وەک سوودان، ئەفغانستان و ڤێنێزوێلا نێردراون.

ئێران لە سێپتامبری ۲۰۱۹ کەڵکی لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوەی پاڵاوتنی نەوتی ئەبقەیق وەرگرت کە وێدەچوو هۆشدارییەک بێ بە ئیسرائیل. ئێران هەروەها لە ۲۰۱۸ کەڵکی لە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان بۆ هێرش کردنە سەر ئیسرائیل وەرگرت کە لە بنکەی T-4 ـەوە فڕیبوو. ئەو فڕۆکەیە هاتە ئاسمانی ئیسرائیل و بە هێلیکۆپتەر خرایە خوارەوە. ئێران بە هەمان شێوە ئامۆژگاریی حیزبوڵڵای کردبوو تا تیمێکی "فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کوشندە" بنێرێتە ناوچەیەک لە نزیکی بەرزاییەکانی گۆلان لە ۲۰۱۹، کە دیارە ئیسرائیل هێرشی کردە سەر تیمەکە.

چەند ڕووداوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە سنووری لوبنان قەوماون و، هەروەها چەند دانەیەک لە سنووری سووریە. جگە لەوە، دوژمنانی ئیسرائیل هەوڵیان داوە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئیسرائیل بخەنە خوارەوە. لە مانگی مارس، هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل ڕایگەیاند "لە چالاکییەکی ڕۆتینی ئامێری ئاسمانیی بێفڕۆکەوان لە سەر لوبنان، بە مووشەکی دژی ئاسمانی تەقە لە ئامێرەکە کرابوو. فڕۆکەکە نەپێکرا و درێژەی بە ئەرکە پلان بۆ داندراوەکەی دابوو." مانگی ڕابردوو ئیسرائیل گوتی کە هێزەکانی ئەو وڵاتە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانیان خستووەتە خوارەوە و یەکی دیکەیان دیتووە کە "هی ڕێکخراوی تێرۆریستیی حیزبوڵڵای لوبنان بوون کە لە لوبنانەوە هاتبوونە نێو ئاسمانی ئیسرائیل".

بەشی: دووهەم

هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل لە مانگی ژانوییە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانیان خستە خوارەوە کە لە لوبنانەوە هاتبوو و یەکی دیکەش کە هەر لەوێوە هاتبوو لە مانگی نۆڤەمبەر خرایە خوارەوە. جگە لەوە لە مانگەکانی جولای و ئاگوست فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دزەیان کردبووە نێو ئاسمانی ئیسرائیل. هەروەها، ئیسرائیل گوتی کە لە مانگی سێپتامبر هێرشی کردۆتە سەر بنکەیەکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە هی حەماس بوو. لە سێپتامبری ٢٠١٩ ئیسرائیل ڕایگەیاند کە "فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان لە غەززەوە خۆی خزاندۆتە ئاسمانی ئیسرائیل و بۆمبێکی خستۆتە سەر ئوتۆمبێلێکی سەربازیی".

سەرجەم ئەوانە ئاماژە بە پەرەگرتنی توانایییەکانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی حەماس دەکەن و، کێشەی ئەم حەوتوویە چەند ئاماژەی بە ئامێری ئاسمانیی بێفڕۆکەوانی حەماسی تێدان.

ئیسرائیل کەڵک لە چەند دەستەواژە بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەردەگرێ، زۆرجار کوادکۆپتەری بچووک بە ڕاخفانیم ناو دەبا و، بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مەزنتر دەڵێ مالاتیم، بە مانای ئامێری ئاسمانیی بێفڕۆکەوانە.

فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی حەماس کە وەک ئەبابیل دەچن وێدەچێ کڵاوی جەنگییان لە پێشەوە هەبێ و شێوە سیستەمێک بۆ ڕێنوێنیکردن. ئەوان دوو جوت باڵیان هەن، جووتێکیان بەرەو دواوە و جووتێکی بچووکتر لە پێشەوە، وەک ماسیی باڵدار دەچێ. ئەوان لە کەسێکی ئاسایی کەمێک درێژترن.

وێدەچێ دیزاینەکە بۆ دروستکردن کەمێک ساکار بێ چونکە حوسییەکان تێیدا بوونە پسپۆڕن و کەڵک لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەردەگرن تا هێرشی تێرۆریستی بکەنە سەر عەڕەبستانی سعوودی. هێندێک لەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانە هەر دێتوو مەودایەکی زۆرتر بڕ دەکەن. نیگەرانییەکان لە ژانوییە کاتێک پەرەیان گرت کە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی نوێی حوسییەکانی یەمەن توانی ٢٠٠٠ کیلۆمیتر مەودا ببڕێ، کە دەگاتە ئەیلات.

ئێران دەمێکە خۆ ڕادەنێتەوە کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەن کە هەزاران کیلۆمیتر دەبڕن و، گوتوویەتی تەقەمەنییەکی زۆرتر لەو فڕۆکانە بار دەکا. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێران سوپایەکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەیە کە تەقەمەنیی زیرەک وەک هی مووشەکی دەریاییان لێ بار دەکا. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دەکرێ بە پۆل بخرێنە کار.

ئێران بە هەمان شێوە هەوڵی داوە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکایی لە جۆری پرێداتۆر و سەنتینەل کۆپی بکا، و هەر وەک

بەشی: دووهەم

ڕیپەری ئەمریکایی ڕێژەی تەقەمەنییەکانی زیاد بکا. بەڵام ئێران لەوەدا بە تەواوی سەرکەوتوو نەبووە. ئەو هەروەها لە دابینکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ حوسییەکان، حەماس، حیزبوڵلا و میلیشیا عێراقییەکان کە توانایی ناردنی ڤیدیۆی فڕینەکە و گەڕانەوەیان بۆ بنکەکانیان هەبێ، سەرکەوتوو نەبووە. ئەوە بەو مانایەیە کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران هێشتا گەلێک دواکەوتوون و هاوپەیمانەکانی وەک حەماس فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەوتۆیان هەن کە تواناییەکانیان بەرۆژ نین.

فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی حەماس بۆیە هەڕەشەن چونکە دەتوانن مانۆڕ بدەن و بە شێوەی نەوی بفڕن، بەڵام هێشتا تێکەڵاوێکن لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی V-1 ی ئیسرائیلی هی هەشتاکانی زایینی و مووشەکی دەریایی. بەڵام، گومان لەوەدا نییە کە ئێران تەکنەلۆژییەکەی هەنارده دەکا. ئێران یەکەمجار لە هەشتاکانی زایینیدا دژی عێراق لە شەڕی ئێران-عێراق کەڵکی لە ئەبابیل وەرگرت. ئەوان لە کارخانەی فڕۆکەسازیی ئێران لە ڕووی مودێلێک دروست کران کە هی کۆمپانیای تێکسترۆن بوو، کە پێش ١٩٧٩ هێلی کۆپتەری Bell 214 ی دروست دەکرد.

ئەمڕۆ سوپای پاسداران زۆر جار کەڵک لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەبابیل وەردەگرێ و ئەوە ڕێی تێدەچێ چونکە سپای قودس لەدەرەوە پشتیوانی لە حەماس، حیزبوڵلا و حوسییەکان دەکا. گریمانەی ئەوە دەکرێ کە میلیشیاکانی عێراقی سەر بە ئێران چەند جار کەڵکیان لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە دژی بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو وڵاتە وەرگرتووە. ئەوە ئاماژەیەکە بە شەڕێکی بەربڵاوتری فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە لایەن ئێرانەوە دژی ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودی و وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوانی دیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٢١

# مێژووی دوور و درێژی تیرۆر و شەڕفرۆشیی ئێران

**ڤاکس نیوز - کێلی لاکۆ، هیوستۆن کین**

ئاکارە شەڕفرۆشانەکانی ئەو دواییانەی ئێران دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی درێژەی مێژوویەکی دوور و درێژی ئەو دەوڵەتەیە، لەنێویاندا نوێکردنەوەی تاکتیکان کە هاککردنی سایبەری و کەمپەینی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە دەگرێتەوە. وێنەی تازە بڵاوکراوەی ڕۆژی سێ شەممە لەلایەن هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەلەمی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران نیشان دەدەن کە خەریکی مانۆڕی "مەترسیدار و کاڵفامانە" لە دەوری پاپۆڕە ئەمریکاییەکان لە کەنداوی فارسن.

ئەوە دووهەم ورووژاندن لەلایەن ئێران، دووهەمین وڵاتی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ڕوانگەی قەوارەوە، بوو، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو وڵاتە خۆی بۆ وتوویژ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕێبەرانی دیکەی دنیا لە بارەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ٢٠١٥ی ئێران ئامادە دەکا.

لەو کاتییەوە کە ڕێژیمی ئەو وڵاتە لە ١٩٧٩ (١٣٥٧ی هەتاوی) بوو بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو وڵاتە مێژوویەکی دوور و درێژی لە تیرۆر و ئاکاری شەڕفرۆشانەی دیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی هەیە. ئەم ڕێژیمە ٤٢ ساڵە، لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و خاوەن دەسەڵاتانی دیکەی دنیا وەک سەرەکیترین پشتیوانی تیرۆریزم لە سەرانسەری دنیا ناسراوە. ئەو ڕێژیمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پشتگیریی لە ڕێکخراوی تیرۆریستیی، وەک تالیبان و حیزبوڵڵا، دەکا.

## مێژووی تیرۆر

بەر لە شۆڕشی ئێران، ئەو وڵاتە لە لایەن موحەممەد ڕەزا پەهلەوی بەڕێوە دەچوو، کە بنەماڵەکەی لە ١٩٢٥ (١٣٠٤ی هەتاوی) بەو لاوە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو. بەڵام، لە پەنجاکانی زایینی بەولاوە حکومەتی ڕەزا شا، بە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان، هەر دەهات و زۆرتر بەرەو دیکتاتۆریی دەچوو. شا هەوڵی دا ئێران وەک وڵاتێکی ڕۆژئاوایی لێ بکا و دەرفەتی زۆرتری بۆ شارۆمەندانی ئێران ڕەخساند تا لە بازرگانی و خوێندندا سەرکەون. بەڵام، لە ١٩٧٩ (١٣٥٧)،

دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پەهلەوی بووە هۆی شۆڕش کە ئاکامەکەی وەلانانی ناوبراو لەسەر دەسەڵات بوو.

ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی، لقێکی [سەربازیی] دەوڵەتی ئێران کە دەیان ساڵ خەریکی چالاکیی تێرۆریستی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بووە، جێگای پەهلەوییان گرتەوە. حەوت مانگ دوای ئەو ڕووداوە ئێران بە فەرمی بوو بە کۆماری ئیسلامی و، ڕێبازی تێرۆریزمی وەک تاکتیکێک بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجە سیاسییەکانی و ترساندنی دوژمنانی دەست پێ کرد.

لە ٤ی نۆڤامبری ١٩٧٩ (١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨) تاقمێک خوێندکاری توندئاژۆی ئێرانی هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە تاران. پەنجا شارۆمەندی وڵاتە یەکگرتووەکان بە بارمتە گیران. خوێندکارەکان داوایان لە سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئەمریکا، کارتێر، کرد شا کە لە وڵاتی خۆی ڕای کردبوو، ڕادەستی ئێران بکاتەوە تا دادگایی بکرێ. خومەینی هەر ئەوکات فەرمانی دابوو کە دەوڵەت لە سەرجەم کاربەدەستی لایەنگری شا پاک بکاتەوە، کە ئەو بڕیارە بووە هۆی ئیعدامی هەزاران کەس.

کارتێر خۆی لە ڕادەستکردنەوەی شا بوارد. بارمتەکان ٤٤٤ ڕۆژ ڕاگیران و بوونە هۆی دۆڕاندنی کارتێر لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ١٩٨٠ لە بەرانبەر ڕۆناڵد ڕەیگان. بەڵام ئێران بناغە تێرۆریستییەکەی خۆی پتەو کردبوو. بە پشتیوانیی ئێران، تاقمی تێرۆریستیی حیزبوڵڵا لە نێوان ١٩٨٢ تا ١٩٩٢ (١٣٦١- ١٣٧١)دا نزیکەی ١٠٠ شارۆمەندی بیانیی لە لوبنان بە بارمتە گرتن، لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆر ئەمریکایی. هێندێک لە ئەمریکاییە بە بارمتەگیراوەکان چەند ساڵ زیندانی بوون لە کاتێکدا هی دیکە، لە نێویاندا بەرپرسی بنکەی سی ئای ئەی ویلیام باکلی، لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژران.

حیزبوڵڵا، کە حیزبێکی ئیسلامیی شیعە و گرووپێکی چەکدارە لە لوبنان، لە ١٩٨٣ (١٣٦٢ی هەتاویدا) باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە بەیرووت تەقاندەوە کە بووە هۆی کوژرانی ٦٣ کەس، لە نێویاندا "سەرجەم ئەندامانی سی ئای ئەی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست".

ئێران هەروەها پشتگیریی لە تەقاندنەوەی بنکەی سەربازانی هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان لە فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی بەیروت کرد کە بووە هۆی کوژرانی نزیکەی ٢٥٠ کەس لە هێزی مارینز و ١٠٠ کەسی دیکەش بریندار بوون. ئێران بە هەمان شێوە لە پشت تەقاندنەوەی باڵوێزخانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کوەیت لە لایەن حیزبوڵڵاوە بوو.

هەروەها ئێران دەستی لە کوشتنی چەندین کەس، لە نێویاندا زۆر بەرهەڵستکاری سیاسی هەبووە. شاپور بەختیار، دوایین سەرۆکوەزیرانی ئێران پێش شۆڕش و ڕێبەری جووڵانەوەی بەرخۆدانی نەتەوەیی ئێران لە تاراوگە لە فەڕانسە بوو. لە گەڕەکێکی قەراخ شاری پاریس لە ١٩٩١ (١٣٧٠ی هەتاوی) بە دەست مرۆڤکوژانی ئێران کوژرا. کاتێک یەکێک لە بکووژەکان دوای ٢٠ ساڵ ئازاد کرا، لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە وەک قارەمانێک پێشوازیی لێکرا.

ئێران هەروەها لە ١٩٧٩ (١٣٥٨ی هەتاوی) بەولاوە، پێوەندییەکی پڕ لە کەند و کۆسپی لەگەڵ دراوسێی خۆی ئەفغانستان هەبووە. ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕایگەیاندووە کە ئێران "هاوکات پشتیوانیی لە دەوڵەتی ئەفغانستان و تالیبان کردووە بەو هیوایە کە بتوانێ ئەوان لێک دابڕێ و کاریگەریی بخاتە سەر ڕووداوە سیاسییەکان دوای کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان." لە ئاکامدا، لە درێژەی هەوڵەکانی بۆ لاوازکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی جیهانیدا، ئێران چەکوچۆڵ و یارمەتیت داراییی گەیاندۆتە تالیبان تا لە ئەو گرووپە دژی هێزەکانی هاوپەیمان بە ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان کەڵک وەرگرێ.

ئیسرائیل یەکێک لە نزیکترین هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە هەمان شێوە ئامانجێکی ئاسایی تێرۆریزمی ئاراستەکراو لە لایەن ئێرانەوە بووە. ئێران بەردەوام هەوڵی بنکۆڵکردنی پێگەی ئیسرائیل لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە پشتگیریی لە توندوتیژی داوە تا پێش بە ئاشتی لە ناوچە بگرێ.

تاکتیکە تێرۆریستییەکانی ئێران لە چاو ١٩٧٩ (١٣٥٧ی هەتاوی) ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە و ئێستا لە توندوتیژیی فیزیکی، بڵاوکردنەوەی چەکوچۆڵ و تەقاندنەوەی بۆمب و هەروەها شێوازە مودێرنەکانی تێرۆر کە بتوانێ حاشایان لێ بکا، تێپەڕ بووە.

## نوێکردنەوەی تاکتیکەکانی تێرۆر

لەو ساڵانەی دواییدا، توانایی ئێران بۆ بەڕێوە بردنی تێرۆر و نانەوەی ترس لە دەوری دنیا ورسووڕانی بەخۆیەوە بینیوە و تەنیا هێرشی فیزیکی لەخۆ ناگرن، بەڵکوو ڕێژەیەکی بەرچاو لە هێرشی سایبەری تا کەمپەینی بڵاوکردنەوە هەواڵی درۆ و دزینی زانیاریی دەگرنە خۆ.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، شارۆمەندانی ئێرانی کە کار بۆ دەوڵەتی ئێران دەکەن دەستیان لە کەمپەینی ئاراستەکراوی

هێرشی سایبەری دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانیدا هەبووە. لە ٢٠١٦ (١٣٩٥ی هەتاوی)، حەوت ئێرانیی داواکراو، هەوڵی سابۆتاژی دامەزراوە داراییەکانی ئەمریکا لە ڕێگای بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی بەنداوێکی نیویۆرکیان دا. هاککەرەکان کاریان بۆ سوپای پاسداران دەکرد.

دوو ساڵ دواتر، وەزارەتی دادوەری ئەمریکا ڕایگەیاند کە نۆ داواکراو، کە ئەوانیش کاریان بۆ دەوڵەت و سوپای پاسداران دەکرد، سیستەمی کامپیوتێریی ٣٢٠ زانکۆ و ٢٢ وڵاتیان هاک کردبوو و توێژینەوەی تایبەتیان دزی کە نرخی دەگەیشتە چەند ملیارد دۆلار.

لە سێپتامبری ڕابردوودا، سێ هاککەری دیکەی ئێرانی لەبەر دزینی زانیاریی تەکنەلۆژی پیشەسازیی فڕۆکە و ساتەلایتی وڵاتە یەکگرتووەکان، دادگایی کران. ئەوان زۆر کۆمپانیایان لە نێوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان و دەرەوە کردە ئامانج و بە سەرکەوتووییەوە دەستیان بە ڕایەڵەکان ڕاگەیشت و زانیاریی هەستیاریان دزین.

جگە لەوە، دەستی تاقمە ئێرانییەکان لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە لە نزیک سەردەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ٢٠٢٠ ئاشکرا بوو. وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان هەر وەها ئابلۆقەی نوێی خستوونە سەر سوپای پاسداران، سوپای قودس و ئەنستیتۆی بەیان ڕەسانە گوستەر، لەبەر ئەوە کە ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یان بە شێوەی دیکە لە دەستێوەردانی دەرەکی" لە هەڵبژاردنەکەدا دەستیان هەبووە.

هەڕەشەی دزەکردنی سایبەریی بە پشتیوانیی دەوڵەت، بەردەوام ئالنگارییە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی لە سەرانسەری دنیا.

## بەڕێوەبەرایەتیی بایدن و ئێران

سەرەڕای مێژووی دوور و درێژی ئێران لە تێرۆریزمی فیزیکی و سایبەری، سەرۆککۆمار بایدن ڕایگەیاندووە کە بەڕێوەبەرایەتییەکەی هەوڵێستێکی کراوەتر بەرەو دیپلۆماسی لەگەڵ ئەو وڵاتە دەگرێتە بەر، لە نێویاندا ئەگەری هەڵگرتنی ئابلۆقەکان و گەڕانەوەی فەرمی بۆ ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران هەن.

بە پێچەوانە، بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆککۆماری پێشوو ترامپ "کەمپەینی ئەوپەڕی زەختی" دژی ئێران دەست پێ کرد،

بەشی: دووهەم

لەنێویاندا بە پەسەندکردنی ١٥٠٠ ئابلۆقە بۆ سەر ئەو وڵاتە و لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران هاتە دەر.

ئەندامانی نیگەرانی کۆماریخواز لە کۆنگرە هەر ئێستا ڕێکاری ئەوتۆیان گرتوونە بەر تا دڵنیا بن کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن نەتوانێ لە بەرانبەر داواکانی ئێران خۆ بەدەستەوە بدا.

مانگی ڕابردوو، ئەندامی دیاری کۆمیتەی کارو بارەی دەرەوەی کۆنگرە لە حیزبی کۆماریخواز لە تێکزاس، مایکڵ مەککاڵ، لەگەڵ ٢٠ ئەندامی کۆماریخوازی کۆمیتەکە، یاسای ٢٠٢١ی پێداچوونەوە بە سووککردنی ئابلۆقەکانی ئێرانیان پێشکەش کرد. پێشنیاری یاساکە بە دەستپێشخەریی سێناتۆر بیڵ هاگێرتی، کۆماریخواز لە ویلایەتی تێنێسی، پێشکەش کرد تا پەسەند بکرێ، کە ئەگەر پەسەند بکرێ دەسەڵات دەداتە کۆنگرە تا هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی بایدن بۆ هەڵگرتنی ئابلۆقە لەسەر ڕێژیمی ئێران پووچەڵ دەکاتەوە.

جگە لەوە، وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو، مایک پۆمپێئۆ، حەوتووی ڕابردوو بووە هاودەنگی شەش نوێنەری کۆنگرە لە حیزبی کۆماریخواز بۆ ئاشکراکردنی یاسای ئەوپەڕی زەخت، یاسایەکی نوێ کە کەمپەینی ئەوپەڕی زەخت وەها قفڵ دەکا کە بۆ بایدن تەقریبەن نامومکین دەبێ بتوانێ ئابلۆقەکانی سەر ئێران سووک بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢١

---

# خامنەیی گرینگترین دەنگدەری ئێرانە و توندڕەویی زۆرتر دەخوازێ نە کەمتر

**ئەلعەرەبیە نیوز- سەعید قاسمی نژاد و بەهمەن بین تالێبلو**

هەڵبژاردنان دەرئەنجامیان هەن، تەنانەت لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش. هیچ کەس ئەوە لە ڕێبەری گەورە، عەلی خامنەیی، خاوەن دەسەڵاتترین کەسی وڵات و گرینگترین "دەنگدەر"، باشتر نازانێ. بە هۆی نوێنەرانی لە بیرۆکراتی بیزانتییەکەی ئێراندا، خامنەیی بەتەمایە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بدا تا کەڵک لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی بۆ پتەوکردنی میراتە کۆنەپارێزەکەی و برەودان بە سیاسەتی توندڕەوانە، تەنانەت دوای مردنی خۆیشی، وەرگرێ.

خامنەیی لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٠ی ئێرانی لە مانگی مارس بەو کەسانەی گوت کە دەیانهەوێ خۆیان بەربژێر بکەن، "ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان لە ئێوە هەیە کە هەست بە قورسایی ئەو کارە بکەن و بزانن دەتانەوێ چ بەرپرسیارییەکی قورس بگرنە ئەستۆی خۆتان." لەو کاتەوە، شورای نیگابان، یەکەیەکی ١٢ کەسی کە لە بەربژێران دەکۆڵێتەوە و گوێڕایەڵی خامنەییە، شیاویی تەنیا حەوت بەربژێری لە نێو ٥٩٢ کەس پەسەند کردووە. سەرەڕای پەسەندکردنی کەسێکی بەناو تەکنۆکرات و ڕیفۆرمخوازێکی لاواز، ئەنجومەنەکە چەند توندڕەویشی، لەو بەرپرسیارییە کە لەسەر کاغەز دووهەمین پلەی خاوەن دەسەڵاتی وڵاتە، نزیک کردۆتەوە.

ئەگەرچی ڕیزکردنی بەربژێران و وەلانانی لایەنگرانی ڕێژیم لە پرۆسەی بە توندی کۆنترۆڵکراوی هەڵبژاردن لە ئێران، شتێکی نوێ نییە، بڕیاری پێشگرتن بە پڕاگماتیستان و ئەندامی لەمێژینەی لایەنی لیستی کۆنەپارێزان، لە سێ دەرفەتانەوە سەرچاوە دەگرێ، یان بە واتایەکی دیکە، ئەرکی قورس، لەو هەڵبژاردنەدا دەکەوێتە سەر شانی خامنەیی.

یەکەمیان دەرفەتی سوود بینین لە حەزی واشینگتۆن بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥ کە بە "بەرجام" ناسراوە، بۆ وەلانانی چڵە زەیتوونەکەی میانەڕەوییە کە سەرۆککۆمارە پراگماتیستەکانی پێشوو ڕایان داشتبوو. ئەگەر سووککردنی ئابلۆقەکان بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە کێ جڵەوی بەدەستەوەیە لە سەر مێز بێ، ئەوسا خامنەیی لەوانەیە هەست پێ بکا کە بووکەڵەی ڕازاوە وەلانێ. دووهەمیان درێژەدان بە لاوازیی فرە چەشنیی سیاسییە، لە کاتێکدا کە ڕێژەیەکی زۆرتر تاکی بنئاژۆخواز بێنێتە نێو ڕەوتی ئاسایی. بە لەکۆڵخۆکردنەوە و وەلانانی ڕیفۆرمخوازەکان، پراگماتیستەکان و تەنانەت بەشێک لە کۆنەپارێزان، خامنەیی دەتوانێ لە لایەنی توندڕەوتری "قازی دووهەمی" شۆڕشێ ئیسلامی دڵنیا بێ. سێهەمیان

پرسی جێگرەوە و تایبەتمەندیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی دوای خامنەییە. نوخبەیەکی یەکدەستتر و توندڕەوتر کە جڵەوی دیاریکردنی پلەکانی بەدەستەوە بێ، بە تایبەتی سەرۆککۆمار، زەمانەتی هێشتنەوەی ئێران لەسەر ڕێبازی شۆڕشگێڕیی تەنانەت دوای مردنی ڕێبەری گەورە مسۆگەر دەکا. بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە، خامنەیی پێویستیی بە کەسێکی شیاوە.

لەنێو بەربژێرەکانی پەسەندکراودا، سێ دانەیەن پێشووتر بەشداری هەڵبژاردن بوون و دۆڕاندوویانە. دوو کەس لەوانە، سەعید جەلیلی و موحسین ڕەزایی، پێوەندییان بە سوپای بەدناوی پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییەوە هەیە، و ئەوی دیکە ئیبراهیم ڕەئیسی، پێوەندیی بە چینی مەلایانەوە هەیە. ئەوانە دەگەڵ عەلیڕەزا زاکانی و ئەمیر حوسێن قازیزادە هاشمی، نوێنەرایەتیی زۆرینەیەکی ئەوپەڕی بنئاژۆخوازیی لەو هەڵبژاردنەدا دەکەن.

لە نێو ئەو پێنجانە، گریمانە دەکرێ ڕەئیسی، بەرپرسی بەشی دادوەریی ئێران کە پێشدا بەڕێوەبەری دامەزراوەی چەند میلیارد دۆلاریی پێوەندیدار بە خامنەییەوە بووە، لە پێش ئەوانی دیکەوە بێ. ڕەئیسی لە لایەن چەند سەرداری پێشووی سوپای پاسدارانەوە پشتگیری کرا کە هەوڵەکانیان بۆ خۆ بەربژێر کردن وەستاند، یان سنوورداریان کرد تا بەرەی توندڕەو بەهێزتر بکەن؛ یان چونکە دەیانزانی ئاماژەکان بەرەو کام ئاقاردا دەڕۆن. هەرچۆنێک بێ، پشتیوانیی کەسایەتییەکانی سوپای پاسداران لە ڕەئیسی دەرخەری دوو دیاردەیە: سوپای پاسدارن لە بەڕێوەبەریی وڵات بێ وەئەستۆ گرتنی بەرپرسیاری ڕازییە (نزیکەی سەرجەم سەرۆک کۆمارەکانی پێشوو مەلا بوون، نەوەک کەسێکی سەربازی)، و خاوەن ئەزموونەکانی سوپا و مەلای توندڕەو وەک چۆن دەتوانن لەگەڵ یەکتر کێبڕکێ بکەن، ئەوەندەش دەتوانن هاوکاریی بکەن.
جگە لە کەوتنە بەر ئابلۆقەی واشینگتۆن لە ١٣٩٨، بە هۆی دەستنیشان کران لە لایەن خامنەییەوە وەک بەڕێوەبەری بەشی دادوەری کە مناڵان ئیعدام دەکا، ڕەئیسی زۆرتر بەوە ناسراوە کە یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمیتە چوار کەسییە بووە کە لە ١٣٦٧ چاودێریی ئیعدامکرانی لانیکەم ٥٠٠٠ زیندانیی سیاسی کردووە. لێکۆڵەرەوان پێشتر ڕایان وا بووە کە ڕەئیسی لەوانەیە ڕێبەری گەورەی داهاتوو بێ، بەڵام کاتێک لە ١٣٩٦ بۆ یەکەم جار پێی نایە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە تا ببێتە سەرۆککۆمار بە حەسەن ڕوحانیی دۆڕاند کە دەورەی پێشووتریش سەرۆککۆمار بوو. هێشتا سەرەڕای نەبوونی کاریزما و پێگەی سیاسی پتەو لەنێو دەنگدەراندا، ڕەئیسی هەمدیسان کەوتۆتە نێو جەرگەی سەرنج لە لایەن مێدیای ئێرانی و نێونەتەوەیی، کە بە شێوەی پەرەئەستێن ئەو وەک براوەی کێبڕکێیەکە دەستنیشان دەکەن.

بۆ زانیاریی زیاتر، سێ بەربژێر بەشدارن کە لە ڕەئیسی توندڕەوترن، قازیزادە، زاکانی و جەلیلی. بۆ وێنە جەلیلی،

پێشووتر لە سەردەمی سەرۆککۆماریی مەحموود ئەحمەدینەژاد دانوستانکاری وتوێژی ناوکی بووە. بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، سەرۆک کۆماریی ئێران بە ڕێبەریی هەرکام لەو پیاوانە بە مانای ئەوەیە کە دیپلۆماسیی ناوکی دژوارتر دەبێ، بەڵام هێشتا ناومکین نییە چونکە ئەوە خامنەییە کە بڕیاردەری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە.

پەسەندکردنی سەرۆککۆمارێکی لەڕادەبەدەر کۆنەپارێز لە لایەن خامنەییەوە ئەو پەیامە دەگەیەنێ کە سەرەڕای ئابلۆقەکان، ئەو هەست پێ ناکا، یان لانیکەم نایهەوێ وا بنوێنێ، کە پێویستیی بە سووککردنی زەختی ئابووری بە هۆی ئاڵوگۆڕی سیاسییەوە هەیە، تەنانەت بە شێوەی ڕواڵەتیی و لە لایەن سەرۆککۆمارێک کە نەرمکێشتر بێ. لەبەر ئەو هۆیە، شێلگیریی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەدوای بەرجامدا و ویستی سووککردنی تەنانەت ئابلۆقەکانی ناپێوەندیدار بە پرسی ناوکییەوە، لەوانەیە بێ ئانقەست بە دەستەبەرکردنی ئەگەرێکی ئەوتۆ بەبێ تێچوو، ببێتە هۆی بەرتەسک بوونەوەی سیاسەتی ئێران.

لە کاتێکدا هێشتا ڕوون نییە ئاخۆ خامنەیی دوای هەڵبژاردن، گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ نێو بەرجام بخوازێ یان بە چڕ کردنەوەی هەوڵە ناوکییەکانی لایەنی بەرانبەر ناچار بکا زۆرتر پاشەکشە بکا، ئەوە شتێکە کە بە خێرایی خەریکە ئاشکرا دەبێ. خامنەیی بە شێوەیەک هەڵسوکەوت دەکا کە وێدەچێ چیدیکە پێویستی بە تواناییەکانی دەسەڵاتی نەرم، پێوەندی یان فرتوفێڵەکانی وەزیری کاروباری دەرەوە موحەممەد جەواد زەریف نییە تا ناکۆکییەکانی دەگەڵ ڕۆژئاوا چارەسەر بکا. وەک چۆن شرۆڤەکارێکی سیاسیی نێوخۆ ئاشکرای کردووە، توندڕەوکان تەنانەت دەتوانن لەگەڵ ئەمریکا ئاڵوێری سیاسی بکەن بەو مەرجە ئەوان شانازیی لابردنی ئابلۆقەکانیان بەنسیب بێ.

## خامنەیی گۆڕەپانەکە پاک دەکاتەوە

کاردانەوەیەکی دیکەی بەرتەسککردنەوەی پانتایی سیاسی لە لایەن خامنەییەوە ئەوەیە کە کێبڕکێی نێو ڕێژیم بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە، لایەنێکی هەستیار لە "دیکتاتۆرییەتی خاوەن کێبڕکێ" کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئێران لە ڕابردوودا دیتراوە. سەرەڕای ئەو هەموو لایەنانەی کە خوازیاری بەردەوامیی کۆماری ئیسلامیین و گوێڕایەڵی ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕانەی "ویلایەتی فەقێ" -ی ڕێژیمن، خامنەیی داوای زۆرتری کردووە. بە تایبەتی، خامنەیی وردە وردە جووڵانەوەی ڕیفۆرمی پەراوێز خستووە، لە کاتێکدا کە تاکی فرە توندڕەوی هێناونەتە نێو گۆڕەپانی سیاسی.

بۆ وێنە، لە ١٣٨٨، خامنەیی لقی ڕیفۆرمخوازی هەرە نزیک لە سەرۆککۆماری پێشووتر موحەممەد خاتەمیی لەنێو برد، کە

بە نۆرەی خۆی ڕیفۆرمخوازان، و هەروەها ئەو لایەنانەی دەیانەویست دەنگی ناڕەزایەتی بدەن بە "کەم خراپترین بژاردە" ناچار بوون پشتیوانی لە سەرۆک وەزیرانی پێشووتر میرحوسێن موسەوی و سەرۆکی پێشووتری پارلمان، مێهدی کەڕرووبی بکەن. هەڵبژاردنەکە لە کۆتاییدا بە قازانجی دەوری دووهەم بۆ کەسی فرە توندڕەو، مەحموود ئەحمەدینژاد، کۆتایی پێ هێنرا.

لە هەڵبژاردنەکانی ١٣٩٢، خامنەیی سەرجەم بەرەی ڕیفۆرمخوازی لەنێو برد و تەنانەت سەرۆککۆماری پێشوو، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، کە نوێنەرایەتیی پراگماتیستەکانی دەکرد، پەسەند نەکرا تا ببێتە بەربژێری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری. لە ئاکامدا، ڕیفۆرمخواز و پراگماتیستەکان ناچار کران هاوپەیمانییەک دروست بکەن و پشتیوانی لە حەسەن ڕوحانی، بیرۆکرات و دانوستانکاری ناوکیی خاوەن پێوەندی قووڵ دەگەڵ بەشی ئەمنیەتی ئێران، بکەن.

لە ساڵی ١٤٠٠، خامنەیی نە تەنیا جێگری یەکەمی سەرۆککۆماری هەنووکەیی، ئیسحاق جەهانگیری، وەلا نا بەڵکوو هەنگاوێکیش بەولاوە چوو و ئەندامی پێشووی پارلمان سەر بە لیستی کۆنەپارێز، عەلی موتەهەهەری و سەرۆکی کۆنەپارێزی پێشووی پارلمان عەلی لاریجانی، کە پێوەندی بە هەردوو سوپای پاسداران و تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێرانەوە هەبووە، لە بەربژێربوون بێبەش کرد.

لە ویژمانی جەماوەریی فارسیدا فرە چەشنیی سیاسیی ئێرانی شۆڕشگێڕ وەک شەمەندەفەرێکی لە حاڵی ڕۆیشتندا باس کراوە کە بە گوێرەی کات مسافیرەکانی لەکیس دەدا. بەڵام ئەوەی سێ دەیە ڕێبەرایەتیی خامنەیی سەلماندوویەتی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی شەمەندەفەرێکە کە لە چەند ئوتومبێلان پێکهاتووە کە هەر کامیان نوێنەرایەتیی بەشێکی جیاواز دەکا. لە کاتێکدا کە ئەو لایەنانە بە شۆڕش و ڕێبەری گەورە وەفادارن، لەگەڵ ئەوەشدا خامنەیی لە درێژایی سەفەر ئوتومبێلان هەڵدەبژێرێ و لە شەمەندەفەرەکەیان جیا دەکاتەوە. لەگەڵ جیاکردنەوەی ئوتومبێلان، شەمەندەفەرەکە خێراتر بەرەو ئامانج دەڕوا، بەڵام ئامانجێک کە کۆماری ئیسلامی ناکاتە دلۆڤانتر و نەرم و نیانتر، تەنانەت دوای مردنی خامنەییش.
لە دەیەی هەشتەمی ژیانیدا، خامنەیی بێگومان ناتوانێ ئەوە لەبەر چاو نەگرێ، بە تایبەتی ئەگەر نیگەرانی پاراستنی میراتەکەی بێ. بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە زۆربەی سەرۆککۆمارانی ئێران دوو دەورە خزمەت دەکەن، کاتێک سەرۆککۆماری ئەمجارە ماوەکەی کۆتایی دێ، خامنەیی تەمەنی ٩٠ ساڵە. لە کاتێکدا کە ڕوون نییە ئاخۆ تا ئەوکات زیندوو بێ تا ئەو ڕۆژە جەژن بگرێ، ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کە پرسی جێنشین هەر لەئێستاوە لە ئارادایە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئاخۆ ڕەئیسی جێنشینی خامنەییە یان نا، سەرۆککۆماری داهاتوو لەوانەیە دەرفەتی

کاریگەریدانان لەسەر ڕووداوەکانی دوای مردنی خامنەیی لە کورسیی دەسەڵاتەوە هەبێ. بۆیە خامنەیی پێداگرە کە بەربژێرەکان دەبێ لە قوماشی دروستی شۆڕشگێڕی! بن.

هەنووکە خامنەیی هیچ جێنشینێکی دیاریکراوی نییە. لە کاتێکدا مەجلیسی پسپۆڕان -کە هەموویان مەلان- بە گوێرەی یاسا ئەرکیان دیاریکردنی ڕێبەری داهاتوو دوای مردنی خامنەییە، پێش ئەو کارە لەوانەیە "ئەنجومەنێکی ڕێبەری" دامەزرێنن کە بەپێی برگەی ١١١ی یاسای بنەڕەتی، لە سەرۆککۆمار، سەرۆکی بەشی دادوەری و ئەندامێکی شوڕای نیگابان پێک دێ کە لە لایەن یەکەیەکی سیاسیی دیکە بە ناوی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرەژەوەندیی نیزام دەستنیشان دەکرێ.

لە سێناریۆیەکی ئەوتۆدا، خامنەیی پێویستی بە هەرچی وەفادارە تا ڕێبازی شۆڕشگێڕی، کە کەسی پێش خۆی، ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، داڕێژەری بووە و ئەو پاراستوویەتی، درێژەی هەبێ. ڕەئیسی یان توندڕەوێکی دیکە دەتوانێ ڕێک ئەو جۆرە کەسە بێ بۆ کارکردن لەگەڵی، لە جیات پشکدارەکانی دیکە وەک سوپای پاسداران و هەر هێزێکی دیکەی نێوخۆیی سەرکوت بکەن کە هەوڵی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بدەن.

## ئەگەر خامنەیی بیباتەوە خەڵکی ئێران دەدۆڕێ

سەرەڕای ئەو سێ دەرفەتەی بەر دەمی خامنەیی بەو سوورە سیاسییەوە، هێزێک هەیە کە ئەو بە هاندان بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردندا ورووژاندوونی: خەڵکی ئێران. دەگەڵ قەیرانە هەنووکەییەکانی سیاسی، تەندروستی گشتی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و قەیرانی دیکە لە ئێران، بەر تەسک بوونەوەی گۆڕەپانی سیاسی و بەشداریی زیاتری لایەنی فرە توندڕەو وەک هێزێکی ئاسایی، وێدەچێ ببێتە هۆی یەکێک لە کەم بەشدارترین هەڵبژاردنەکان لە مێژووی کۆماری ئیسلامییدا.

ئەوە گاڵتەجارییە، لە کاتێکدا کە خامنەیی کەڵکی لە بەشداریی ڕێژەیەکی زۆر لە دەنگدەران وەک قەڵغانێک دژی زەختی دەرەکیی وەرگرتووە، وای نواندووە کە ئەوە دەرخەری ڕەوایی کۆماری ئیسلامییە؛ بەڵام دەزانێ ئەو ڕەواییەی نییە. بە تایبەتی، خامنەیی دەنگدانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کێ بەربژێرە، "وەک دەنگدان بە کۆماری ئیسلامی" وەسف کردووە، و لە شوێنێکی دیکە دەنگدانی، بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی پارلمان وەک "ئەرکێکی ئایینی" نرخاندووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵبژاردنی پارلمانی لە فێورییەی ڕابردوودا، کە کەمترین ڕێژەی بەشداریی تێدا تۆمار کرا، لەوانەیە

فووی چێشتێ بێ. ئەو هەڵبژاردنانەی پاش نارەزایەتییە سەرانسەرییەکان لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەڕێوە چوون، پێشبینیی شۆڕشێک دژی سیستەم، نەوەک چاکسازیی لەنێو سیستەمی سیاسی ئێران، دەکەن. بەو داوا، ویست و پێداویستییانەی کە هێشتا بێ وەڵام ماونەوە، ئێرانییەکان ئاشکراتر باسی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان دەکەن.

بۆیە ئەندازیاریی ئەو جارەی هەڵبژاردن لە لایەن خامنەییەوە، کەمتر لە بارەی ئەوەدایە کە وا بنوێنێ خەڵک پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامیی دەکا تا دووبارە دارشتنەوەی نوخبەی سیاسی و ئامادە کاریی بۆ داهاتوو. بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە، وێدەچێ ئامانجی خامنەیی کەڵکوەرگرتن لەو سوورە بۆ جیاکردنەوەی ئۆتۆمبێلێکی دیکە لە شەمەندەفەری سیاسی کۆماری ئیسلامیی بێ، بەڵام بەو کارە، ئەو خۆی لە ئەگەری بەلاڕێچووندا دڵنیا دەکاتەوە. هەرچۆنێک بێ، تا ئەو کاتەی بەربژێری پەسەندکراو لە لایەن خامنەییەوە بیباتەوە، ئەوە خەڵکی ئێرانە کە دەدۆڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠٢١

## ئەوەی گرفتە ئێرانە، نەوەک ڕێککەوتنی ئەتۆمی

**ئاتلانتیک - جەیمز جێفری و دێنیس ڕاس**

هەڵبژێرانی ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرکۆمار جێگای سەرسووڕمان نەبوو. هەموو ئەوانی کە لەوانەبوو بۆ هەڵبژێرانی ئەو هەڕەشە بن وەلا نرابوون. ئەو هەڵبژێراوی سەرۆکی گەورە، عەلی خامنەیی بوو و ئەوە شتێکی سەیر نییە: کەم کەس دەتوانێ باشتر لە ناوبراو ڕوخساری ئایدیۆلۆژی کۆماری ئیسلامیی بێ. ئەو ئێران بەرەوڕووی دنیای دەرەوە ناکاتەوە و بێگومان بە هیچ شێوەیەک بە تەمای ئاسانکاریی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان نییە. لە پێوەندیی لەگەڵ ڕەفتاری ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەو بە ئاشکرا گوتوویەتی "بۆ وتووێژ نابێ".

کێشەی ئیسرائیل - حەماس لە مانگی ڕابردوو، ئەوەی بیر خستینەوە کە هەموو شتێک لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پێوەندیی بەیەکەوە هەیە و کاتێک ئێمە لە سەر مووشەکەکانی حەماس، کارەساتی هەنووکەیی لە یەمەن یان ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران بدوێین، دەوری ناسەقامگیرکەری تاران هۆکارێکی هاوبەشە.

ئێمە تێدەگەین بۆچی سەرکۆمار بایدن هەوڵ دەدا بگەڕێتەوە نێو بەرجام. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بگەڕێنێتەوە دواوە و پاشان کەڵک لە کاتی بەردەست، پێش کۆتایی کاتی دیاریکراو وەرگرێ تا، یان بگاتە ڕێککەوتنێکی دوورودرێژتر و بەهێزتر کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەتەمایە، یان هێزی چاوترسێنکردنی خۆمان بەهێزتر بکەین بە شێوەیەک کە تاران تێ بگا کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێش بە ئێران دەگرێ بۆوەی نەبێتە وڵاتێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی.

بەڵام ئەگەرچی ئێمە لە بایەخی سنووردار کردنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران تێدەگەین، بەڵام ئەوە بەس نییە. پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەرپەرچی هەوڵەکانی ئێران بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی کێشەکان لە ناوچە بداتەوە: بەڵام سووککردنی ئابلۆقەکان کە ئاکامی گەڕانەوە بۆ بەرجامە، سامانەکانی گێرەشێوێنیی تاران زیاد دەکەن. کەمپەینی "ئەوپەڕی زەخت"ی دۆناڵد ترامپ سامانەکانی ئێرانی کە دەگەیشتنە دەست تاقمە میلیشیاکان وەک حیزبوڵڵای لوبنان،

میلیشیا شیعەکانی عێراق و ڕێکخراوە فەلەستینییەکانی وەک حەماس و جیهادی ئیسلامیی، سنوردار کرد، بەڵام هەرگیز هەوڵەکانی ئێرانی بۆ ڕاهێنان، پڕچەککردن و یارمەتیی دیکەی کەرەسەیی و تەکنیکی نەوەستاند.

پاش کێشەی ئەو دواییانە دەگەڵ ئیسرائیل، ڕێبەرانی حەماس گەلێک سپاسی تارانیان کرد بۆ ئەو شتانەی پێی دابوون و ئێمە لە فایلە دەنگییە دزەپێکراوەکەوە دەزانین کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف لە سوپای قودس تووڕە بوو کە بەردەوام ئەو ئامانجانەی بێ ئاکام دەکردن کە ناوبراو بە تەما بوو بە هۆی دیپلۆماسییەوە دەستەبەریان بکا. جگە لەوە، خامنەیی دەیهەوێ نیشانی بدا کە گەڕانەوە بۆ بەرجام بەو مانایە نییە کە ئەو دەست لە ئایدیۆلۆژی بەرخۆدان هەڵدەگرێ، کەوابوو ئێمە دەبێ چاوەڕوانی پەرەئەستاندنی ئێران لە یەمەن، عێراق، سووریە و لوبنان و هەروەها هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ بین.

ئەو ترسە لە بەرنامەی ناوچەیی ئێران بەشێکی زۆر لە دژایەتی بەرانبەر بە بەرجام شی دەکاتەوە، هەم ئەو کاتی کە واژۆ کرا و هەروەها بە درێژایی ئەو ساڵانە تا ئەوڕۆ. ژمارەیەکی زۆر لە کۆنگرەی وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها ڕێبەرانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئەوکاتی نیگەران بوون، هەر وەک چۆن ئێستا نیگەرانن، کە بەڕێوەبەرایەتی و هاوبەشانی ئەورووپایی بە هەڵە لە پرسی ئێران وەک پرسێکی "داخراو" دەڕوانن، چونکە ئەوان بە شێوەیەکی بەرتەسک دەڕوانە هەڕەشەی ئێران و تەنیا لە پرسی ئەتۆمیدا کورتی دەکەنەوە. بەڵام ڕخنەگرانی ناوچە، ڕابردوو وەک فووی چێشتێ سەیر دەکەن: هەر وەک چۆن ئێران دوای ڕێککەوتنی بەرجام گەلێک چالاکتر و شەڕانشۆتر بوو، ئێستاش کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران بگەڕێنەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرجام، چاوەڕوانی ئاکارە مەترسیدارەکانین. دروست یان نا، بەشێکی بەرچاو لە ناوچە دڵنیان کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لەبەر نیگەرانیی لە مەترسیکەوتنی جێبەجێ کرانی ڕێککەوتنەکە، شەڕانشۆیی ئێرانی پاشگوێ خست.

ڕوانگەی ناوچەیی لەبارەی ئێران ئاکامی ئەزموونی ئەو ڕێبەرانە دەگەڵ کۆماری ئیسلامییە. بۆ ئەوان، پرسی سەرەکی لە ئێران، وەک هێنری کیسینجێر گوتەنی، ئەوەی کە ئاخۆ وڵاتێکە یان پرسێک. بەڵگە بۆ ئەوەی دواتر بەهێزە و ڕەگی قووڵی داکوتاوە: ئێرانی شۆڕشگێڕ کەڵک لە وێژمانی ئیسلامیی شیعە و دژی کۆلۆنیالی بۆ ڕەوابیدان بە بەرنامە دەستدرێژیکارانە و ناسیۆنالیستییەکەی وەردەگرێ. دەسبەجێ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، ئێعدامکردنی هەزاران بەرهەڵستکاری ڕاستەقینە و خەیاڵیی ڕێژیم دەستی پێ کرد و پشتیوانی لە تاقمە تێرۆریستییەکان لە سەرانسەری ناوچە، هەڕەشەی نەگۆڕ لە بوونی ئیسرائیل، دژە هێرشی مەترسیدار بۆ نێو عێراق لە هەشتاکانی زایینی، هێرشی ١٩٨٣ بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان لە

لوبنان و شەڕی نەوتهەڵگران دەگەڵ ئەمریکا، هەموو ئەوانە سروشت و هەڕەشەی ئێرانیان ئاشکرا کرد.

کاتێک، لە ٢٠٠٥، بەرنامەی گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمیی ئێران ئاشکرا بوو، لە پێشدا وەک کەرەسەیەکی ئەگەرچی مەترسیداری ئێران لە سیاسەت بۆ دەسەڵات سەیر کرا. لەبەر ئەو هۆیە، بەڕێوەبەرایەتیی بوش و ئۆباما ڕایانگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پێشگرتن بە ئێران بۆ گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمی، کەڵک لە هێز وەردەگرن، هەڕەشەیەک کە بەرەوڕووی ئەفریقای باشوور، لیبی، هیندوستان یان پاکستان نەکرا کە هەرکام لەوانە لە کاتی جیاجیادا چەکی ئەتۆمییان بەرهەم هێنابوو. لە ڕوانگەی خۆرئاواوە ئەوە پرسێکی مەترسیدار بوو، ئێران وەک پەلاماردەرێکی خۆڕسک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرا.

بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بەحەق نیگەرانی ئەوە بوو کە ئەگەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران نەکرێ بە شێوەی دیپلۆماتیک پێشی پێ بگیرێ، ببێتە هۆی کێشەیەکی بەربلاوتر، یان بە دەستپێشخەریی ئیسرائیل، کاتێک هەست بە هەڕەشە لە بوونی خۆی بکا، یان وڵاتە یەکگرتووەکان، کە دەزانێ کێبڕکێی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست چ مەترسییەکی مەزنە، کردەوەیەک لە خۆیان نیشان بدەن. پەنا بردن بۆ دیپلۆماسی وەک ئامرازی گۆڕینی ئاکاری ئێران نە تەنیا بە هۆی لۆژیکی بەڵکوو بە زۆر هۆ ڕێبازێکی پێویستە کە دەبێ ڕەچاو بکرێ. بێگومان، ئەوە بەو مانایە دەبوو کە ئێران ئیتر پرسێک نییە بەڵکو وڵاتێکە، کە خولیا ئەتۆمییەکانی، و ڕەنگبێ بەولاوەتر، هەڕەشە ناوچەییەکەی، دەکرێ بە دیپلۆماسی کۆنباوی گێزەر و قامچی، دەستەمۆ بکرێن.

هێندێک کەس لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لایان وابوو بەرجام دەتوانێ سیگناڵی سیاسیی "گۆڕینی ڕێژیم" بێ. چاوەڕوانی دەکرا بە دیتنی ڕێز و متمانەی خۆرئاوا، ئێران باوەشی بۆ دنیای بە جیهانیبووی دەسکردی ئەمریکا بکاتەوە. ئەگەر گرەوەکە ئەوە بوو، ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو. لە ٢٠١٣، کاتێک وتووێژی جیددی لە گەڵ دەوڵەتی ئێران دەستی پێ کرد، تا ٢٠١٨، کاتێک ترامپ ڕێککەوتنەکەی جێ هێشت، ئێران ئاکاری میانڕەوانەی ڕەچاو نەکرد. لە جیاتیان، دەستدرێژییە ناوچەییەکانی پەرە پێدا، کەڵکی لە ناسەقامگیریی دوای بەهاری عەرەبی و هەروەها سەرهەڵدانی داعش، بۆ پەرە پێدانی دەسەڵاتی خۆی وەرگرت. بۆ زۆر لایەنی ناوچە، وانەکە ئاشکرا بوو: ئێران بۆ متمانەپێکردن نابێ، چونکە بەرنامەی ئەو وڵاتە زاڵبوون بەسەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە.

بە بێ لەبەر چاو گرتنی ڕوانگەی ئیسرائیلییەکان، سعودییەکان، ئیماراتییەکان و ئەوانی دیکە لە بارەی بەڕێوەبەرایەتیی

ئۆباما، هەڵوێستی بایدن بەرانبەر بە ئێران بە ئاشکرا لە هی ئۆباما جیایە. بۆ وێنە بڕوانە ئەو نیشانانە کە تیمی بایدن بەرانبەر هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئێران دەستەوەستان نابن: هێرش بۆ سەر ئەمبەر ئەوبەری سنووری عێراق - سووریە، لە جوابی هێرشی مووشەکیی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران دژی بنکەیەکی عێراقیی کە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لێی جێگیر بوون؛ پێشگرتن بەو بەلەمانە کە چەکوچۆڵی ئێرانی دەبەن بۆ یەمەن؛ سەرەڕای زەخت، پشتیوانیی لێبڕاوانە لە مافی ئیسرائیل بۆ داکۆکی لە خۆی لە بەرانبەر مووشەکەکانی حەماس. لە هەمان کاتدا، کاربەدەستانی ئەمریکایی لە وتوویژی نائاشکرا بەڵێنی بە هاوپەیمانانی ناوچە دەدەن کە ئیزن نادەن پرسی ئەتۆمی ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەوشتانەدا بێنێ کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکا لە ئێرانیان قەبووڵ دەکا.

ئالنگارییەکە ئەوە دەبێ کە درێژە بەو هەنگاوە سەرەتاییانە بدرێ و، کاتێک هەردوو لایەن گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرجام، کە ئێمە هەردووکمان لەسەر ئەو بڕوایەین ئەوساڵ دەقەومێ، نیشان بدرێ کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەگەڵ هاوپەیمانانمان کار دەکا و کاتێک ئێران ڕاستەوخۆ یان بە یارمەتیی بەکرێگیراوانییەوە هەوڵی پەرە پێدانی دەسەڵات و هەڕەشە لە لایەنەکانی دیکە بکا، دژی بوەستێتەوە. گاڵتەجارییەکە ئەوەیە، بۆ ئەوەی دیپلۆماسی کاریگەر بێ، چ لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئەتۆمی بێ یان پرسە ناوچەییەکانی دیکە، تاران دەبێ بزانێ ئەو هەڵوێستە هێزی لە پشتە. ئەگەر زەخت نەبوایە، بەرجام نەدەهاتە ئاراوە و ئەگەر بمانهەوێ پێش بە ئاکارە خراپەکانی ئێران بگرین، دەبێ بتوانین بە ڕێبەرانیان بسەلمێنین کە ئەوان دەبێ تێچووەکەی بدەن.

ئێستا کە ئیسرائیل دەگەڵ باقی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بەشێکە لە ناوچەی ژێر بەرپرسیاریی فەرماندەیی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەبوو هاوبەشە عەرەبەکانمان لێک کۆ بکاتەوە تا بژارەی دیاریکراو دەسنیشان بکەن و پلانی ئامادەیان بۆ هەڵسوکەتکردن دەگەڵ هەڕەشەکانی میلیشیا شیعەکان هەبێ. بەڕێوەبەرایەتیی بایدێن دەبێ بە هەمان شێوە دەوڵەتانی کەنداو هان بدا تا باشتر پشتیوانی لە دەوڵەتی عێراق بکەن؛ کەڵک لە سامانە هاوبەشەکانمان وەرگرین تا زەختی زۆرتر بخەینە سەر هەناردەکردنی چەکوچۆڵ لە لایەن ئێرانەوە بۆ بەکرێگیراوانی و پشتیوانی لە بەردەوامیی هێرشەکانی ئیسرائیل دژی هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ژێرخانی سەربازیی و گەشەپێدانی توانایی مووشەکی ڕێنوێنیکراو بۆ میلیشیاکانی سووریەیی و حیزبوڵڵا بکەین.

لە ماوەی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ، واشینگتۆن کەڵکی لە ڕێکاری جیاواز، لە وڵاتانی جیا جیا لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەردەگرت، بەڵام بە گشتی زەختی سەربازیی، ئابووری و سیاسی دەخستە سەر ئەو وڵاتە تا پێش بە

بەشی: دووهەم

بەروپێشچوونی ئێران بگرێ. ئاکارەکانی لە لایەن هاوپەیمانانی ناوچەیی پشتگیریی دەکرا کە لە کۆتاییدا بووە هۆی پەیمانی ئیبراهیم. پەرە پێدانی ئەو ڕێککەوتنانە نە تەنیا لە ڕوانگەی بوونەوەی عەرەب لە ئیسرائیل بۆ هاندانی ئەو وڵاتە تا بۆ ئاشتی دەگەڵ فەلەستینییان هەنگاو بنێ شتێکی عەقڵانییە، بەڵکوو لە ڕوانگەی بەهێزتر کردنی هاوپەیمانییەک کە بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئێران پۆشتە کراوە.

بۆ سەرکەوتن، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێویستی بە کارکردن دەگەڵ هاوبەشە عەرەب، ئیسرائیلی و تورکەکان لە پێوەندی دەگەڵ پرسە ناوچەییەکانی ئێران و پاراستنی زەخت بۆ سەر تاران و ئەو دەوڵەتانە هەیە کە وەسوەسەی ملکەچ بوون بۆ ئێرانیان هەیە. هەڵوێستێکی ئەوتۆ دیپلۆماسی وەلا نانێ؛ بە پێچەوانە، برەوی پێ دەدا. بە ڕاستی، ئەگەر بە شێوەی دروست جێبەجێ بکرێ، لەوانەیە ئێمە ببینە هۆی ویستی ئێران بۆ وتووێژ.

لە کۆتاییدا، ئەگەر وتووێژە ناوچەییەکان دەگەڵ تاران شانسی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچە و لاواز کردنی پۆتانسیەلی کێشە و شێواندنیان هەبێ، دەبێ ببنە هۆی وەها پاشەکشە پێکردنێک لە ناوچە کە بیانوویەک بدەنە ئێران تا بە ڕەفتاری خۆیدا بچێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠٢١

## ئێران ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکا

**دیفینس وان - کەریم سەججادپور**

زۆرجار خاڵی وەرسووڕانی بەختی ڕێژیمە لێڵ و سەرەڕۆکان دیاری کراوە، بەڵام هەرگیز ناکرێ پێشبینی بکرێ. "هەڵبژاردن"ی ساختەی ئیبراهیم ڕەئیسی، مەلایەکی ناکاریزماتیکی توندڕەوی تەمەن٦٠ ساڵە، وەک سەرکۆماری داهاتوو ئەگەری بوون بە ساتەوەختێکی ئەوتۆی هەیە، ئەگەرچی گرینگیی ئەو ڕووداوە لە داهاتوودا ئاشکرا دەبێ. ئاخۆ دەسنیشانکردنی ڕەئیسی وەک مێژووناسێک باسی کرد، زێدەڕۆیی ئاشکرای سیستەمێکی دیکتاتۆر دێنێتەوە یاد کە پاشماوەی ڕەوایی کۆماری ئیسلامی لەنێو برد و بووە هۆی تێکڕمانی؟ یان تەنیا دەبێتە قۆناخێکی نوێ لە تەمەنی حکوومەتی مەلایانە کە دژی پێشبینییەکانی چاکسازی و هەرەسهێنان وێستاوە و ڕێگا بەرەو بوون بە جێگرەوەی پارێزەرەکەی، ئایەتوڵڵا خامنەیی ٨٢ ساڵە، وەک ڕێبەری داهاتووی ئێران دەبڕێ؟

هەڵبژێرانی ڕەئیسی، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، لە ڕوانگەی وتووێژە ئەتۆمییەکانی دەگەڵ ئێران، هەستی تەنگەتاوبوونی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ کۆتاییهێنان بە مامەڵەکە پێش دەسبەکاربوونی بەڕێوەبەرایەتییەکی توندئاژۆتر لە ئێران پێش ٨ی مانگی ئووت بەرچاوتر دەکا. ئەگەرچی دەسەڵاتی ئێران لە دەستی سەرۆکی گەورە و سوپای پاسداراندا دەمێنێتەوە، سەرکۆماریی ڕەئیسی گەیشتن بە ئامانجی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ دانوستان، واتە مامەڵەیەکی "درێژ مەوداتر و بەهێزتر" دەگەڵ تاران ئاڵۆزتر دەکا.

بەڵام، بۆ زۆر کەس لە حەشیمەتی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، هەڵبژێرانی ڕەئیسی لە بەر هۆی جیا لە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران گرینگە. دوای ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠١١، زانایان و داڕێژەرانی سیاسەت لەبارەی ئەوە کە ڕێگای ئاشتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ئورشەلیم یان لە بەغداوە تێدەپەڕێ مشتومڕیان بوو. ئەمڕۆ بۆ زۆر لە لیبراڵەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئاشکرایە کە سیاسەتی تاران لە سیاسەتی بەیرووت، دیمەشق، بەغدا، سەنعا و بەولاوەتر لێک جیا ناکرێنەوە. ئەگەرچی دژوارییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گەلێک باوکی هەن، تا ئەوکاتە ئێران، یەکێک لە مەزنترین و دەوڵەمەندترین وڵاتەکانی ناوچە، لەژێر ڕێبەرایەتیی حکوومەتی مەلایان دایە کە چالاکانە بەشێکی بەرچاوی داهاتی

وزەی خۆی بۆ پشتگیری و ڕاهێنانی میلیشیای چەکدار کە ملکەچی ئایدیۆلۆژییە بەرچاوتەنگ و شۆڕشگێرانەکەیەتی تەرخان دەکا، ناوچەیەکی سەقامگیرتر، دڵفراوانتر و خۆشبژیوتر وەک خەونێکی دوورەدەست دەمێنێتەوە.
کەسایەتیی خەمۆک و ڕابردووی تاوانکارانەی ڕەئیسی، بیرهێنەرەوەی ئەو بۆچوونەی هانا ئارێنت لەبارەی سروشتی هیچ و پوچی بەدخوازییە. ئەو لە ٢٠١٧ بەولاوە بۆتە کەسێکی ناسیاو لە ئێران، کاتێک کە لە بەرانبەر ڕوحانی لە هەڵبژاردنی سەرکۆمارییدا خۆی بەربژێر کرد و یەک لەسەر سێی دەنگەکانی ڕوحانیی هێناوە و شکستی خوارد. ئەگەرچی مێدیای دەوڵەتی بەبێ بەڵگە پلەی ناوبراویان بۆ ئایەتوڵڵا بەرز کردۆتەوە، گرینگترین لێهاتوویەکەی ناوبراو ئەوەیە کە موریدێکی جێگای متمانەی خامنەییە، کە ئەوی وەک سەرۆکی مەزنترین دامەزراوەی ئایینیی ئێران و پاشان سەرۆکی دادوەری دیاری کرد.

بۆ گەلێک لە ئێرانییەکان، ڕەئیسی زۆرتر لەبەر ئاکارەکانی وەک یەکێک لەو چوار دادوەرانە ناسراوە کە سەرپەرستیی پرۆسەی ئەشکەنجە و ئێعدامی بەکۆمەڵی نزیکەی ٥٠٠٠ ئەندامی بەندکراوی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی، -لە ناویاندا ژن و منداڵ- لە هاوینی ١٩٨٨یان دەکرد. وەک ئەندامی تاقمێکی تاوانکار کە پلەکانی پێشکەوتن بە نیشاندانی توندوتیژیی بێبەزەییانە وەدەست دەهێنێ، ڕەئیسی، دادوەرێکی ئێعدامکار لە تەمەنی ٢٨ ساڵییەوە، بناغەی ئیعتیباری شۆڕشگێڕییەکەی پتەو کردووە.

ڕەئیسی دەڵێ کە ئەو تەنیا مەئموور بووە و فەرمانی جێبەجێ کردوون و وێدەچێ بۆ کارەساتە جەرگبڕەکانی نە پەژیوانە و نە لەبیری ماون. دایک و باوکێکی بەساڵداچوو کە چەند ساڵ لەوەپێش وتوویژم لەگەڵ کردن بە چاوی گریانەوە بۆیان گێڕامەوە کە چۆن ناچار کرابوون پارەی گوللەکانی کە کچەکەیان -خوێندکارێکی ٢١ ساڵەی پزیشکی- پێ کوشتبوون بدەن تا تەرمەکەی بۆ ناشتنێکی شیاو وەرگرنەوە. (ئەو شێوە "تێچووی گوللە"یە لەو ساڵانەی دواییدا گەیشتۆتە ٣٠٠٠ دۆلار.)
بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لە کاتی نیشاندانی ڕێوڕەسمی بەتوندی کۆنترۆڵکراوی هەڵبژاردنەکانی ئێران بە مێدیای جیهانی، چەند ڕۆژنامەوانی بیانی کە سەردانی تارانیان کردبوو ئەو جار باسی تێکەڵاوێک لە بێهەستی و توڕەییان کرد. ڕەنگبێ ڕاستەقینەترین دەربڕینی تووڕەیی جەماوەریی ئێرانییەکان، کە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە ئێران ژیاون ئاشنایە، بێ ئانقەست لە لایەن ڕادیۆی نەتەوەیی هەمووانی (NPR) بڵاو بۆوە، کە هەواڵنێرەکەی لە پارکێکی تاران پرسیاری لە پیاوێکی بەساڵداچوو کرد کە ئاخۆ لایەنگری کام بەربژێرە. وەرگێڕی (NPR) جوابەکەی کەمێک نەرم کردەوە و ئیدیعای کرد کە گوتویەتی مەلاکان "بچنە جەهەننەم." ئەوانەی فارسی دەزانن گوێیان لە شتێکی گەلێک بێ ئەدەبانەتر بوو: "ئەو مەلایانە دەگێم. ئەوان ٤٠ ساڵە درۆیانمان لەگەڵ دەکەن! من دەنگ بە کیری خۆم دەدەم".

سەرەڕای هەراوهوریای میدیا لەبارەی هەڵبژاردنی ئێران، ڕەئیسی، وەک سەرجەم سەرکۆمارەکانی ئێران، دەورێکی گەلێک کەمی لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا دەبێ. بە ڕێبەریی خامنەیی، شوناسی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە دژایەتی ئەمریکا و ئیسرائیل دا کورت دەکرێتەوە و تاران درێژە بە دابینکردنی چەکوچۆڵ و دارایی بۆ بەکرێگیراوان و هاوپەیمانەکانی لە وڵاتە شکستخواردووەکان، لە نێویاندا سووریە، لوبنان، یەمەن، عێراق و ڤێنێزوێلا، دەدا کە بە ڕواڵەت تەوەری بەرخۆدان پێکدێنن.

گەورەترین سوودوەرگران لە هەڵبژێرانی ڕەئیسی، دژبەرە دەرەکییەکانی ڕێژیمی ئێران و ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێرانن، بەرچاوترینیان پارتی کۆماری و دەوڵەتی ئیسرائیل. دەلیلەکان ئاشکران. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیسرائیل، یایر لاپید، لە تویتێکدا نووسی: "سەرکۆماری نوێی ئێران، کە بە قەسابی تاران ناسراوە، توندئاژۆیەکە کە بەرپرسیاری کوژرانی هەزاران ئێرانییە. ئەو بە خولیا ئەتۆمییەکانی ڕێژیم و کەمپەینی تێرۆرە جیهانییەکەی وەفادارە".

لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژێرانی ڕەئیسی وێناچێ توانایی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ٢٠١٥، کە دۆناڵد ترامپ لە ٢٠١٨ جێی هێشت، بخاتە مەترسییەوە. چونکە خراپیی دۆخی ئابووری ئێران بێ هەڵگیرانی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چارەسەر نابێ. ڕێی تێدەچێ، ئەگەرچی مسۆگەر نییە، کە تاران پێش دەسبەکار بوونی ڕەئیسی لە ٨ی ئووت ڕێککەوتنەکە زیندوو بکاتەوە. ئەوە ڕێگا بە ڕێژیم دەدا تا کەمایەسییەکانی ڕێککەوتنەکە بخاتە ئەستۆی سەرکۆماری دەستلەکارکێشەرەوە، ڕوحانی، لە کاتێکدا کە ئیزن بە ڕەئیسی دەدا تا قازانجە ئابوورییەکانی هەڵگیرانی ئابلۆقەکان وەدەست بێنێ.

بەڵام، جگە لە گەڕانەوەی ڕێککەوتنی ٢٠١٥، هەڵبژێرانی ڕەئیسی دەرخەری خۆڕاگریی ئێران بەرانبەر بە حەزی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ ڕێککەوتنێکی دیکە لەمەڕ بەرنامەی مووشەکی و خولیا ناوچەییەکانی تارانە. ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرهێشە بۆ بایدن: ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بیهەوێ ئابلۆقەی نوێ بەسەر ئێراندا بسەپێنێ، تاران دەتوانێ بە دەستپێکردنەوەی چالاکییە ئەتۆمییەکان و هێرشی بەکرێگیراوانی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەڵام بداتەوە، چونکە دەزانێ کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەتەمای کەمکردنەوەی حزووری ناوچەیی ئەمریکایە.

باوەڕبەخۆبوونی زێدەڕۆیانە، پاژنەی ئاشیلی سەرجەم دیکتاتۆرانە؛ ئەو ویستە پۆڵایینەی کە سەردەمێک سووتەمەنی ڕێژیمە

سەرەڕۆکان بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتیان بوو، بێ ئەملا و ئەولا دەبێتە هۆی چاوبرسیەتی و خۆ بە خاوەن ماف زانین. ئەگەرچی ویستی خامنەیی بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا بەهێز دەمێنێتەوە، ئەو تووشی تێکەڵاوێک لە نادڵنیا بوون و دڵنیایی لەڕادەبەدەر بووە: ئەو هێندە وریا بوو تا بزانێ کە جێگرەوەکەی شانسی بردنەوەی هەڵبژاردنێکی خاوەن کێبڕکێی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هێندە بڕوابەخۆ بوو تا پێی وابێ لەژێر بەرپرسیاریی سەرکەوتنێکی دەسکرد دەر دەچێ.

ساخڵەمیی خامنەیی .ئەو ٨٢ ساڵی تەمەنە و زۆر کەس دەزانێ شێرپەنجەی پرۆستاتی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هێندێک لەو پیاوە لاوترانە کە گریمانە دەکرا جێنشینی بن زۆرتر ژیاوە. ئەگەرچی لەوانەیە خامنەیی بیهەوێ ڕەئیسی جێگرەوەی بێ، دەستاودەستی دەسەڵات لە وڵاتانی دیکتاتۆردا لەخۆیدا شتێکی پێشبینی نەکراوە. نزمیی ئاستی خۆشەویستیی ڕەئیسی، کە لە کەمترین ڕێژەی بەشدارانی دەنگدانڕا دیارە، وێدەچێ کاتێک دەسبەکاربێ و وەک بەرپرسی ئابوورییەکی هەرەسهێناو بناسرێ کە ناتوانێ چارەسەری بکا و سەرکوتی کۆمەڵگەش چڕتر دەکا، لەوەش نزمتر بێ.

یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی مانەوەی خامنەیی، کە لە ١٩٨٩ بەولاوە دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە، توانایی ناوبراو لە کەڵکوەرگرتن لە بنیاتە هەڵنەبژێردراوەکانی ئێران بۆ گەشەپێدانی دەسەڵاتی خۆی و هاوکات کەڵکوەرگرتن لە دامەزراوە "هەڵبژێردراوەکانی" ئێران بۆ دەرباز بوون لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی بووە. ئەو دەتوانێ سەرکوتی سیاسی و قەڵاچۆکردن بە سوپای پاسداران بسپێرێ لە کاتێکدا کە سەرکۆماری ئێران وەک بەرپرسی شکستی ئابووری ئێران دەناسێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەندازیاریی هەڵبژێرانی قوتابیی خۆی، ڕەئیسی، کاری خامنەیی بۆ خستنە ئەستۆی شکستەکانی خۆی بۆ سەرکۆمار دژوار دەکا.

مەتەڵۆکێکی دیکە ئەوەیە کە ئاخۆ سوپای پاسداران، کە دەمێکە وەک بەهێزترین دامەزراوەی ئێران وە پێش مەلایان کەوتووە، درێژە بە ملکەچ بوون لە بەرانبەر مەلای بەساڵداچوو وەک فەرماندەرانی خۆی دەدا، یان هەوڵ دەدا بەئاشکرا کۆنترۆڵ بگرێتە دەست؟ بە لەبەرچاوگرتنی سیستەمی دەسەڵاتداریی لاوتر و کەمتر ئایینی، نموونەیەکی ئێرانیی ڤلادیمیر پوتین، کاربەدەستێکی سەربازیی یان هەواڵگریی کە ناسیۆنالیزمی فارسی بکاتە جێگرەوەی ناسیۆنالیزمی شیعی، زۆرتر وێدەچێ دەسەڵاتی جیلەکانی داهاتووی ئێران بەدەستەوە بگرێ تا پیرە مەلایەک. جۆرج ئۆروێڵ لە ڕۆمانی ١٩٨٤دا نووسیویەتی، "کاکڵەی دەسەڵاتی ئۆلیگارشی، خۆڕاگریی لە بەرانبەر ڕوانگەیەکی تایبەتی لەمەڕ دنیا و شێوەیەکی تایبەتی ژیانە کە مردووان بەسەر زیندوواندا سەپاندوویانە. تاقمێکی دەسەڵاتدار تا ئەو کاتە دەسەڵاتدارە کە بتوانێ جێگرەوکانی خۆی دەنیشان بکا." ئێرانییەکانی هەنووکەیی لەنێو ئەزموونی تێئۆکراتیکی ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، باوکی شۆڕشی

بەشی: دووهەم

١٩٧٩،دا دەژین کە پێی وابوو ئیسلام دەرمانی هەموو دەردانە و ئابووری "هی گوێدرێژانە." هەر وەک چۆن خامنەیی هەڵبژێردرا تا پارێزەری خەیاڵی خومەینی بێ، ئەویش ڕەئیسی وەک موریدێکی متمانەپێکراو دەبینێ کە عەبای خومەینی دەپۆشێ.

هەر دە ساڵ جارێک، جیلێکی نوێی بێهیوای ئێرانی دەگەنە ئەو ئاکامە کە کۆماری ئیسلامی ناکرێ بە سندووقی دەنگدان چاکسازی تێدا بکرێ. لەجیاتی بمێننەوە و ژیانی خۆیان وەک بەرهەڵستکار بخەنە مەترسییەوە، ئەوانەی دەسترۆیشتوویان هەیە وڵات جێدەهێڵن. وەزیری پێشووی زانست و تەکنەلۆژی جارێک بەراوردی کرد کە ڕاکردنی مێشکەکان ساڵانە زەرەری ١٥٠ میلیارد دۆلاری لە وڵات دەدا کە زیاتر لە داهاتی نەوتە. هەڵبژێرانی ڕەئیسی بیرهێنەرەوەی ئەوەیە کە خولیای ئێرانییان بۆ ژیانێکی باشتر لەگەڵ ڕێژیمێک کە ئێستا وێدەچی قابیلی چاکسازیی و تێکشکان نەبێ یەک ناگرنەوە. تا ئەو کاتەی هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران یەکگرتوو بمێننەوە و ئامادە بن خەڵک کۆمەڵکوژ بکەن و کۆمەڵگەی ئێران نایەکگرتوو بێ و نەیهەوێ بە کۆمەڵ گیان بەخت بکا، خاڵە وەرسووڕانەکان بەردەوام بەقازانجی ڕێژیم دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠٢١

## ئەمریکا چۆن لەگەڵ سەرکۆماری نوێی ئێران هەڵسوکەوت بکا؟

**نایشنال ریڤیو - ڤیکتۆریا کۆتس**

بە پێڕەوکردنی سیاسەتی "بێدەنگیی ستراتێژیک"-ی سەردەمی ئۆباما لە دوای هەڵبژێرانی ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرکۆماری ئێران لە لایەن سەرۆکی گەورە عەلی خامنەیی، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە بێدەنگیدا چاوەڕێی دەستبەکار بوونیەتی، ڕەنگبێ بەو هیوایە کە قەناعەتی پێ بێنێ تا دوای سوێندخواردنی فەرمی لە مانگی ئاگوست، بگەڕێتەوە ڕێککەوتنی بەرجام. بەڵام، نارەزایەتییە پەرەئەستێنەکان لە سەرانسەری ئێران ئەوە دەگەیەنن کە گەڕانەوەی "بێدەنگیی ستراتێژیک" لەو کاتە هەستیارەی ئەم هاوینەدا دەتوانێ ببێتە هۆی لەکیس چوونی دەرفەتێک، وەک چۆن دوازدە ساڵ لەوە پێش بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بەئانقەست مەزنترین هەڕەشە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە دوای سەرەتاکەی لە ١٩٧٩، پاشگوێ خست. ڕەنگبێ سیاسەتێکی بەرهەمدارتر بۆ تێوەگلانی چالاکانە لەگەڵ خەڵکی ئێران ئەوە بێ کە چاوێک بە سیاسەتی سەرکەوتووی سەردەمی شەڕی سارددا بخشێنێ، کە دەکرێ بە وشەی "هاوپشتی" کورت بکرێتەوە.

لە مانگی جوونی ٢٠٠٩، کاتێک دەیان هەزار ئێرانیی بوێر ڕژانە سەر شەقامەکان و نارەزایەتییان دژی دووبارە هەڵبژێرانەوەی مەحمود ئەحمەدینەژاد دەربڕی، جان کێری، سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندیی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران، لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا هۆشداریی دا بە "کۆنەپارێزە نوێیەکان" کە "لە پێش ئاخاوتن لە بارەی ڕووداوکانی ئێران، بیر بکەنەوە". کێری لە درێژەی وتارەکەیدا نووسی، لە کاتێکدا کە خۆپیشاندەرەکان بوونە هۆی "ئیلهامی" ناوبراو و "هاوهەستی"ی لەگەڵ خولیاکانیان هەیە، پشتیوانیی بەهێز لەوان دەبێتە هۆی بەهێزتر کردنی توندئاژۆکان. لەلایەکی دیکەوە، سەرکۆمار ئۆباما، بە بێدەنگیی خۆی و "پێشنیاری وتووێژ و ئاشتبوونەوە بە تاران"، "توندئاژۆکانی ناچار بە بەرگریی" کردبوو. ئاکامی ئەو بێدەنگییە ڕێککەوتنی بەرجام یان مامەڵەی ئەتۆمیی ئێران لە ٢٠١٥ی لێ کەوتەوە.

دوای هەڵبژاردنە گەندەڵ و نادێموکراتیکەکەی ڕەئیسی وەک سەرکۆمار، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، هەڵسوکەتی بێدەنگیی هەڵبژاردۆتەوە، تەنانەت خۆ لە لێدوانێکی بێ لایەنانەش لەمەڕ ئەو شانۆ گاڵتەجاڕانەی دێمۆکراسی لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەبوێرێ جا چ بگا بە خودی سەرکۆمار بایدن. ئەو پاشگوێ خستنە ئاشکرایە هێندە سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشان کە وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوە خۆی ناچار دیت جوابی لێکدانەوەکان لە چاوپێکەوتنی ڕۆژانە لەگەڵ

ڕۆژنامەنوسـان بـداتەوە کە بە لەبەرچـاوگرتنی نەریتـی کـاری وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە لەمەڕ لێـداون لە بـارەی هەڵبژاردنان، مەزن و بچووک، لە سەرانسەری دنیـا ڕەچاوی دەکەن، شتێکی گاڵتەجاڕانە بـوو. بڕیـاری سەرکۆنە نەکردنی هەڵبژاردنەکان بەئاشکرا دیارە نرخی وتوێژەکانی ڤیيەنە کە ئێستا لە ئارا دان و پێویست بە گوتن ناکا.

بەڵام بە دوو هـۆ بەڕێـوەبەرایەتیی بایـدن لەوانەیە بـیهەوێ پێـداچوونەوە بە بڕیـارەکەی بـۆ سـەرکۆنە نەکردنـی "هەڵبژاردنەکـانی" ئێـران بکـا. یەکەم، ڕەئیسـی بە تـایبەتی تێکەڵاوێکـی مەترسیدارە لە جەردە و مەلا. دووهەم، خەڵکی ئێران ڕەنگبێ چاوەڕوانی ئەو جۆرە هاندانە پتەوە بن کە بەڕیوەبەرایەتیی ئۆباما لە ٢٠٠٩ خۆی لێ بوارد.

شـتێک کە هەڵبـژاردنەکە ئاشـکرای کـرد ئەوەیە کە ڕێـبەری گەورە چیـدیکە پشـتگیری لە بـووکەڵەی "ڕێفۆرمخـواز" وەک سـەرکۆماری پێشـوو حەسـەن ڕووحـانی و وەزیـرەی دەرەوە جەواد زەریـف لەنێـو ڕێژیمەکەیـدا ناکـا. ڕابـردووی ڕەئیسـی ئەوە دەردەخا کە ئەو کەسێکی گرینگە و دەوری کەسیی بۆ درێژەپێدانی کۆنترۆڵی بنەماڵەی خامنەیی بەسەر ئێرانەوە دەگێڕێ.
سەرکۆماری نـوێ، دیکتـاتۆرییەتی خـۆی لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ١٩٧٩ نیشـان دا و زوو بـوو بە کەسێکی ناسیاو لەنێـو سیستەمی دادوەریـی ئێـران، پلەیەک کە ئەو بـۆ سـەرکوتی نەیـاران بەکـاری هێنـا، لە ناویانـدا لە کارەسـاتی سەرانسـەریی ١٩٨٨ دژی بەندییە سیاسییەکان، و ئەوە بەشێک لەو پەروەندەیە کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بەگوێرەی بڕیاری سەرکۆماریی ١٣٨٧٦، بۆ سەپاندنی ئابلۆقە بەسەریدا وەک کەسێکی نزیک لە ڕێبەری گەورە کەڵکی لـێ وەرگـرت. ڕەئیسی هەروەهـا سێ سـاڵ وەک بەرپرسـی "آسـتان قـدس رضـوی"، ڕێکخراوێـک کە بە ڕواڵەت ناوەنـدێکی خێرخـوازیی ئـایینییە بەڵام بەکـردەوە بەشێکە لە ڕایەڵەی لێڵی حەپەلووشکردنی دارایی کە سامانی بنەماڵەیی خامنەیی پێکدێنێ.

بـۆیە ڕەئیسـی لە پرسـی پێکهـاتەی پشـتیوانیی خـامنەیی هەمـوو نهێنییەکـان دەزانـێ و هەروەهـا لەگەڵ شێوەی سـەرکوتی ئاپۆڕای پەرەئەستێنی بەرهەڵستکاران شارەزایە، بـۆیە ئەو کاندیـدای دڵخوازە بـۆ پێراگەیشتن بە نارەزایەتییەکـانی کـاتی دەستلەکارکێشـانەوە یـان مردنـی خـامنەیی. ئەوە بەو مانـایە نییە کە بـزانین کـاتی دروسـتی ئەو ڕووداوە کەنگێیە، بەڵام شتێکی عەقڵانییە کە بڵێین ئەوە لە ماوەی چوارساڵی یەکەم یان دووهەمی سەرکۆماریی ڕەئیسیدا ڕوو دەدا. لە کاتێکدا کە ئامانجی کۆتـایی سەرۆکی گەورە ئەوەیە کە کـوڕە گەورەکەی، موجتەبـا (ئەویش بە گوێرەی بڕیـاری سەرکۆماریی ١٣٨٧٦ لە لیستەی ئابلۆقە دایە) جێگای بگرێتەوە، ڕەئیسی دەتوانێ مشورخۆرێکی ناوازە بێ بۆ دڵنیا بوون لەو جێگۆڕکێیە و پاراستنی سامانی بنەماڵەیی.

بەشی: دووهەم

لە کاتێکدا کە ڕەوتی ڕووداوەکان بێگومان بە قازانجی خامنەیی دەچنە پێش، وێناچی لە لایەن خەڵکی ئێران، کە نیگەرانیی سەرەکیی ئەوان گەندەڵیی ڕێژیمە، قبووڵ بکرێ. ئەوان زۆر باش دەزانن لە کاتێکدا کە ئەوان بە هۆی ئابلۆقەی نێونەتەوەییەوە ئازار و برسییەتیان چێشتووە، مەلا پلە باڵاکان و ژەنراڵەکان سامانە زەبەلاحەکانیان بە فرۆشتنی نایاسایی نەوت زیاتر کردووە، لە کاتێکدا کە ئەوان بچووکترین دەرفەتیان بۆ ئاڵوگۆڕی دێموکراتیک نەهێشتۆتەوە. هاوکات کە لایەنگرانی ڕێژیم بەشداریی گەلێک کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ١٨ی جوون بە "بێ هەستی" ناو دەبەن، بەڵام وێناچێ هۆیەکەی بێهەستی بێ، چونکە دووهەم ڕێژەی دەنگ، دوای ڕەئیسی، دەنگی سپی یان دەنگی بەئانقەست پووچەڵ بووە. لە کاتێکدا کە ئێمە ڕێژە دروستەکەی نازانین، ئەو هەڵمەتی بایکۆتکردنە و ڕەتکردنەوەی سەرجەم کاندیداکان ڕەنگبێ تا ٪٧٥ دەنگەکانی لەگەڵ بووبێ. هەرچۆنێک بێ وێدەچێ خەڵکی ئێران هێندەش بێهەست نەبن.

جگە لەوە، ناڕەزایەتییەکان لەو حەوتووانەی دواییدا لە سەرانسەری ئێران بەڕێوە چوون، بەڵام، بە پێچەوانەی ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٠٩، ئەو ناڕەزایەتییانە بە هۆی پرسی کۆمەلایەتی، وەک ناڕەزایەتی لەنێو سەندیکای کرێکاران بە هۆی کەم بوونی مووچە و مەترسیدار بوونی مەرجەکانی کار، بە تایبەتی لەنێو کەرتی پیشەسازیی نەوت، بووە. ئەو خۆپیشاندانانە ئالنگارییەکی مەزنن بۆ ڕێژیم، لە کاتێکدا کە کوشتاری بێبەزەییانەی ئەو کرێکارانە دەتوانێ ببێتە هۆی مانگرتنی زیاتر و تەگەرە خستنە سەر بەرهەمهێنان لەو کەرتە هەستیارەدا کە ئابووری لاوازی ئێران بەرگەیان ناگرێ. جگە لەوە، ناڕەزایەتییەکانی پارێزگای خوزستان بە هۆی نەبوونی ئاو، وەک هاواری جەماوەریی دژی گەندەڵیی سیستەماتیک و ناکارامەیی تاران کە وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن سامانی کردۆتە بیابانێکی وشک، لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو بۆتەوە.

کاتێک لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕاستەخۆ پرسیار لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە کرا، وڵام دراوە کە ئەم وەزارەتە دۆخەکەی لەژێر "چاودێری" دایە، بەڵام زیاتر لە سێ حەوتووی خایاند تا لێدوانێکی فەرمی بدا، ئەویش تەنیا لە لایەن وتەبێژی ڕۆژنامەوانیی، کە "داوای لە دەوڵەتی ئێران کرد ڕێگا بە هاووڵاتیان بدا تا مافی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا و دەستڕاگەیشتنی ئازاد بە زانیاریی، لە ناویاندا بە ئینتەرنێت، بەکار بێنن،" دیارە ناکرێ بڵێین ئەوە نیشانەی پشتگیریی بەهێز لە لایەن کاربەدەستە پلەبەرزەکانی واشینگتۆنە.

لەکاتێکدا کە ئەم حەوتوویە ڕەئیسی خەریکی خۆئامادەکردن بۆ سوێندخواردنە، ئاشکرا بووە کە ئێران بەرپرسی هێرش بۆ

سەر پاپۆڕی مەرسەر ستریت (پاپۆڕێکی سیڤیلی بازرگانی کە پێوەندیی بە ئیسرائیلەوە هەیە) لە کەنداوی عەرەبییە کە بۆتە هۆی کوژرانی دوو کەس لە سەرنشینەکانی و ئەوە نیشانەیەکی ئاشکرای زیاتر بوونی دوژمنایەتی تاران دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانمانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کردەوە ئاشتیخوازانە و پاشەکشەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن. بەڵام ئەگەر خۆپیشاندانەکان پەرە بستێنن، دەرفەتێکی کۆتایی دەبێ بۆ ڕێبەریی سیاسیی ئەمریکا، پێش ئەوەی ڕێژیمی ئێران بۆ جیلێکی دیکە بناغەکانی پتەو بکا، تا ڕێچکە بگۆڕی و بە هێزی تەواوەوە لایەنگری لە خۆپیشاندەرەکان بکا و بەرهەڵستکارییەکی نێونەتەوەیی دژی ڕێژیم دروست بکا کە ماوەیەکی گەلێک دوور و درێژە ئێرانییەکان سەرکوت دەکا.

هەر چۆنێک بێ، تاکتیکێکی ئەوتۆ یارمەتیی بە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد تا شەڕی سارد بباتەوە: ئەمریکا بە کەڵکوەرگرتن لە دارایی دابینکراو لەلایەن پشتگیریی نەتەوەیی لە دێموکراسی، لە هەشتاکانی زایینی سەرکەوتووانە پشتگیریی لە جووڵانەوەی کرێکاریی لەهستان کرد و سەندیکا کرێکارییەکانی ئەمریکای هان دا تا پشتیوانی هاوکارە لەهستانییەکانیان بن. هاوپەیمانە ناوچەییەکانمان وەک ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی، کە خاوەنی تەکنەلۆژیای فرە پێشکەوتووی دابینکردنی ئاون، دەتوانن بەئاشکرا پلان بۆ بەراوژووکردنەوەی کەمیی کارەساتباری ئاو لە ئێران داڕێژن. جگە لەوە کۆنگرە دەتوانێ هەنگاو بۆ ئینتەرنێتی ساتەلایتی ئازاد و بەخۆڕایی دابین بکا تا خۆپیشاندەران بتوانن خۆیان ڕێکبخەن و بەسەرهاتەکانیان بۆ دنیای دەرەوە بەرێ بکەن. ئەو هاوپشتییە ڕەنگبێ دروست ئەو شتە بێ کە خەڵکی ئێران بۆ داڕشتنەوەی چارەنووسی خۆیان پێویستیان بێ، بەڵام ئەگەر سەرکۆمار بایدن و بەڕێوەبەرایەتییەکەی درێژە بە ستراتێژی بێدەنگیی بدەن، ڕەنگبێ ئەو شتە جێبەجێ نەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## براوەکانی ئەفغانستان: قەتەر، ڕووسیە، چین، پاکستان، تورکیە و ئێران

### ئورشەلیم پۆست - سێت جەی فرانتزمەن

براوەکانی کابول ئەو لایەنانە دەبن کە لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن تاڵیبانەوە قازانج دەکەن. ئەوان هەر ئەو لایەنانەن کە بە سەرشۆڕیی وڵاتە یەکگرتووەکان کەیفخۆش دەبن.

لەنێو ئەو "براوانەدا" دەکرێ ئاماژە بە قەتەر، ڕووسیە، چین، پاکستان، تورکیە و ئێران بکرێ. ئەوە دەکرێ بە چەند شێوە ببینرێ. زۆربەی ئەو وڵاتانە خانەخوێی تاڵیبان بوون یان بە شێوەی تاکتیکی پشتیوانییان لێ کردوون. هی دیکە وەک تورکیە هەوڵی داوە لە ئەفغانستانی دوای ئەمریکادا دەورێکی هەبێ.

مێدیای ئێران پڕ لەو ڕاپۆرتانەن کە لەواندا دەلیل دێننەوە کە تاڵیبان بناژۆخوازی هەناردە ناکەن، یان هەڕەشە لە هیچ کەس ناکەن و ئێران هەمیشە یارمەتیی خەڵکی ئەفغانستانی کردووە. بۆ وێنە کاربەدەستی ئێرانی، عەلی شەمخانی، لێدوانێکی ئەرێنیی لەبارەی دەوری ئێران لە ئەفغانستان بڵاو کردۆتەوە.

لە هەمان کاتدا ئەلجەزیرەی قەتەر، لەکاتی دەسبەسەرداگرتنی کۆشکی سەرۆک کۆماری لە لایەن تاڵیبانەوە لەوێ بوو. وێدەچێ قەتەر زانیاریی وردی لەبارەی پلانەکانی تاڵیبان هەبووبێ چونکە چەند ساڵە خانەخوێی ئەوانە.

قەتەر بنکەی سەربازیی مەزنی وڵاتە یەکگرتووەکانی لێیە بەڵام هەمیشە پشتیوانی بناژۆخوازانی ئایینی بووە، لە ناویاندا حەماس و ئیخوانولموسلمین و فەڕشی سووری بۆ تاڵیبانان ڕاخستووە. ئەوە سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ قەتەر و، لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کەڵک لەو شتە وەردەگرێ.

لە کاتێکدا کە قەتەر و تورکیە بۆیە لەو مەسەلەیە قازانج دەکەن چونکە پشتیوانی تاقمە ئیسلامییەکانن و بە شێوەی گشتی پشتگیریی لە جووڵانەوە فرە ڕاستڕەوەکانی ئیسلامی دەکەن، ئێران بۆیە قازانج دەکا چونکە دەبینێ کە وڵاتە

یەکگرتووەکان لە جیرانەتی ئەو دەچێتە دەرەوە. ئێران هەر وەها دەخوازێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان عێراقیش جێهێڵێ و کەڵک لە بشێوی ئەفغانستان وەردەگرێ تا زەخت بخاتە سەری کە لە عێراقیش بچێتە دەر.

تورکیە، لە سورییە لەگەڵ ئێران و ڕووسیە هاوکاری دەکا تا هەوڵ بدا ئەمریکا لەوێ بچێتە دەر. هەموو ئەو وڵاتانە هاوڕان کە دەیانەوێ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە بچێتە دەرەوە.

ڕووسیە و چین، هەردووکیان لەو ساڵ و مانگانەی دواییدا پێشوازییان لە وەفدی تاڵیبان کردووە. ئەوان دەیانەوێ کاناڵی کراوەیان لەگەڵ تاڵیبان هەبێ و بەتەمان ئەوان وەک دەوڵەتی نوێ بەفەرمی بناسن. ئەوە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گرینگە. بە پشتیوانیی ڕووسیە و چین، تاڵیبان دەتوانن دەسەڵاتی جیهانیی وەدەست بێنن کە پێویستیان پێیە و وردە وردە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بە فەرمی بناسرێن.

کۆبوونەکانی نێوان تاڵیبان و نێردەی ڕوسیە لەم حەوتوویەدا، کە هەواڵەکانی بڵاو بۆتەوە، گرینگن. ئاژانسی هەواڵدەریی ڕووسیە، تاس، ڕایگەیاند، "باڵوێزی ڕوسیە لە ئەفغانستان، دیمیتری ژیرنۆف، ڕۆژی سێ شەممە لەگەڵ ڕێکخەری ڕێبەریی جووڵانەوەی تاڵیبان [لە ڕووسیە یاساغە] بۆ باس لەسەر ئاسایشی باڵوێزخانەی ڕوسیە وتوویژ دەکا، نێردەی تایبەتیی سەرکۆمار لە ئەفغانستان زامیر کابولۆڤ لە وتوویژێکدا باسی ئەوەی کرد".

ئەو گوتی، "باڵوێزی ئێمە لەگەڵ نوێنەرانی ڕێبەریی تاڵیبان لە پێوەندیدایە. هەر وەک ١٠ خولەک پێش ئێستا پێی گوتم، سبەینێ چاوی بە ڕێکخەری ڕێبەریی تاڵیبان دەکەوێ تا لە ئاسایشی، لە نێویاندا باڵوێزخانەکەمان، دڵنیا بێ".
کابالۆڤ گوتی، باڵوێزی ڕووسیە لەگەڵ نوێنەری تاڵیبان باسی وردەکارییەکانی پاراستنی دەرەکی بۆ نوێنەرایەتیی دیپلۆماتیکی ڕووسیەی فیدراڵ دەکا. ئەوە بەو مانایەیە کە ڕووسیە بەتەمایە لە داهاتوودا تاڵیبان بەفەرمی بناسێ. ڕووسیە دەتوانێ یارمەتی بە بەهێزتربوونی بڕوا بەخۆبوونی تاڵیبان بکا.

بەڵام ڕووسیە بۆخۆی خاوەنی پاشخانی خۆیەتی لە ئەفغانستان. ئەو دەزانێ کە دەوڵەتی پشتگیریکراو لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە خێرا ڕووخاوە. ڕووسیە دەیهەوێ لە ناوەندی ئاسیا دڵنیا بێ، لەگەڵ بەرەی باشووری ئەوێ.

ئەوە بەو مانایەیە کە بشێوی دەبێ لە ئەفغانستاندا بڵاو بێتەوە. ئەو دەیهەوێ لەگەڵ چین، پاکستان، تورکیە و ئێران کار

بەشی: دووهەم

بکا تا دڵنیا بێ کە تالیبان کۆنترۆڵ بکرێن و بە شێوەیەکی سەقامگیر دەسەڵات بگرنە دەست.

هەموو ئەو وڵاتانە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەن. ئەوان دەیانهەوێ ئەمریکا لە ناوچەکە بچێتە دەرەوە. دەیانهەوێ ئەمریکا سەرشۆڕ بکرێ. ئەوان هەروەها دەیانەوێ ئەو وزە و کانزایانەی کە لە ئەفغانستانەوە تێپەڕ دەبێ لەگەڵ یەکتر بەش بکەن. ئامانجی ئەوان ئەوەیە کە یارمەتی بە خێراتر بوونی لاوازیی وڵاتە یەکگرتووەکان و خۆرئاوا بکەن.

ئەو وڵاتانە بەرنامەی ئایدیۆلۆژیکی جیاوازیان هەن. تورکیە، پاکستان و قەتەر، جیهانبینی فرە ڕاستی ئیسلامییان هەیە. ئەوان دەیانەویست لەگەڵ مالیزی و ئێران لەسەر بیرۆکەی سیستەمی بازرگانیی ئیسلامیی نوێ و بەرنامەی تەلەفزیۆنیی بۆ بەربەرەکانی لە "فۆبیای ئیسلامی" [ترس لە ئیسلام] کار بکەن.

تورکیە و قەتەر تەوەرێک پێکدێنن کە پشتگیریی لە ئیخوان ئەلموسلمین دەکا و، لەو دەلاقەوە، لە سووریە و لیواری غەززە بەهۆی سەرکەوتنی تالیبانەوە جێژنە گێراون. چین و ڕوسیە بیرۆکەی جیاوازیان لە بارەی چۆنیەتی قازانج وەرگرتن لەو ڕووداوە لە گۆڕەپانی جیهانیدا هەیە.

ئێستا، هەرەسهێنانی ئەفغانستان نسکۆیەکی مەزنە بۆ ناوبانگی وڵاتە یەکگرتووەکان و سیستەمەکانی پشتگیریکراو لە لایەن ئەو وڵاتەوە وا دەنوێنن کە بە لاوازیی و کاتیبوونی ئەو شیناوردەیە کە لە بەهاردا دەڕوێ و لە پاییزدا سیس دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## کابینەی دەوڵەتی نوێی ئێران: تیمێک لە تێرۆریستە داواکراوەکان

کاتێک لەو مانگەدا سەرکۆماری نوێی ئێران بەربژێری وەزارەتی نێوخۆی ڕاگەیاند، کەسێک کە ئارژانتین بە هۆی گومانی دەستهەبوون لە کوشندەترین هێرشی تێرۆریستیی مێژووی ئەو وڵاتە داوای دەکا، بووە هۆی تووڕە بوونی بۆینێس ئایرێس. ئیبراهیم ڕەئیسی گوێی نەدایە ناڕەزایەتییەکە و ڕۆژی چوارشەممە کەسێکی دیکەی وەک جێگری سەرکۆمار ئاشکرا کرد، کە ئەویش لە پێوەندیی لەگەڵ هەمان هێرشە تێرۆریستییەدا داوا کراوە.

هەڵبژاردنی ئەحمەد وەحیدی، لەلایەن ڕەئیسی وەک وەزیری نێوخۆ و موحسین ڕەزایی، وەک جێگری سەرکۆمار بۆ پرسی ئابووری، تەنیا بەربژێرانی کێشەداری کابینە نین. لانیکەم هەشت دانەی دیکەش، لەناویاندا جێگری یەکەمی سەرکۆمار و بەرپرسی نوسینگەکەی، لە لیستەی ئابلۆقەی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپادان، کە زۆربەی لەبەر پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤە.

ڕەئیسی بۆخۆی لە ٢٠١٩ لە لایەن دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، لەبەر پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، لە ناویاندا بە گومانی هەبوونی دەوری سەرەکی لە ئیعدامی بەکۆمەڵی بەرهەڵستکاران و هەروەها پێشێلکاریی نوێ لە کاتی دەسەڵاتداریی لە سیستەمی دادوەریی ڕێژیمدا، کەوتە نێو لیستەی ئابلۆقەوە.

وەحیدی و ڕەزایی و شەش ئێرانیی دیکە لەلایەن لێکۆڵەرەوانی ئارژانتینییەوە لە ٢٠٠٦ بەوە تاوانبار کران کە دەستیان لە هێرشی خۆکوژیی بارهەڵگرێک بۆ سەر کۆمەڵگەی جوولەکە لە بۆینێس ئایرێس لە ١٩٩٤ هەبووە، کە لەو ڕووداوەدا ٨٥ کەس کوژران و سەدان کەسی دیکەش بریندار بوون.

لێکۆڵینەوەکە بەو ئاکامە گەیشت کە سوپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، بەکرێگیراوی لوبنانیی خۆی، حیزبوڵڵای، ڕاسپاردبوو تا ئەو هێرشە کە بووە هۆی لەنێوچوونی بینای هاوکاریی دوولایەنەی ئارژەنتین-ئیسرائیل (ئامیا)، جێبەجێ بکا. ئارژەنتین داوای لە پۆلیسی نێونەتەوەیی (ئینتەرپۆل) کرد تا "ڕاگەیەندراوێکی سوور" بۆ ڕەخساندنی هەلی دەسبەسەر کردنی هەشت ئێرانی، لەگەڵ گومانلێکراوێکی نۆیەم کە شارۆمەندی لوبنان بوو، بڵاو بکاتەوە.

دوای ڕاوێـژی یاسـایی، ئینتەرپـۆل خـۆی لە بڵاوکـردنەوەی ئەو ڕاگەیەنـراوە بـۆ بەناوبـانگترین ئەنـدامانی ئەو تـاقمە نـۆ کەسییە بوارد، واتە سەرکۆماری پێشوو هاشمی ڕەفسەنجانی، وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی پێشـوو عەلـی ئەکبەر ویلایەتـی و باڵوێزی پێشووی ئێران لە ئارژانتین، هادی سولەیمانپور. بەڵام، ڕاگەیەنـدراو بـۆ ئەوانـی دیکە بڵاو کرایەوە، لە ناویانـدا بۆ ڕەزایی، سەرۆکی پێشووی سوپای پاسداران و وەحیدی، فەرماندەی پێشووی سوپای قودس.

کاتێـک سـەرەتای ئەو مـانگە، ڕەئیسـی نـاوی وەحیـدی وەک ئەنـدامێکی کـابینەکەی بـڵاو کـردەوە، دەوڵەتـی ئـارژانتین ناڕەزایەتیی دەربڕی و ئاماژەی بەوە کرد کە نـاوبراو تاوانبـارە کە "دەوری سەرەکی لە بڕیـار و پلانداناني" تەقانـدنەوەی ئامیـادا هەبـووە. بە ئامـاژە بە ڕاگەیەنـراوی سـووری ئینتەرپـۆل، گـوترا کە بەرزکـردنەوەی پـلەی وەحیـدی لە تـاران "سووکایەتییە بە دادوەریی ئارژانتین و قوربانیانی ئەو هێرشە تێرۆریستییە بێ بەزەییانە." ئـارژانتین داوایەکەی لە ئێـران دووپات کردەوە کە ڕێگا بدا گومانلێکراوانی ئەو هێرشە لە "دادگای لێهاتوو"دا دادگایی بکرێن.

پارلمـانی ئێـران، کە مەجلیسێکی ٢٩٠ کورسییە، ڕۆژی چوارشـەممە دەنگی بە بەربژێرکرانـی وەحیـدی دا. ئەو ٢٦٦ دەنگـی ئەرێنـی وەرگـرتن. هەر لەو ڕۆژەدا، ڕەئیسـی ڕایگەیانـد کە نـاوبراو، ڕەزایـی وەک جێگـری سـەرکۆمار بـۆ پرسـی ئـابووری دەسنیشان کردووە. ئارژانتین جارێکی دیکە ناڕەزایەتیی نیشان دا. ئەو وەبیری هێنـانەوە کە کاتێـک وڵاتێکی نـاو نەدرکـاو، لە بـارەی ئەگەری بانگهێشـتکردنی ڕەزایـی لە ٢٠١٤ی بـاس کـرد، دەوڵەتـی ئـارژەنتین پێـی ڕاگەیانـد کە ئەگەر نـاوبراو سـەردانی ئەوێنـدەرێ بکـا، ئەوان دەسـبەجێ داوای تەحویـل دانەوەی دەکەن. (وڵاتەکە کـۆرەی باشـوور بـوو و وێـدەچێ سەردانەکە قەت سەری نەگرتبێ.)

نەتەنیا وەحیدی و ڕەزایی ئازادن، بەڵکوو دوای هێرشە تێرۆریستییەکە هەردووکیان پلەی بەرزیـان لەنێـو ڕێژیمدا هەبـووە. وەحیـدی لە کـابینەی مەحمود ئەحمەدینـژاد دا لە ٢٠١٣-٢٠٠٩ وەزیـری بەرگریـی بـووە و پاشـان بـۆتە ئەنـدامی ئەنجـوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەنـدییەکانی نیـزام، پێکهـاتەیەکی ڕێـژیم کە ڕاوێژکـاری ڕێبەری گەورەیە. ڕەزایـی سکرتێری ئەنجـوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام بووە، چەند جار لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەربژێر بووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبـووە. ئەو لە ٢٠١٨ چاوی بە ڕێبەری نەیشن ئاف ئیسلام، لوئیس فەرەخان کەوت.

## پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ

ژمارەیەک لە بەربژێرانی کابینەی ڕەئیسی لە لیستەی ئابلۆقەی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا دان. ئەوان ئەو

کەسانەن:

جێگری یەکەمی سەرکۆمار موحەممەد موخبیر، بەرپرسی یەکەی ئابووری زەبەلاحی ڕێژیم کە بە ستادی ئیجرایی فەرمانی ئیمام ناسراوە. وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە ژانوییەی ڕابردوودا ناوبراوی خستە نێو لیستەی ئابلۆقەوە، دەڵێ ئەو یەکە ئابوورییە کە ناوبراو سەرۆکی بووە "بەشێکی بەرچاو لە ئابووری ئێران، لە ناویدا ئەو سامانەی کە هی دژبەرە سیاسییەکان و کەمینە ئایینییەکانە و دەستی بەسەردا گیراوە تا بە قازانجی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی و کاربەدەستە پلەبەرزەکانی دەوڵەتی ئێران کەڵکی لێ وەرگیرێ" کۆنترۆڵ دەکا.

بەرپرسی نوسینگە غولام حوسێن ئیسماعیلی، وتەبێژێکی پێشووی سیستەمی دادوەرییە کە پێشتر لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە لە ٢٠١١ لەبەر تێوەگلان لە "دەسبەسەرکردنی بە کۆمەڵی بەشدارانی خۆپیشاندانی سیاسی و شاردنەوەی پێشێلکارییەکانی سیستەمی زیندان" ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنرا.

مەحەممەد حوسینی، جێگری سەرکۆمار بۆ پرسی پارلمان، وەزیری کولتووری پێشوو و ئەفسەری سوپای پاسداران لە ٢٠١١ بەولاوە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بە هۆی تێوەگلان لە "سەرکوتی ڕۆژنامەوانان" ئابلۆقەی بەسەر دا سەپێنراوە.

مەحەممەد ڕەزا ئاشتیانی، وەزیری بەرگری، جێگری پێشووی سەرۆکی هێزە چەکدارەکان، لە ٢٠٢٠ بەولاوە لەلایەن دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەبەر تێوەگلان لە "چالاکییە ناسەقامگیرکەرەکانی ڕێژیم" ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنراوە.

ڕۆستەم قاسمی، وەزیری ڕێگا و دروستکردنی شار، ئەفسەری پێشووی سوپای قودس و وەزیری نەوت، لە ٢٠١٩ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەبەر بەرپرسایەتی ڕایەڵەی هەناردە کردنی نەوت و پشتگیریی دارایی سوپای قودس، ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنرا.

عیزەتوڵڵا زەرغامی، وەزیری میراتی کولتووری و پیشە دەستییەکان، بەرپرسی پێشووی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی، لە ٢٠١٢ لە لایەن یەکیەتیی ئورووپا و لە ٢٠١٣ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەبەر پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنرا.

بەشی: دووهەم

ڕەزا ئەوجی، وەزیری نەوت، لە ٢٠٢٠ لەبەر ئەوە کە بەشێک لەو یەکەیە بووە کە بە گوێرەی وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان، "لە لایەن سەرۆکی گەورە عەلی خامنەیی بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن، خەڵات کردنی هاوپەیمانانی سیاسی و زەخت خستنە سەر دوژمنانی ڕێژیم، کەڵکی لێ وەردەگیرێ" ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنرا.

غولامحوسێن ئێژەیی، سەرۆکی دەزگای دادوەری، وەزیری پێشووی هەواڵگریی و دادئەستێنی گشتی، لە ٢٠١٠ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە و لە ٢٠١١ لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە لەبەر پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ کەوتە ناو لیستەی ئابلۆقەوە.

جگە لە وەحیدی و ڕەزایی، چوار گومانلێکراوی تەقاندنەوەی ئامیا کە لە سەر داوای ئارژەنتین لە ڕاگەیەندراوی سووری ئینتەرپۆل دا ناویان هاتووە ئەوانەن: وەزیری پێشووتری هەواڵگریی عەلی فەللاحیان، دوو کاربەدەستی باڵوێزخانەی ئێران لە بۆینێس ئایرێس، موحسین ڕەببانی و ئەحمەد ڕەزا ئەسغەری و سەرۆکی تێرۆریستی حیزبوڵڵای لوبنان عیماد موغنیە.

موغنیە، کە هەروەها لە لایەن ئێف بی ئای لە "داواکراوترین" تێرۆریستانە کە بە بەشداریی لە هێرشی دیکە لە ناویاندا هێرشی خۆکوژییانەی ١٩٨٣ بۆ سەر بنکەی هێزەکانی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەیروت تاوانبار کراوە، کە تیایدا ٢٤١ ئەمریکایی کوژران، لە ٢٠٠٨ لە تەقینەوەی بۆمبێکدا لە دیمەشق کوژرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢١

## ئەفغانستان سەرهێشەیەکی گەورەترە لەوەی ئێران ئاشکرای دەکا

فارین پاڵیسی - کیڤین لیم

ئەو ڕۆژەی تاڵیبان کابولی گرتەوە، سەرکۆماری تازەی ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی دڵخۆشی خۆی لە هەمبەر "شکستی سەربازی و کشانەوەی" وڵاتە یەکگرتووەکان دەربڕی. بەڵام ئەگەرچی ڕەنگبێ ئێران بەوە دڵخۆش بێ کە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سنووری باکووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە دەڕۆن، دووبارە دامەزرانەوەی ئیمارەتی ئیسلامیی ئەفغانستان ئالنگارییەکی نوێیە کە بڕیاردەرانی تاران لە باسکردنی ئاشکرای ئەو ئالنگارییە بەگومان بوون. ئەگەرچی ئێران لەو ساڵانەی دواییدا پشگیریی تاڵیبانیان کردووە، بەڵام سیناریۆکانی جێگای نیگەرانیی تاران ئەوانەن: تاڵیبان دژی ئێران یان کەمینەی شیعەی ئەفغانستان بوستنەوە و هەروەها مۆتەکەی جیهادیزمی سوننی بەرەو خۆرئاوا [واتە ئێران. و.] تەشەنە بکا.

لە کۆتاییەکانی نەوەدەکانی زایینی، ئێران و تاڵیبان دوژمنانی سوێندخواردووی یەکتر بوون. کاتێک تاڵیبان کە زۆرینەیان پەشتونن، لە قۆناخە کۆتاییەکانی شەڕی نێوخۆیی ئەفغانستاندا، کە کێشەیەکی ئەتنیکی و هەروەها ئایینی بوو، دەسەڵاتیان گرتە دەست، نەتەنیا دژبەرانیان بەڵکوو کەمینەکانیش، وەک شیعەکانی هەزارەیان تێکشکاند؛ ئێران دەستی نا نێو دەستی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕوسیە و هیندوستان بۆ پشتیوانی لە هاوپەیمانیی باکوور دژی تاڵیبان.

لە ١٩٩٨، ئێران و ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی تاڵیبان، دوای کوژرانی چەند دیپلۆماتی ئێرانی و هەواڵنێرێک لە مەزاری شەریف، نزیک بوو تووشی شەڕ لەگەڵ یەکتر بن. بەرپرسی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیزام دەنگی ئەرێنیی بە هەڵایساندنی شەڕ دابوو، بەڵام خامنەیی دەنگی پێچەوانەی دابوو. کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠١ بە مەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵاتی تاڵیبان و ئەلقاعیدە ئەفغانستانی داگیر کرد، ئێران بە شێوەی تاکتیکی هاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکانی کرد و زانیاریی بەرەی شەڕی دا بە سوپای ئەمریکا. تاران هەروەها بووە دەڵاڵ تا دەوڵەتی دوای تاڵیبان لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بەفەرمی بناسرێ.

پێوەندیی ئێران لەگەڵ تاڵیبان بە تێپەڕبوونی کات گەرمتر بوو، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی داعش و لایەنگرە

بەشی: دووهەم

ئەفغانستانییەکانی، دەوڵەتی ئیسلامیی خوراسان لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ئێران دەستی کرد بە پشتگیری، یارمەتیی دارایی، ڕاهێنان و چەکدارکردنی تاڵیبان دژی دەوڵەتی ئیسلامیی خوراسان و هەروەها هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتی ئەفغانستان. ئەگەرچی تاڵیبان و دەوڵەتی ئیسلامیی خوراسان میلیشیای جیهادیی سوننین، بەڵام لەسەر ئامانجە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان بەتوندی دژی یەکترن. دەوڵەتی ئیسلامیی خوراسان هەروەها سوودی لە تاڵیبە شەڕکەرە ناڕازییەکان وەرگرت و لەوانەیە ئەو کارە دووپات بکاتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرت، تاڵیبان بنکەیان لە ئێران هەبوون، لە ناویاندا لە زاهیدان و مەشهەد و بەشێکیان خانووبەرەیان لە ئێران کڕیبوو. جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، عەبباس عێراقچی، لە ٢٠٢٠ حاشای لە بوونی ئەنجومەنێکی تاڵیبان لە مەشهەد، وەک ئەنجومەنەکانی تاڵیبان لە شارەکانی پاکستان وەک کویتە، پێشاوەر و میرانشا، کرد. لە ٢٠١٦، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێبەری گەورەی ئەوکاتی تاڵیبان، مەلا ئەختەر موحەممەد مەنسووری کوشت کە لە ئێرانەوە دەگەڕایەوە بۆ پاکستان.

تاران کە بەتەمای دەستڕۆیشتوویی لە ئەفغانستان دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، میوانداریی لە وەفدێکی نوێنەرانی تاڵیبان، پێکهاتوو لە بەشێک لە ئەندامانی نوێنەرایەتیی سیاسی ئەم گرووپە لە دۆحە، کە لە لایەن مەلا عەبدولغەنی بەرادەرەوە ڕێبەریی دەکرا و ئێستا یەکەم جێگری سەرۆکوەزیرانی ئەفغانستانە، کرد. ئێران هەروەها شوێنی وتووێژی تاڵیبان لەگەڵ دەوڵەتی ئەفغانستان بوو. وێدەچێ ڕێبەریی ئێران تاقمێکی پراگماتسیت کە پێوەندیی بە باڵی سیاسیی تاڵیبانەوە هەیە، دیتبێتەوە. تەنانەت سەرەڕای ناتەبایی ئایدیۆلۆژی ئایینیی ئەوان، ئێران بۆ ڕیبەرە نوێیەکانی ئەفغانستان دەبێتە مودێلێک بۆ گواستنەوە لە جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕیی ناڕێکوپێک، یان باشترە بڵێین دواکەوتوو، بەرەو بەڕێوەبەریی دامەزراوەی دەوڵەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەو مانگانەی دواییدا، تاڵیبان بوونە هۆی درکاندنی ڕوانگەی جیاواز لە لایەن نوخبەی دەسەڵاتداری ئێران. ئەندامێکی بەناوبانگی پارلمانی ئێران، ئەحمەد نادری ستایشی تاڵیبانی کرد، چونکە گوایە ئەوان دەست لە وەهابیزم، ئایدیۆلۆژییەک کە زۆرتر لە عەرەبستانی سعودی باوە، هەڵدەگرن. دامەزراوەی مێدیایی ئێرانیی سەر بە ڕێبەریی توندئاژۆ یان سوپای پاسداران، وەک کەیهان و جەوان، بە هەمان شێوە ل بەر ئەگەری گۆڕانیان، پەسەنی تاڵێبانیان داوە.

بەشێکی دیکە گەلێک ڕەخنەیان بەرانبەر تالیبان هەیە. ئایەتوڵڵای گەورە سافی گوڵپایەگانی، مەلایەکی پلەبەرزی شیعە، بەرانبەر بە "متمانەکردن بە میلیشیایەک کە پێشینەی بەدخوازی و کوشتنی هەیە" هۆشداریی دا. کەیهان (کە سەرنووسەرەکەی پێوەندییەکی نزیکی دەگەڵ خامنەیی هەیە) بە یادانەوە لە هەڵوێستی پێشووی، هۆشداریی دا کە تالیبان بەتەمای دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولا و سەرکوتی توندوتیژانەی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئەفغانستانن. سەرکۆماری پێشوو، مەحموود ئەحمەدینژاد ئیددیعای کرد کە تالیبان دەیانهەوێ خوراسانی گەورە، واتە ناوچەی مێژوویی کە بەشێک لە ئەفغانستان و ناوەندی ئاسیا و هەروەها باکووری خۆرهەڵاتی ئێران دەگرێتەوە، کۆنترۆڵ بکەن.

لە بەرەبەری کەوتنی کابولدا، لێدوانەکانی کاربەدەستانی تاران لەنێوان هەڕەشە و دڵنیاکردنەوەدا لە هاتوچۆدا بوون. لە ٨ی جولای، تالیبان ئیسلامقەڵای (دەروازەیەکی سەر سنوور لە خۆرئاوای ئەفغانستان کە ئێران بە هەرات، شارێک کە لەژێر کاریگەریی قورسی ئێرانە دەبەستێتەوە) گرتەوە. چەند ڕۆژ دواتر، لە دوغارون لە دیوی ئێران، سەرۆکی سوپای ئێران عەبدولڕەحیم موسەوی دەرکەوت تا ئێرانییەکان دڵنیا بکاتەوە و ڕەنگبێ تالیبانیش وریا بکاتەوە کە سنوور پارێزراوە. لە ١ی ئاگوست، باڵوێزخانەی ئێران لە کابول داوای لە سەرجەم ئێرانییان کرد کە ئەفغانستان بەجێ بێڵن.

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی تالیبان، کەمترین ویستی ئێران پێوەندیی گەرموگوڕە. وەک لە عێراق، ئێران دەیهەوێ دەوڵەتی ناوەندی هێندە بەهێز بێ کە بتوانێ بە سەر جیهادیستەکاندا زاڵ بێ، بەڵام ئەوەند لاواز بێ تا بکرێ کایەی سیاسیی پێ بکا و نەبێتە هەڕەشەیەکی سەربازی. ڕێبەرانی ئێران دەزانن کە سەرەڕای دڵنیاکردنەوەکان، میلیشیا بنازۆخوازە سوننییەکان هێشتا دەتوانن دژی ئێرانی شیعە هەڵوێستیان بگۆڕن.

بۆ پێشگرتن بە شەڕیکی نێوخۆیی دیکە لە سەر سنوور (کە وێدەچێ ناتوانن هیوایان بە کۆنترۆڵکردنی تالیبان بێ)، ئێران درێژە بە جەختکردنەوە لەسەر پێکهێنانی دەوڵەتێکی گشتگیری ئەفغانستانی دەدا. ڕەنگبی بۆ ئەوە درنگ بووبێ، دەوڵەتی تازە پێکهاتوو لە کابول هیچ ئەندامێکی لە کەمینە ئەتنیکەکان تێدا نییە، تەنیا پەشتونن، لە ناویاندا توندڕەوەکانیان. تا ئێستا، تالیبان تا ڕادەیەکی زۆر خۆیان لە ئازار و ئەزیەتی خەڵکی هەزارە بواردووە و بەپێچەوانەی دەسەڵاتی تالیبان پێش ٢٠٠١ ، تەنانەت ئیزنیان پێدان ڕێوڕەسمی عاشوورا بەڕیوە بەرن. بەڵام کاتێک تالیبان بازارەک، پێتەختی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لە دۆڵی پەنجشیری گرتەوە کە زۆربەی دانیشتووانی تاجیکن، تاران هەواڵی گرتنەوەی بازارەک لە لایەن تالیبانەوە بە هێزی سەربازی لەجیاتی وتووێژی سانسۆر کرد و بە دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی یارمەتیی پاکستان لە شەڕی پەنجشیر، هۆشداریی دا بە هێزە دەرەکییەکان کە خۆ لە تێوەگلان لە هەڵمەتی سەربازیی تالیبان ببوێرن.

لە خراپترین دۆخدا، سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوخۆیی دەتوانێ دیسان سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ئێران لە مەترسی هاوێ. شەڕ دەتوانێ بە هەمان شێوە پەنابەر و چەک و ماددەی سڕکەر بۆ ئەوبەری سنوور بنێرێ، باسی ئەو جیهادییانەش ناکەم کە سەر بە چەند تاقمی دووبارە زیندووبۆوەی میلیشیای توندئاژۆی سوننین کە هەرە یەکەو بەرنامەیەکی جیاوازی هەیە. تەنانەت ئەگەر ئاگری شەڕی نێوخۆیی لەسەر سنووریش نەبێ، هێشتا ڕوون نییە ئاخۆ تاڵیبان دەیهەوێ یان دەتوانێ چالاکییەکانی ئەو تاقمە جیهادییانە لەسەر سنوور کۆنترۆڵ بکا. هەڵمەتە خۆکوژییەکانی سەر فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی کابول لە ٢٦ ئاگوست، لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامیی خۆراسان، بێگومان، ئاماجەکەی ئێران نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەمەڕ ئەوەی کە لەوانەیە لەبەر چاوی تاڵیبان چ شتێک بقەومێ، زەنگی مەترسیی لە تاران لێداوە. جگە لەوە، دەوڵەتی ئیسلامیی خۆراسان، کە ئەندامە سەرەکییەکانی لە لایەن هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بە ٢٠٠٠ شەڕکەر مەزەندە کراون، دەتوانن خۆیان دەگەڵ تاڵیبان تێکەڵ بکەن و ناسینەوەیان تەنانەت بۆ تاڵیبانیش دژوارە.

تائێستا وێدەچێ گرەوی هاوکاریی بەپارێزەوە لەگەڵ تاڵیبان وەڵامدەر بووە. لەسەر داوای تاڵیبان، ئێران هەناردەکردنی نەوت و گازۆلی بۆ ئەفغانستان دەست پێ کردۆتەوە. ئاڵوویری ئێران دەگەڵ ئەفغانستان، کە ئێستا پێنجەمین بازاڕی کەلوپەلی هەناردە بێجگە لە نەوتە، بەگوێرەی ڕاپۆرت لە هەر سێ دەروازەی سنووری گەڕاوەتەوە دۆخی ئاسایی. لەوەش زیاتر، تاڵیبان ئێرانی بۆ ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی دەوڵەتی نوێ، لەگەڵ پاکستان، چین، ڕوسیە، تورکیە و قەتەر، بانگهێشت کردووە، ئەگەرچی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران بەشداریی ئەو وڵاتەی بە کردەوەکانی تاڵیبانەوە گرێ داوە.

بەپێچەوانە، ئێران بە هۆی لەشکری فاتمیونەوە، یەکێک لە چەند یەکەی شەڕکەر کە هێزی قودسی سوپای پاسداران بۆ دەستێوەردان لە شەڕی نێوخۆیی سووریە دروستی کردوون، کارتی هەڕەشەی لە بەرانبەر ئەفغانستان بەدەستەوەیە. ئەو لەشکرە لە هەزاران شەڕکەری شیعە پێکهاتووە و ئەندامەکانی زۆربەیان پەنابەری ئەفغانی لە ئێرانن کە بە بەڵێنی بوون بە شارۆمەندی ئێران و سوودی ئابووری، ئەگەرچی زۆرجار بە تۆبزی، لە نێویاندا بە هەڕەشەی دیپۆرت، بوونە ئەندام. لە ٢٨ی جولای، بەرپرسیکی فاتمیون ئەو ڕاپۆرتەی ڕەت کردەوە کە دەیگوت ئەوان دژی تاڵیبان لە ئەفغانستان جێگیر دەبن و لە جیاتان ئەمریکا و ئیسرائیلی بەوە تاوانبار کرد کە هەوڵ دەدەن لە نێوانیاندا ناکۆکی ساز بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە لەبەر چاو گرتنی ڕچەڵەکی لەشکری فاتمیون و ئەگەری ئەوە کە ئەندامەکانی ئێستا دەتوانن لە جیات

شەڕ لە شوێنێکی دوور وەک سووریە، بۆ پرسی ڕاستەقینە و لە وڵاتی خۆیان شەڕ بکەن، ئەگەر پێویست بێ ئێران بەهاسانی دەتوانێ لە ئەفغانستان کەڵکیان لێ وەرگرێ. بێجگە لەوە، لە کاتێکدا کە فەرماندەی هێزی قودس، ئیسماعیل قائانی پەلەقاژەیەتی تا وەک فەرماندەی پێش خۆی قاسم سولەیمانی، میلیشیا شیعەکانی عێراق بێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، ئەو ئەزموونی قووڵی لە بارەی ئەفغانستان و ئاسیای ناوەندی هەیە و ئامادەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ناسەقامگیریی خۆرهەڵاتی ئێرانە. بەڵام، جارێ ئەوە سێناریۆیەکە کە ئێران دەخوازی بەهەر نرخێک بێ خۆی لێ ببوێرێ. لە کۆبوونەوەیکی پشت دەرگای داخراو، بۆ زنیاریدان بە ئەندامانی پارلمان، قائانی ڕایگەیاند کە ئێران هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە کایەوە تا خۆ لە شەڕ دەگەڵ "سوننییەکانی" ئەفغانستان -تۆ بڵێ تاڵیبان- ببوێرێ، کە بە گوتەی ناوبراو لە پێش هەمووانەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدا بواری بۆ خۆش بکا.

بێجگە لەوە، ئەفغانستان گیروگرفتێکی فرە لایەنەیە کە پێویستی بە وەڵامی فرە لایەنەیە. ئەوە ڕەوایی ئێران بۆ بوون بە ئەندامی ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای بەهێز دەکا. بێجگە لە تورکمەنستانی بێلایەن، ئێران تاقە جیرانی ئەفغانستانە کە هێشتا نەبۆتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە و تەنیا ئەندامی چاودێرە. ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە، لە ناویاندا تاجیکستان و بەتایبەتی چین، بەربەستیان خستۆتە سەر ڕێگای ئێران بۆ بوون بە ئەندام. یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە، کە ڕەنگبێ گرینگترینیان بێ، ئەو تاقمە نایهەوێ وەک گرووپێکی بەئاشکرا دژی خۆرئاوا دەرکەوێ. (بە بوونی ڕوسیە و چین وەک ئەندامانی دامەزرێنەری ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای، ئەو ئاکامگیرییە هاسانە.)

بەڵام ئێستا، لە سەردەمی دوای کشانەوە لە ئەفغانستان جارێکی دیکە ئەرکی ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهایە کە بەربەرەکانی دەگەڵ تێرۆریزم، توندئاژۆیی و جیاییخوازیی و هەروەها پشتگیریی لە سەقامگیریی ناوچە بکا، کە دەردەکەوێ بە بێ بەشداریی ئێران کارێکی دژوار بێ. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە تەنیا چوار ڕۆژ پێش کەوتنی کابول، دەبیری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، عەلی شەمخانی، باوەڕبەخۆیانە لە تویتێکدا نووسی کە "بەربەستە سیاسییەکانی بە ئەندامبوونی ئێران لە ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای لەنێو چوون و ئەندامەتیی تاران بەو زووانە جێبەجێ دەبێ".

دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی تاڵیبان دەبێتە خاڵی ئاڵوگۆڕی سیاسەتی ناوچە وەک دەستیوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠١، هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ١٩٩١ و سەرهەڵدانی عەرەبی لە ٢٠١١. ئەو ڕووداوانەی پێشووش، ئێرانیان ناچار کرد خێرا لەگەڵ هەڕەشە و دەرفەتەکان هەڵسوکەوت بکا.

بەشی: دووهەم

ئێران ئەو دووربینییەی هەبووە کە لەکاتی چاوەڕوانیدا بۆ کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێوەندییەکانی لەگەڵ تاڵیبان گەشە پێ بدا. لەگەڵ ئەوەشدا، مەزنترین حکوومەتی ئایینیی دنیا ئێستا وێدەچێ خۆی بەرەوڕووی حکوومەتێکی دیکەی ئایینی لە خۆرهەڵات ببینێتەوە کە نیوەی ڕووبەری ئێران و یەک ١/٣٤ی داهاتی سەرانەی ساڵانەی هەیە و لە ڕوانگەی سەربازییەوە وەک ئەو ناچی بەڵام سەلماندوویەتی کە پۆتانسیەلی ناسەقامگیر کردنی هەیە. وڵاتە یەکگرووەکان لەوانەیە ئەفغانستانی دۆڕاندبێ، بەڵام گەلۆ ئەوە بە قازانجی ئێرانە؟ ئەوە هێشتا زۆر ناڕوونە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢١

## بێتوو بەڕیوەبەرایەتیی بایدن دژی ئێران نەوەستێتەوە، کۆنگرە دەبێ دژی بایدن بوەستێتەوە

سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ ئێران خەریکی تێکڕمانە و دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کە کۆنگرە لە ئامرازێکی سەرەکی کە لە ٢٠١٥ دروست کرا، لە بڕیاری پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران(INARA) ، کەڵک وەرگرێ. ماوەیەکی کورت دوای هاتنە سەرکاری سەرکۆمار بایدن، وڵاتە یەکگرتووەکان و پێنج زلهێزی دیکە، بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان، ڕووسیە و چین شەش جار لەگەڵ ئێران کۆبوونەوە تا ڕێککەوتنی ٢٠١٥، کە بە بەرجام ناسراوە، و بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە ٢٠١٨ بەجێی هێشت، چالاک بکەنەوە.

وتووێژەکانی مانگی جوون بەولاوە، ماوەیەکی کورت دوای دەسبەکاربوونی سەرکۆماری هەرە توندڕەوی ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕاگیراون. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، وەک نیشانەیەکی ئاشکرای بێهیوایی بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، وێدەچی نزیک بێ پێشنیاری سووککردنی بەرچاوی ئابلۆقەکانی ئێران بدا کە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی پەرەپێدانی چالاکییە بەدخوازانەکانی ڕێژیم.

بە چاوخشاندنێک بە لیستەی بەرپرسە توندئاژۆکانی کابینەی ڕەئیسی، لە ناویاندا جێگری وەزیری دەرەوە، "عەلی باقری کانی"، وێدەچێ تاران ئامادەی پانکردنەوەی دانوستانکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان بێ. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن کە تاکلایەنانە بەشێک لە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی سووک کردوون و بەگوێرەی ڕاپۆرت ڕەزامەندیی بۆ پاشەکشەی زیاتر لەوەی لە بڕیارەکانی بەرجامدا هاتوون دەربڕیوە، ئێستا وێدەچێ خولیای ناردنی لافاوی پارە بەرەو تاران، بە ئازادکردنی ٩٠ میلیارد دۆلار سامانی دەستبەسەرداگیراو، و هەڵگرتنی ئابلۆقەکانی پێوەندیدار بە تێرۆریزم، مووشەکی بالیستیکی و پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بێ کە هیچ پێوەندییەکیان بە بەرجامەوە نییە.

لەوەش زیاتر، بەڕیوەبەرایەتیی بایدن پرسیارەکانی کۆنگرە لەمەڕ وردەکاریی ئەو شتانەی ڕەزامەندییان لەسەر داوە پاشگوێ دەخا. لە پشت شانۆ، وەزارەتی دەرەوەی بایدن، بە پاشگوێخستنی نامەکانی سێناتۆران و نوێنەران کە داوای وردەکاری و بەڵگەکانی سیاسەت بەرانبەر بە ئێران و ئەو ئابلۆقانەی کە قەرارە هەڵگیرێن دەکەن، بەربەستێکی قایم بۆ کۆنگرە دروست دەکا. داواکارییەکان یان بێ جواب ماونەوە یان بەڕێوەبەرایەتییەکە زانیارییەکی زۆر کەمی درکاندووە.

کاربەدەستانێک کە لە لایەن حیزبەکانەوە دەسنیشان نەکراون، لە دانیشتنی نافەرمیدا دەڵێن کە بەڕیوەبەرایەتیی بایدن نیگەرانییە نێوخۆییەکان و نارەزایەتییەکانیان پاشگوێ خستووە یان بێدەنگیان کردوون.

لە پێش و دوای دەسبەکاربوونی بایدن، ڕاوێژکارەکانی نارەزایەتییان بەرانبەر بە هەڵمەتی ئەوپەڕی زەختی ئابووریی ترامپ دەردەبڕی کە سەرکۆماری پێشوو دوای هاتنەدەر لە بەرجام سەپاندنی. تیمی بایدن هۆشداریی دەدا کە ئابلۆقە، ئاکارە بەدخوازانەکەی ئێران خراپتر دەکا و دەبێتە هۆی بەربڵاوتربوونی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران. ئێستا، بەڕێوەبەرایەتییەکەی هەشت مانگی کات هەبووە تا هەڵوێستەکەی تاقی بکاتەوە: دیپلۆماسیی دڵخواز و فرەلایەن هاوشانی وەستاندنی سەپاندنی ئابلۆقە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە تا ببێتە هۆی ماقووڵکردنی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی.

ئاکامەکە کارەساتبار بووە. تەنیا ئەو هاوینە، گەڕانەوەی دیپلۆماسی و ژێستی ئاشتیخوازانە بۆتە هۆی بۆمب دانانەوە بۆ پاپۆڕی نەوتهەڵگری بیانی و هێرش بۆ سەر دامەزراوەی ئەمریکایی لە عێراق، لەگەڵ ئاشکرابوونی پیلانی بەبارمتە گرتن و ناردنەوەی بەرهەڵستکارێکی ناوداری ئێرانی-ئەمریکایی، مەسیح عەلینژاد، لە ماڵەکەی ڕا لە بروکلین، لەلایەن ڕێژیمی مەلایانەوە. لە سەرەتای ئەو مانگەدا وەزیری کاروباری دەرەوە، ئانتۆنی بلینکن، دانی پێدانا کە ڕێژیم هێشتا شارۆمەندی دیکەی ئەمریکا دەکاتە ئامانج، لە ناویاندا کاربەدەستانی هەنووکەیی و پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان.

چارەنووسی پرسی ئەتۆمییش، کە ئێران بە خۆکەڕکردن لە داواکارییەکان، زلهێزانی دنیای بێدەسکەوت کردووە، لەوە باشتر نەبووە. تاران ئاستی پیتاندنی بۆ ٪٦٠ بەرز کردۆتەوە و دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم، کە هەنگاوی سەرەکیی بەرەو گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمین. ئێران هەروەها ئاستی چاودێریکردنی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی کەم کردۆتەوە و پێشی بە لێکۆڵینەوەی ئاژانس لە پێگەی ئەتۆمی، کەرەستە و چالاکییە ڕانەگەیندراوەکانی گرتووە. تاران سەرکەوتووانە خۆی لە سزاکانی دەستەی بەڕێوەبەریی ئاژانس لەبەر پێشێلکارییەکانی بواردووە.

ئێران زۆر لە نیگەرانی دەربڕینەکانی ئەورووپا و ئەمریکای پاشگوێ خستوون، لە "نیگەرانیی قووڵ" تا "نیگەرانیی بەهێز"، لەبارەی چالاکییە ئەتۆمییە پەرەئەستێنەکان، بێ هیچ سزایەک لەلایەن پێتەختەکانی خۆرئاواوە. بلینکن هەموو هەوڵی خۆی دەدا تا وەک "پۆلیسی خراپ" دەرکەوێ، هەڕەشە دەکا کە دانووستانەکان ناتوانن تا هەتایە درێژەیان هەبێ، بەڵام بەڕێوەبەرایەتییەکەی وێدەچێ لەمەڕ هەنگاوی داهاتوودا دەستەوەستان بێ. لە هەمان کاتدا، ئامرازەکانی زەخت لەلایەن ئەمریکاوە لەکیس دەدرێن.

**بەشی: دووهەم**

لە سەرەتای دەسبەکاربوونی بایدن، ئێران تووشی زەختێکی ئابووریی گەلێک قورس ببۆوە و تەنیا ٤ میلیارد دۆلار دراوی بیانیی لەبەر دەستدا بوو و قەرزی لەسەر کەڵەکە دەبوون و قەیرانی هەڵاوسانی نرخەکان، هاوکات لەگەڵ وەستانی ئابووری کە هۆیەکەی ئابلۆقەکانی ئەمریکا و گەندەڵیی خودی ڕێژیم و ناکارامەییەکەیەتی، قووڵتر دەبوو. بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، ئاستی بازرگانیی ئێران لە نێوان ٢٠١٩ تا ٢٠٢٠، ٪٤٠ (١٨ میلیارد دۆلار) دابەزیوە. بەڵام بە هۆی وتووێژە نارێکوپێکەکانی ئا ئێستا، ئێران توانیویەتی بە ئاکامەکانی سووککرانی ئابلۆقەکان شاد بێ و داهاتی هەناردەکردنی نەوتی دوو هێندەی ٢٠٢٠ بەرز کردۆتەوە. ئەو بیزنسە نزیکەی ٧ میلیارد دۆلاری داهات گەیاندۆتە تاران و پێشی بە هەرەسهێنانی ئابووری گرتووە کە هەڕەشەیەک بوون بۆ سەر ڕێژیم و چالاکییە نایاساییەکانی. ئیتر بەسە. کۆنگرە دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە یاساکانی پەسەند کراو بۆ جێبەجێکردنی بەرجام لە ٢٠١٥ (INARA) دژی سیاسەتی گەمژانەی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەرانبەر بە ئێران، دەستێوەردان بکا. کۆنگرە دەبێ کەڵک لەو قانوونە وەرگرێ تا پێش ئەوەی واشینگتۆن لە بەرانبەر تاران پاشەکشەی زۆرتر بکا، پێش بە سووککردنی ئابلۆقەکانی ئێران بگرێ.

تا ئەمڕۆ، کۆنگرە جەختی لەسەر بەشی یەکەمی ئاو یاسایە کردۆتەوە، کە ئەو مافە بە کۆنگرە دەدا پێداچوونەوە بە هەر ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بکا و پەسەندی بکا. بڕیارنامەکە دەسەڵاتی بەربڵاوی چاودێریکردن بە سەر هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی بۆ گەڕانەوە بۆ بەرجامی پێشوو یان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ، دەسکاریکراو یان ڕێککەوتنی دواتر داوە بە کۆنگرە INARA :دیاریکردووە کە لە ماوەی پێنج ڕۆژ دوای ئەوە کە لقی بەڕیوەبەریی بگاتە هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ، سەرکۆمار دەبێ تەواوی وردەکارییەکان بداتە کۆنگرە تا ئەوان لە پرۆسەیەکی ٦٠ ڕۆژەدا پێیدا بچنەوە.

ئەو بەڕیوەبەرایەتییە ناتوانێ ئابلۆقەکانی سەپێنراو لە لایەن کۆنگرە دژی ئێران سووک بکا تا پرۆسەی پێداچوونەوەی کۆنگرە کۆتایی نەهاتووە. هەروەها کۆنگرە دەبێ پێداگر بێ کە هەر جۆرە مێکانیزم یان ڕێککەوتنێکی گەڕانەوەی هەموو لایەک بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە ئەسڵییەکە دەبێ بەگوێرەی بڕیاراتی INARA بێ.

بەڵام لەو ماوەیەدا، کۆنگرە دەبێ مێکانیزمێکی دیکەی INARA بۆ چاودێریکردن کە بە گشتی پێی دەڵێن "گەڕانەوەی یاسایی بۆ دۆخی پێشوو" بەکار بێنێ. ئەو ئامرازە دەنگدان لە کۆنگرە و ئەنجومەنی پیران، ئەگەر ڕێبەرانی زۆرینە و کەمینە کەڵک لەو مافەیان وەرگرن، بۆ پێشگرتن بە سووککردنی ئابلۆقەکانی سەپێنراو بەسەر ڕێژیمی ئێران مسۆگەر دەکا. دەرفەتی دەنگدانەکە دەتوانێ تەنیا لە ماوەی ئەو ٦٠ ڕۆژەدا بێ کە هەر ٩٠ ڕۆژ جارێک بە هۆی شکستی

بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە سەلماندنی ئەوە کە ئێرانییەکان بەڵێنییەکانیان بەگوێرەی بەرجام جێبەجێ کردووە، دەرەخسێ. هەلی ئێستای گەڕانەوەی یاسایی بۆ دۆخی پێشوو لە ٢٢ی سێپتەمبەر تا ٢١ی نۆڤەمبەرە. چونکە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هێشتا نەگەڕاوەتەوە بۆ بەرجام. ڕێبەرایەتیی کۆماریخوازی کۆنگرە دەبێ کەڵک لەو دەرفەتە بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو وەرگرێ. ڕێبەریی کۆنگرە دەبێ پێش ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هەوڵ بدا گەڕانەوە بۆ بەرجام بکاتە ئەمری واقیع و ئیزن بە ڕێژیم بدا دەستی بە سامانە سڕکراوەکانی ڕابگا، هەنگاو بنێ.

کۆنگرە و ئەنجومەنی پیران پێویستییان بە پەسەندکردنی بڕیارنامەیەک بە زۆرینەی ساکارە تا پێش بە هەڵگیرانی ئابلۆقەکان بگرن، ئەگەر وانەبێ دەچێتە بەر دەستی سەرکۆمار و ئەویش بێگومان ڤیتۆی دەکا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە دێموکڕاتەکان زۆرینەی کۆنگرە و ئەنجومەنی پیرانیان بەدەستەوەیە و خۆیان ناچار دەبینن پشتگیری لە دەسپێشخەرییەکی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی بایدن بکەن، وێناچێ بیانەوێ ڤیتۆی سەرکۆمار پووچەڵ بکەنەوە کە دوو لە سەر سێی دەنگەکانی پێویستە. کۆنگرە لە ٢٠١٥ کە زۆرینەی بەدەست کۆماریخوازانەوە بوو، نەیتوانی دەنگی پێویست بۆ پێشگرتن بە بەرجام کۆ بکاتەوە، ئەگەرچی ٪٦١ی ئەندامان دژی ڕێککەوتنەکە بوون، لە ناویاندا ٢٥ ئەندامی دێموکڕاتی کۆنگرە و چوار ئەندامی ئەنجومەنی پیران کە سەر بە حیزبی دێموکڕات بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبەرانی کەمینە، بە لەبەرچاوگرتنی کەڵەکەبوونی نارەزایەتیی دێموکڕاتەکان لە سیاسەتی بایدن، دەتوانن بگەنە زۆرینەی دوو لە سەر سێ.

بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئاکامەکە، دەنگدان لەسەر ئەو پرسە کە دەرخەری دژایەتی بەرچاوی کۆنگرەیە، دەتوانێ پەیامێکی بەهێز بێ بۆ تاران کە ئەگەر ئێران دەست لە چالاکییە بەدخوازەکانی هەڵنەگرێ سەرکۆماری کۆماریخوازی داهاتوو ویدەچێ ئابلۆقەکان بسەپێنێتەوە. دەنگدان بە هەمان شێوە مەترسییەکانی تێوەگلان لە ئابووری ئێران بە کۆمەڵگای بازرگانیی ناونەتەوەیی نیشان دەدا و تێیان دەگەیەنێ کە ڕەنگبێ ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بگەڕێنەوە. دەنگدانێکی سیمبۆلیک هەروەها نیشانی دەدا کە ئێران ناتوانێ بێ بەرپەرچدانەوە، قەڵسە بە وڵاتە یەکگرتووەکان بگێڕێ و بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی کەڵەگایەتی بکا.

بە هەمان شێوە، کۆنگرە دەتوانێ بە پرۆسەی پێداچوونە بە بەرجام بە کەڵکوەرگرتن لە INARA بۆ زەخت خستنە سەر بەڕێوەبەرایەتیی بایدن وەرگرێ تا هەنگاوی هەستپێکراو و یەکلاکەرەوە دژی ئێران، بەهۆی بەئامانجگرتنی بەردەوامی شارۆمەندانی ئەمریکا و پرۆڤۆکاسیۆنی نێونەتەوەیی دیکە، هەڵگرێ. تا ئێستا، کۆنگرە کەم بڕیاری هەستپێکراوی بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ چالاکییە بەدخوازانەکانی ئێران داون و لە دوای دەسبەکار بوونی بایدن، هیچ دەنگدانێکی بەرچاوی

پێوەندیدار بە ئێران لە کۆنگرە یان لە ئەنجومەنی پیران بەڕێوە نەچووە. کۆنگرە ئاشکرای کردووە کە چەند کردەوەی سەرەتایی ئەو حەفتەیە دەست پێ دەکەن، لە ناویاندا چەند بڕیارێک لەژێر قانوونی ڕێگەپێدرانی بەرگریی نێشتمانی بۆ ئەرکدار کردنی بەڕێوەبەرایەتی تا سووککردنی ئابلۆقەکانی پێوەندیدار بە تێرۆریزم و گەشەکردنی سەربازیی تاران و هاوپەیمانیی لەگەڵ چین بە کۆنگرە ڕابگەیەنێ.

دەنگدان بە گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو لە ژێر بڕیاری INARA دەبێتە هۆی پشتیوانییەکی سیاسیی گەلێک قایمتر، تەنانەت ئەگەر سیمبۆلیکیش بێ، دژی پاشەکشەی بەرچاوی دانوستانکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە بەردەوام نیشانیان داوە ناتوانن مەتەرێزیان دژی کەڵەگایەتیی ئێران بپارێزن. کۆنگرە دەبێ ئێستا بۆ کۆنترۆڵ کردنی خراپترین خولیا بیر لێ نەکراوەکانی سیاسەتی دەرەوە هەنگاو بنێ. بە دەسپێکی پرۆسەی گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشووی ڕێگاپێدراو لە INARA ، کۆنگرە دەتوانێ چاودێریی بەسەر سیاسەتی بایدن بەرانبەر بە ئێران، کە گەلێک پێویستە، بگەڕێنێتەوە.

**دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسیان – گابریەل نۆرۆنها، ئاندرێیا سترحکەر، مەتیو زوایگ**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

## گەلۆ هاوپەیمانییەک لە نێوان ئێران و چین هەیە؟

نورشەلیم پۆست - جاناتان سپایەر

ڕۆژی ١٧ی سێپتەمبەری ڕابردوو، لە کۆبوونەوەی دوشەنبە لە تاجیکستان، ئەندامانی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، بە دەنگدان ئەندامەتیی ئێرانیان لەو ڕێکخراوەدا پەسەند کرد.

ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، لە ٢٠٠١ لەلایەن چین و ڕوسیە وەک هاوپەیمانییەکی ئابووری، سیاسی و ئەمنیەتی، دامەزرێندرا و هەنووکە هەشت وڵات تێیدا ئەندامن، چین، ڕووسیە، پاکستان، هیندوستان، قەزاقستان، قرقیزستان و تاجیکستان. بەیەکەوە، ئەو وڵاتانە ٢٠٪ی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی جیهانیان بەدەستەوە و ٤٠٪ی حەشیمەتی دنیا پێک دێنن.

یەکەم هەوڵی ناسەرکەوتووانەی ئێران بۆ ئەندامەتیی تەواو لە ٢٠٠٨دا بوو. ئەوکاتی، داواکەی ئێران لەبەر دژایەتیی هێندێک وڵاتی ئەندام بەرانبەر بە ئەندامەتیی ئەو وڵاتە بەهۆی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، پێوەندیدار بە بەرنامە ناوەکییەکەی ئەو وڵاتە، بوو.

ساڵی ڕابردوو تاران جارێکی دیکە داوای کردەوە. هەوڵەکانی دیسان لەبەر دژایەتیی تاجیکستان شکستی هێنا. بەڵام ئەمجارەیان بەربەستەکان بەرەو ئەندامەتیی تەواو هەڵگیران، ئەگەرچی هێشتا هیچ بەروارێک بۆ بە ئەندامبوونی ئێران دەستنیشان نەکراوە.

### وەرگیرانی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، چەندە گرینگە؟

مێدیای ئێرانی، لە وتارێکدا کە لە لایەن ئاژانسی فرانس پرێسەوە ئاماژەی پێ کراوە، بەو ڕووداوە شاگەشکە بوون.

کەیهان، بڵاڤۆکێکی خاوەن هەڵوێستی توندڕەوانە، نووسیی: "لێرە بەولاوە ئێران بۆخۆی سیاسەتی فرەلایەنی جێبەجێ دەکا، وردە وردە پشت لە ڕوانگەیەک دەکا کە پشتی تەنیا بە خۆراوا بەستبوو و ئاسەواری ئابلۆقەکانی خۆراوا کەم دەکاتەوە".

سەرکۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی، لە وتارەکەیدا بەرەوڕووی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، بە هەمان شێوە لە هەڵسەنگاندنی مانای ئەو ڕووداوە ناڕوون بوو. ڕەئیسی بە ڕێبەرانی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای گوت: "دنیا چۆتە نێو قۆناخێکی نوێوە. هێژمۆنیی و تاکلایەنی شکستی هێناوە، هاوسەنگیی نێونەتەوەیی لە ئێستاوە بۆ لای فرەلایەنی و دابەشینەوەی دەسەڵات بەرەو وڵاتانی سەربەخۆیە. ئابلۆقە تاکلایەنانەکان تەنیا تاکە وڵاتێک ناکەنە ئامانج. لەو ساڵانەی دواییدا، ئاشکرا بووە کە ئەوان زۆرتر کاریگەرییان لەسەر وڵاتانی سەربەخۆ هەیە، بەتایبەتی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای".

هاوکات، لە سۆشیال مێدیای فارسدا، محەممەد حەسەن دیهقان، کاربەدەستێکی پێکهاتەی "ئابووریی خۆڕاگری" کە سەر بە سوپای پاسدارانە لە تویتێکدا نووسی کە "ئەندامەتیی تەواو " لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای دەبێتە هۆی "سوودی بەرچاوی ئابووری، ئەمنیەتی و سیاسی" بۆ ئێران.

کە وابوو، گەلۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئێرانییانە دروستە؟ دەکرێ ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای وەک هەنگاوێکی مەزن بەرەو سەرهەڵدانی بلۆکێکی ستراتیجیکی دژی خۆراوا بێ، کە ئێران دەبێتە ئەندامی؟

لە پێتەختەکانی خۆراوا باسی بەردەوام لە دەسپێکی شەڕێکی ساردی نوێ دەکرێ، کە دەبێتە هۆی بەربەرەکانیی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی دژی چین و، ناوەندی ئەو شەڕە ناوچەی نێوان ئوقیانوسەکانی هیند و ئارام دەبێ.

کشانەوەی خێرای وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان ڕەنگبێ هەنگاوێکی نابەجێ بۆ کشانەوە لە هێڵی سووری جەنگەکانی ١١ی سێپتەمبەر بێ، تا سەرنج و سامانەکان ئاراستەی پێداویستییەکانی ئەو کێبڕکێ و سەردەمە نوێیە بکرێ. ئەو چەشنە کێبڕکێ ستراتیجیکییە مێژووییانەی نێوان زلهێزانی جیهانی لە ناوچەیەکی جوگرافیایی دیاریکراودا قەتیس نامێننەوە. شەڕی ساردی ١٩٩١-١٩٥٠ لە کێبڕکێی دوولایەنانەی سیستەمەکانی ژێر ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت پێکهاتبوو، کە کاریگەریی لەسەر هەموو ژینگە ستراتیجیکییە هەرێمییەکان هەبوو.

ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی ئاکوس لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان، ئوستراليا و بریتانیا دەرخەری هێڵێکی زەق لە ناوچەی نێوان ئوقیانوسەکانی هیند و ئارامە، یەکگرتنی ئەو سێ وڵاتە ئینگلیزی زمانە هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ سنووردا کردنی

هەوڵەکانی چین بۆ پەرەگرتن لەو ناوچەیەدا.

کێبڕکێ جیهانییەکانی پێشوو، وەک هەوڵی دەسەڵاتە ئیمپراتورییەکانی ئەورووپا بۆ سنووردارکردنی سەرهەڵدانی ئاڵمان لە سەردەمی پێش ١٩١٤، بە هەمان شێوە گۆی زەوی گرتەوە (و لەو کێشەیەی کە ئەو هەوڵانە لە کۆتاییدا خوڵقاندی، دنیای گۆڕی).

ئاخۆ ئێمە شاهیدی یەکەم جووڵەکانی کێشانی هێڵی ئەوتۆ لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە دەرکەوتنی هێڵەکان لە نێوان بلۆکەکانی هاوتەریبانی ئەمریکا و هاوتەریبانی چین، لە ئاسۆین؟

یەکەم، چەند هۆشدارییەک پێویستن. ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای هێشتا بە هیچ شێوەیەک لە هاوپەیمانییەکی ستراتیجیکیی بە ڕێبەرایەتیی چین دژی خۆراوا نزیک نییە. ئەندامەکانی هیندوستان دەگرێتە خۆ کە کێبڕکێکاری چین و هاوپەیمانی خۆراوایە. ڕێکخراوەکە دەگەڵ ئێرانیش، لە دڕدۆنگی بەرانبەر بە سیستەمی نێونەتەوەیی لە بەرنامە ئەتۆمییەکەیدا هاوتەریب نییە. لە جیاتان، ئابلۆقەکان نیگەرانییەکی سەرەکیی بۆ پێشگرتن بە ئەندامەتی تەواوی تاران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای بوون.

تەنانەت هەنووکە، هێڵێکی کاتی بۆ بەئەندامبوونی تاران لە ڕێکخراوەکەدا هێشتا ڕانەگەیەنراوە. وەبەرهێنانی مەزن لە لایەن ڕووسیە، چین و هیندوستان لە ئێران بێگومان بە هەڕەشەی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چاوترسێن دەکرێن. جێگای ئاماژەیە کە شێوەی وەبەرهێنانی چین لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەگەڵ هاوپەیمانییەکی تۆخ دەگەڵ بلۆکێکی ناوچەیی یەک ناگرێتەوە. بەیژینگ کڕیارێکی مەزنی نەوتی عەڕەبستانە و، بازرگانی بەربڵاوی دەگەڵ ئیسرائیل و ئیماراتی یەکگرتووەی عەڕەبی هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا و بە هەموو هۆشیارکردنەوەکان دژی ساکارکردنەوەی لە ڕادەبەدەر، ئاراستەیەکی گشتی بۆ ڕووداوەکان بەدی دەکرێ و ئەو ئاماژە بە هاوتەریبی لە نێوان بەیژینگ و تاران، لەسەر بناخەی بەرژەوەندییە هاوبەشە ڕەق و درێژمەوداکان دەکا. ئەندامەتی لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای هۆی پتەوکردنی ئەو پرۆسەیە نییە، ئەوە ڕێنیشاندەرێکی سەر ڕێگایەیە.

لە ٢٧ی مارسی ٢٠٢٠، تاران و بەیژینگ ڕێککەوتنێکی ستراتیجیکی ٢٥ ساڵەیان، بە وەبەرهێنانی ٤٠٠ ملیارد دۆلاری لە لایەن چینەوە لە ئێران، ڕاگەیاند. ئەو ڕێککەوتنە زۆرتر نەخشە ڕێگایەکە بۆ داهاتوو، نەوەک ڕێککەوتنێک کە ئاسەوارەکەی دەسبەجێ دەردەکەون. ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕەت بکرێتەوە. بەرزبوونەوەی پلەی ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهایدا یەکەم ئاسەواری هەستپێکراوی ئەو ڕێککەوتنەیە.

ئێران بەشێکی سەرەکیی دەسپێشخەریی بەرزەفڕانەی پشتێند و جادەی (جادەی ئاوریشمی نوێ کە چین لە پشتیەتی. و.) چینە. دەسپێشخەریی پشتێند و جادە بەتەمایە ڕێگای بازرگانیی وشکانی و دەریایی لێکدانەبڕاوی هاوتەریبی چین، لەوێوە بۆ ئەوراسیا مسۆگەر بکا.

ئێران بۆ وڵاتانی ناوەندی ئاسیای ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای کە سنووری ئاوییان نییە، ڕێگای دەسڕاگەیشتن بە دەریای عەرەب و ڕێگا ئاوییەکانی نێونەتەوەیی دەستەبەر دەکا. گونجاندنی ئێران لە دەسپێشخەریی پشتێند و جادە یارمەتی بە هەوڵی چین بۆ بوون بە دەسەڵاتێکی خاوەن هێژمۆنی لە ئەوراسیا دەکا کە کۆنترۆڵی ڕێگا بازرگانییەکانی ئەو وەڵاتە لەگەڵ وڵاتانی هاوتەریبی خۆی بەدەستەوەیە.

لەو ڕوانگەیەوە، وێناچی چین بەرانبەر بەو ڕاستییە، کە هێشتا لە لایەن چاودێرە ساویلکەکانی خۆراواوە وەک پێویست لەبەر چاو ناگیرێ، بێ تەفاوەت بێ کە تاران دەسەڵاتی سەرجەم خاکی نێوان سنوورەکانی ئێران - عێراق و دەریای مەدیتەرانەی بەدەستەوە بێ کە لە سێ وڵاتی بەناو عێراق، سووریە و لوبناندا هەڵکەوتوون.

بۆ چین، ئێران وڵاتێکی بەهێز، سەقامگیر و بێ هەڕەشەیە (بۆ سەر چین. و.). هەڵوێستی دژە ئەمریکایی ئێران بەکەڵکی چین دێ تا دڵنیا بێ کە هیچ ئەگەرێک بۆ قوماری ئەو وڵاتە لە کێبڕکێی ستراتیجیکییەکەی نێوان واشینگتۆن و بەیژینگ ناکا. ئەوە سەرەڕای ئەو ڕاستییەیە کە چین، بێگومان، هاوڕای بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی دەسەڵاتداریی لە ئێران نییە. بەڵام لەو ڕوانگەیەوە، سروشتی شیعەی ئەو ئایدیۆلۆژییەیە بەو مانایەیە کە ئێران پوتانسیەلی بوون بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی، حەشیمەتە نەچەماوە موسڵمانەکەی، کە زۆرینەیان سوننین، نییە.

دەسپێکی پێوەندیی نزیکتر لە نێوان تاران و بەیژینگ هەر ئێستا ئاکامێکی بەرچاوی لێ کەوتۆتەوە. بەرخۆدانی لاسارانە و سەرکەوتووانەی ئێران دژی سیاسەتی "ئەوپەڕی زەخت" لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەکاتی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ تا

ڕادەیەک بەهۆی بوونی چین وەک جۆرێک "بیمە" بوو کە تاران پشتی پێ بەستبوو. کڕینی بەردەوامی نەوتی خاوی بە نایاسایی هەنارده کراوی ئێران لە لایەن چینەوە، بە تایبەتی، دەرفەتی وەدەستهێنانی داهاتی نەوت سەرەڕای ئابلۆقەی "ئیفلیجکەر"ی بۆ تاران دەستەبەر دەکا. سەردەمی ئەوپەڕی زەخت ئێستا کۆتایی هاتووە. تاران لە پەڕینەوە لە "بەربەستی" بوون بە دەسەڵاتێکی ئەتۆمیی نزیک دەبێتەوە (یان بە گوتەی هێندێک کەس، هەر ئێستا یەکێک لەوانە). بەیژینگ، بە بەرگریی لە تێکرمانی ئابووری ئێران، دەورێکی سەرەکیی لەو ڕوانگەیەوە هەبووە.

کەوابوو کێبڕکێیی جیهانیی کە خەریکە لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و چین دەست پێ بکا، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەک ناوچەیەکی بێلایەن ناهێڵێتەوە و دەگەڵ پەرە ئەستاندنی ئەو دوو بەرەیە، تاران، لەبەر هۆی ژێئۆستراتیجیکی و سیاسی وێدەچێ زۆرتر لە بەیژینگ نزیک بێتەوە. ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای بڕگەیەکی بەرچاو لەو ڕێگایەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

---

## بێنێت وەڵامەکانی لە بارەی ئێران لە لایە، بەڵام کەس گوێ ڕادەگرێ؟

### ئورشەلیم پۆست - لەهاڤ هارکۆڤ

سەرۆک وەزیران، نەفتالی بێنێت ئەو حەوتوویە لەبەر کۆنفرانسی گۆڕانی ئاووهەوا لە گلاسگۆ بوو و زۆر شتی لەسەر ئەو پرسە و لەبارەی داهێنانەکانی ئیسرائیل بۆ یارمەتی بە بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەکانی سەر ژینگە و شتی دیکە پێ بوو. بەڵام لە ڕوانگەی دیپلۆماسییەوە، کۆبوونەوەکە دەرفەتێک بوو بۆ بێنێت تا پەیامی دیکەش لە چاوپێکەوتنە تاکییەکان لەگەڵ ڕێبەرانی سەرانسەری دنیادا بگەیێنێت.

جێگای سەرسوڕمان نییە، پرسی سەرەکی کە پێوەندیی بە ئاجێندای ئاووهەواوە نەبوو و ئەو لە هەموو دانیشتنە دوو لایەنەکانی ئەو حەوتوویەدا دەیهێنانە گۆڕێ، ئێران بوو.

ئەو وتووێژانە لە کاتێکی هەستیاردا دێنە بەر باس، چونکە تاران درێژە بە خۆبواردن لە وتووێژ دەدا و بە لێدوانە لێڵ و خۆ دزینەوە لە ئەرکداریی، لەبارەی کاتی گەڕانەوەی بۆ مێزی وتووێژ دنیای لە نادڵنیاییدا هێشتۆتەوە، لە کاتێکدا کە خێرا گەشە بە بەرنامەی ئاتۆمییەکەی بەرەو خاڵی بێگەڕانەوە دەدا.

پێشوەچوونەکانی ئێران لە پیتاندنی ئورانیۆم شتێکە کە زلهێزە خۆراواییەکانی بەشدار لە ڕێککەوتنی بەرجام لە ٢٠١٥ ددانیان پێدا ناوە، ڕێبەرانی وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتی ئورووپایی، واتە فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا، ئەو شتەیان لە لێدوانەکەیاندا لە کۆبوونەوەی چەند ڕۆژ لەوەپێش لە G20 لە ڕۆم باس کرد.

ئەوان گوتیان: "لە کاتێکدا کە ئێران وتووێژەکانی بۆ گەڕانەوە بۆ نێو بەرجام کە لە مانگی جوون بەو لاوە بەڕێوە دەچوون، ڕاگرتوون، هەنگاوە وروژێنەرە ئەتۆمییەکانی، وەک بەرهەمهێنانی ئورانیۆمی پیتێندراو لە ئاستێکی بەرزدا و بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم، خێراتر کردوون. ئێران هیچ پێویستییەکی ڕەوای مەدەنیی بە هیچکام لەو هەنگاوانە نین، بەڵام هەردووکیان بۆ بەرنامەی چەکی ئەتۆمیی گرینگن".

بێنێت لەو کاتە دژوارە، لە ڕوانگەی ستراتێژیکییەوە، هاتە سەردانی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا بوریس جانسۆن و سەرکۆماری فەڕانسە ئێمانوێل ماکرۆن، کاتێک کە ئەوان لە هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ گێڕانەوەی ئێران بۆ وتوویژ ناسەرکەوتوو بوون، لە هەمان کاتدا ئێران هەنگاوەکانی بەرەو چەکی ئەتۆم خێراتر کردووە.

پەیامی بێنێت بۆ ئەوان و سەرجەم ئەو ڕێبەرانەی چاوی پێیان کەوت ئەوە بوو: زەختی زۆرتر بخەنە سەر ئێران و، هەڵوێستێکی سەخت دژی ئێران لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە و پێوەندییە دوو لایەنەکانتاندا بگرن.

بێنێت گوتی گەڕانەوە بۆ بەرجامی ٢٠١٥ هەڵەیە و کاریگەریی پێچەوانەی ئەوە دەبێ کە ئێوە چاوەڕوانیتان لێی هەیە. ئەو بە ڕێبەرەکانی گوت لابردنی ئابلۆقەکان بەو مانایەیە کە ئێران دراوی زۆرتری دەست دەکەوێ تا بۆ شەڕانشۆییە ناوچەییەکانی کەڵکیان لێ وەرگرێت.

بێنێت هەروەها پێیانی گوت ئیسرائیل چەندین ملیارد شەکەلی لە بودجەی نوێی دەوڵەتدا بۆ بەرگریی تەرخان کردووە، بە جەختکردن لەسەر پلانی ئۆپەراسیۆنی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڕەشەی ئێران.

سەرچاوەیەکی دیپلۆماتیک، بە کەڵکوەرگرتن لە پەندێکی پێشینیانی هیلەل بۆ شیکردنەوەی ڕوانگەی بێنێت لەمەڕ ئامادەکردنی ئەگەری هەنگاوی سەربەخۆیانەی ئیسرائیل دژی ئێران گوتی، "بێتوو من بۆخۆم نەبم، کێ بۆ من دەبێ؟"

بەڵام لە هەمان کاتدا، وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتە ئورووپاییەکە بەڕوونی ڕایانگەیاند کە ئەوان دەست لە ڕێگاچارەی وتوویژ بۆ گەڕاندنەوەی ئێران بۆ بەرجام و پاشان دیپلۆماسی هەڵ ناگرن.

لە لێکدوانەکەدا هاتبوو، "ئێمە دڵنیاین دەکرێ خێرا بگەینە لێکتێگەشتن و جێبەجێ کردنی گەڕانەوە و مەلکەچ بوونی تەواو و دڵنیابوونی درێژخایەن کە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران تەنیا بۆ ئامانجە ئاشتییانەکان دەبێ. ئێمە داوا لە سەرکۆمار ڕەئیسی دەکەین تا کەڵک لە دەرفەت وەرگرێ و بگەڕێتەوە بۆ هەوڵێکی متمانە پێکراو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی وتوویژەکان وەک پرسێکی بەپەلە. ئەوە تەنیا ڕێگای چێگای متمانە بۆ خۆ بواردن لە بەرزکردنەوەی مەترسیداری گرژییە، کە لە بەرژەوەندیی هیچ وڵاتێکدا نییە".

بەشی: دووهەم

لە کاتێکدا کە ئێران درێژە بە پیتاندنی ئۆرانیۆم دەدا، وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتەکەی ئورووپایی هەوڵ دەدەن ستراتێژییەکی گێزەر و قامچی بیيننەوە تا تاران بگەڕێننەوە سەر مێزی وتووێژ. بەڵام تا ئێستا، ئەوان تەنیا لە ئێران پاڕاونەوە بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ. بێگومان، ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەروا بەردەوامن، بەڵام ئەوان هێشتا ئێرانیان پێمل نەکردووە.

بێنێت پێی خۆشە قامچی زۆرتر ببینێ و ئەو گوتی ئەوەی بە هەموو ئەو کەسانە گوتووە کە چاوی پێکەوتوون. سەرچاوەیەکی سیاسی گوتی، خەڵک دەیانهەوێ هەڵوێستی بێنێت لە بارەی ئێران ببیستن، ئەوان ڕەزامەندییان بۆ درێژە پێدان بە گفتوگۆکان لە داهاتوودا دەربڕیوە.

بەڵام گەلۆ ئەوان بەڕاستی گوێ ڕادەگرن؟ جارێ، وێدەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتە ئورووپاییەکە درێژە بە پلانی A بدەن، ئەگەرچی نیشانەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە کاریگەر نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

## بۆچی عێراق دەبێ ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە؟

### واشینگتۆن پۆست - بابی گۆش

مستەفا ئەلکازمی، سەرۆکوەزیرانی عێراق شانسی هەبوو کە لە هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە بۆ سەر ماڵەکەی تەنیا بە برینێکی سووک ڕزگاری بووە، کە لە وتارەکەی سەر تەلەڤیزیۆن دوای هێرشەکە لە باندازی مەچەکی چەپی ڕا دیار بوو. بەڵام سەرەڕای داوای لەسەرەخۆبوون و درێژە بە کارەکان بدەن وەک هیچ نەقەومابێ، کازمی ناتوانێ ئەو زبرە قورسە بشارێتەوە کە بەر جەستەی سیاسیی عێراق کەوتووە. ئەو نابێ هەوڵی ئەو کارەش بدا.
هەوڵی ئاشکرای کوشتنی ناوبراو بیانوو دەداتە کازمی تا میلیشیاکان سەرکوت بکا، شتێک کە ماوەیەکی زۆری بەسەرەوە چووە. هیچ گومان لەوە دانییە کە هێرشەکە کاری یەکێک لە بەکرێگیراوانی ئێران بووە: لەنێو ڕێژەیەکی زۆر گرووپی چەکدار کە لە عێراق چالاکن، تەنیا ئەوان دەستیان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ڕادەگا، کە کۆماری ئیسلامی داویەتیە بەکرێگیراوانی لە سەرانسەری دنیای عەرەب، لە لوبنانەوە تا یەمەن.

لە عێراق میلیشیای شێعە کەڵکیان لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی بۆ هێرش بۆ سەر بنکە سەربازی کە هێزی ئەمریکایی لێ جێگیر کراون وەرگرتووە. ئەوان بە هەمان شێوە لە خاکی عێراقەوە کەڵکیان لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ هێرش بۆ سەر قووڵایی خاکی عەرەبستانی سعودیش وەرگرتووە. بەڵام سەرۆکوەزیران، لە ترسی تووڕە کردنی تاران، خۆی لە ئاشکرا کردنی تاقمەکانی بەرپرسی ئەو هێرشانە بواردووە و لەوەش کەمتر دابینکارانی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی مەحکوم کردووە.

بێتوو کازمی بوێری نیشان بدا و بکەرەکانی هێرشەکە و ئەو لایەنەی ئەوان کۆنترۆڵ دەکا ئاشکرا بکا، ئەو دەتوانێ حیساب لەسەر چەکێکی سیاسیی گەلێک بە هێز بکا کە تا ئێستا نەیبووە: پشتیوانیی هاووڵاتیانی.

عێراقییەکانی زۆر دەمێکە لە دەستێوەردانە بەدخوازانەکانی ئێران ماندوو بوون و داوایان لە ڕێبەرانی سیاسیی خۆیان کردووە کاردانەوەیان دژی بەکرێگیراوانی ئێران، تاقمەکانی کەتائیبی حیزبوڵڵا، عەسایبی ئەهل ئەلحەق و ڕێکخراوی بەدر هەبێ، کە بەردەوام هاووڵاتییان دەترسێنن، پارە بە زۆر لە بازرگانان دەستێنن و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ

دەکوژن. شکستی کازمی لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەوان یارمەتیدەری پەرەئەستاندنی هەستی بێ هومێدی لەنێو خەڵکی ئاسایی عێراق دروست کردووە کە بە بەشداریی کەمیان لە هەڵبژاردنی مانگی ڕابردوودا دیارە.

بێزارییەکیش لەنێو سوپای عێراقدا بەرچاو دەکەوێ، کە هەڕەشەی ئەوەیان لەسەرە میلیشیاکان جێگایان بگرنەوە. نیگەرانیی پەرەئەستێنیش لە پێتەختەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبییشدا دەبینرێ و هەروەها بێگومان لە واشینگتۆنیش، کە تاران کەڵک لەو تاقمانە وەردەگرێ تا لە بەغدا بڕیاری هەموو شتێکی بەدەست بێ.

سیاسەتوانێکی ژێر ڕەنگبێ بتوانێ کەڵک لەو بێهیوایی و بێزارییە بۆ هەنگاوی بەکردەوە دژی سەرچاوەکەیان وەرگرێ. وزەیەکی دیکەش بۆ کازمی لەئارادایە: هەوڵی کوشتنەکە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە میلیشیاکان چیدیکە لە ملکەچییەکەی ڕازی نین و دەیانهەوێ لەسەر ڕێگای خۆیانی لادەن.

دوای ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکان کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە، تاقمەکانی بەکرێگیراو لە لایەن ئێرانەوە هەوڵیان داوە بە کەڵەگایەتی دەسەڵات بگرنە دەست. ئەوان ڕەوایی دەنگەکانیان هێناوەتە ژێر پرسیار و لە دەرەوەی ناوچەی سەوزی بەغدا، لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکان تووشی پێکدادان بوون.

کازمی کە بۆخۆی لە هەڵبژاردنەوەدا بەربژێر نەبوو، هیوادارە بەهۆی ئەوە کە بەربژێرێکە کە لایەنەکان کەمترین دژایەتییان لەگەڵیدا هەیە، بتوانێ کارەکەی بپارێزێ. میلیشیاکان ئەوە دەزانن و، وێدەچێ حیساب لەسەر ئەو گریمانەیە بکەن کە بێتوو ئەوان ناوبراو لە هاوکێشەکە دەراوێژن شانسی باشتریان بۆ دانانی کەسێکی دڵخوازی خۆیان لە جێگای ئەو دەبێ.

لەبەر شکستەکەیان، ڕەنگبێ هێرشە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان کاریگەریی بەراوەژووی هەبووبێ، بە بەهێزترکردنی ڕەوایی کازمی وەک بەربژێرێک کە دەکرێ لەسەری بسازێن. هیچ نەبێ، ئەگەر دزێوترین ڕێکخراوەکانی وڵات بڕیاری وەلانانی ئەویان دابێ، لایەنەکانی دیکە ڕەنگبێ ئەو ویستەیان لە لا بەهێز بووبێ تا پشگیریی لێ بکەن.

سەرۆکوەزیران یارمەتیی دەرەکیشی پێویستە. هەوڵی نێونەتەوەیی پێویستە تا زەخت بخرێتە سەر تاران بۆ ئەوە کە لەغاوی بەکرێگیراوە عێراقییەکانی ڕاکێشێ. ئەو ڕاستییە کە بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، عەلی شەمخانی،

بەشی: دووهەم

بەتەواوی بەرپرسیاریی هەوڵی کوشتنی سەرۆک وەزیرانی ڕەت کردەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەوە کە نوێنەرانی ڕێژیم لانی کەم هەست بە هێندێک شەرمەزاری دەکەن، کە بیانوویەک دەداتە وڵاتانی دیکە کارێکی لەسەر بکەن.

کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە وتووێژەکانی ئەو دواییانە لەگەڵ دوژمنە نەریتییەکانی درێژە پێ بدا، کە بە هەڵکەوت لە لایەن کازمییەوە ڕێکخراون. عەرەبەکان ئێستا دەرفەتێکیان هەیە تا زەخت بخەنە سەر ئێرانییەکان تا لانی کەم، لە کاتێکدا کە سوپای عێراق خەریکی کاری خۆیەتی، پاشەکشە بە بەکرێگیراوەکانی بکا.

بێتوو سەرۆک وەزیران بەگوێرەی پێویست پشتگیریی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی وەرگرێ، ئەگەری ئەوە هەیە کە بتوانێ بێ تەقەی تاکە گوللەیەک، بە سەر میلیشیاکاندا زاڵ بێ. زۆر وێدەچێ خوێن بڕێژرێ: هەرچۆنێک بێ، میلیشیاکان چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی ئێرانییانیان هەیە. بەڵام سوپای عێراقی توانایی زۆرتریان بۆ سەرکەوتن بەسەریاندا هەیە، وەک چۆن لە شەڕی دژی داعش نیشانیان داوە. ئەوان بە هەمان شێوە چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی ڕۆژاواییان هەیە.

بەریەککەوتن شتێکی حەتمییە. دەستی کازمی ڕەنگبێ قەت وەک کاتی بانداژکرانی بەهۆی هێرش بە مەبەستی کوشتنی بەهێزتر نەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

## وڕێنەکانی خامنەیی کۆتاییان نایە

بەرهەمهێنانی زانست شتێکە بە وتاردان و فەرمانی ڕێبەری هیچ وڵاتێک جێبەجێ نابێ. بۆ گەشەی زانستی هێندێک بەستێن پێویستن کە ئەگەر ئەو بەستێنانە لە ئارادا نەبن، گەشە و پێشکەوتنی زانستیی وڵات تەنیا تراویلکەیەکە کە ڕەنگبێ ڕێبەری خۆشخەیاڵ لە مێشکی خۆیدا ببینێ. بێجگە لەوە گەشەی زانست لە وڵاتێک، ئەگەر لە خەیاڵپڵاو تێپەڕ بێ و بەستێنی گونجاوی لە هەموو بوارێکدا بۆ دابین بکرێ، شتێکە و ئەوە کە زمانی فەرمیی ئەو وڵاتە ببێتە زمانی زانست، شتێکی بەتەواوی جیاوازە کە لە توانایی زمانێکی وەک فارسی بەدەرە.

ڕێبەرانی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە کۆنەوە بێ وەئەوستۆگرتنی بەرپرسیاری و بێئەوەی خۆیان بەرانبەر بە سیاسەتەکانیان وەڵامدەر بزانن، دەستیان لە هەموو کاروباری وڵات وەرداوە، تەنانەت لەو بوارانەدا کە هیچ پسپۆڕییەکیان تیایدا نەبووە.
کولتووری دیکتاتۆرخوڵقێنی خۆرهەڵاتی، لوتکەی دەسەڵاتی لە وڵاتی ئێران، هەر وەک وڵاتانی دیکەی ئەو بەشەی دنیا، کردۆتە کەسێک کە خۆی بە سیمبولی ژیریی بێخەوش بزانێ، بۆیە زۆر جار شتی ئەوتۆیان لێ دەبیستی کە لە ڕوانگەی ئەقڵانییەوە سەیر و سەمەرە دێنە بەرچاو.

ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر، سەید عەلی خامنەیی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ "لاوانی نوخبە و خاوەن بەهرەی بەرزی زانستی"دا گوتی: "دەبێ بە شێوەیەک بجووڵێینەوە کە لە داهاتوویەکی ماقووڵدا، ئێران ببێتە سەرچاوەی زانستی جیهانی و هەموو کەس بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە نوێترین دەسکەوتە زانستییەکان، ناچار بێ فێری زمانی فارسی بێ و ..."(١) هەر لەو چاوپێکەوتنەدا خامنەیی گوتی: "دەبێ کەلێنی زانستیی وڵات دەگەڵ دنیا" پڕ بکرێتەوە و "شارستانییەتی نوێی ئیسلامی" دروست بکرێ.

لە ڕابردووشدا ڕێبەرێکی دیکەی ئێرانی باسی دروستکردنی شارستانییەتی دەکرد، ئەویش حەمە ڕەزا شا بوو کە گوێی خەڵکی بە "بردنی وڵات بەرەو دەروازەکانی شارستانییەتی مەزن" کەڕ کردبوو. ئەو کاتیش ئاکامەکەی بووە لاساییکردنەوەی ڕووکەشیانەی وڵاتانی پێشکەوتوو و لە باشترین دۆخدا، ئێران پیشەسازیی مۆنتاژی چەند بەرهەمی هاوردەی وڵات کرد.

بۆ گەشەکردنی زانستیی وڵاتێک بەرنامەیەکی درێژخایەن و هێندێک پێشمەرج پێویستن. وای دادەنێین کە بەرنامەیەکی درێژخایەن و جیددی لە ئێران داڕێژراوە، بـا بـزانین پێشمەرجەکـان لە مـاوەی زیـاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا چەندە ئامادە کراون:

## ١- سیستمی پەروەردە و فێرکردن

بێگومان بێتوو وڵاتێک بیەوێ لە بواری زانستەوە گەشە بکـا دەبـێ قوتابخـانە و زانکۆ بە چۆنـایەتیی بـاش لە سەرانسەری وڵاتـدا دروست بکـا تـا قوتابیـان بتـوانن تیایانـدا پەروەردە بـبن. لە مـاوەی دەسـەڵاتداریی کۆمـاری ئیسلامیدا ئەو مەرجە گـرینگە هەمیشــە پاشـگوێ خـراوە، بە شـێوەیەک کە بە گـوتەی کاربەدەسـتانی خـودی ئەو ڕێـژیمە هەنـووکە ٣٠٪ ی قوتابخانەکانی وڵات لە لایەن خەڵکی خێرخوازەوە دروست کراون.(٢) بێجگە لەوە ١٩،٥٪ لە قوتـابخانەکـانی وڵات پێویستە بڕۆخێندرێن و لەسەرڕا دروست بکرێنەوە.(٣) بە گوتەی وەزیری پێشووی پەروەردە و فێر کردن، عەلی ئەسغەر فـانی، ئێـران بەسـەر ٧٥٠ نـاوچەی فێرکاریـدا دابەش کـراوە کە لە لێکـۆڵینەوەی خۆیانـدا کاتێـک بە لەبەرچـاو گرتنـی ١٤ پێناسـەی دیاریکراو لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و فێر کردن هەڵیان سەنگاندوون، ١٥٠ نـاوچە لە کۆتـایی لیستە دان و لە ڕوانگەی فێرکـردنەوە گیـرۆدەی نەهـامەتین.(٤) جـا بـاسی ئەو هەمـوو بە نـاو قوتابخـانەش لەو نـاوچە هەژارانەی کە زۆربەیـان لە پارێزگاکانی سیستان و بەلوچستان، ئیلام، ئەهواز، خوراسانی باکووری، کوردستان و ورمێ، واتە ناوچەکانی شوێنی کەمینە نەتەوەکـانی ئێـران هەڵکەوتـوون نـاکەین کە هێنـدێکیان کەپـرن، بەشـێکیان کانێکسـن و هێنـدێکیش کەلاوەن کە نـاوی قوتابخانەیان لێ ناون.

## ٢- حاملاندنی کۆڕی مامۆستایانی لێهاتوو و خۆشبژیو

بێگومان بۆ پەروەردەکردنی قوتابیـان بێجگە لە شوێنی شیاو بـۆ خوێنـدن و خۆپێگەیانـدن، حاملانـدنی چینـی مامۆستـایانی قوتابخانە و زانکۆکانیش پێویستە. دیـارە بێجگە لە حاملانـدنی ئەو تـوێژە، ئەوە ئەرکی دەوڵەتە کە ژیـانی خۆشبژیوانەی ئەوانـیش دابـین بکـا. بەداخەوە ئەوەی ئـێمە لە سـەردەمی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی شـاهیدی بـووین، پـێچەوانەی ئەو چاوڕوانییانە بووە. کار گەیشتۆتە جێگایەک کە ناڕەزایەتی دەربڕینی چینـی مامۆسـتایانی قوتابخانەکـان بـۆتە دیـاردەیەکی گەلێک باو و ڕۆژانە.(٥) سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە بـواری پەروەردە و فێرکردنـدا نە تەنیـا نەبـۆتە هـۆی چـوونە سـەری ئاستی ئابووریی مامۆستایان، بەڵکوو ئەو پێگە و ڕێزەی کە ئەو چینە شیاویەتی لەجیـاتی بەرز بـوونەوە، دابەزیـوە. گەلـۆ ئەوە سووکایەتی بە چینی مامۆستا نییە کە کەسێک وەک بەربژێری وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بە مەجلیسی شوڕای

ئیسلامی دەناسێندرێ کە هیچ ڕابردوویەکی لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتدا نەبووە؟(٧)

## ٣- پێگەیاندنی قوتابی کونجۆڵ و پرسیارکەر

پێگەیاندنی قوتابیی کونجۆڵ و پرسیارکەر و بوێر یەکێکی دیکە لە پێویستییەکانی گەشەی زانستیی هەر وڵاتێکە. بڵێی سیستەمی داپلۆسێنەری کۆماری ئیسلامی مەجالی گەشەی ئەو جۆرە قوتابییانە بڕەخسێنێ؟ ئەوەی تا ئێستا دیتوومانە بەپێچەوانە بووە. قوتابییان لە سەرەتاوە فێر دەکرێن پرسیار نەکەن، کونجکۆڵ نەبن و هەستی بوێرییان بە هەموو شێوەیەک سەرکوت دەکەن. بە گشتی لە شوێنێک کە سیستەمێکی ئایینی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ، مرۆڤ نابێ گومانی لەبارەی زۆر شتدا هەبێ چونکە مەرجی ئیمان، پرسیار نەکردنە. ئەوە لە کاتێکدایە کە مەرجی زانست ئەوەیە کە گومان لە هەموو شتێک بکەی، تاقی بکەیەوە و بەگوێرەی ئاکامی توێژینەوە و تاقیکردنەوەکان بگەیە ئەنجامگیری. سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی، سیستەمێکی لەڕادەبەدەر ناکاریگەرە و بوونی گەندەڵی، بەرتیلخۆری و تەرخانکردنی بەشێکی بەرچاو لە کورسییەکانی زانکۆکان بۆ بنەماڵەکانی کوژراوەکانی ڕێژیم و بە ناو جانبازان، بۆتە هۆی ئەوە کە زۆر جار قوتابیی نەزان کورسییەکان پڕ بکەنەوە و ئەوانەی ژیر و لێهاتوون بەڵام لە چوارچێوەی تەسکی دیاریکراوی ڕێژیمدا جێگایان نابێتەوە، واز لە خوێندن بێنن. جێگای خۆیەتی ئاماژە بە لێدوانی وەزیری نوێی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی، یوسف نوری بکەین کە ڕایگەیاندووە ئامانجی ناوبراو ئەوەیە کە قوتابخانەکان ببنە ناوەندی پێگەیاندنی "سولەیمانی"یەکان، کە مەبەست قاسم سولەیمانی گەورە تێرۆریستی ڕێژیمە کە لە هێرشێکی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکایی لە بەغدا کوژرا. تا جێیەک کە من بزانم ناوبراو بە هەموو شتێک ناوبانگی هەبووبێ بە زانستوانێکی سەرکەوتوو ناوبانگێکی نەبوو. لە وتەی ئەو وەزیرە تازەیە ئەوەش دەردەکەوێ کە ئامانجی سەرەکیی قوتابخانان کوڕانن و کچان بە هەموو شێوەیەک پەراوێز دەخرێن.

## ٣- قەیرانی "پایاننامە"کان

دیاردەیەکی دیکە کە لە کۆماری ئیسلامیدا زۆر باوە و ڕەنگبێ پێوەندی ڕاستەخۆی بە شێوەی دەسەڵاتداریی کاربەدەستانەوە هەبێ، واتە گەندەڵی، بەرتیلخۆری و فێڵ کردن، کڕین و فرۆشتنی بەناو "پایان نامە"یە کە بە شێوەی بەربڵاو لە ئێران دەبیندرێ.(٧) باسی ئەوەش ناکەین کە زۆربەی دەسەڵاتدارانی پلەبەرزی وڵات، بڕوانامەکانیان یان ساختەیە، یان بە شێوەی گوماناوی وەریانگرتوون. ئەو دوو دیاردەیە لانی کەم لە سەردەمی پاشایەتیدا شتێکی نەناسراو بوون. تۆ بڵێی کەلێنی زانستیی وڵات دەگەڵ دنیای پێشکەوتوو بە ساختەکاری و گەندەڵی پڕ بکرێتەوە؟

لە شوێنێک کە لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە و لە زمانی دامەزرێنەری ئەو سیستەمە، واتە خومەینی، داکەوت کە ئەوەی گرینگە ئەرکدارییە (تعهد) نەوەک پسپۆڕیی (تخصص)، کەسانی پسپۆڕ ئەگەر بەرانبەر بە ڕێژیم ئەرکدار نەبوون نەتەنیا پاشگوێ خراون بەڵکو زۆر جاریش ڕاوەدوو نراون. نموونەی کەسانی زانا کە لە لایەن ڕێژیمەوە زیندانی کراون دەکرێ ئاماژە بە ئومید کەوکەبی، عەلی یونسی و ئەمیر حوسێن موورادی بکەین کە بێتوو ئەوانە لە وڵاتێکی دیکە بایەن، بێگومان باشترین بەستێنیان بۆ گەشە کردن و پێگەیشتنیان تەرخان دەکرا.(٨) کەم نین لاوی کورد کە خوێندنی باڵایان تەواو کردووە بەڵام لەبەر سیستەمی شێوە ئاپارتایدی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بڕوانامەی باڵا، ناچار کراون خەریکی کار لە بازاڕی ئازاد یان تەنانەت کۆڵبەری بن. کار گەیشتۆتە جێگایەک کە ئێستا تەنانەت پسپۆڕە ئەرکدارەکانیش بێتوو دەرفەتیان بۆ بگونجێ وڵات جێدەهێڵن. بەگوێرەی ئامار، هەنووکە ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ڕاکردنی مێشکەکان گەلێک بەربڵاوە و هەر کەس بۆی بلوێ هەول دەدا وڵات جێ بهێڵێ.(٩)

## ٤- گەلۆ زمانی فارسی دەتوانێ جێگای زمانی ئینگلیزی بگرێتەوە؟

هەنووکە زمانی ئینگلیزی پلەی یەکەمی وەک زمانی زانستیی دنیا بەدەستەوەیە و زۆربەی هەرە زۆری نووسراوە زانستییەکانی دنیا بەو زمانە بڵاو دەبنەوە.(١٠) هەڵبەت ئەوە هەمیشە وا نەبووە، لە سەدەکانی نێوەڕاستدا زمانی لاتین زمانی زانست بووە، سەردەمێک زمانی یونانی و سەردەمێکیش زمانی عەرەبی. بەڵام هیچکام لەو زمانانە بە فەرمانی دەسەڵاتداری وڵاتێک ئەو پلەیان وەدەست نەهێناوە، بەڵکوو چەند فاکتەری جۆراجۆر کاریگەرییان هەبووە.

ئەوەی کە خامنەیی لە وتارەکەیدا باسی پێویستی فێربوونی زمانی فارسی لە لایەن خەڵکی دنیا لە داهاتوودا بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانستی سەردەم دەکا هیچ پێوەندییەکی بە لێکدانەوەیکی زانستییانە و بێ لایەنانەوە نییە و تەنیا دەرخەری بیری شۆڤێنیستی ناوبراوە، دەنا زمانێکی سەقەتی وەک فارسی کە پتر لە ٤٠٪ ی وشەی عەرەبین و بەشێکیشی وشەی قەرزکراوی زمانەکانی دیکەن، هەرگیز توانایی بنکۆڵکردنی پێگەی زمانی ئینگلیزیی وەک زمانی زانستی نییە.

چاوەڕوانی گەشەی زانستی لە سیستەمێکی وەک کۆماری ئیسلامیدا لە تراویلکە زیاتر نییە کە ئەویش ئاکامی وڕێنە بێ کۆتاییەکانی سەید عەلی خامنەییە.

1- https://www.peykeiran.com/Content.aspx?ID=237956
2- https://www.dana.ir/1782732

3- https://www.dana.ir/1709214
4- http://www.asrislam.com/fa/news/22343
5- https://ara.tv/cq5qe
6- http://mehrnews.com/xVWvx
7- http://mshrgh.ir/1154815
8- https://www.radiofarda.com/a/amnesty-letter-unjustly-detained-students-harshly-beaten/31573898.html
9- https://ir.voanews.com/a/iran-brain-drain/6318453.html
10- https://www.theatlantic.com/science/archive/2015/08/english-universal-language-science-research/400919

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢١

# سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران پێویستی بە لاسایی‌کردنەوەی ڕەیگان هەیە

**ئامۆتز ئاسایەل**

لودویگ ئەرهارد، ڕاوێژکاری تازە هەڵبژێراوی ئاڵمان، دوای ڕێبەری‌کردنی موعجیزەی ئابووریی ئەڵمانی ڕۆژئاوا لە پەنجاکانی زایینیدا وەک وەزیری دارایی، بیرۆکەیەکی هەبوو کە بە مێشکی کەسی دیکەدا نەهاتبوو: کڕینی ئاڵمانی خۆرهەڵات.

ئەرهارد کە لە ئابووریزانییەوە ببوو بە سیاسەتوان، تێگەیشتبوو کە ٢٥ ملیارد دۆلار قەرز دراوێکی هێندە زۆرە کە یەکیەتیی سۆڤیەت، لەبەر ئەوە کە ئەوکاتی نەخۆشییە ئابوورییەکانی دەمێک بوو ئاشکرا ببوون، ناتوانێ ڕەتی بکاتەوە. ڕاستە، جێگای گومان بوو کە قەرزەکە بدرێتەوە، بەڵام ئەوە نرخێک بوو کە ئەو ڕێبەرەی ئاڵمان حازر بوو بۆ وەسەر یەک خستنەوەی وڵاتەکەی بیدا. پلانەکە، کە تا ماوەیەکی باش دوای جەنگی سارد بە نهێنی مایەوە (سەدریئەعزەمی پێشووی ئاڵمان بەتەما بوو ئاڵمانی خۆرهەڵات بکڕێتەوە،" دێر شپیگێل، ٤ی ئۆکتۆبر، ٢٠١١)، پێشنیارەکەی پێشکەشی لیندۆن جانسۆن کرد، بەڵام ناوبراو ڕەتی کردەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی؟ وڵامەکەی، ئەگەرچی بەتەواوی ڕوون نییە، لەو سەردەمەدا و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لە نێوان ئەمریکا، ئورووپا و ئیسڕائیل لە پێوەندی لەگەڵ ئێران دەقەومێ، بۆ لێ فێربوون دەبێ.

لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە، ئەمریکاییەکان دەیانگوت ڕووسییەکان پلانەکە قبووڵ ناکەن. بەڵام لە نێوەرۆکدا، ئەوەی بەڕاستی لەو بەشەدا دەقەوما جیاوازیی پێشترییەتیدانە ستراتێژیکییەکان لەنێوان واشینگتۆن و بۆن بوون. ئەرهارد بیری لە نەتەوەی خۆی دەکردەوە. ئەو دەیهەویست وڵاتەکەی یەک بگرێتەوە. جانسۆن بیری لە هەموو جیهان دەکردەوە. ئەو دەیهەویست نسکۆی ئابووریی کۆمۆنیزم، کە هێشتا نەگەیبوو، بگات، بۆیە دانی دراو یارمەتیی بەو پرسە نەدەکرد.
وا دیارە باسی ئەو پلانە بۆ باقی وڵاتانی ئورووپا نەکراوە، بەڵام چوارچێوەی بیرۆکەکە دواتر ئاشکرا بوو، کاتێک ڕێبەرێکی دیکەی ئاڵمانی، ویلی برانت، بیرۆکەی سیاسەتی خۆرهەڵاتی داهێنا، ڕوانگەیەک کە نە نەتەوەیی بوو و نە جیهانی، بەڵکو ویشکارۆیی.

لە ڕوانگەی لایەنگرانی سیاسەتی خۆرهەڵاتی، گرینگترین شت ئەوە نەبوو کە خۆرهەڵاتی ئوروووپا بگۆڕن، بەڵکوو پێش بە جەنگ بگرن. بۆیە کەسێک کە لە پەنای دیواری بەرلین وێستا و داوای ڕووخاندنی دیوارەکەی کرد ئوروووپایی نەبوو بەڵکوو ئەمریکایی بوو، ڕۆناڵد ڕەیگان.

ئێستا وەک سەردەمی ئەرهارد، ئیسرائیل نەتەوەیی بیر دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە ئورووپا جارێکی دیکە ویشکارۆیی بیر دەکاتەوە. ئەوە تەنیا شێوە بیرکردنەوەیەکە کە ئەو دوو لایەنە دەیزانن، بۆیە هیچ بژارەیەکی دیکەیان نییە. بەڵام، ئەمریکا تووشی دووڕییانێک بووە و دەبێ بڕیار بدا. ئامانجی ستراتیژیکیی ئیسرائیل ڕاستکردنەوەی ڕێژیمی ئێران نییە، بەڵکو پێوەندی لەگەڵ پارس بەو شێوەیە کە ئیسرائیل لە سەدەی ڕابردووەوە وەبیری دێ و وەک خەڵکی جوولەکە لە سەردەمی کەوناراوە وەبیریان دێ.

لە هەمان کاتدا، ئیسرائیل ئامانجێکی گشتیی هەیە و ئەویش پارێزگاریی لە خۆی لە لایەن خۆیەوەیە. ئەوە سیاسەتی ئیسرائیل بەرانبەر ئێران نییە، بەڵکوو سیاسەتی ئیسرائیل بۆ مانەوەیە. بۆیە لە هیچ ڕوانگەیەکی ئیسرائیلییەوە ئێرانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی بۆ لەگەڵدا هەڵکردن نابێ. بۆیە لێرە هیچ کەس دژی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ تەگەرە خستنە سەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکان بۆ جێگیرکردنی میلیشیای دوژمنکار لە پەنای ئێمە نییە.

لەبەر ئەو هۆیە دووڕییانەکانی پێوەندیدار بە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل لەنێو ئێران ستراتیژیکی نین بەڵکوو تاکتیکین. یەکێک لە گرێپوچکە ستراتیژیکییەکانی هێرشێکی ئیسرائیلی ئەوەیە کە نابێ ببێتە هۆی سەرشۆڕیی خەڵکی بێتاوانی ئێران، وەک لە وتارێکی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە ("ئێران بۆمباران مەکە،" ٤ی نۆڤەمبەر، ٢٠١١.)

کەوابوو، ئەوە بیری ڕێنوێنیکەری نەتەوەیی ئیسرائیل لە پێوەندی لەگەڵ ستراتیژی بەرانبەر بە ئێرانە. ستراتیژی ئوورووپا بەرانبەر بە ئێران شتێکی ساکارە. بروکسێل نایهەوێ بەهێزتر لەوە کە بەرەوڕووی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆوە، دژی ڕابردووی ڕەوشتیی ئێران بوەستێتەوە. ئەوەی لە بروکسێل بیری لێ دەکەنەوە ئەوە نییە کە بۆ دادپەروەریی بجەنگێن، بەڵکوو چۆن بتوانن جەنگ بۆ دادپەروەری لە ئورووپا دوور بکەنەوە.

پێمان خۆش بێ یان ناخۆش، پرەنسیپە ڕێکخەرەکانی یەکیەتیی ئورووپا ویشکارۆیین و لەو دەلاقە باریکەوە، مرۆڤ دەبێ ددانی پیادا بنێ کە کاریگەر بووە. دیپلۆماسی ئورووپا بەڕاستی لە خزمەت دیدی دووری دامەزرێنەرانیەتی، کە لەوەدا کورت

کراوەتەوە کە "ئاشتی لە سەردەمی ئێمەدا و لە ویشکاری ئێمە".

دۆخی ئەمریکا بە تەواوی جیاوازە. ئەمریکا تووشی دووڕییانێک بووە. ئەو دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر میراتی چارلز لیندبەرگ، فرۆکەوانە ئەفسووناوییەکە کە تەنانەت لە ئەگەری هێرشی نازیسمیشدا داوای تەریککەوتنەوەی دەکرد و، دەتوانێ ڕوو لە میراتی ڕۆناڵد ڕەیگان بکا، کە دژی قامچیی کۆمۆنیزم وێستا و نەتەنیا بە شێوەی دیپلۆماتیک و ئابووری بەرەوڕووی بۆوە، بەڵکوو بە شێوەی ڕەوشتیش.

دوو ساڵ دوای جەنگی جیهانیی دووهەم و سێ مانگ پێش هێرش بۆ سەر پرڵ هاربور، لیندبەرگ لە دێمۆین، ئایۆوا، قسەی کردن و لە وتارە بەناوبانگەکەیدا لەمەڕ بێلایەنی گوتی: "ئێمە ناتوانێن ڕێگا بە حەزە سرووشتییەکان و پێشداوەرییەکانی خەڵکی دیکە بدەین تا وڵاتی خۆمان بەرەو لەنێوچوون ببەین".

هەر وەک چۆن ئەو زۆر زوو تێگەیشت، هێزەکانی کە دەبوونە هۆی لەنێوچوونی وڵاتەکەی لەنێو ئەمریکادا نەبوون، بەڵکوو لە دەرەوەی و وێرانییەکانی کە هاندەریان بوون بە شێوەی سرووستی بێسنوور بوون و بۆیە پێویستییان بە ڕوبەروو بوونەوەیک هەبوو کە هێز و ڕەوشتیان تێکەڵ کرد، تێکەڵاوییەک کە تەنیا ئەمریکا خاوەنی بوو.

ئێستا هەمان شت لە پێوەندی لەگەڵ ئێران لەئارادایە، کە تاوانی سەرەکیی مەلاکانی، قامچیی ئەتۆمیی نییە بەڵکوو کردنەوەی دەرگای توندوتیژیی ئایینییە کە هەزاران کەسی لە نیویۆرک، بۆینۆس ئایرەس و بالی تا ڤۆلگۆگراد، پاریس و مادرید کوشتووە.

ئەگەرچی زۆر جار ئەو توندوتیژییانە بە دەست خەڵکی دیکەوە جێبەجێ کراون، هێرشی تێرۆریزمی ئیسلامی دژی شارستانیەت هاندەرەکەیان بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ئێران لە لایەن ئایەتوڵڵاکان و سزا نەدرانیان بە هۆی توندوتیژییەکانیان لە شوێنی دیکە بووە. ئەو جەنگە بە سەرهەڵدانی ئایەتوڵڵاکان دەستی پێ کرد و کۆتایی نایە تا ئەوان لەنێو نەچن.

ئەوە بەو مانایەیە کە ئاخاوتن لەگەڵیان لەبارەی بەرنامەی ئەتۆمییەکەیان وەک ئاخاوتن لەگەڵ هیتلەرە لەبارەی سودەتەنلەند. ئەوە ئامانجەکە ناپێکێ. لەجیاتان، دەبێ گفتوگۆ لەسەر سووککردنی ئابلۆقەکان بە داوای ئازادکردنی

بەشی: دووهەم

سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد و دانپێدانان بە مافی بوونی ئیسڕائیل، وەک چۆن ئێستا زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی دەیکەن، دەست پێ بکات.

بەڵێ، مەلاکان ئەو داوایە بە تەواوی ڕەت دەکەنەوە، وەک چۆن سۆڤییەت کاتێک ڕەیگان هاواری کرد "بەڕێز گۆرباچۆف، ئەو دیوارە بڕووخێنە،" ڕەتی کردەوە، بەڵام وەک چۆن خەڵکی بلۆکی خۆرهەڵات لە کاتی خۆیدا ئیلهامیان وەرگرت، خەلکی ئێرانیش ئیلهام وەر دەگرن.

وەک پێداهەڵگوتن بە ڕەیگان، هێلموت کۆل، ئەو سەدرئەعزەمەی کە ئاڵمانی یەک خستەوە، لە کاتێکدا کە شان بە شانی ئەو ڕاوەستابوو و قسەی دەکرد، گوتی ڕەیگان "بەختێک بوو بۆ دنیا، بە تایبەتی بۆ ئورووپا." هەموو ڕاست و باشبێژیی بوو، بێجگە لەوە کە ئەوەی ڕەیگان نوێنەرایەتیی دەکرد بەخت نەبوو. ئەوە بیروباوەڕ بوو. ئەوە ئەو شتە بوو کە یەکێتی سۆڤییەتی بەچۆکدا هێنا و ئەو شتەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران شکست دەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## بابەتی ساڵی ................................. ٢٠٢٢

# لە ٢٠٢٢، هێزە پارێزەرەکانی ئیسڕائیل لە سووریە پێش بە تاران دەگرن و ئامادەکاریی بۆ لێدان لە بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکەن

**جودا ئاری گرۆس**

بەگوێرەی زانیاریی تایمز ئاف ئیزرائێل، هێزە پارێزەرەکانی ئیسڕائیل لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ساڵی ڕابردوو بە هۆی هێرشە ئاسمانییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو پێشی بە ئێران گرتووە تا چەکوچۆڵ و کەلوپەل بە سووریەدا بگوێزێتەوە و، بەتەمایە ئەو کارە لە ٢٠٢٢دا درێژە پێ بدات.

لە هەمان کاتدا، هێزی سەربازی، لە میانەی ئەو گفتوگۆیانەی لە ڤییەن لە نێوان تاران و زلهێزەکانی جیهان بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ٢٠١٥ بە مەبەستی وەستاندنی بەرنامەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر سووککردنی ئابلۆقەکان لەئارادان، درێژە بە ئامادەکارییەکانی بۆ ئەگەری هێرش بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران دەدا.

لە کاتێکدا کە هەوڵەکان بۆ گەشەپێدان بەو شتەی کە کاربەدەستانی ئیسڕائیل وەک "هەڕەشەی سەربازیی باوەڕپێکراو" دژی بەرنامەی ئێران باسی دەکەن بەخێرایی درێژەی هەیە و سەرەڕای وتە شەڕانییە جاروبارەکانی سیاسەتوان و ئەفسەرەکانی هێزە پارێزەرەکانی ئیسڕائیل، هێشتا بەتەواوی ناڕوونە ئاخۆ ئیسڕائیل بەڕاستی هێرشێکی ئەوتۆ بەڕێوە دەبات، تەنانەت بێتوو ئێران لە سنووری دروستکردنی چەکی ئەتۆمییش بێ: هێرشێکی ئەوتۆ بێگومان دەبێتە هۆی تۆڵەئەستاندنەوەی بەربڵاوی ئێران، ڕاستەوخۆ و لەلایەن بەکرێگیراوەکانی لە ناوچە، کە دبێتە هۆی تێوەگلانی ئیسڕائیل لە جەنگێکی ماڵوێرانکەری چەند بەرەیی.

بڕیاری شێوەی هەڵسوکەوت لە کۆتاییدا بەستراوەتەوە بە چەند فاکتەری جۆراجۆر، لە ڕێژەی پشتیوانیی ئەمریکا بۆ ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ تا ئاستی ئامادەیی بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیل و پەناگای بۆمبان و ڕەنگبێ لە هەمووی گرینگتر، تا چ ڕادەیەک هێزە پارێزەرەکانی ئێسرائیل پێی وایە هێرشەکەی بەکردەوە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران وەدوا دەخا. لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا، هێزی سەربازی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تێچووی ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ بۆ ئاسایشی نیشتمانیی ئیسرائیل لە سوودەکانی زۆرترە.

بێجگە لەوە، ئامادەکاریی بۆ بەرورووبوونەوە دژی هەڕەشەی مەزنتری ناوچەیی، چاوەڕوان دەکرێ هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل سامانی بەرچاو لە ساڵی داهاتوودا بۆ بەرپەرچدانەوەی حەماس لە کەرتی غەززە -سەرەڕای ئەوە کە دوای قەیرانە ١١ ڕۆژەکەی مانگی مای هەنووکە ئاگربڕێک لە ئارادایە- تەرخان بکات و دژی چالاکیيە تێرۆریستییەکانی کەناری خۆراوا، کە بەگوێرەی ئاماری هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، لەو دواییانەدا هەردوو هێرشی فەلەستینییان دژی ئیسرائیلییان و نیشتەجێکراوەکان دژی فەلەستینییان، گەلێک توندوتیژانەتر بوون، بوەستێنێتەوە.

لە کاتێکدا کە ڕێژەی کەمی کوژراوانی ئیسرائیلی لە هێرشە تێرۆریستییەکانی کەناری خۆراوا، بەقەد هی ساڵی ٢٠٢٠ بوو، کە تا ڕۆژی سێ شەممە دەکاتە ٣ قوربانی، ڕێژەی کوژراوانی هێرشەکان لە کەرتی غەززەوە زۆر زیاترە، واتە ١٣ کەس کە هی جەنگی مانگی "مای"ـە (١٢ لەوان خەڵکی مەدەنی بوون)، و ئەفسەرێکی پۆلیسی سنوور کە لە کاتی شەڕوهەرایەک لە پەرژینی ئەمنییەتی غەززە لە مانگی ئاگوست، کوژرا.

بەسەر یەکەوە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل چاوەڕوانی ڕەوتێکی ئارام بۆ ئاسایشی ئیسرائیل لە ساڵی داهاتوویە. هێزە سەربازییەکان لەسەر ئەو بڕوایەیە کە زۆربەی دوژمنانی ئەو وڵاتە لە دەستپێکردنی کێشەیەکی بەربڵاو دژی ئیسرائیل چاوترسێن کراون. پێوەندییە گەشەئەستێنەکانی ئورشەلیم دەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە هاوپەیمانە ئاشکراکان وەک ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و بەحرەین تا هاوبەشە لەمێژینەکان وەک ئوردۆن و میسر، توانایيەکی زۆرتر بە ئیسرائیل دەبەخشن تا لە ناوچەیەکی بەربڵاوتردا هەڵسوکەوت بکات. دوای چەند ساڵ بێبودجەیی، بودجەی تازە پەسندکراو سامانی پێویست دەداتە هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل تا وتوویژ لەبارەی ڕێککەوتنی درێژمەودا دەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرگریی ئەمریکایی بەرێوە بەرن، بۆوەی دڵنیا بن کە هێزە سەربازییەکان ئەو چەکوچۆڵ و سیستەمانەی دەست دەکەون کە لە ساڵەکانی داهاتوودا پێویستی پێ دەبن.

## لێکهەڵتەکاندنی زنجیرەی دابینکردنی کەلوپەل

بەگوێرەی بەراوردەکانی سەربازی، بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیل، ئێران لە نزیکەی ٧٠ لە سەدی کاتەکان نەیتوانیوە سیستەمەکانی چەکوچۆڵی خۆی بە ناوچەدا بگوازێتەوە، چ بە ئاسمان، دەریا یان بە زەویدا، و توانای ئیسرائیل لەو ڕوانگەوە لە باقی کاتەکاندا بەربەستی خستۆتە سەر ڕێگای ئەو هەوڵانە. بە بۆچوونی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا، ڕێژەی سیستەمی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو یان ستراتێژیک لە سووریە خەریکە کەم دەکات.

سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، ئاڤیڤ کۆخاوی، ئەو حەوتوویە، لە توێی ئاگادارکردنەوەی کۆتایی ساڵدا بە هەواڵنێرانی گوت، "زیادکردنی ڕێژەی ئۆپەراسیۆنەکان لە ساڵی ڕابردوودا بووە هۆی پەکخستنی بەرچاوی هەموو ڕێچکەکانی هەناردەکردنی چەکوچۆڵ بۆ بەرە جیاوازەکانی دوژمنانمان".

لە ساڵی ڕابردوودا، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، دەرزەنێک هێرشی ئاسمانییان کردە سەر ئامانجەکانیان لە سووریە کە لەواندا کەڵکیان لە سەدان بۆمب وەرگرت، کە کەمێک لە ڕێژەی ئۆپەراسیۆنەکانی ٢٠٢٠ زیاتر بوو و نزیکەی دوو هێندەی ئەوانی ٢٠١٩ بوو. لە هەمووان تازەتر، سووریە ئیسرائیلی تۆمەتبار کرد کە ڕۆژی سێشەممە هێرشێکی دەگمەنی کردۆتە سەر بەندەری ئەو وڵاتە لە لازقیە، ناوچەیەک کە تا ئەو مانگە ئیسرائیل خۆی لە هێرش بۆ سەر ئەوێ، لەبەر بوونی هێزەکانی ڕووسیە لە نزیک ئەوێندەرێ، دەبوارد. لە مانگی ڕابردوودا ئەوە دووهەمین هێرش بۆ سەر بەندەرەکەیە کە وێدەچێ دەرخەری ئەوە بێ کە ڕووسیە تا ڕادەیەک ڕەزامەندیی بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنانە دەربڕیبێ.

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل پێی وانییە کە بتوانێ بەتەواوی پێش بە هەوڵەکانی ئێران بۆ گواستنەوەی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو بۆ بەکرێگیراوانی بگرێ، بەڵام هیوادارە تا ئەو جێیەی دەکرێ سنوورداری بکا. بێجگە لە هێرشە ڕاستەوخۆکان بۆ سەر جبەخانەی چەکوچۆڵی ئێرانی و دژی دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە ئێران لە سووریە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل هەروەها هەوڵ دەدا دیمەشق ناچار بکا نرخی ئێزندان بە چالاکیی سەربازیی ئێران لە وڵاتەکەی بدا، بەو هیوایە کە بتوانێ قەناعەت بە ئەسەد بێنێ کە ڕایگرێ یان لانی کەم ئەو پشتیوانییە کەم بکاتەوە. ئەو هەوڵە لە هێرشەکانی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بەرگریی ئاسمانیی سووریە و دژی بنکە سەربازییەکانی سووریە کە هاوکاریی سوپای پاسدارانی ئێران دەکەن، دەر دەکەوێ.

زیاتر لە یەک دەیە پاش دەستپێکی شەڕی نێوخۆیی سووریە، هەنووکە ئەسەد نزیکەی دوو لەسەر سێی وڵاتی بەدەستەوەیە، پاشماوەکەی بەدەست شەڕکەرانی سووریە، هێزە کوردییەکان، تورکیە یان وڵاتە یەکگرتووەکانەوەیە (لە دۆخی ناوچەی تەنف لە خۆرهەڵاتی سووریە).

لە کاتێکدا کە ئەسەد دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشی خۆی لە وڵاتدا دەسەپێنێ، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل هیوادارە کە ئەو دەست بکا بە وێستانەوەی ڕێژەیی دژی چالاکییەکانی ئێرانیان، ئەگەرچی وێناچێ ئەو بە تەواوی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران وەدەر نێت، کە لە ١٠ ساڵێ ڕابردوودا یارمەتییان کردووە.

لە کاتێکدا کە ئیسرائیل پێی خۆشە سەرجەم هێزە پشتگیریکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە لە سووریە بچنە دەر، ئەو زۆرتر نیگەرانی بوونی ئەوان و بوونی هێزەکانی حیزبوڵڵا لە بەرزاییەکانی گۆلانە و هەوڵێکی زۆر بۆ وەدەرنانی ئەوان تەرخان دەکات، هێرش دەکاتە سەر بنکەی ئەوان و هی ئەو یەکە سوورییەییانە کە ڕێگایان پێ دەدەن، هەروەها بەئاشکرا فەرماندەکانی تێوەگلاو لەو کارەدا لەقاو دەدات.

لە کاتێکدا کە هێزەکانی حیزبوڵڵا لەسەر سنوور ماونەوە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئۆپەراسیۆنەکانی بوونە هۆی پێشگرتن بەو تاقمە تێرۆریستییە تا ئەو ڕێژە هێز و چەکوچۆڵە لەو بەرەیە کۆ بکاتەوە کە پلانی بۆ داڕشتبوو.

## ئامادەکاریی بۆ هێرشێک کە ڕەنگبێ قەت نەقەومێ

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل درێژە بە ئامادەکارییەکانی بۆ هێرش بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران لە ساڵی داهاتوودا دەدات، بە پلانی مانۆڕێک لە بەهاری تا لاسایی هێرشێکی ئەوتۆ بکاتەوە و هەروەها هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ وەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنی بۆ مەئمورییەتەکە.

لە کاتێکدا کە هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل پێی وایە کە ڕەنگبێ هەنگاوی سەربازیی دژی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لە ماوەیەکی کورتدا پێویست بێ، وێدەچێ ئەو هەنگاوە کاریگەریی سنوورداری هەبێ. بۆ وێنە، هەنووکە هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل توانایی بۆمبارانکردنی ناوەندی پیتاندنی نەتەنزی هەیە، کە ئامانجێکی هاسانترە، چونکە تەنانەت ئەو بەشەی کە لەژێر زەوییە هێندە قووڵ نییە کە بۆمبی ئاسایی نەیگاتێ. بەڵام، بنکەی فۆردو، کە لە قووڵایی عەرزدا و لە ژێر

چیایەکی بەردینـدا نێـژراوە، بەبێ کەڵـکوەرگرتن لە بـۆمبی بـانکر-باسـتر (کونەتەیـارە هەڵتەکێن)، جـۆرە بۆمبێـک کە فڕۆکەکانی ئیسرائیلی توانایی هەڵگرتنیانی نییە، گەلێک دژوارترە.

لانی کەم شەش مانگ و ڕەنگبێ سـاڵێک بخـایەنێ تـا ئیسـرائیل بتـوانێ توانـایی بەرێوەبەریی هێرشێکی وەهـا بەربڵاو کە بتوانێ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ماوەی چەند ساڵ بوەستێنێ، وەدەست بێنێ. ئەگەرچی ئامانجی هێرشێکی ئەوتۆش تەنیا چاوترسێنکردن دژی پیتاندنی ئورانیۆم لە داهاتوویە، تەنانەت بەربڵاوترین هێرش تەنیا بەرنامەی ئەتۆمی وەدوا دەخـات، چونکە زانیاریی تەکنیکی و ئەو ئەزموونەی زانایانی ئەتومیی ئێران هەر ئێستا کۆیان کردۆتەوە لەنێو ناچێ.

بودجەی نەتەوەیی تـازە پەسـەندکراو، کە لەویـدا بـودجەی بەرگریی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز کـرایەوە، بە تـایبەتی بـۆ ئەوە تەرخان کراوە تـا ئامادەکاری بۆ لێدانێکی ئەوتۆ بکرێ، ئیزنی بە هێزە سـەربازییەکان داوە تـا هەوڵەکانیـان خێراتـر بـکەن، نەتەنیـا چەکوچـۆڵی پێویسـت بـۆ هێرشـەکە بکـڕن بەڵکـوو سیسـتەمی بەرگریـی ئاسمانی بەهێزتـر بـکەن کە بـۆ پارێزگاریی لە وڵات لە بەرانبەر تۆڵەئەستاندنەوە چاوەڕوانکراوەکە یەکلاکەرەوەیە.

ئەو حەوتـوویە کۆخـاوی گـوتی، "پلانـی خـۆ بەهێزکردنـی هێـزە پارێزەرەکـانی ئیسـرائیل لە سـاڵی ڕابـردوو بە خێراییەکـی پەرەئەستێن پێشوەچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. خـاڵی سـەرەکیی ئەو، باشتربوونی بەرچـاوی ژمـارەی ئامانجەکـانی دەستنیشانکراوی دوژمن و هەواڵگرییە؛ تەواوکردنی مامەڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی بەرچاوی ژمارەی بۆمب و مووشـەکی فـڕۆکەی شەڕکەر؛ پێشوەچوونی پلانەکانی ڕایەڵەیەکی بەرگریی ئاسمانیی سەرانسەریی و باشتر کردنی سیستەمەکانی پێوەندیی".

## نیزیکتر لە ماڵەوە

تەنیا شەش مانگ دوای جەنگی ١١ ڕۆژەی هێـزە پارێزەرەکـانی ئیسـرائیل و تـاقمە تێرۆریسـتییەکانی کەرتـی غەززە، هێـزە سەربـازییەکان چەند مووشەکیان دیتوون کە دوای ئەو شەڕەی لە مانگی مای کۆتایی هات، بەرەو ئیسرائیل هاویژراون: تەنیا پێنج مووشەک لە شەش مانگی ڕابـردوودا، لە بەراورد لەگەڵ ٢٢ دانە کە شـەش مانـگ دوای کۆتـایی جەنگـی غەززە لە ٢٠١٤ هاوێژران.
هێـزە پارێزەرەکـانی ئیسـرائیل هـۆی ئەو ئـارامییە بـۆ دوو فـاکتەر دەگەڕێنێـتەوە: یەکەم، سیاسـەتە مەدەنییەکـانی دەوڵەت بەرانـبەر بە غەززە کە وردە وردە ئیزنـی بە غەززەی گەمـارۆدراو و بێدارایـی داوە تـا وێرانییەکـانی دوای جەنـگ چـاک بکەنەوە؛ و دووهەم، هەڕەشە سەربـازییەکان لەمەڕ تۆڵەئەستاندنەوەی سەخت لە ئەگەری هێرش لە کەرتـی غەززەوە، کە لە

بەشی: دووهەم

کێشەی مانگەکانی دواتر بە هەنگاوتنی بنکەکانی حەماس بە بۆمبی ٨٠ تۆنی، لە جوابی چەند مووشەک و پزدانی بەڕێکراو لەوێوە بە مەبەستی ئاگربەردان لە ناوچەکانی نێوخۆی ئیسرائیل، نیشان درا.

لە هەمان کاتدا، سوپا ژمارەیەک ناوچەی دیتنەوە کە لەوێ لە کاتی کێشەی مانگی مای زەختی کەوتبووە سەر، لە ئیسرائیل ئەوە بە ئۆپەراسیۆنی پارێزەری دیوارەکان ناسراوە: بە تایبەتی بۆ پێشگرتن بە حەماس و جیهادی ئیسلامی تا مووشەک بە بەرەی نێوخۆوە بنێن. لە کاتێکدا کە ٩٠ لە سەدی مووشەکەکانی ئاراستەکراو بەرەو ناوچە مەدەنییەکان پێش تەقینەوە لەنێو بران و، ڕێژەیەکی بەرچاو لەوانی هاوێژابوون نەگەیشتنە ئامانج. هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل دەڵێ توانایی دیتنەوەی شوێنەکانی هاویشتنی مووشەکەکان و لەنێوبردنیانی لە کاتی جەنگ باشتر کردووە، بەڵام ئەو پرسە هێشتا جێگای نیگەرانیی هێزە سەربازییەکانە. تیمێکی پسپۆڕ لەنێو بەڕیوەبەرایەتیی گشتیی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل بۆ ئەو مەبەستە و بۆ گەشەپێدانی تێکنۆلۆژی و تاکتیکی نوێ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشەیە دروست کراوە.

کەناری خۆراوا سەرچاوەی سەرەکیی نیگەرانیی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیلە. ساڵی ڕابردوو توندوتیژییەکان لەوێ بە شێوەی بەرچاو زیادیان کردووە. بەگوێرەی ڕاپۆرت لە ٢٠٢١ لە بەراورد دەگەڵ ساڵی پێشوو، ڕێژەی تەقە و هێرشی چەقۆوەشاندن دوو هێندە بووە، (٦١ و ١٨، کە لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەو ڕێژەیە ٣١ و ٩ بوون). هەروەها بە گوێرەی ئاماری هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، ڕێژەی بەردهاویشتن ٤٠٪ و بۆمبی ئاگرخەرەوە ٣٣٪ زیادی کردووە.
هێزە سەربازییەکان هۆی زۆربەی ئەوانە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی دەزانن کە هەروەها لە کەناری خۆراوا لە کاتی ئۆپەراسیۆنی پارێزگاریی لە دیوارەکان دیترا، بەڵام بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ پشێوەییەکانی ئەو دواییانە. لە پاییزەوە، کە وەرزی کۆکردنەوەی بەری زەیتوونە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل ئاستێکی بەرزتر لە توندوتیژی لەنێو توندئاژۆیانی ئیسرائیلییدا دژی فەلەستینییان بەدی کردووە و لە هێندێک دۆخ دژی هێزە ئاسایشییەکانی ئیسرائیل، دەگەڵ بەرزبوونەوەی هێرشی فەلەستینییان دژی نیشتەجێکراوەکانی ئیسرائیلی.

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل بەردەوام ڕەخنەی لێ گیراوە کە پێش بە هێرشی ئیسرائیلییان دژی فەلەستینییان ناگرێ. ئەگەرچی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل ددان بەوە دادەنێن کە سەربازەکان لەو بوارەوەدا دەتوانن کاری زۆرتر بکەن، بەڵام هێزە سەربازییەکان بە گشتی پێی باشتر کە پۆلیسی ئیسرائیل بەڕێوەبەری ئەو هەوڵانە بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠٢٢

## ئەو هەموو ڕق و قینە دژی کورد لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

لە ڕوانگەی زانستییەوە سوڕی گەشەی مرۆڤ ٢,٥ میلیۆن ساڵ لەوە پێش لە ئەفریقا دەستی پێ کرد و ٢ میلیۆن ساڵ لەوە پێش جۆرێک مرۆڤی سەرەتایی لەوێوە بەرەو ئەوراسیا کۆچیان کرد. ٥٠٠ هەزار ساڵ لەوە پێش نیاندرتاڵەکان لە ئورووپا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گەشەیان کرد. ٧٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا شۆڕشی بیرکردنەوەی مرۆڤی ژیر دەستی پێ کرد و ئەوان لە خۆرهەڵاتی ئەفریقاوە بەرەو ئەوراسیا کۆچیان کرد. دەستپێکی شۆڕشی بیرکردنەوە و دوانی مرۆڤ بە سەرەتای مێژوو دادەندرێ.(١)

تا ئێستا چەند بەڵگەی مێژوویی سەلماندوویانە کە کورد لە چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستاوە لە ناوچەی نێوان دوواوان (مێزۆپۆتامیا) و چیاکانی زاگرۆس ژیاون. ١٢٠٠٠ ساڵ لەوە پێش شۆڕشی کشتوکاڵی لە نێوان دوواوان دەستی پێ کرد(٢) و کۆنترین پەرستگەی دەستکردی مرۆڤ لە باکووری کوردستان لە تەپۆلکەی گۆبەکلی دۆزراوەتەوە.(٣) هەروەها سومێرییەکان یەکەم داهێنەرانی نووسین و دراو بوون(٤). هەموو ئەوانە و زۆر بەڵگەی مێژوویی دیکە دەیسەلمێنن کە کوردیش وەک هەموو گەلانی دیکە پشکی حاشا هەڵنەگریان لە گەشەی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا هەبووە.

چەند ڕۆژ لەوەپێش فایلێکی دەنگی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەست دەکرا کە لەویدا عەبدولکەریم سروش، فەیلەسووف، پسپۆڕی بواری مێژووی زانست و هەروەها مەولەویناسی ئێرانی، ئاماژە بە پێشەکی عەرەبیی دەفتەری مەسنەویی مەولەوی دەکا و بەو شێوەیە دەدوێ: "مەولەوی گوتوویەتی مەسنەویی بۆ حوسامەدین نووسیوە و لە دانانی شێعرەکانی مەسنەوی، بەردەنگەکەی حوسامەدینە" و لە باسی ئەوە کە ئەو حوسامەدینە کێیە دەڵێ: "گوایە بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر حەزرەتی ئەبوبەکری سددیق، یەکەم خەلیفەی موسڵمانان، بەڵام کەسێکی دیکەش لەو بەینەدا هەیە کە یەکێک لە باپیرانی حوسامەدین بووە و ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە گوتوویەتی "امسیت کردیا و اصبحت عربیا" واتە شەو کورد بووم و بەیانی بوومە عەرەب." بە گوتەی سروش ئەو کەسە لە خودا پاڕابۆوە کە فێری عەرەبیی بکا. لێرەدا سروش دەڵێ: "بە داوای لێبوردن ئەگەر کەسێکی کورد لێرەیە یان گوێی لێ دەبێ، لە ڕابردوودا بە کەسێکی نەخوێندەواری بێ فەرهەنگیان گوتوە کورد و مەولاناش هەرکاتێک بیهەوێ نموونەی کەسێکی ساکاری نەزان بێنێتەوە دەڵێ کوردێک. لەناو جیلەکانی ڕابردوودا، ئەوە هەر باو بوو کە بڵێن کورد هۆزێکی جندۆکانن و لە بنەڕەتڕا پێیان وا بوو کە بنەچەکەیەکی

غەیری مرۆڤیان هەیە، ئێستا ئەوە تەنیا قسەهایەکن کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە دەیلێین دەنا قسەی دروست و قبووڵکراو نین"...

عەبدولکەریم سروش کە بە ڕواڵەت فیلسووف و ڕۆشنبیری ئایینییە، هەڵوێستەکانی لە مەتەرێزی شیعەگەرییەوە ئاراستە دەکا و گوتەی بنەچەکەی غەیری مرۆڤبوونی کوردان لە زمانی ئیمام جەعفەری سادق، ئیمامی شەشەمی شیعە، دەگێڕێتەوە و گوایە ئەو گوتەیەی ناوبراو لە کتێبی ئەلمەسائیل ئەلعەمەلیەدا هاتووە. هۆی بڵاو بوونەوەی ئەو درۆ ئاشکرایە بۆ ئێمە ناڕوونە.

هەراری گوتەنی، بەگوێرەی زانیاریی زانستی، سەرجەم ئەو نووسراوە "پیرۆزانە" لەلایەن مرۆڤی خەیاڵاوی نووسراون. ئەوانە تەنیا چیرۆکن کە باوباپیرانمان هەڵیان بەستوون تا ڕەوایی بە نۆرمەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوە سیاسییەکان بدەن."(٥)

شتێکی ئاشکرایە کە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە زۆر دەمێکە دەسەڵاتدارانی نەتەوە باڵادەستەکان بەئانقەست هەوڵی بەدێوزمە کردنی کوردانیان لەنێو بیروڕای گشتیی خۆیاندا داوە. عەلی فەتحی لە وتارێکدا لەژێر ناوی "شێواندنی مێژوو، هونەری بەردەوامی پارسەکان" کە لە ژمارەی ٦١ی گۆڤاری تیشکدا بڵاو بۆتەوە نووسیویەتی: "خۆیان هەرچەند میللەتێکی ڕەش و ڕووت بوونە، بەڵام کاتێک دەسەڵاتیان دەست کەوتووە، هەم لە خەزێنەی فەرهەنگیی گەلانی تر کەڵکیان وەرگرتوە و هەم بە چاوی سووک سەیری ئەو گەلانەیان کردوە کە لەژێر چەپۆکیاندا بوونە. ئەوەتا هێرۆدۆتی ئەفسانەسەرای باوکی مێژووش بە قەولی ئەوان، لە کتێبی یەکەم، بەندی ١٣١ دا بە ڕاشکاوی پێمان دەڵێ: "پارسەکان بە چاوی سووک سەیری گەلانی دوور لە خۆیان دەکەن."(٦)

لیندا شافەر لە نامیلکەی "ئێران لە پارس زیاترە"دا دەنووسێ: "مێدیای ئێران پەیتا پەیتا کەمینە ئەتنیکییەکان بە شێوەی نەرێنی وێنا دەکا."(٧)

لە مرۆڤایەتی داماڵینی ناسنامەی کورد لە تورکیەش دەمێکە پێڕەو دەکرێ. لە گێڕانەوەکانی تاراوگە لەمەڕ ئاسیمیلە کردن و بەرخۆدان کە لە ژمارە ٥٧ی گۆڤاری تیشکدا بڵاو بۆتەوە نووسەری بابەتەکە لە زمان لەیلا (یەکێک لە بەشدارانی لێکۆڵینەوەک) دەگێڕێتەوە: "کاتێک باوکم لە بورسا دەژیا، بە تورکێکی گوت کە ئەو کوردە. تورکەکە پێی گوت: "کورد

تورکان دەخۆن؟" ئەوان لەوە دەترسان کە بنەماڵەی ئێمە کاتێک ئەوان خەوتوون، سەریان ببڕن. ئێمە ماوەی ۳ ساڵ جیرانیان بووین و کاتێک لەوێ ڕۆیشتین، ئەو گەلێک دڵگران بوو و لە بۆچوونی پێشووی خۆی لەمەڕ کوردان گەلێک پەژیوان بوو. ئەو گوتی مێشکی شۆردرابۆوە و فێر کرابوو کە کوردان وەک مرۆڤ سەیر نەکات."(۸)

ستراتێژیی بەدێوەزمە کردنی دوژمنان بەدرێژایی مێژوو بەردەوام کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەو ستراتێژییە بێگومان دەبێتە هۆی بازنەی خراپی ستەمکاریی کە لە لایەن زۆر نووسەرانەوە باسی لێوە کراوە لەناویاندا کارل ڤۆن کلاوسەویتز.(۹)

نموونەیەکی دیکەی بەدێوزمە کردنی کوردان ئیددیعای سەربڕینی پاسداران لە لایەن کوردانەوەیە کە لە سەرەتای بەرخۆدانی گەلەکەمان دژی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاوی لە لایەن دەسەڵاتەوە بڵاو بۆوە. ئەگەرچی تاکە یەک جاریش ئەو ئیدیعایە نەسەلمێنرا، بەڵام بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەرخواردی بیروڕای گشتی دراوە.

لە ئاڵمانی نازیش پرۆپاگاندای هیتلەر کەڵکی لە ستراتێژی بەدێوزمە کردنی جوولەکە و قەرەجەکان وەردەگرت تا بەو شێوەیە کۆمەڵکوژ کردنی ئەوان هاسان بکات.

بڕوا ناکەم جەنابی سروش نەزانێ کە لە ماوەی دەسەڵاتی چەند سەدەیەی عەڕەباندا، زمانی دیوان و نووسین عەڕەبی بووە و نەتەنیا بیرمەندانی کورد بەڵکو هی فارس و نەتەوە نا عەڕەبەکانی دیکەش ناچار بوون بەرهەمە هزرییەکانیان بە عەڕەبی بنووسن. دوای نەمانی دەسەڵاتی عەڕەبان بە سەر ئێرانەوە، وردە وردە زمانی فارسی بۆتە زمانی دەرباری پاشایان، بۆیە ئەوانی خوێندەوار بوون بۆ نووسینەوەی بەرهەمەکانیان کەڵکیان لەو زمانە وەرگرتوە. بۆ نموونە کتێبی "مێژووی زانایانی کورد" کە سێ بەرگە و لە لایەن بابا مەردوخ ڕوحانی (شیوا) نووسراوە ناوی سەدان نووسەر، بیرمەند و زانای کوردی تێدایە. بێجگە لەوە بە گوتەی بەڕێز ئیسماعیل شەمس، نووسەری یەکەم مێژووی حیکمەت و فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامدا، واتە "نزهە الارواح و روضە الافراح (تاریخ الحکما)" و مەزنترین شیکەرەوەی "حکمت الاشراق" ی سوهرەوەردی کە بە هەڵکەوت هاوسەردەمی مەولەوی بووە، زانایەکی کورد بە ناوی شەمسەددین محەممەد شارەزووری بووە.

بۆ خۆبواردن لە درێژدادڕی، وتارەکەم بە چەند نموونە لە گێڕانەوەی گەڕۆکە بیانییەکان کۆتایی پێ دێنم کە سەردانی پارس و کوردستانیان کردوە و لە کتێبەکانیاندا باسی هەڵسوکەوتی خەڵکی ئەو شوێنانەیان کردوە. من دادوەریی لە سەر

ئیدیعای جەنابی سروش هەموو ئەو کەسانەی کە بە قسەی بێ بنەما دەیانەوێ ناسنامەی کوردان لە مرۆڤایەتی داماڵن بە خوێنەرانی هێژا دەسپێرم.

بۆ نموونە م. گ. جێرارد لە کتێبی "یادداشتەکانی سەفەرێک بەناو کوردستاندا" ،کە لە ١٨٨٣ی زایینی نووسراوە، کاتێک لە پارێزگاری سلێمانی (تورکێکی عوسمانی) بە هۆی پیلانگێڕیی ناوبراو تووڕە بووە نووسیویەتی: "بە تەنیایی لە نێو کورداندا زۆرتر هەست بە ئاسایش دەکەم تا لە ناوچە بە ناو شێوە شارستانییانە.(١٠)

ئیزابێللا بیرد لە بەرگی یەکەمی "سەفەرەکانی پارس و کوردستان"، کە لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی نووسراوە، کاتێک دەگاتە شاری قوم بەو شێوە لەسەر ژنانی فارس دەنووسێ: "ژنێکی خاوەن "پێگە" نابێ قەت لە ماڵ بچێتە دەرەوە جگە لە ڕۆژی هەینی بۆ مزگەوت، یان لەسەر ئیزنی مێردەکەی و بە تەواوی داپۆشراو و بە پاسەوانەوە، بچێ بۆ دیتنی ژنانی هەڤاڵی خۆی. کیژۆڵە لە دوو — سێ ساڵی ڕا دەبێ چارشێوە بنێنە سەر و وەک دایکیان جیا دەکرێنەوە و هیچ کەس جگە لە باوک یان براکانی ناتوانن ڕوخساریان ببینن. بەشێکیان لە دوازدە ساڵی بە مێرد دەدرێن."(١١)

لە جێیەکی دیکە لە هەمان کتێبدا باسی چوونە دەر بۆ نێو بازاڕی شاری قوم دەکا، هەڵبەت خۆی لە جلوبەرگی ژنی پارسدا بە تەواوی حەشار داوە: "دوای ناردنی ئەسپەکان بۆ کاروانسەرا بە جلوبەرگی خانمی لاین کە بۆ نێو شار دەبەریان دەکا و وەک ژنێکی چینی مامناوەندی پارس دەچێ خۆم داپێچا، لێچکەیەکی ئەستووری کرێپ کە تەنیا شوێنی چاوی مرۆڤ کونە، قوماشێکی ڕەش کە لە تەپڵی سەری تا بەری پێ دادەپۆشێ. ئەمسەر ئەوسەری لە ملی ڕا قوڵفەی درێژ بەربوونەوە و بە دەستی چەپ لە ژێر چاوان ڕادەگیری، بەو شێوەیە، ئەگەرچی نەمتوانی لاسایی لارە لاری ڕۆیشتنی خانمانی پارس بکەمەوە، بێ ئەوەی هیچ کەس سەرنجم بداتێ بە نێو شەقامە درێژ و قەرەباڵخەکانی ئەو شارە دەمارگرژەدا ڕۆیشتم و تەنیا غولامێکم لەگەڵدا بوو تا گەیشتمەوە بەر دەرگای ژوورەکەم کە لەوێ خزمەتکارەکانم پێشیان پێ گرتم تا دوایە بە دەنگم ڕا ناسیانمەوە."(١٢) یان لە جێیەکی دیکەدا نووسیویەتی: "دوای ئەوەکە خۆم لە بەرگەکەدا شاردەوە، دەگەڵ خزمەتکارێک، بۆ جاری سێهەم بێ ئەوەی کەس دەستم بۆ بهێنێ بە نێو بازاڕە قەرەباڵخەکاندا، بە نێو دەروازە و بە سەر پردەکەدا ڕۆیشتم، کاتێک کوڕێک بە جوانی ڕوانییە سەرپۆشەکەم، کە ڕەنگبێ وا توندم نەبەستبوو کە بۆ شوێنی پڕ حەشیمەت باوە، چەند جار هاواری کرد "کافر" و ڕایکردەوە نێو شار. من ڕام نەکرد، بەڵام بە زووترین کات خۆم گەیاندەوە "هوتێلەکە."(١٣)

گێڕانەوەی خاتوو ئیزابێلا لەمەڕ یەکەم ئەزموونی لە شاری ئیسفەهانیش سەرنجڕاکێشە. ئەو نووسیویەتی: "ئەوڕۆ دوایین ڕۆژی پشووی نەورۆزیی بوو و بازاڕەکان و شوێنە بەرئاوالاکان پڕ بوون لە پیاو بە جلوبەرگی ڕەنگینەوە و تاقمی ژنی داپۆشراو لە ڕێگا چۆلەکان دەڕۆیشتن. هەوا لەوە گەرمتر بوو کە بۆ لەبەر کردنی کۆتە پێستە مەڕەکە گونجاو بێ کە لە قوم و بەولاوە زۆر خزمەتی کردبووم و لەبەر هەستیاریی بەرانبەر بە ئورووپاییان لەبەرم دەکرد. کوڕەکان دەستیان کرد بە هاوار کردن "ژنێکی فەرەنگی! ژنێکی نەسرانی!" و پاشان نێو و نرتکیان لێ هەڵدام؛ پاشان پیاوان دەستیان کرد بە پێکەنینی ئەهریمەنی، و لە کاتێکدا بە ناچاری بە پیادە دەڕۆیشتم، هات و هاوارەکە بەهێزتر دەبوو، تف کردن شتێکی زۆر ئاسایی بوو، بێچارە ماهبود کە بەردەوام بە ڕوخسارێکی خەمۆکەوە دەیڕوانییە من و لە بێزڕێزییەکانی هاوئایینەکانی دڵگران بوو و ناڕەزایەتی دەربڕین کارێکی مەترسیدار بوو. ئەوە نیو سەعاتێکی گەلێک ناخۆش بوو."(١٤)

ئەوجار با بزانین خانمی بیرد کاتێک عەجەمستان بەجێ دێڵێ و دێتە گوندێکی کوردستان بە نێوی "گۆیئاغاج" کە لە نێوان تیکاب و شاهیندژ هەڵکەوتووە چۆن لەسەر ژن و پیاوی کورد دەدوێ؟ ئەو نووسیویەتی: "گۆی ئاغاج یەکەم گوندی کوردییە کە من لەوێ بە ڕاستی لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بووم. من ئەوان خوێنگەرم، میوانپەروەر و گەلێک خۆشمەشرەف دەبینم. هاوسەری کوێخا سەردانی کردم و من دوایی چوومەوە سەردانی." لە شوێنێکی دیکە نووسیویەتی: "هاوسەرەکە جوان بوو و لە هیچ وڵاتێکیتر کیژێکی جوانتر لە کچەکەیانم نەبینیبوو کە وەک حەزرەتی مریەم دەچوو. ئەوان پێیان گوتم کە ٥ مانگی زستان بەفر هێندە دەبارێ کە دەگاتە ملان، و کەس ناتوانێ لە گوندەکە دەرکەوێ. پیاوەکان بە ئەسپەکان و ئاژەڵەکان ڕادەگەن و ژنەکانیش فەرشان دەچنن، بەڵام زۆربەی کاتی هەردوو لا بە خەوتن تێپەڕ دەبێ. لەگەڵ ئەم کیژە جوانە، کە هەم دڵڕفێنە و هەم جوان، و خزمەتکارێک، سەردانی زۆر کەسم کرد و بۆم دەرکەوت کە گشت خانووەکان بە یەک شێوەن. من لە خاوێنیی لەڕادەبەدەری ئەوان سەرم سوڕ ما. ئەردە گلێیە ڕەقەکان تا ئەو جێیەی دەکرێ بە گەسک بماڵدرێن، خاوێن دەکرێنەوە و خەڵکەکە هەم خۆیان و هەم جلوبەرگیان خاوێنە. ژنەکان، کە زۆربەیان جوانن، لێچکەیان پێوە نییە، و تەنانەت چارشێویش بە خۆ دانادەن. تاجیلەیەکی ڕەشیان لەسەرە کە زۆر لێیان دێتەوە و زنجیری سکەی زێوی پێوە هەڵواسراون. پەڕۆیەکی سوور بە گرێیەکی نە زۆر توند لە پشت سەریان دراوە کە لەسەر ئەویشەوە پرچە ئەستوورەکانیان بە دەرزیلەی زێوین هەڵپێچراون. ئەم کچە بێ لێچکەیە بەناو دەستەی پیاوی بێگانەدا، بە ساکاریی و ڕێزداریی کیژانە لەگەڵمدا دەهات کە زۆر دڵخۆشی کردم. دوای دیتنی شێوەی ڕۆیشتنی شل و شەوێلی ژنی بێ فۆرم و داپۆشراوی فارس، دیتنی ڕوخساری جوان، باڵای بەرز و قایم و شێوەی ڕۆیشتنی چستوچالاکی ئەم ژنە کوردانە شتێکی وزەبەخش بوو. پیاوەکانیش بەهەمان شێوە جوانن، و زۆر پیاوانە دێنە بەرچاو."(١٥)

کۆتـا قسـە ئەوەیە کە بـۆ ئەوەی بـزانین ئـێمە کـێ بـووین دەبـێ مێـژوو بخـوێنینەوە و تـێبگەین کە دۆخـی ژێردەسـتەیی هەنووکەییمـان شـتێک نییە کە لە ئاسمانەوە بڕیـاری بـۆ درابـێ. هەراری گـوتەنی بـۆ گەڕانەوە بـۆ دواوە تەنیـا یەک ڕێگـا هەیە، بەڵام بۆ داهاتوو ژمارەیەکی زۆر ڕێگا لەبەر دەممـانن کە بێتـوو ژیـر و تەیـار بین دەتـوانین داهـاتوویەکی پڕشنگدار بۆخۆمان مسۆگەر بکەین.

## سەرچاوەکان:

١- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ٧
٢- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ٨
٣- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ٩٤
٤- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ١٣١
٥- نوح هەراری، یوڤال، ٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١ ل ١٢٦
٦- فەتحی، عەلی، شێواندنی مێژوو، هونەری بەردەوامی پارسەکان، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٦١، ل ١٧٧
٧- شافەر، برێندا، ئێران لە پارس زیاترە، وەرگێڕ: کەمال حەسەنپوور، ل ٥٧
٨- گۆڤاری تیشک، ژمارە ٥٧، ل ٤١٥
٩) https://en.wikipedia.org/wiki/Demonizing_the_enemy - سەردانکردن ٢٦ی بەفرانبار، ٢٧٢١(
١٠- جێرارد، م. گ، یاددشتەکانی سەفەرێک بە نێو کوردستاندا، وەرگێڕ: کەمال حەسەنپور، ل. ١٠٠
١١- سەفەرەکانی پارس و کوردستان، نامەی ژمارە ١٠
١٢- سەفەرەکانی پارس و کوردستان، نامەی ژمارە ١٠
١٣- هەمان سەرچاوە
١٤- سەفەرەکانی پارس و کوردستان، نامەی ژمارە ١١
١٥- هەمان سەرچاوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠٢٢

## دەوڵەت یارمەتیی خەڵک دەدا یان زیانیان پێ دەگەیەنێ؟

## "ناسەقامگیریی دەروونی" لە ئێران

### کریستیان ساینس مۆنیتۆر - سکات پیترسن

بۆ ئەو ئێرانییانەی زەختەکانی ئابووری، تەندروستی و سیاسی برستی لێ بڕیون، پەرەئەستاندنی گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا، مەزنترین گۆڕستانی تاران، ناتوانێ گاڵتەجاڕییەکی مێژوویی تەنگەتاوتر بێ.

ئەوە لەوێ بوو کە ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، لە کاتی گەڕانەوە لە تاراوگە، لە فێبریواری ١٩٧٩ شۆڕشە ئیسلامییەکەی دامەزراند، بەڵێنی "ژیانێکی دەوڵەمەندانە و پڕ لە ڕەزامەندیی" بە ئێرانییەکان دا و پێی گوتن چاوەڕوانی شتی زیاتر لە خانووی نوێ، ئاو و کارەبا و سواریی ئۆتوبوسی بەخۆڕایی بکەن. ئەو مەلا کاریزماتیکە شیعەیە ڕایگەیاند: "بەو شتانە ڕازی مەبن، ئێمە لایەنی مەعنەویی ئێوە بەرز دەکەینەوە".

لەگەڵ ئەوەشدا، ٤٣ ساڵ دواتر و لە مانگی دێسەمبەردا زۆر هەواڵ بڵاو بوونەوە کە بە هۆی زەختی ئابووری دزرانی کێلی قەبران لە بەهەشتی زەهرا و گۆڕستانەکانی دیکەی سەرانسەری وڵات ڕوویان داوە و دزەکان دوای سڕینەوە ناوی مردووەکە لە سەر کێلەکان، ئەوان بە نرخی کەمتر دەفرۆشنەوە.

سووکایەتی بە گۆڕستان هەر چەند ناخۆش بێ، بۆ ئێرانییەکان ئەوە تەنیا نیشانەیەکی دیکەی دابەزین لە خەونی بەرزکردنەوەی لایەنی مەعنەوییە. دەگەڵ لێکهەڵوەشانی ئابووری، بێجگە لە چاوەڕوانییەکی کەم بۆ یارمەتی لەلایەن دەوڵەتەوە، نیشانەی دیکە، هەڵکشانی بەرچاوی ڕێژەی خۆکوژیی و پەرەئەستاندنی داواکاری و خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکانە.

لە دێسەمبەر، سەرۆکی هێزی بەرەبەرەکانی دەگەڵ کۆرۆنا لە تاران، دوکتور عەلیڕەزا زالی، لێدوانێکی دا کە بۆ مانشێت دەبێ. ئەو گوتی یەک لە سەر سێی خەڵکی وڵات گیرۆدەی "تێکچوونی باری تەندروستیی دەروونی" بوون.

براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل، خاتوو شیرین عەبادی لە تورکیەڕا و لە سێمینارێکی ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کە بنکەکەی لە واشینگتۆنە، گوتی "لە ژینگەیەکی وەها دیکتاتۆڕانەدا، مرۆڤ خۆیەتیی خۆی لە کیس دەدا و هەستی ڕێز لەخۆگرتن دادەبەزێ و بڕوا بەخۆ بوون لەنێو دەچێ و بشێویی دەروونیی مرۆڤ گەشە دەکا".

هەموو نەتەوەیەکی دنیا هەستیان بە زەختی دەروونی بەهۆی کۆڤید - ١٩ کردوە. لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ٢٠٤ وڵات کە لەلایەن لانسێت بەڕێوە چووە و لە ئۆکتۆبری ڕابردوودا بڵاو کرایەوە، بۆ وێنە، بەو ئاکامە گەیشت کە لە٢٠٢٠دا ڕێژەی "خەمۆکیی بەربڵاو" و نیگەرانیی پێوەندیدار بە پەتای کۆرۆناوە لە ئاستی جیهانیدا زیاتر لە ٢٥٪ بەرز بۆتەوە.

لە بارەی پەتای کۆرۆناوە، دامودەزگاکانی ئێران لە ڕاستیدا لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ستایش کران بۆ "هەنگاوی داهێنەرانە لە خزمەتگوزارییەکانی ساخڵەمیی دەروونی بە شێوەی گشتی،" کە لەواندا لاسایی "شێوە باشەکانی بەرەوڕووبوونەوە لە لایەن وڵاتانی دیکەی دنیا"یان کردۆتەوە.

بەگوێرەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، سێ حەوتوو دوای ئاشکرابوونی یەکەم دۆخی کۆڤید-١٩، کاربەدەستانی تەندروستیی ئێران هێڵێکی نەتەوەیی یارمەتی سەرهێڵیان بە "کارمەندانی ڕاهێنراو لە بەشی تەندروستیی دەروونی بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تاکەکەسیی" دامەزراند کە بە شێوەی مامناوەندی ڕۆژانە وەڵامی ٥١٣٠ کەسیان لە نۆ مانگی یەکەمی پەتایەکە داوەتەوە.

بەڵام بێجگە لە کۆڤید - ١٩، نەهامەتیی ئێران بەهۆی کۆیەک لە ئابلۆقەکانی ئەمریکا، بێدەرەوەستیی ئابووریی دەوڵەت، ویشکەساڵی و ڕێژیمێک کە بەگشتی وەک دۆزەرەوەی ڕێگاچارەی گیروگرفتان سەیر ناکرێ بەڵکوو وەک سەرچاوەی ئازارچێشتنی هاووڵاتیانە، قووڵتر بۆتەوە. بەکردەوە، کۆی زەختی سەر ئێران، تەندروستی دەروونیی ئەو وڵاتە دەکاتە شتێکی تاقانە و ئاکامەکەی شتێکە کە لێکۆڵەرەوان پێی دەڵێن پەرەگرتنی "کولتووری خەمۆکی".

دوکتور موژگان حەکیمی، سەرۆکی بەشی دەروونناسیی کۆلێژی تورۆ لە لۆس‌ئانجێلێس، بە سێمیناری ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی گوت، "وڵاتان تووشی دۆخی خەمۆکی دەبن. بەڵام سیاسەت دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێ، ئازادیی دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێ".

نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە توندئاژۆ سیاسییەکان، کە کۆنترۆڵی سەرجەم جومگەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتیان بەدەستەوە گرتووە، خەریکە دان بە جیددیبوونی گیروگرفتەکە دادەنێن، ئەگەرچی هێشتا پێشتریەتییان بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان نەداوە.

کاربەدەستە پلەبەرزەکان دانیان بە دژوارییەکان داناوە و پێشنیاری دراوی نەخدیان کردوە و بەڵێنی چارەسەرکردنی ئابووریان داوە. لەگەڵ ئەوەشدا، فەرهاد مۆئمێنی، بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی ناحکوومیی لێکۆڵینەوە ئایینی و ئابوورییەکان دەڵێ، خەیاڵپڵاویی سیاسی کاریگەریی سەرەکی لەسەر تەندروستیی دەروونیی گشتی هەبووە.

موئمێنی لە نۆڤەمبەر بە کاربەدەستانی باسکی توێژینەوەی ڕێکخراوی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی دەوڵەتی گوت، "لە کاتێکدا کە پێوەندیی خەڵک دەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتدار خراپتر دەبێ، ئێمە تووشی بێمتمانەیی، ناسەقامگیری، پاشقولدان، دابەزینی ڕەوشتی، گیرۆدەبوون بە ماددەی سڕکەر، گەندەڵیی، خۆکوژیی، گیروگرفتی دەروونی، نەخۆشیی دەروونی، چوونەسەری ڕێژەی تەڵاق و تاد. دەبین." ئەو هۆشداریی دا، "سیستەمی [دەوڵەتیی] لێکۆڵینەوە و چاودێریی ... لە دیتنی ئاشکراترین دیاردەکان ناسەرکەوتوویە".

لە ئێرانی ئەمڕۆدا، هەڵاوسانی نرخەکان، هەژاری، هەستی بێهیوایی و ڕێژەی خۆکوژی، هەموویان بەرەو هەڵکشانن. بێگومان، ئاماری فەرمی ئاشکرای دەکەن کە ڕێژەی ئەوانەی لە "هەژاریی تەواو" دان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بۆتە دوو هێندە و ٣٠ میلیۆن ئێرانی، واتە زیاتر لە یەک لەسەر سێی حەشیمەت، دەگرێتەوە.

بەگوێرەی ئاماری دەوڵەت، مانگی ڕابردوو ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە گەیشتە ٤٣,٤٪ و نرخی بەشێک لە خواردەمەنی نزیکەی ٨٠٪ زیادی کرد. لە تاران، نموونەیەکی زیندووی ئاستی هەژاریی لە بازاڕی مەزنی میوە و سەوزەمەنی، شوێنێک کە فرۆشیاران بەرهەمە زیاندیتووەکان و ماوەبەسەرچووەکان، کاتژمێر ٧ی ئێواران دەفرۆشن، دەر دەکەوێ. کڕیاران بە ڕیز ڕادەوەستن تا کەڵک لە نرخە داشکاوەکان وەرگرن.

ڕۆژنامەوانێکی ئێرانی کە ئەزموونی دەیان ساڵەی هەیە و لە لایەن کەسێکەوە کە لە ژێرخانی ماڵەکەیدا دەژی ئەو بازاڕەی پێ ناسێندرا، گوتی، "ڕاستییەکەیت بوێ، من بەڕاستی سەرم سووڕ ماوە چۆن خەڵک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوەدا دەکەن".
ئەو دەڵێ بەگوێرەی ئاماری نوێ لەلایەن یەکیەتیی ناوەندیی خواردەمەنی، ئاستی خواردنی گۆشت بە بەراورد دەگەڵ ساڵی

ڕابردوودا ٥٠٪ دابەزیوە، لە کاتێکدا کە لە هەمان ماوەیەدا کەڵکوەرگرتن لە بەرهەمەکانی شیرەمەنی نزیکەی ٦٠٪ دابەزیون چونکە نرخەکانیان ٧٠٪ چۆتە سەر.

ڕۆژنامەنووسەکە کە داوای کردووە ناوی نەدرکێندرێ، دەڵێ: "ئەوە هەروەها کاریگەریی لەسەر دۆخی دەروونیی خەڵک هەبووە، چونکە ئەوان ناتوانن ئەو شتانە بکڕن کە پێشدا توانایی کڕینیان هەبوو." ئەو هەروەها دەڵێ مەترسیی بێکاری لە کاتێکدا کە ڕێژەی بێکاریی لە سەرەوەی دە لە سەدە، پەرەی گرتوە.

دژواریی دارایی پەرەئەستێن، هەر دێت و زۆرتر لە ژیانی ڕۆژانەدا دەر دەکەوێ: خەڵک سەربانی ماڵان بەکرێ دەگرن تا بتوانن خێوەتی لێ هەڵدەن؛ ڕێژەی ئەوانی لە زبڵدا بەدوای بژیوی ژیان دەگەڕێن لە زیاد بوونە. لەو حەوتووانەی دواییدا، مێدیای ئێرانی لە ڕاپۆرتەکانیاندا باسی ئەوەیان کردوە کە چۆن خەڵکی تاران، نەوەک ئەوانی کە فرە هەژارن یان گیرۆدەی ماددەی هۆشبەرن، بەڵکوو خەڵکی مووچەخۆری ئاسایی کە چیدیکە ناتوانن کرێ خانوو بدەن، هەموو شەوێ لەنێو ئوتوبوساندا دەخەون، لە کاتێکدا کە ئوتوبوسەکان لە شاردا لە هاتوچۆ دان.

وێنەگرێکی پرۆفێشنال کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕاپۆرتی ڕۆژانەی لەبارەی شەڕی ئێران دژی کۆڤید-١٩ و گیروگرفتەکانی دیکە بڵاو کردۆتەوە و داوای کردوە نهێنی بمێنێتەوە، دەڵێ، "لە ئێران ئابووری هەموو شتێکە و تەندروستیی دەروونی پێوەندیی جیددی بە دۆخی ئابوورییەوە هەیە." ئەو وەبیری دێ کە ، "خەڵک هەستیان دەکرد لە لێواری ئەو مۆتەکەیەدا بن، کاتێک چاویان کردەوە ئەو دنیایەی مردووی نەناسراویان چاو پێکەوت، ئەوان بۆ ئەو دۆخە ئامادە نەبوون".

ئاکامێک :بە گوێرەی ئاماری فەرمیی ناوەندی ئاماری ئێران، لە مانگە سەرەتاکانی پەتایەکەدا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو ڕێژەی خۆکوژیی ٢٩٪ زیاتر بووە و ڕەوتەکە هەروا بەرەو ژوورە، ئەگەرچی هیچ ئاماری نوێ لەلایەن دەوڵەتەوە بڵاو نەکراونەوە.

ئێرانییەکان بە هەمان شێوە تووڕەیی خۆیان لە شکستی دەوڵەت لە هێور کردنەوەی دۆخی ئابووری وڵات ئاشکرا کردووە و ڕژاونە سەر شەقامەکان تا لە نارەزایەتیەکاندا بەشداریی بکەن کە لە ٢٠١٨ بەولاوە بە شێوەی توندوتیژانە سەرکوت کراون و سەدان کوژراوی لێ کەوتۆتەوە.

نوێترین نارەزایەتییەکانی مامۆستایان دوای ئەوە دەستیان پێ کرد کە سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی مانگی ڕابردوو بودجەکەی پێشکەش کرد. ئەو پێشنیاری زیادکردنی ٢٤٠٪ بودجەی سوپای پاسداران و ٥٦٪ بودجەی مێدیای دەوڵەتی کرد لە کاتێکدا کە مووچەی مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی دەوڵەتی تەنیا ١٠٪ زیاد دەکا. ئەوانە هەموو زەختی سەر تەندروستیی دەروونی زیاد دەکەن.

دوای بڵاو کردنەوە بەکاوەخۆ لەبەر دژایەتی سەرەتایی ڕێبەری گەورەی ئێران، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، بەرانبەر بە واکسێنی دروستکراو لە لایەن خۆراواییانەوە، زیاتر بوونی دەستڕاگەیشتن بە ڤاکسێنی کۆڤید - ١٩ کەمێک لە زەختەکەی سووک کردوە.

ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ، "ئێستا تۆزێک لە ڕابردوو جیاوازە؛ دۆخە خراپەکە وێدەچێ دەستاوی دەسەڵاتداران بێ، تەنانەت خامنەیی گوتوویەتی کە متمانەی نێوان خەڵک و ڕێژیم زەرەری دیتووە".

سەرکۆمارە توندئاژۆ نوێیەکە هێندێک هەنگاوی پۆپۆلیستیی هەڵگرتوون وەک سەردانی ئەو پارێزگایانە کە سەرکۆماری پێشوو، حەسەن ڕوحانی، خۆی لێ بواردوون. ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ، "ئەوانە هەوڵێکن بۆ پڕکردنەوەی ئەو قەڵشتە کە ئێستا ئەو هەموو کاربەدەستە دانی پێدا دەنێن".

"هەواڵی خۆش" کە سەرۆکی کاروباری ئابووریی دەوڵەت، موحسین ڕەزایی، بەڵێنی دابوو، دەرکەوت کە کارتێکی یاریدەی دارایی بێ کە تەنیا مانگی ٨ دۆلارە و هێشتا جێبەجێ نەکراوە. پارلمانی ئێرانیش لەبەر پاشگوێخستنی چەند قەیران و جەختکردن لەسەر پرسە ئایینییەکان و سنووردارکردنی زۆرتری ئازادییەکان، کەوتۆتە بەر ڕەخنە. ئەو لەو دواییانەدا کاتی ئەوەی هەبووە هاوردەکردنی ئامێری موسیقا و چاویلکەی هەتاو یاساغ بکات.

ڕەخنەگران دەڵێن ئەو کردەوانە ئاشکرای دەکەن کە ڕێبەرانی ئێران چەندە لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگە نامۆن و چەندە لە باشترکردنی مەرجە ئابوورییەکان، کە ڕەنگبێ بتوانێ یارمەتیدەری باشتربوونی دۆخی تەندروستی دەروونیی ئێرانیان بێ، بێتوانان.
ئالێکس وەتەنخا، پسپۆڕێکی ئێران لە سێمیناری ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گوتی: ئەوان پێشترییەتی بە شتی دیکە دەدەن. ئەوان خەریکی "گرینگترین جەنگی مێژوو" دژی وڵاتە یەکگرتووەکانن؛ و پرۆژەیەکی سیاسەتی دەرەوەی

**بەشی: دووهەم**

[ناوچەییـان] بەدەسـتەوە کە دەیـانهەوێ کۆتـایی پـێ بێـنن. و لەو مـاوەیەدا، ئەوان نیشـتمانی خۆیـان لەبیـر دەکەن .... زۆربەی ئێرانییەکان گیروگرفتیان هەن کە پێویستە لە نێوخۆ بۆیان چارەسەر بکرێ".

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢**

# دۆخی وتووێژەکان لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی ئێران

## ئەنستیتۆی نونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک

زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ناوکیی ۲۰۱۵ دەگەڵ ئێران دەرکەوتوە لەوە دژوارتر بێ کە زۆر لە لایەنگرانی چاوەڕوان بوون و نەیارانی لێی دەترسان. وتووێژەکانی نێوان ئەو لایەنانەی لەنێو ڕێککەوتنی بەرجام مانەوە (چین، یەکیەتیی ئورووپا، فەڕانسە، ئاڵمان، ئێران، ڕووسیە و بریتانیا) و وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە مای ۲۰۱۸ ڕایگەیاند ڕێککەوتنەکە جێدەهێڵێ، لە ئاپریلی ۲۰۲۱ دەستیان پێ کرد. لایەنەکان نەیانتوانی پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران، لە مانگی جوون، بگەنە ڕێککەوتن و لە مانگی نۆڤەمبەردا دەوڵەتی توندئاژۆی کۆنەپارێزی سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی، هەڵوێستێکی بەرزەفڕانەی گرت (ئەگەرچی لەو کاتەوە ویستی خۆگونجاندنی نیشان داوە).

لەو ماوەیەدا بەرنامەی ناوکیی ئێران بە شێوەی بەرچاو خێراتر بووە کە بەشێک لە سوودەکانی پێشگرتن بە بڵاوکردنەوە [توانایی گەشەپێدانی چەکی ناوکی] بە بەرجامێکی زیندووکراوە، خەوشدار بووە. لە کاتێکدا کە هێشتا ئەگەری ڕێککەوتن هەیە، بەڵام زۆر وێدەچی سێناریۆی ئەمساڵ لەبەر بێبەرهەمی یان وەستانی وتووێژەکان لە پەلوپۆ بکەوێ و دەگەڵ ڕەچاوکردنی ستراتێژیی بێڕێککەوتن لە لایەن ئێران، ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕێگا بۆ قووڵبوونەوەی گرژییەکان بکرێتەوە.

## ڕێککەوتن یان ڕێکنەکەوتن؟

لە نێوان ئاپریل و جوونی ۲۰۲۱، وتووێژەکانی ڤییەن شەش جار بەڕێوە چوون و بۆ گەڕانەوەی ئێران و ئەمریکا بۆ نێو بەرجام، پێشوەچوونی هەبوو. لەسەر داوای ئێران، ئەمریکا و ئێران ناڕاستەوخۆ و بە نێوبژیوانی وڵاتانی ئورووپایی، وتووێژیان دەکرد. لە کاتێکدا کە ئەو گفتوگۆ ناڕاستەوخۆیانە بۆتە هۆی وەدرەنگی کەوتن و بەهەڵە لێکحاڵێبوون، تاران بەردەوامە لە خۆبواردن لە دیداری ڕاستەوخۆ دەگەڵ واشینگتۆن. ئەگەرچی لەکاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران لە مانگی جوون لایەنەکان ڕێک نەکەوتن، هێندێک دیپلۆمات لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێک ناهومێد نەبوون.

چەند مانگ دوای هەڵبژاردن، ئێران نەگەڕایەوە سەر مێزی وتووێژ. بەرنامە ناوکییەکەی گەشەی کرد و چاودێریی نێونەتەوەیی کاریگەریی نەما. ڕەئیسی کە، لە کێبەرکێیەکی گەلێک سنووردار بە بەشدارییەکی کەمی دەنگدەران کە لە مێژوودا بێوێنە بوو هەڵبژێردرا، دەڵێ ئامانجی ئێران گەڕانەوە بۆ نێو بەرجامە. بەڵام ئەو هەروەها گوتوویەتی نایهەوێ داهاتووی سیاسی و ئابووریی ئێران بە ڕێککەوتنێک دەگەڵ واشینگتۆن ببەستێتەوە و ڕەخنەگرێکی دیاری ڕێککەوتنەکە، عەلی باقێری کانیی، وەک سەرۆکی وەفدی دانوستانکار لە ڤییەن دیاری کردووە.

دەوری حەوتەمی وتووێژەکان لە کۆتاییەکانی نۆڤەمبەر دەستیان پێ کرد. وەفدی ئێرانی، تاقمێک داواکاریی بەرزەفڕانەی پێوەندیدار بە بەرنامە ناوکییەکەیان و سووککردنی ئابلۆقەکانی پێشکێش کردن کە پاشەکشە لە پێشوەچوونەکانی بەهاری پێشوو بوو. سیاسەتوانانی خۆراوایی پێیان وابوو کە پێشنیارەکان جیددی نین و لە دێسەمبەری ۲۰۲۱ و جانیواری ۲۰۲۲، دیپلۆماتەکان گوتیان پێشوەچوونێکی کەم بەرەو تێکهەڵکێشکردنی داواکانی ئێران لەو نووسراوەیەی لە مانگی جوون لەسەری ڕێککەوتبوون هاتۆتە ئاراوە.

زۆر لەو خاڵانەی ماون، لە دەرەوەی چوارچێوەی بەرجامن. ئێران داوای مێکانیزمێکی کردوە کە سووککرانی ئابلۆقەکانی پێ مەزەندە بکرێ و داوای گارانتی لە سەرکۆماری ئەمریکا جۆ بایدن یان جێگرەوەکەی کردوە کە لە ڕێککەوتنەکە نەکشێنەوە. ئەو هەروەها داوای لابردنی سەرجەم ئابلۆقەکانی سەردەمی سەرکۆماریی پێشوو دۆناڵد ترامپی کردوە و دەیهەوێ لە داهاتووشدا هیچ ئابلۆقەیەکی نوێ زیاد نەکرێ. دانوستانکارەکانی ئەمریکایی جیبەجێکردنی زۆر لەو داوایانە لە ڕوانگەی یاسایی یان کردەیی بە مومکین نازانن.

مشتومڕێکی بەربڵاو لە ئارادایە کە ئاخۆ ئێران بەڕاستی حەزی لە ڕێککەوتنە یان تەنیا کات دەکڕێ بۆ گەشەپێدانی بەرنامە ناوکییەکەی. هێندێک لێکدەرەوە گوتوویانە کە بێتوو ئێران بەو ئاکامە گەیشتبا کە ڕێککەوتن ناکرێ، ڕەنگبێ درێژەی بە بەشداری لە وتووێژەکاندا نەدابا. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، لێدوانەکانی ڕەئیسی ئەو بووچوونە پشتڕاست دەکەنەوە. ئەوانی دیکە دەڵێن دەوڵەتە توندئاژۆیەکە، لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیکەوە نەگۆڕە و نایهەوێ سازش بکا، چونکە ئەمریکا ئەو لایەنە بووە کە بەرجامی جێهێشتووە. ڕەنگبێ بەو شێوەیە بێ کە تاران خوازیاری ڕێککەوتنە بەڵام تەنیا بە مەرجی گەلێک دیاریکراوەوە، واتە مەرجی باشتر لەوەی لە ۲۰۱۵ لەسەری ساغ بوونەوە. تاران لە درێژەدان بە وتووێژەکان سوود وەردەگرێ، تەنانەت ئەگەر پێشوەچوونی ڕاستەقینەشیان نەبێ، چونکە ئەوان زەختی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی کەم دەکەنەوە و قەڵخانێکن دژی هێرشی سەربازیی لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێران ڕوونی کردۆتەوە کە

نیگەرانی شکستی دانوستانەکان نییە؛ ڕەئیسی بودجەی داهاتی ٢٣-٢٠٢٢ی بە گریمانەی مانەوەی ئابلۆقەکان داڕشتوە. ئەگەری ئەوەش هەیە کە ڕێبەری، لە نێویاندا ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی، هێشتا بڕیاری لەسەر باشترین هەڵوێست نەدابێ.



## نیگەرانییە ناوکییەکان

بۆ دەوڵەتانی خۆراوایی، ڕەوتی هێواشی وتووێژەکان گیروگرفتە، چونکە بەرنامەی ناوکیی ئێران بەخێرایی گەشەی کردوە. کاربەدەستانی ئەمریکایی گوتوویانە بێتوو ئەو گەشەکردنانە بەو خێراییە درێژەیان هەبێ، سوودەکانی بڵاونەکردنەوەی [توانایی گەشەپێدانی چەکی ناوکی] بەرجام ڕەنگبێ لە وەرزی یەکەمی ٢٠٢٢ بکەونە ژێر پرسیار.

ئێران چیدیکە ملکەچی سنووردانانەکانی بەرجام بۆ بەرنامەی پیتاندنی ئۆرانیۆمەکەی نییە. کاتی دەرچوونی ئەو، کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆمی فرە پیتێندراو بۆ دروستکردنی بۆمبێکی ناوکی، لە ساڵێک یان زیاتر، لە کاتی بەرجامدا بۆ نزیکەی مانگێک دابەزیوە و، ئەگەری گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ گەڕانەوە بۆ کاتی دەرچوونی پێشوو کەم بۆتەوە. ئەگەرچی پێوانەی یەک ساڵ لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە شتێکی گۆترەیە، لانی کەم لە واشینگتۆن لە ڕوانگەی سیاسییەوە پێوەرێکی گرینگ بۆ بەراوردکردنی ڕێککەوتنی داهاتووە.

## کاربەدەستانی خۆراوایی بۆ سێ پرسی نێونەتەوەیی زەختیان خستۆتە سەر تاران:

١- مەترسیی دەرچوونی دەستبەجێ
٢- ئاستی پێشکەوتوویی گەشەکردنی بەرنامەی ناوکی و
٣- دەستئاوالآیی بۆ پشکنینە نێونەتەوەییەکان.

**لە پرسی یەکەم**، کاتی دەرچوونی ئێران، بە گوتەی کاربەدەستێکی ئەمریکا "سنووری هەڵە" لە کۆتایی ٢٠٢١ ـە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێران لەوانەیە توانایی گۆڕانی خێرای سانتریفیوژەکانی هەبێ و بتوانێ بەشی بۆمبێک ئۆرانیۆمی بەکەڵک، پێش دیتنەوەی لە لایەن پشکێنەرانی نێونەتەوەیی، دروست بکا. بەگوێرەی نوێترین ڕاپۆرتی پشکێنەران کە لەلایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ، لە ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ بڵاو بۆوە، ئێران نزیکەی ١٦٨،٣ کیلۆ ئۆرانیۆمی هێکسافلۆریدی (UF6) پیتێندراو بە پلەی ٢٠٪ هی ئیزۆتۆپی U-235 ی هەیە. زیاتر لە ٢٥٪ ئەو ڕێژەیە لە سێ مانگی پێش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکە بەرهەم هێنرابوو. بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت، ئێران هەروەها ٢٦،٢ کیلۆ UF6 ی پیتێندراو بە پلەی ٦٠٪ی هەیە.

بەو خێراییەی بەرهەمهێنان، ئێران دەتوانێ سنووری دەستڕاگەیشتن بە ڕێژەیەکی بەرچاوUF6 ی پیتێندراو بە پلەی ٢٠٪ (نزیکەی ٥٠ - ٢٤٠ کیلۆ) لە سەرەتای ی ٢٠٢٢ ببەزێنێ. دوای بڵا بوونەوەی ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە نۆڤەمبەر، ئێران دەستی بە پیتاندنی U-235 بە پلەی ٢٠٪ بە کەڵکوەرگرتن لە سانتریفیوژی IR-6 لە فۆردۆ، بنکەیەکی پیتاندنی بەتوندی قایمکراو، کردوە. بێتوو ئێران سنووری دەرچوون ببەزێنێ و ئۆرانیۆمی پێویست بۆ بۆمبێک بپیتێنێ، بەگوێرەی هێندێک بەراورد، ڕەنگبێ پێویستی بە یەک یان دوو ساڵی دیکە بێ تا لە ئامێرێکی هەڵگری بۆمبی قایم کات. بەڵام کاتێک قۆناخی پیتاندن تەواو بێ، توانایی وڵاتان بۆ ئاشکراکردنی هەوڵی چەکدروستکردن لە ئۆرانیۆم بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز دەبێ، چونکە ئەو چالاکییە لە ژێر چاودێریی نێونەتەوەییدا نییە.

**دووهەم**، ئێران خەریکی وەدەستهێنانی توانایی ئەوتۆیە کە بناخەیەکی نوێ و پێشکەوتووتر بۆ بەرنامە ناوکییەکەی دەستەبەر دەکات. لە ٢٠٢١، ئێران بۆ یەکەم جار ئۆرانیۆمی U-235 ی پیتێندراو بە پلەی ٦٠٪ی بەرهەم هێنا و تاقیکاریی بە سانتریفیوژی پێشکەوتوو، لە نێویاندا IR-6ی دەست پێ کرد. لە کاتێکدا ئۆرانیۆمی پیتێندراوی کەڵەکەکراوی ئێران دەتوانێ لە تیۆریدا لەنێو ببردرێن و سانتریفیوژەکانی لێک هەڵوەشێندرێن، سڕینەوەی زانیاریی

وەدەستهاتووی زانا ئێرانییەکان لە ڕێگای ئەو توێژینەوە، مومکین نییە. ئێران، لێهاتوویی لە بواری نوێشدا گەشە پێ داوە، لە نێویاندا لە بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم، کە ڕاستەخۆ پێوەندی بە گەشەپێدانی چەکی ناوکیەوە هەیە.

**سێهەم**: ئێران چاودێریی ناوەنەتەوەیی بەسەر بەرنامە ناوکییەوەیەوە سنووردار کردووە، لە ناویاندا بە وەستاندنی پرۆتۆکۆلی زیادکردنی چاودێریی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە فێبریواری ٢٠٢١ و، پێشگرتن و جاڕزکردنی پشکێنەرەکان. بەڵام، تەنگەتاوترین پرس دەستڕاگەیشتن بە بنکەی دروستکردنی پارچەی سانتریفیوژان لە کەرەجە، کە دوای زەختی ڕووسیە، لە کۆتایی ٢٠٢١ چارەسەر کرا. (ئێران دوای هێرشێکی سابۆتاژی لە مانگی جوون، کامێراکانی لە بنەکەکە لابردبوون و لەبەرانبەر زەختی نێونەتەوەیی بۆ دانانەوەی ئەوان، تەنانەت دوای دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانی پارچەی سانتریفیوژ، خۆی ڕاگرتبوو).

## پلانی B ی واشینگتۆن

درەنگانێکی ٢٠٢١، ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا دەستیان بە داڕشتنی بناخەی هەڵوێستێکی سیاسیی نوێ لە ئەگەری شکستی وتووێژەکان کرد. لەو سێناریۆیەدا، ڕەنگبێ واشینگتۆن زەختی سیاسی و ئابووری بۆ سەر ئێران زیاتر بکا بۆ ئەوەی قەناعەتی پێ بێنێ ڕێککەوتنێکی ناوکیی بەتەواوی نوێ کە هێشتا ڕوون نییە پەسەند بکا. کەمپەینی "ئەوپەڕی زەخت" کە ترامپ دەستی پێ کرد تا گرەوەکانی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بکاتەوە، وای کردوە کە ئامانجێکی زۆر کەم بۆ خستنە نێو لیستەی ئابلۆقە مابن. لەجیاتان وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەنگبێ جەخت بکاتە سەر جێبەجێکردنی سزا دژی ئەو تاک و ناوەندانە کە ئابلۆقەکانی ئەمریکا پێشێل دەکەن.

بە هاوکاریی فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا، ڕەنگبێ ئەمریکا هەروەها بیهەوێ مێکانیزمی "پەلە پیتکە" بەگوێرەی بڕیاری ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بسەپێنێ، کە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ دوای سەپاندنەوەی ئابلۆقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران هەمان ئابلۆقەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە سەردا دەسەپێندرێ کە پێش ڕێککەوتنی بەرجام لە ئارادا بوون. ئابلۆقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوە کەمترن کە لە لایەن ئەمریکاوە سەپێندراون، بەڵام ئەو پەیامە سیاسییە کە بەرجام مردوە و ئێران گەڕاوەتەوە ناو جەغزی سزای سیاسی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، بۆ تاران زەبرێکی گورچوبڕ دەبێ.

چین مەزنترین کڕیاری نەوتی ئێرانە، بۆیە ئابلۆقەکانی ئەمریکا بۆ سەر پیشەسازیی نەوتی تاران پێشێل دەکا. نە لە

٢٠٢١ بە شێوەی مامناوەندی ڕۆژانە ٨٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو و گازی شلەمەنیی ئێرانی کڕیوە. کاریگەرترین ئامراز بۆ زەخت خستنە سەر تاران ئەوەیە کە قەناعەت بە بەیژینگ بێنی کە کڕینی نەوتی ئێران کەم بکاتەوە. بەڵام وێدەچی چین دۆخی هەنووکەیی بەدڵ بێ و زۆرترین هەڵوێستی دڵخوازی ئێرانی لە وتووێژە ناوکییەکان گرتوە. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن ئابلۆقەکانی سەپێندراو بەسەر لایەنە چینییەکانی تێوەگلاو لەو ئاڵوێرانەوە نەسەپاندوە و ڕوون نییە ئاخۆ بێتوو وتووێژەکان شکست بێنن ئەو کارە بکا یان نا. وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها ئاشکرای کردوە کە زەختی سەر ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی زیاد دەکا چونکە بەشێک لەو نەوتەی بۆ چین دەچێ بە ئاوەکانی ئەودا تێپەڕ دەبێ. (ئیماراتی هەروەها هاوبەشی مەزنی مامەڵەی کاڵای غەیری نەوتی و کاروباری بانکیی ئێرانە).

لە کۆتاییدا، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان بەئاشکرا باسی بژارە سەربازییەکان بۆ پێشگرتن بە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیی لە لایەن ئێران بکا، هەم بۆ ئەوە کە ئێران چاوترسێن بکا و هەروەها هاوپەیمانان و هاوبەشەکانی ئەمریکا دڵنیا بکاتەوە. بەگوێرەی هێندێک ڕاپۆرت پێنتاگۆن لە مانگی دێسەمبەر پلانی هاوبەشی دەگەڵ ئیسڕائیل داڕشتوە و هەنگاوی زۆرتر چاوڕوان دەکرێن، وەک ڕاهێنانی سەربازیی زیاتر دەگەڵ وڵاتانی ناوچە.

## پلانەکانی ئیسڕائیل

بێتوو وتووێژەکان تووشی شکست بن، ئیسڕائیل ڕەنگبێ بیهەوێ بە قووڵکردنەوەی گرژییەکان و چڕکردنەوەی هەوڵە تێکدەرانەکانی و هێرشی سایبەری دژی ئەو وڵاتە، دەوڵەتی ئێران ناسەقامگیر بکا. ئەگەرچی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران وێناچی ڕوو بدا، بەڵام ئەگەری ئەو ڕووداوە نابێ ڕەت بکرێتەوە.

دەوڵەتی نوێی ئیسڕائیل، کە لە جوونی ٢٠٢١ هاتە سەر کار، تا ڕادەیەکی زۆر هاوڕای ڕوانگەی هێرشبەرانەی سەرۆکوەزیرانی پێشوو، بنیامین ناتانیاهوو، دژی ئێران و دژایەتیی بەرجامە. بەڵام سەرۆکوەزیرانی نوێ، نەفتالی بێنێت، کەمتر لە ناتانیاهو خوازیاری مشتومڕی ئاشکرا دەگەڵ ئەمریکا لەو بارەوەیە. هۆی ئەوە تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی ئاشتییانەی یائیر لاپید، وەزیری کاروباری دەرەوە و گرینگترین هاوپەیمانی بێنێت و ئەو ڕاستییە کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هێشتا نوێیە. ئەو هەڵوێستە جیاوازە لە ساڵی داهاتوودا و لە ئەگەری چڕبوونەوەی گرژییەکانی دەگەڵ ئێران تووشی تاقیکاری دەبێتەوە.

هێزە سەربازییەکانی ئیسڕائیل ڕاهێنانەکانیان بۆ ئامادەکاریی هێرشێک بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران دەست پێ

کردۆتەوە و دەوڵەت ١،٥ میلیارد دۆلاری بۆ باشترکردنی ئامادەیی بۆ هێرشێکی ئەوتۆ تەرخان کردوە. ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە وێدەچی بۆ ئاشکراکردنی هێز بێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەیسەلمێنن کە پلانی هێرش لەو ساڵانەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکرا، چەندە لاواز بوون. بەگوێرەی ڕاپۆرت، سەرۆکی هەواڵگریی سەربازی لە جانیواری ٢٠٢٢ بە کابینەی گوتوە کە هێرش بۆ سەر بەرنامەی ناوکیی ئێران کاریگەرییەکی ناڕوونی دەبێ و ڕێککەوتنێکی سیاسی زۆر لە سێناریۆی ڕێکنەکەوتن بە سوودترە. (بەلام بەگوێرەی ڕاپۆرت موساد هاوڕا نییە.) لە ١٢-٢٠١٠، ڕووداوێکی ئەوتوو قەوما. کاتێک ڕێبەرانی هێزە سەربازییەکان و هەواڵگریی ئیسرائیل بۆچوونی جیاوازیان دەگەڵ ناتانیاهو لەمەڕ شێوەی بەڕێوەبردن و ئاسەوارەکانی هێرشێک بۆ سەر ئێران هەبوو. لە کۆتاییدا، ئیسرائیل ئەوساڵ هەڕەشە و ڕاهێنان بۆ هێرشێکی ئاسمانی دەکا. بە شێوەی هاوتەریب، بێتوو وتووێژەکان ناسەرکەوتوو بن، وێدەچێ شێوە جەنگی دەیان ساڵەی ئیسرائیل و ئێران بە سابۆتاژ و ئۆپەراسیۆنی سایبەری چڕتر بێتەوە.

ئیسرائیل توانایی هێرش بۆ سەر بنکەی بە چڕی پارێزگاریکراوی ئێران، لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٠، کاتێک زانای ناوکیی موحسین فەخریزادەی کوشت و لە ٢٠٢١ کاتێک هێرشی کردە سەر بنکەکانی پیتاندن لە نەتەنز و کەرج نیشان داوە.

### تاران باوەش بۆ "مقاومەت" دەکاتەوە

هەڵوێستی دەوڵەتی ڕەئیسی بەرانبەر بە پلانی ئابووری جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی بە "ئابووریی مقاومەتی" ناسراوە بووە، کە لەویدا ئێران جەخت لەسەر بەرهەمهێنانی نێوخۆیی، بازرگانیی غەیری نەوتی دەگەڵ دراوسێکان و کەمترکردنەوەی بەستراوەیی بە هاوردەکردن دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆچوونە، کە خامنەیی برەوی پێ دەدا، ڕەنگبێ ستراتیژییەکی ئابووریی سەرکەوتوو نەبێ، لانیکەم لە کورتماوەدا و، ڕەنگبێ لەجیات چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکان، ببێتە هۆی ئاڵۆزیی زۆرتر. دەوڵەت پێشنیاری کەمکردنەوەی ڕاستەقینەی تێچووەکانی کردوە، لە نێویاندا مووچەی کارمەندانی دەوڵەت، بەلام تەنانەت جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنییەی کەمکردنەوە و هاوکات کۆنتڕۆڵکردنی هەڵاوسانی نرخەکان ئالنگارییەکی مەزنە. بێتوو وڵات درێژە بە کەمهێنانی بەرچاوی بودجە بدات، پێویستی بە قەرزکردنی ناڕاستەوخۆ لە بانکی ناوەندی دەبێ، ئەوەش دروست نوسخەی هەڵاوسانی زۆرتر و ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتییە.

وێدەچێ پەرەپێدانی ناوکیی ئێران هۆشدارییە نێونەتەوەییەکان زیاتر بکا. دەوڵەتی شەڕانیی ئێران دەتوانێ بڕیار بدا لێبڕاوانەتر وەدوای ئەو پرسە بکەوێ، ئۆرانیۆم تا پلەی ٩٠٪ بپیتێنێ یان دەستڕاگەیشتنی پشکێنەرە نێونەتەوەییەکان سنووردارتر بکا یان وەدەریان بنێ، ئەو هەنگاوانە بەزاندنی هێڵی سووری ئیسرائیلن. تاران هەروەها دەتوانێ بڕیار بدا

وشیارانەتر بجووڵێتەوە، کۆی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی ٢٠٪ و ٦٠٪ زیاتر بکا، پەرە بە کەڵکوەرگرتن لە سانتریفیوژی پێشکەوتوو و تاقیکاریی لەسەر بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم بدا. هەڵوێستێکی ئەوتۆ ئەو باشییەی هەیە کە نابێتە تاکە بیانوو بۆ وروژاندنی پەرچەکرداری یەکگرتووی نێونەتەوەیی. هەرچۆنێک بێ، نیگەرانییە نێونەتەوەییەکان لەمەڕ ئەوە کە ئاخۆ دەکرێ بێ کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەربازی، ڕێبازی ناوکیی ئێران بوەستێندرێ کەڵەکە دەبێ و ڕەنگبێ وا بکا کە ئەمریکا یان ئیسرائیل بەزاندنی هێڵی سوور لە لایەن ئێرانەوە ڕاگەیێنێ.

لە کۆتاییدا، ئێران وێدەچێ وەڵامی ئۆپەراسیۆنەکانی سابۆتاژی سایبەری بە هەڵمەتێکی ناڕاستەوخۆ، ئەنجامدەرانی ئەو ئۆپەراسیۆنانە تووشی تێچوو بکا (ئەگەرچی ئێران لەو ساڵانەی دواییدا هەوڵی داوە بە شێوەیەکی بەرچاو تۆڵە لە ئیسرائیل بکاتەوە). لە کاتێکدا کە وێدەچێ نیگاکان ئاراستەی ئیسرائیل بکرێن، هێرشی تۆڵەئەستێنەوە دەتوانێ ئاراستەی ئەمریکا و هێزە سەربازییەکانی لە ناوچە بکرێنەوە و ببنە هۆی بەرزکردنەوەی مەترسیی لێکدانەوەی هەڵە یان کێشەیەکی بەربڵاوتر. هەروەها عەرەبستانی سعودی یان ئیماراتی بکەونە ژێر هێرش، ئەگەرچی لەوانەیە ئێران کە دەیهەوێ پێوەندییەکانی لەوێ باشتر بکا، لە بەرینکردنەوەی کێشەکە بەرەو خەلیج بەگومان بێ (ئەگەرچی هاوپەیمانانی یەمەنیی ئێران هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر ژێرخانەکانی سعودین.)

## دووره دیمەن

پێچەڵپێچی و مەترسییەکانی پێوەندیدار بە پلانی سێناریۆی نەگەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ دەوڵەتانی خۆراوایی، ئەگەر نەڵێین بۆ ئێران، گرینگیی زیندووکردنەوەی بەرجامی سەلماندوە. هێشتا نەخشە ڕێگایەکی سیاسی لەبەر دەستدایە و لە حەوتوو و مانگەکانی داهاتوودا جموجۆڵی بەرچاو نابێ حیسابی بۆ نەکرێ. ئاماژەی سەرەکیی بۆ پێشوەچوون تێکەڵاوێک لە هێواشکردنەوەی بەرنامەی ناوکیی ئێران و خۆ گونجاندنێکی زۆرتر بۆ ئەو داوایانن کە لەوپەڕی بەرجامن. ئەوە ڕەنگبێ سازشی زیاتر لە لایەن واشینگتۆن بۆ قەناعەت هێنان بە ئێران بێ کە بەڕاستی سوودی ئابووری پێ دەگا، و بە ڕێککەوتنەوە بەستراونەوە. تەنانەت ئەگەر وتووێژەکانی ڤییەن شکست بهێنن و ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا دەست بە جێبەجێ کردنی پلانی'B' ی خۆیان لە ٢٠٢٢ بکەن، ڕەنگبێ هێشتا دیپلۆماسی بە شێوەی وتووێژی فەرمی و نافەرمی بەرەو گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی بچووکتر و کاتی بۆ دیاریکردنی میچی ناوکیی یان ئاستی گرژیی ناوچەیی، درێژەیان هەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢

# ئوکراین و گرینگیی خۆڕاگری

**جان ڕاین**

**ئەنستیتۆی ناونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک**

گریمانەی ئاراستەی کێشەی ئوکراین ڕەنگبێ بە قەد زانیاریی ئەوەی کە تا ئێستا ڕووی داوە گرینگ نەبێ. بەکورتی، ئەو هەڵمەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بریتانیا و ئەوانی دیکە دەمێک بوو هۆشدارییان لەبارەیەوە دەدا، وەک پێشبینی دەکرا، بەڕێوە چووە. ئەوە ئاراستەی زانراوە. وەستاندن و پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەکە، لە ئابلۆقە زیاتر دەخوازێ. بۆ ئەو مەبەستە خۆڕاگریی ئوکراینیان یەکلاکەرەوە دەبێ.

## چاونەترس و لەسەر ڕێچکە

تا ئێستا، پوتین ئاشکرای کردوە کە نە گوێ دەداتە چاوترسێنکردن و نە لۆژیکی ستراتێژیک کە زۆر کەس هیوادار بوون جێبەجێکردنی پێش بە دەستدرێژییەکی وەها ئاشکرا بگرێ. بەڵام لەوە گرینگتر، ئەو هەنگاوەکەی دژی ئوکراینی لە چوارچێوەی چیرۆکی ترسناکی "گێڕانەوەی ناتۆ"دا بەڕێوە بردوە. ئەو بە شێوەیەکی دەستدرێژیکارانە، وەک یەکەم هەنگاوی ستراتێژیی بەربەرینکردنەوە و دروستکردنەوەی دەسەڵاتداریی یەکیەتیی سۆڤیەت، دژی وڵاتە دراوسێیەکانی جووڵاوەتەوە. ئەوە گرەوەکە لە چارەنووسی سەربەخۆیی ئوکراین بەولاوە بەرز دەکاتەوە.

پوتین هۆی بڕوابەخۆبوونی هەیە. ئەو چەند دەیەی بۆ بەڕۆژکردنەوەی هێزە سەربازییەکانی ڕووسیە تەرخان کردوە، بۆ ئەو هەڵمەتە شکڵ و شێوەی نوێی بەوان داوە، پاشان سیستەمەکانی، بە کەڵکوەرگرتن لە مرۆڤ و کەرەستە لە شەڕی سووریەدا، دەستکاری و تاقی کردوونەوە. بێجگە لەوە، ئەو لە ئوکراین بەرەورووی وڵاتێک دەبێتەوە کە تواناییە سەربازییەکانی گەلێک لە هی خۆی لاوازترن و تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر کەرەستەی ئاشنای ڕوسی دامەزراون. لەوەش گرینگتر، ناوبراو لەلایەن وڵاتانی خۆراواییەوە پێی ڕاگەیەندراوە کە ئەوان لەنێو ئوکراین هێزی سەربازیی دانابەزێنن. ئەو بەردەوام وەبیری هێنراوەتەوە کە خۆراوا، بە هۆی سیاسییەوە، ناچار دەبێ لە ئابلۆقە وەک ئامرازی بەرپەرچدانەوە

کەڵک وەرگرێ. دوای نائومێدبوون لە هەوڵەکان بۆ تێکەڵاوکردن و لە نێوەوە کاریگەری لەسەر دانان، لە ٢٠٠٨ بەولاوە، ئابلۆقە و تەریکخستنەوە هیچ بایەخێکی لە لێکدانەوەی ستراتیژیکی پوتیندا نییە. لە کاتێکدا کە ئەو لە هەڵبژاردنی چەکدا ئازادە، دژبەرەکانی، بێجگە لە یەکیان ئەو ئازادییەی نییە، ئەویش لە ڕوانگەی ناوبراوەوە نەتەنیا مەترسیی نییە بەڵکوو توانای چاوترسێنکردنیشی نییە.

## بەڵام پوتین ڕیسک و خاڵی لاوازی هەن

مەزنترین ڕیسکی پوتین ئەوەیە کە ئەو لێکدانەوەی هەڵەی بۆ توانایی ئوکراین لە زەرەر گەیاندن بە کەلوپەلی هێزە سەربازییەکانی لە ڕێگای خۆڕاگری هەبوو. لە ژووری زایەڵەی کۆمەڵگای ئاسایشیی ڕووسیە، وێدەچی ئەو پێی ڕاگەیەندرابێ کە ستراتیژیی هێرش، چارەسەرکردن و پاشەکشە، وەک لە گورجستان بەڕێوە چوو، دەتوانێ لە ئوکراینیش جێبەجێ بکرێ. لەو پلانەدا، ئوکراین بە داگیرکارییەکی تاسێنەر و کورت بۆ هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دەستەمۆ، دەتوانێ تێک بشکێ و بەچۆک دابێ و پێویست ناکا داگیر بکرێ. خۆڕاگرییەک کە بتوانێ هێزەکانی ڕووسیە بریندار بکا، گەلێک بۆ پوتین زەرەری دەبێ و ناچاری دەکا خۆی بگونجێنێ. ئەو دەتوانێ پێش ڕوودانی سێناریۆیەکی ئەوتۆ پاشەکشە بە هێزەکانی بکا، بەڵام خۆراگرییەکی خێرا و کاریگەر ناچاری دەکا هێز لە وڵاتەکە بۆ پارێزگاریی لە ڕێژیمێکی دەستەمۆ بەجێ بهێڵێ. ئەو هێزانە بە نۆرەی خۆیان دەبن بە ئامانج. خۆڕاگریی درێژخایەن ئەوان پەلکێشی کێشەی زۆر، وەک شەڕی سووکی نارێکوپێکی شەقام بە شەقام دەکا، کە پوتین زۆری پێخۆش دەبێ خۆی لێ ببوێرێ. باڵادەستیی سەربازیی ناوبراو کەڵکێکی ئەوتۆی نابێ، مەگەر ئامادە بێ پەلکێشی گرۆزنییەکی [پێتەختی چیچێن. و.] دیکە بکرێ. تێچووی مرۆڤی یەکێک لەو شتانەن کە پوتین بە دژواری بتوانێ لە ماڵەوە هەڵسوکەتیان لەگەڵدا بکات.

دووهەم مەترسی ئەوەیە کە هاوپەیمانییەک دژی ڕوسیە پێک بێ کە مەزنترین زەخت دەخاتە سەری. ئەو هاوپەیمانییە لە دەوری یەکیەتییەکی پێشووتر نەبینراو لە نێوان دوو ڕێکخراوی سەرەکیی فرەلایەنە، ناتۆ و یەکیەتیی ئورووپا، و پشتیوانیی وڵاتانی بێ یان کەمبایەخی ستراتیژیک بۆ ڕووسیە، دروست دەبێ. چین دەورێکی گرینگی دەبێ. پوتین زەخت دەخاتە سەر شی جینپینگ کە ئەگەر هاوکار نابێ، بێلایەن بمێنێتەوە. لە کاتێکدا کە ڕەنگبێ ناوبراو ببێتە هۆی بێدەنگیی "شی"، دەگەڵ گەشەی کێشەکە، بە لەبەر چاو گرتنی ئاکاری پوتین لە ئوکراین، وێدەچێ ئەوە کارێکی هاسان نەبێ. پێشترییەتیەکانی "شی" لە شوێنی دیکەن. ئەو کارێکی ئەتۆ ناکا کە زەرەر بە ئامادەکارییەکان بۆ بیستەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست، کە لەو ساڵدا دەگیرێ و بەتەمایە بۆ جاری سێهەم وەک سەرۆک هەڵبژێردرێتەوە، بگەیەنێ. هاوکاریی نزیکتر دەگەڵ ڕێبەری تەریک کەوتووی ڕوسیا دەبێتە هۆی مەترسی ناپێویست. ئەرکی دیپلۆماتیک ئەوەیە کە هەر

نیگەرانییەکی چینی بە زەخت لە لای خۆرهەڵاتەوە وەڵام بدرێتەوە. ئەوە دەرچەیەکی گەلێک مەزنە کە پوتین حیسابی بە ئاواڵایی مانەوەی بۆ دەکا.

مەترسیی سێهەم بۆ پوتین ئەوەیە کە ناوبراو پێشدەستییەکەی لە هەموو لایەنەکانی هێرشەکە لەکیس بدا. تا ئێستا ئەو توانیویەتی پێشدەستیی سەربازیی بپارێزێ و زەختەکە بەگوێرەی نەخشە ڕێگای کاتیی خۆی بەرز بکاتەوە. ئەو هێشتا پەشۆکان، ترس یان تێچووی کەرەستەیی نەدیتوە. نیشانەی پێش ئاسەوارەکانی گریمانەیان بۆ دەکرا، کە قەرار بوو ببنە هۆی چاوترسێنکردن، لە جیاتان لەلایەن ناوبراوەوە وا لێکدراونەوە کە ئەو ئازادە کاتێک ئیرادە بکا، هەنگاوی دواتر هەڵێنێتەوە. ئەو هەروەها دڵنیا کراوەتەوە کە ئاسەوارەکان دەکرێ مامەڵەیان دەگەڵدا بکرێ. ڕەنگبێ ڕیزپەڕێک لەو پرسەدا، کەڵکی بەهێزی واشینگتۆن و هاوپەیمانانی لە زانیاریی هەواڵگری بێ کە لانیکەم لە دەرووەی ڕووسیە دەستی باڵایان هەبوو و مۆسکۆیان ناچار بە پاشەکشە کرد. وانەکە دەتوانێ ئەوە بێ کە هەنگاوێکی لەناکاو، بەهێز و نەزانراو دژی ناوبراو لە شوێنی دیکە و هی ئەوتۆ کە بۆی نامۆ بێ، ئەو دەخاتە دۆخی ناخۆش و نەناسراوی لەکیسچوونی دەستپێشخەری. ئەو ناچار دەبێ خۆی بگونجێنێ، لێهاتووییەک کە نە بۆخۆی و نە هێزە سەربازییەکانی لێی شارەزا نین و ئەوە دەبێتە هۆی لێ ئەستاندنەوەی ئەو تەوژمە ستراتێژیکییەی ئێستا کەڵکی لێ وەردەگرێ.

بەڵام لە داهاتووی نزیکدا، وێدەچێ ئەو تەوژمە هەنووکەییە بۆ هەنگاونان بەرەو قوناخەکانی دیکەی پلانە سیاسییەکەی، واتە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و سنووردارکردنی جوغرافیایی دەستدرێژییەکەی، بەس بێ. نە بەرهەڵستکارانی نێونەتەوەیی و نە خۆڕاگریی ئوکراینی ئێستا هێندە خێرا نین کە بتوانن تەوژمەکە بوەستێنن.

## گرینگیی بەرگریی چەکدارانە و ئالنگارییەکان

بەڵام لە کاتێکدا کە ڕەنگبێ ئوکراینییەکان بە هێزی سەربازیی ڕووسیە تاسابن، ئەوە ئەو کێبرکێیە نییە کە بڕیاردەری کێشەکەیە. ئەوە ئەگەری ناچارکردنی ڕووسیە بە دانی تێچووی کەرەستەیی دیار بۆ بەرفراوانکردنەوەی ڕووبەری کێشەکە بە خۆڕاگرییەکی کاریگەری سەربازییە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ناتۆ خۆ لە پیادەکردنی هێزی سەربازی لە ئوکراین دەبوێرێ، تەنیا خۆڕاگرییەکی کاریگەری ئوکراینییە کە بتوانێ ئەو کارە بکا. پشتگیریکردن و توانامەندکردنی خۆڕاگری یەکلاکەرەوە دەبێ، بەڵام ئەوە بە هاسانیی خاسیێژیی پشتگیری و هاوپشتی نییە کە ڕێبەرانی خۆراوا باسی دەکەن. گەیاندنی کەرەستە ویستی سیاسی دەخاتە ژێر تاقیکاری، پارامیتری یاسایی و توانایی پسپۆڕانە بۆ شەڕ بە دەستی لایەنی سێهەم پێویستە. ئەوە تاقیکارییەکە کە هاوپەیمانییە بەربەرینەکەی دژی ئەسەد، پێکهاتوو لە ئەندامانی ناتۆ، لە

سووریە شکستی هێنا. لەنێو وانەکانی وەرگیراو لە سووریە، گرینگیی ژینەکی گەیاندنی سیستەمی چەکۆچۆڵ و هەوڵی بەردەوام و لێبڕاوانە لە درێژمەودایە. ئەوە هەوڵ و سەرمایەی سیاسی بۆ دروستکردنی چوارچێوە سیاسی و یاساییەکانی پێویست دەخوازێ. ئەوە بە زەرەری هاوپەیمانانی ئوکراین دەبێ کە بەڵێنی پشتگیریی ئەوتۆ بدەن کە نەتوانن جێبەجێیان بکەن، یان جێبەجێی بکەن، بەڵام نەتوانن بەردەوام بن. هاوپەیمانییەکەی ژێر ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە سووریە و کوردستان پشتیان لە هاوبەشەکانیان کرد. ئەو هاوپەیمانییە ئێستا دەرفەتی ئەوەی هەیە کە ڕەوایی نێونەتەوەیی وەک هاوبەش لە جەنگە نارێکوپێکەکاندا وەدەست بێنێتەوە.

لە ئوکراین شتی زۆرتر لە سووریە لەگرەو دان. بێتوو خۆڕاگریی ئوکراین سەرکەوتوو بێ، دەتوانێ هیوای پوتین بۆ سەرکەوتن لە هەنگاوی یەکەم بۆ گەڕاندنەوەی دەستڕۆیشتوویی بەربڵاوی یەکیەتیی سۆڤیەت، بکاتە دوایین قوماری دیکتاتۆرێکی تاوانکار. وەبەرهێنان لەو سەرکەوتنەدا بەنرخە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠٢٢

## جان میرشایمەر و بناخە تاریکەکانی کەتوارگەرایی

**ئادام تووز**

[تووڕەیی لە پسپۆڕی پایەبەرزی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان ڕەنگدانەوەی نائومێدیی لە دەسەڵاتی سنوورداری خۆراوایی بۆ پێشگرتن بە جەنگی ڕووسیە لە ئوکراینە.]

بۆ چی ئەوەی لە ئوکراین دەقەومێ خەتای خۆراوایە؟ ئەوە مانشێتی پرسیاری ورووژێنەری وتارێکی پرۆفیسۆر جان میرشایمەر، لایەنگری بەناو بانگی کەتوارگەرایی (ڕیالیزم)ی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانە، کە لە کۆڕێکی دەرچووانی زانکۆی شیکاگۆ لە ٢٠١٥ پێشکەش کراوە و لەو کاتەوە کە بۆ یەکەم جار لە یوتیوب بڵاو بۆتەوە، زیاتر لە ١٦ میلیۆن جار چاوی لێکراوە.

لە ٢٠٢٢ میرشایمەر دیسان پەیامەکەی بە حەماسەتێکی زۆرەوە لە ١ی مارس لە وتووێژێکی تەلەفۆنیی گەمژانەدا لەگەڵ نیویۆرکەر بڵاو کردۆتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی داگیرکردنی ئوکراین لە لایەن ڕووسیەوە، ورووژاندنی میرشایمەر بۆتە هۆی تووڕەیی و ئەو پرسیارەی دروست کردوە: کەتوارگەرایی چییە کە میرشایمەر پشتگیریی لێ دەکا؟

لە لایەکەوە، میرشایمەر دڵنیاکارانە بێلایەنە. هەنگاوی بەربەرینکردنەوەی ناتۆ لە ٢٠٠٨ بە شێوەیەک کە گورجستان و ئوکراین بگرێتەوە هەڵەیەکی سامناک بوو. ڕووخاندنی دەسەڵاتی ڤیکتۆر یانۆکۆویچ ،کە ڕووسیە پشتگیری دەکرد، لە ٢٠١٤، لە شۆڕشێکدا کە خۆراوا پشتگیریی کرد، ڕووسیەی هێندەی دیکە تووڕە کرد. خۆراوا دەبوو بەرپرسیارەتیی ئافراندنی دۆخێکی مەترسیدار بگرێتە ئەستۆ کە هۆیەکەی بەرینکردنەوەی هاوپەیمانیی دژی سۆڤیەت بەرەو ناوچەی ژێر دەستڕۆیشتوویی ڕووسیەیە. ئەوسا ئاکامگیرییە تووڕەکەرەکە دێت: پەرچەکردارە توندوتیژانەکەی پوتین نابێ ببێتە هۆی سەرسوڕمان.

هەر ئەوکاتی لە ٢٠١٥، هەڵوێستی میرسهایمەر جێگای مشتومڕ بوو. ئەمڕۆ، ئەوە لەژێر ڕووناکایی پێشێلکاریی ئاشکرای

یاسای نێونەتەوەیی لەلایەن پوتینەوە، دیسان سەری هەڵداوەتەوە. لە ٢٨ی فێبریواری، کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕووسیە لە تویتێکدا پشتیوانیی لە ڕوانگەی میرشایمەر کرد، کەوتە بەر ڕەخنەی توندی ئان ئەپڵباوم، مێژووناسی ناسراو و لایەنگری لیبرالیزمی خۆرهەڵاتی ئورووپای دوای سۆڤیەت.

ئەپڵباوم گوتی، "دە فەرموو!"، بە ئاماژە بە تویتەکەی وەزیری کاروباری دەرەوە، "ئێستا لە خۆمان دەپرسین ئاخۆ ڕووسیە لە ڕاستیدا چیرۆکی میرشایمەر و ئەوانی دیکە دەڵێتەوە. مۆسکۆ پێویستی پێی بوو بڵێ خۆراوا بەرپرسی داگیرکاریی ڕووسیە (لە چیچان، گورجستان، سووریە و ئوکراینە)، نەوەک چاوبرسیەتیی خۆیان و ئیمپریالیزم. ئاکادێمیسیەنەکانی ئەمریکایی چیرۆکەکەیان بۆ دابین کرد".

لە ڕۆژەکانی دواییدا، ئیدانەکردنەکانی ئەپڵباوم پشتگیرییەکی زۆری لێ کرا و خوێندکارانی زانستگای شیکاگۆ لە نامەیەکی ئاواڵادا داوایان کرد بزانن ئاخۆ میرشایمەر مووچەخۆری ڕووسیەیە!

ئابڕووچوونەکە بەو مانایەیە کە میرشایمەر شەڕانشۆیی پوتین وەک هیچ شتێک بێجگە لە ئاکاری زلهێزێکی ژێر زەخت نابینێ. بە پێچەوانەی ئەپڵباوم، میرشایمەر شتێکی کەمی هەیە لە مێژووی ڕووسیە یان ئوکراینەدا لێی بکەوێتە مەترسییەوە. ئەوەی کە ناوبراو دەیکا شتێک نییە بێجگە لە تیشک خستنەسەر ئاسەوارەکانی تیۆریی دڵخوازی ناوبراو لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، کە بە کەتوارگەرایی "هێرشبەر" یان "زلهێز" ناسراوە. ڕووسیە زلهێزە. زلهێزەکان، بە گوێرەی ئەو تیۆرییە، ئاسایشی خۆیان بە ناوچەی بەرژەوەندی دەپارێزن. وڵاتە یەکگرتووەکانیش هەمان کار دەکا، بە شێوەی دۆکترینی مۆنرۆ و لەو دواییانەدا بە دۆکترینی کارتەر، کە بەرژەوەندیی ئەمریکا تا کەنداوی فارس پەرە پێ دەدا. بێتوو پێویست بێ، ئەو ناوچانە بە هێز بەرگرییان لێ دەکرێ و هەر کەس دانی پێدا نەنێ و ڕێزی لێ نەگرێ، لە تێگەیشتن لە عەقڵانییەتی توندوتیژانەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان شکست دێنێ.

بەگوێرەی ئیدیعای ئەپڵباوم، کە هیچ بەڵگەیەکی بۆی نەخستە ڕوو، میرشایمەر ڕەنگبێ گوێی نەداتێ. هەرچی بێ، ئەپڵباوم ئیدیعای ئەوە ناکا کە میرسهایمەر و هاوبیرانی، "ئاکادێمیسیەنەکانی ئەمریکایی"، بیرۆکەکەیان داوەتە دەست ڕووسییەکان. پوتین پێویستی بە پرۆفیسۆرە ئەمریکاییەکان نییە تا دڵنیای بکەن ڕووسیە زلهێزە. زلهێزەکان کەڵک لە هەموو ئامرازێک وەردەگرن. کەڵکوەرگرتن لە هۆدانی ئاکادێمیسیەنی بیانیی بچووکترین تاوانی ئەوە.

تا ئەو جێیەی بیرۆکەکان بە ڕاستی کاریگەرییان لەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکان هەبێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاریگەرییە یەکلاکەرەوانەی بە بۆچوونی میرسهایمەر بۆ جوغرافیا، ئابووری و هێزی سەربازیی قایلە، ئەوپەڕی ئەو شتەی مرۆڤ دەتوانێ هێوای پێ هەبێ ئەوەیە کە بڕیاردەران و خەڵکی ئاسایی دان بە بەرژەوەندی و ناوچەی دەستڕۆیشتوویی یەکتر دابنێن و خۆ لە بەریەککەوتنی ناپێویست ببوێرن. واتای کەتوارگەرایی لەو چوارچێوەیەدا، ڕوونیی بنەماکەی و پەسەندکردنی بەناچاری ئەقڵانییەتەکەیەتی.

لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، هەر ئەو هەڵوێستە بوو کە میرشایمەر هان دا لەدژی ئەوەی بە بۆچوونی نابراو دەستڕۆیشتوویی بێهۆی لۆبیی ئیسرائیل لەسەر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانە، هەڵوێست بگرێ. ئەو دەستڕۆیشتووییە بەرچاوی داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکایان لە تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی وڵاتەکەیان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لێڵ کردوە. لە دۆخی هەنووکەییدا، ئەوەی میرشایمەر داوای دەکا ئەوەیە کە بیرۆکەی بەرینکردنەوەی ناتۆ بەرەو خۆرهەڵات چ وەک ئاراستەیەکی خۆ لێ لانەدەری مێژوویی یان شەڕێکی خاچپەرستانە کە ئێمە دەبێ بۆی بجەنگێین، دەبێ وازی لێ بێنین.

بێگومان، ئاسەوارەکانی ڕوانگەی میرشایمەر لەسەر سەربەخۆیی ئوکراین دڵڕەقانەیە. ئەو سەربەخۆییە تا هەتایە لەبەر چارەنووسی کەوتنە ناوچەی ژێر دەستڕۆیشتوویی ڕووسیە سنووردار دەبێ. بەڵام ئەگەرچی ئەوە ناخۆشە، بێتوو مرۆڤ دان بە دەسەڵات و بەرژەوەندیی ڕووسیە دانەنێ، ئاکامەکەی لەوەش خراپتر دەبێ. مەترسیی ئەوە هەیە کە ئوکراین لێکهەڵوەشێ. میرشایمەر حاشا لە شەڕانشۆیی ڕووسیە ناکا، ئەو تەنیا بەو شیوە کە هەیە قبووڵی دەکا. ئەو سەرجەم هێزی هێرشی ڕەخنەگرانەی خۆی ئاراستەی یەکیەتی ئورووپا و ناتۆ دەکا، چونکە ئوکراین بەرەو "ڕێبازی پڕ مەترسی" دەبەن. بە لەبەرچاوگرتنی لێدوانی خۆراوا لەمەڕ ئەگەری ئەندامەتیی ناتۆ و ڕێککەوتنی لکێندران بە یەکیەتی ئورووپاوە، چۆن سیاسەتوانانی ئوکراین بتوانن خۆ لەبەر خولیای تێکەڵ بوون ڕاگرن؟ بەڵام بێتوو ئەوان نوقمی ئەو وەسوەسەیە بن خۆیان دەخەنە ژێر مەترسیی تووڕەیی ڕووسیە.

بێتوو لە میرشایمەر لەبارەی سەرچاوەی مێژوویی ڕوانگە تیژبین بەڵام تاریکەکەی لەمەڕ دنیا پرسیاری لێ بکرێ، زۆر وێدەچێ پێت بڵێ ئەوە ژیرییەکی کەونارایە کە لە نووسینەکانی مێژووناسی یونانی توکیدیدەسەوە سەرچاوەی گرتوە. بەڵام ئەوە نەریتێکی ساختەی دەستی بڕوامەندانی کەتوارگەرایی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانە کە لە زانستگاکانی ئەمریکایی لە سەردەمی شەڕی سارد دامەزرێندرا.

وەک گێــڕانەوە سەرنجڕاکێشــە تــازەکەی مــاتیو ســپێکتێر، کەتوارگەراکــانی ئاتلانتیــک (٢٠٢٢) پێمــانی نیشــان دەدا، بنەچەکەیەکی عەقڵانیتر هی سەردەمی کەونارا نییە، یان تەنـانەت هـی سـەردەمی سیاسەتی کەتوارگەرایـانەی بیسمارکیش، کە لە چوارچێـوەیەکی دیـاریکراودای هاوسـەنگیی هێـزی سـەدەی نۆزدەهەمـدا بەڕێـوە دەچـوو، نییـە بەڵکـو هـی سـەردەمی ئیمپریالیزمە. ئەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بە داخرانی بەرە جیهانییەکان و بـاو بـوونی داروینیزمی کۆمەڵایەتی بـوو، کە بـۆ یەکەم جـار ڕوانگەیەک لەمەڕ دنیـا سـەری هەڵـدا کە لەویـدا زلهێزەکـان بـۆ خـۆجێکردنەوە لە هەسـارەیەکی سنووردارردا شەڕە ئانیشکیان دەگەڵ یەکتر دەکرد.

بۆ سپێکتێر، هێڵێکی فکری لە تیۆریزانانی دەریایی و جوغرافیازانانی پێش ١٩١٤، وەک فریدریش ڕاتزەل و ئالفرێد ماهـان، تا پسپۆڕانی جوغرافیای سیاسیی ئاڵمانی نێوان دوو جەنگەکە، کە ناسیاوترینیان کارل هـاوهۆفەر و کـارل شمیت و لەوێوە بـۆ نووسـراوە کلاسیکەکانی کەتـوارگەرایی ئەمریکـایی، کە ناسیاوترینیان نووسـراوەکانی هـانس مۆرگێنتـاو، هەبـووە. وەک میرشایمەر، کارل شمیت، پـارێزەری ئـاڵمـانی نـازی و دانەری تیـۆزی گرۆسراوم (گەورەشـار)، پێشبینی پەرگـالێکی جیهـانیی دەکـرد کە لەویـدا دنیـا بەسـەر ڕووبەری مەزنـدا دابەش کرابـوو کە هەر کـام لەوان لەژێـر دەسـەڵاتی زلهێزێکـدا بـێ. تایبەتمەنـدییەکی بەرچـاوی ئەو ڕوانگەیە ڕەوشتی خەوشدارە. هێنـدەی بنـاخەی ئەو خەوشـدارییە لەسـەر فرەیـی نـاوچەی دەسەڵات دامەزراوە، لەسەر فەلسەفە دانەمەزراوە. وەک میرشایمەر، هاوسهۆفەر و شمیت پێشبینی گرۆسراومی ئاڵمانیـان وەک شتێکی هاوشێوەی ئیمپراتـوریی بریتانیـا و دۆکترینـی مۆنرۆی ئەمریکایـان دەکرد. هەمـان پاساوهێنانەوە لەلایەن لایەنگرە ژاپۆنییەکانی ناوچەی مەزنتری هاوخۆشبژیویی ئاسیا لە کۆتاییەکانی ١٩٣٠ کەڵکی لێ وەردەگیرا.

یەکێک لەو هۆیانەی بـۆچی ئەو مێـژوویە لـێڵە ئەوەیە کە ئەوە هەمیشـە بـۆ لیبراڵەکـان ئـابڕووبەرانە بـووە. پاسـاوهێناوەی فەڕانسەییەکان بۆ داوای دەسەڵات بناخەکەی بە شێوەیەکی لەرزۆک دەگەڕێتەوە بۆ مافە گەردوونییەکان. لە جەنگی جیهـانیی دووهەم، پسپۆڕانی جوغرافیـای سیاسی، وەک سپێکتێر لە چەنـد بـڕگەی سەرسـوڕهێنەردا، نیشـانی داوە کە کەتـوارگەرایی ئەمریکـایی نـاچـار بـوو مێژوویەکـی نـوێ بۆخـۆی دروست بکـا کە بە گـوێرەی ئەو، خـۆی وەک تیـۆرییەکی خەیـاڵیی جیـا لە ڕەچەڵەکە ئیمپریالیستییەکەی ناساند.

سپێکتێر ئـاڵمـانخوازە. کتێبەکەی پێشـووی نـاوبراو ژیاننـامەی ڕۆشـنبیرانەی فەیلەسـوفی قوتابخـانەی فرانکفـورت، یـۆرگێن هابرماسە. بەتـایبەتی بۆ بەردەنگێکی ئەمریکـایی، گرێـدانی ئەو جـۆرە کەتـوارگەراییەی پێوەنـدییە نێونەتەوەییەکـان کە لە زانکۆکانی ئەمریکادا بڵاو دەکرێتەوە بە بـنەچەکە تاریکەکـانی سـەردەمی ئیمپریالیسـتی، دەستکەوتێکی ڕۆشـنبیرانەی مەزنە.

بەڵام ئەوە بە نرخی بەرتەسککردنەوەی ڕوانگەی مێژووییە. ئەگەر میرشایمەر کەسێکی ناوداری کەتوارگەرایی زلهێزە، کەوابوو بەرژەوەندییەکەی کەمتر لە هێنانە ژێر پرسیاری ئیمپریالیزمی سەدەی نۆزدەهەمدایە تا هێنانە ژێر پرسیاری هۆی دەستپێکی جەنگی جیهانیی لە ١٩١٤. بنەچەکەناسیی ڕۆشنبیرانەی کە ناوبراو ڕەچاوی دەکا لە پێش هەموو شتێک بەرهەمی ئاسەوارەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم و هەوڵە بەژان و فرەنەتەوەییەکان بۆ تێگەیشتن لە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی جولایە.

لەو باسەدا، ئالۆویری ئالمانی - ئەمریکایی کە سپێکتێر جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەشێک لە پاساو هێنانەوەی بەربڵاوترە کە کەسانی وەک مێژووناس ئی ئێچ کار و فەیلەسوف دۆڵدسوۆرت لۆڤوس دیکینسۆن لە بریتانیا و مێژووناسە چەپییەکانی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی وەک چارلز بیرد لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرێتەوە. ئەمڕۆش هێشتا هاوهەستییەک لە نێوان کەتوارگەرای وەک میرشایمەر و چەپەکانی سیاسەتی دەرەوە، کە ڕێز لە لێدوانە بوێرانەکانی لۆژیکی دەسەڵاتی ئەو دەگرن، هەیە.

دەبێ دانی پێدا بنرێ کە هەڵوێستی ناوبراو تێگەیشتنی ڕاستەقینە پێشکەش دەکا. بەڕاستی، ئەگەرچی بە دەنگی بەرز نەگوتراوە، بۆچوونەکانی میرسهایمەر لەمەڕ قەیرانی ئوکراین بە کردەوە دەگەڵ هی بەشێکی بەرچاو لە دەسەڵاتدارانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هاوبەشە. بەڵێنی ئەندامەتیی ناتۆ کە لە بەڕیوەبەرایەتیی بوش لە ٢٠٠٨ باسی کرا، ئاکارێکی خۆ بەزلزانانە بوو. خۆراوا ئوکراین پاشگوێ ناخا، بەڵام بە شێوەی سەربازیش دەستێوەردان ناکا. بەشێک لە تووڕەیی بەرانبەر بە میرشایمەر، تووڕەیی بەلارێدابراوی لیبراڵەکانە کە لەبەر ڕووڕاستیی خۆیان دان بە سنوورە ڕاستەقینەکانی تێوەگلانی خۆراوایی دادەنێن و هۆی باشیش بۆ ئەو سنوورانە هەن. بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ڕووسیە شتێکە کە ناتۆ هەمیشە هەوڵی داوە خۆی لێ ببوێرێ. وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پوتینی ڕوون کردەوە کە هیچ تێوەگلانێکی سەربازیی نابێ. گەیاندنی تەنگەتاوی چەکوچۆڵ تا ڕادەیەکی زۆر ئەو هێڵە لێڵ دەکا. ڕاگەیاندنی ناوچەی دژە فڕین هەڵەیەکی کوشندەیە.

بەڵام بۆ هەموو ئەوانە، بانگەشەی سەرکەوتنێکی ڕۆشنبیرانە بۆ کەتوارگەرایی میرشایمەر قەشمەرییە. بێگومان ئەو لەبارەی هۆیەکانی قەیرانەکە ڕاست دەکا. بەڵام ئەوە نابێ ببێتە هۆی جەنگ، وەک چۆن ئاماژە بە ئیمپریالیزم وەک شیکردنەوەیەکی شیاو بۆ هۆی دانی چەکی سپی لە لایەن قەیسەرەوە بە خەڵکی ئوتریش لە جولای ١٩١٤. مودێلی کەتوارگەرایی تا ڕادەیەکی زۆر لێڵە و لە تێگەیشتن لەو ئالۆگۆڕە خاوەن چۆنایەتییە کە بە دوژمنایەتی دەستی پێ کرد

ناسەرکەوتوویە. سەرداری یەکەمی پرووسی، کارل ڤۆن کلاوسەویتز، ڕەنگبێ گوتبێتی جەنگ درێژەی سیاسەت بە ئامرازی دیکەیە. بەڵام ئەوە هێشتا ئەو پرسیارە بەرز دەکاتەوە کە بۆ کەسێک، زلهێز بێ یان نا، پەنا بۆ ئامرازێکی وەها بنەڕەتی و ترسناک ببا.

لە خودی مۆسکۆ، هیچکام لە دەسەڵاتدارە جیددییەکانی سیاسەتی دەرەوە، کە هەموویان لایەنگری ڕووسیەی داهاتوو وەک زلهێزن، بڕوایان نەدەکرد پوتین جەنگ دەست پێ بکا. ئەوان بڕوایان نەدەکرد، نەوەک لەبەر ئەوە کە لە لۆژیکی دەسەڵات تێناگەن، بەڵکو دەقاودەق لەبەر ئەوە کە لێی تێدەگەن. ئەوان هیچ هۆیەکی باشیان پێ شک نەدەهات کە بۆچی ڕووسیە پەنا بۆ ئامرازی جەنگی هەمە لایەنە ببا، بە هەموو مەترسییەکان، نادڵنیاییەکان و تێچووەکانیەوە. ڕووداوەکان دەیسەلمێنن ئەوان ڕاست بوون.

ڕەوشتیبوون و یاساییبوون هۆیەکانی دژایەتیی جەنگن. هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە لانی کەم لە سەدەی ڕابردوودا، هەڵنەکەتووە کە ئاکامی هەبێ. بێجگە لە شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی، گەلێک دژوارە مرۆڤ بتوانێ ناوی تاکە جەنگێکی شەڕانشۆیانە لە ١٩١٤ بەولاوە بێنێ کە ئاکامێکی ڕوونی ئەرێنیی هەبووبێ. کەتوارگەراییەک کە لە دانپێدانان بەو ڕاستییە و ئاکامەکانی کە زۆربەی داڕێژەرانی سیاسەت لێیان وەرگرتوون ناسەرکەوتوو بێ، بۆ ئەوە نابێ باسی بکرێ.

ئەوە بەو مانایە نییە جنگ ناقەومێن. بەڵام گریمانەی داهاتوو وەک دووپاتبوونەوەی بێکۆتایی میلیتاریزمی پێداهەڵگوتراوی ١٩١٤، حاشاکردن لە هەر جۆرە توانایی فێربوونی گشتییە و هەڵەیە، بەتایبەتی لە سەردەمی چەکی ناوکیدا. وەک سپێکتێر لە هێندێک بەشی فرە وردبین لەمەڕ کەتوارگەرایی ئەمبەر-ئەوبەری ئاتلانتیک لە سەردەمی دوای جەنگ نیشانی دەدا، ڤییەتنام و چەکی ناوکی بوونە هۆی ئەوە کە کەتوارگەرا کلاسیکەکان هەڵوێستی وشیارانە بەرانبەر بە جەنگ بگرن، لەو پێوەندییەدا 'کەتوارگەرایی هێرشبەرانە'ی میرشایمەر، دەستەواژەیەکی سەردەمی دوای شەڕی سارد، ناوێکی پڕ بە پێستیەتی.

لەژێر ڕووناکایی مەترسییەکانی جەنگدا، مرۆڤ وەسوەسە دەبێ بڵێ بێتوو تە هڵۆڵەکانی میرشایمەر لەمەڕ عەقڵانییەتی کێشەی زلهێزان بەڕاستی بیانوویان نەدا دەست پوتین بۆ داگیرکارییە کارەساتبارەکەی ڕووسیە، لەجیاتی ئەوەی میرسهایمەر خزمەت بە ڕووسیە بکا، ئەو چەکی نهێنی جبەخانەی خۆراوایە کە یارمەتیی دەکا تا پوتین پەلکێشی کارەساتێکی مەترسیداری سەر گاشەبەردەکانی ئەفغانستانێکی نوێ بکا. ئەگەر ئێمە بمانهەوێ بزانین لە کرێملین چی ڕووی دا، کە

بەشی: دووهەم

لەناکاو گەمژەیی تاوانکارانەی داگیرکاریی قەوما، پێویستیمان بە قسەی بێمانای دووڕییانی ئاسایشیی زلهێزەکان نییە، بەڵکو پێویستیمان بە لێکۆڵینەویەکی چڕ لەمەڕ شکستێکی فرەمەزنی بڕیاردان و هەواڵگرییە. ئێمە پێویستە نەتەنیا لە ڕووسیە تێبگەین، بەڵکوو بە هەمان شێوە لە ئوکراینیش، وڵاتێک کە فرە لاواز دەهاتە بەرچاو، بەڵام تا ئێستا توانیویەتی بە شێوەیەکی وەها کاریگەر بەرگریی بکا. لە سەرووی هەموو شتێکەوە، پێویستە ئێمە بەوە دەست پێ بکەین، دان بەوە دابنێین کە بۆ زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵەران، ئەو جەنگە بووە هۆی پەشۆکان، ئەویش هەستی ڕاستیی ئێمە پشتڕاست ناکاتەوە، بەڵکو دەیهێنێتە ژێر پرسیار.

ئەوە سەلمێنەری ئەو شتەیە کە ڕەچاوکردنی هەڵوێستێکی کەتوارگەرایانە بەرانبەر بە دنیا بەو مانایە نییە کە هەمیشە دەست بۆ تاقمە ئامرازی خاراوی باو بەرین، هەروەها بەو مانایەش نییە ویشکەبڕوا بین، بە شێویەک کە خۆمان تا هەتایە بەرانبەر بە زەوقوشەوقی لیبراڵ بەرهەڵستدار بکەین.

کەتەوارگەرایی، بێتوو بە جیددی وەرگیرێ، بیرکردنەوەی بێکۆتایی و ئالنگاریی هەستیاریی دەخوازێ. ئەو بە مانای خەباتی خولەک بە خولەک بۆ تێگەیشتن لە دنیایەکی پێچەڵپێچ و هەردەم لە گۆڕانە، کە بۆخۆمان تێیدا نوقم بووین، دنیایەک کە دەتوانین، تا ڕادەیەک، کارتێکەریمان لەسەری هەبێ و بیگۆڕین، بەڵام بەردەوام ئالنگاریی بۆ بەرژەوەندییەکانمان و پێناسەکانیان دروست دەکا. لەو خەباتەدا بۆ کەتوارگەرایی، ئەرکی بێکۆتایی پێناسەکردنی هەستیارانەی بەرژەوەندییەکان و هەوڵدان بۆ پاراستنیان بە باشترین شێوە و پەنابردن بۆ جەنگ، لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێ، دەبێ بەو شێوەی کە هەیە دانی پێدا بنرێ. نابێ ببێتە پەرچەکرداری ئاسایی و عەقڵانی بۆ دۆخێکی دیاریکراو، بەڵام وەک ئاکارێکی بنەڕەتی، ترسناک و لێوڕێژ لە ئاسەواری ڕەوشتیی سەیر بکرێ. هەر بیرمەندێک یان سیاسەتوانێک کە لەبەر بێهەستیی یان بیرتەنکیی لە ڕادەبەدەر نەتوانێ بەرەوڕووی ئەو ڕاستییە تاڵە ببێتەوە، دەبێ بە هەمان شێوە هەڵسەنگێندرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٢

# گۆڕانکارییەکانی دادێ لە ئێران و قەیرانی گەورەی داهاتووی پەنابەران

## نەیشنال ئینتێرێست - مایکڵ ڕوبین

پەنـابەرانی ئـوکراینی درێـژە بە ڕاکـردن لە هێرشی ڕووسیە دەدەن، بەڵام وەک هـی سـووریە ڕێژەکەیـان لە گـۆترە نییە. سەرکۆماری ڕووسیە ڤلادیمیر پـوتین، وەک هاوشانە سوورییەکەی بەشار ئەلئەسەد، بەئانقەست خەڵکی ئاسایی کردۆتە ئامـانج تـا بەو شێوەیە زەخـت بخـاتە سـەر ئورووپاییـان و بەو شێوەیە ناچـار بە سـازانیان بکـا. بەگـوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەنگی ئوکراین هەر ئێستا بۆتە هۆی زیـاتر لە سێ میلیۆن پەنـابەر و ئەو ئامـارە ئەو کەسـانە نـاگرێتەوە کە بەرەوە خۆرهەڵات بۆ نێو ئەرمەنستان و ئاسیای ناوەندی، شوێنێک کە تێچووی بژیـوی ژیـان گەلێک هەرزانترە، ڕایـان کـردوە. ئەوە ئـوکراینی تەنیـا لە مـاوەی چەنـد حەوتـوودا، دوای سـووریە و ڤێنیـزوئێلا، کـردۆتە یەکێـک لە وڵاتـانی بەرهەمهێنەری پەنـابەر. ڕەنگبێ ئوکراین ئەو پلەیەی بۆ مـاوەیەکی زۆر بەدەستەوە نەبێ. حەشیمەتی سووریە ١٧،٥ میلیـۆن کەس بـوو؛ ڤێنێـزوئێلا ٢٨،٤ میلیـۆن؛ ئـوکراین ٤٤،١ میلیـۆن. بەڵام، حەشـیمەتی ئێـران نـزیکەی دوو هێنـدەی ئـوکراینە و ناسەقامگیریی لە ئاسۆ ڕا دیارە.

ئاڵوگۆڕی ڕێژیم بەڕێوەیە، نەوەک بە هۆی دنیای دەرەوە بەڵکوو لەبەر ئەو هۆیە کە ڕێبەری گەورە عەلـی خـامنەیی پیـرە و دەمرێ. لە کاتێکـدا کە بـازاڕی دنگۆیـان گەرمە کە خـامنەیی بـۆیە ئیبـراهیم ڕەئیسیی بـۆ پـلەی سـەرکۆمار هەڵکێشـا تـا جێگرتنەوەکەی هاسان بکا، دەستاودەست کردنی بێ کێشەی دەسەڵات ئاواتێکی دوورە دەستە. خامنەیی نە دەسەڵاتی ئـایینیی پێویسـتی هەیە و نە کاریزمـای کەسـی پـێش خـۆی، ئـایەتوڵڵا ڕوحـوڵڵا خـومەینیی هەیە؛ دوای مردنـی نـاوبراو قسـەکانی کرپیارێکی ئەوتۆی نابێ.

پلەی ڕێبەر هێندە پڕ سوود بووە کە دەستاودەست کردنی دەسەڵات هێندەی دیکەش پێچەڵپێچ بـووە. خـامنەیی گەنـدەڵە. لە مـاوەی دەسـەڵاتداریی سی و سێ سـاڵەیدا، خـامنەیی چەنـدین میلیـارد دۆڵاری بەو بەرژەوەنـدییە بازرگانییـانەی کە لە بەر دەسـتی دان کـۆ کـردۆتەوە. وەدەسـتهێنانی پـلەی ڕێبەریـی لە ئێران نە تەنیـا بە مانـای دەسـەڵاتی بەربەریـنە کە زەختـی سنووردانانەکانی دێموکراسـی لەسـەر نییە (ڕێـبەری گەورە لە سـەرووی سـەرجەم پلەکـانی ئێـرانە کە بە هەڵبـژاردن دیـاری

دەکرێن) بەڵکو سامانی زەبەلاحیشی بەدواوەیە. بە لەبەر چاو گرتنی دەگمەنبوونی دەستاودەست کردنی دەسەڵات، مردنی خامنەیی بە مانای دووهەمین دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە ماوەی زیاتر لە چل و سێ ساڵە، هیچ هاندەرێک بۆ چاوەڕوانی پشوودرێژانە بوونی نییە. لە جیاتان، هەموو کەسێکی بەرزەفڕ هەوڵی خۆی بۆ چوونە نێو تاقمی ناسەقامگیرکار دەخاتە کار.

سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیش لەو شەڕە دەستەوئێخەیەدا بەشدار دەبێ. لە ١٩٨٩، ناوەندە دەسەڵاتە جیا جیاکانی ئێران دروست لەبەر ئەوە لەسەر خامنەیی سازشیان کرد، چونکە ناوبراو لاواز بوو. خامنەیی بۆ قەرەبووکردنەوەی نەبوونی پێگەی سیاسی، پێوەندییەکی خاوەن سوودی دوولایەنەی دەگەڵ سوپای پاسداران دامەزراند: ئەو قەرار بوو لە بەرانبەر هەر شێوە سنوورێکی واتادار بۆ سەر دەسەڵاتەکەی ڕاوەستێ و سوپا قەرار بوو پشتگیریی لە چڕکردنەوەی کۆنترۆڵی خامنەیی بەسەر کێبڕکێکارە سیاسییەکانی بکا. سوپای پاسداران، کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی خامنەییدا سامانێکی سەدان میلیارد دۆلاریی کۆ کردۆتەوە، نایهەوێ بگەڕێتەوە سەربازخانەکان، ناشیهەوێ خۆی تووشی مەترسی شەڕی سیاسی دەگەڵ ڕێبەری گەورەی نوێ بکا. لە جیاتان سوپای پاسداران هەوڵ دەدا پێش بە گەیشتن بە پلەی ڕێبەریی لە لایەن هەموو ئەو کەسانە بگرێ کە دەسەڵاتی بەسەریانەوە نییە.

شەڕەکە گەلێک بێ بەزەییانە دەبێ. هەرکاتێک بۆشایی ڕێبەریی لە ئێران هاتبێتە ئاراوە، هێزە سەربازییەکان جەختیان لەسەر پێتەخت کردوە و ڕێگایان بە هۆزە ناڕازییەکان و تاقمە سیاسییەکانی ناوچە کەنارییەکانی وڵات داوە تا بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە. وڵاتانی دراوسێ زۆر بە دەگمەن خۆیان لە تێوەگلان لە شەڕە دەستەوئێخەکە دەبوێرن. ئەوە لە چوارچێوەی قەیرانی ئازەربایجان لە ١٩٤٦، یەکەم قەیرانی ڕاستەقینەی شەڕی سارد، کاتێک یەکیەتیی سۆڤیەت هەوڵی دا سوود لە لاوازیی ئێران لە ساڵەکانی دوای داگیرکاریی وڵاتەکە و لە سەر کار لابردنی شا لە ١٩٤١ وەرگرێ، ڕووی دا. کاتێک خامنەیی بمرێ، چاوڕوان دەکرێ نە تەنیا ڕووسیە، بەڵکو کوردەکانی عێراق، تورکەکان، سەعودییەلان و پاکستانییەکان پشتگیریی لە تاقمەکانی سەر بە خۆیان ئەگەر لە تارانیش نەبێ، لە ناوچەکانی کەنارەکانی ئێران بکەن.

هەر شەڕێکی نێوخۆیی خەڵکی ئاسایی لەنێو دەبا، بەڵام سوپای پاسداران و لایەنە توندئاژۆکان هەوڵ دەدەن کۆنترۆڵ وەدەست بێننەوە، ئەوان ڕەنگبێ هەوڵ بدەن خەڵکی ئاسایی بکەنە ئامانج. بڕوانە عێراق دەستبەجێ دوای داگیرکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان: تاقمە میلیشیاکانی دەوروبەری موقتەدا سەدر چالاکانە خەڵکی خوێندەوار و چینی مامناوەندییان لە ناو سەرجەم ئاییزاکاندا کردە ئامانج، چونکە دەیانزانی ئەو خەڵکە قەت پشتگیریی لە سەدر ناکا. سیاسەتوانە خۆراواییەکان

بۆ لەنێو چوون و ڕاکردنی خەڵکی لێهاتوو بەپەرۆش بوون بەڵام، بۆ هێندێک لە ناوچەکان کە نایانهەوێ لەسەر بنەمای سیاسی و ڕۆشنبیریی کێبڕکێ بکەن، ئەوە گەشەکردنێکی ئەرێنی بوو. جووڵانەوەی پەرەئەستێنی ناڕەزایەتی لە ئێران بەو مانایەیە کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێران ئەگەرچی زۆرینەش نەبن هیوادارن کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ بێ. ئەوە لە بەرژەوەندیی لایەنگرە سەرسەختەکانی ئەزموونە شکست خواردەوەکەی خامنەیی بۆ وەدەرنانی ئێرانییە ناڕازییەکان لە وڵات دەبێ چونکە ئەوان چیدیکە ناتوانن پێیان بسەلمێن کە کۆماری ئیسلامیی هێچ شتێک نییە بێجگە لە دیکتاتۆرییەتیکی بێدەربەست لە بەرگی مەلایان دا.

گیروگرفتە ئابوورییە چاوەڕوانکراوەکانی ئێران ڕەنگبێ بە هەمان شێوە یارمەتیدەری دروست بوونی گەردەلوولێکی بێخەوش بن. نە ئابلۆقەکان و نە کۆڤید-١٩ ناتوانن بە تەواوی گیروگرفتە ئابوورییەکانی ئێران شی بکەنەوە. بە گوێرەی بانکی ناوەندیی ئێران، پوختەی سامانی وڵات، باشترین ئامراز بۆ دیاریکردنی ئاراستەی ئابووری، تەنانەت پێش کشانەوەی سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ لە بەرجام و سەپاندنی هەڵمەتی ئەوپەڕی زەخت لە لایەن وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێئۆ دژی ئابووری کۆماری ئیسلامی، بەرەو هەڵدێر دەچوو. ئەوە بە مانای لاوازیی بنەڕەتیی ئابوورییە کە گەیاندنی چەندین میلیارد دۆلاریش ناتوانێ ئاراستەکەی پێچەوانە بکاتەوە. بە کورتی، سەرپەرشتیی خامنەیی بەسەر ئابووری ئێرانەوە پشتی ئابووریی لە عەرزی داوە. ئێران بەرەو داڕمانی ئابووری هەنگاو دەنێ.

شۆڕشی نێوخۆی ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی دە میلیۆن پەنابەر. ڕێژەیەکی زۆر کەمیان دەیانهەوێ بەرەو خۆرهەڵات واتە ئەفغانستان بچن، وەک هەڵوێستیان بەرانبەر بە پەنابەرانی سووریەیی، وڵاتانی عەرەبی نایانهەوێ وەریان گرن. ئەوە بەو مانایەیە کە لێشاوی مەزنی پەنابەران بەرەو باکوور و بۆ قەفقاز و پاشان بەرەو خۆراوا بە نێو تورکیەدا بەرەو ئورووپا دەچن. ڕێبەرانی ئورووپایی ڕەنگبێ پێیان وابێ دوای شەپۆلەکانی پەنابەری سووریە و ئێستا هی ئوکراین ئەوان گەیشتبنە لووتکەی توانایی وەخۆگریی پەنابەر، بەڵام ڕەنگبێ شەپۆلێکی گەلێک مەزنتر لە ئاسۆوە دیار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٢٢

## بۆچی ڕووسیە ئەو جەنگە دەدۆڕێنێ؟

**تویتەر - کامیل گالییەڤ**

لەپێشدا باس لەوە دەکەم کە بۆ ڕووسیە دەدۆڕێ. پاشان باسی بۆچوونی خۆم لەمەڕ چۆنیەتیی ڕوودانی ئەو دۆڕانە دەکەم. شاکلیلی ئەمە تێگەیشتن لە دۆکترینی سەربازیی سۆڤیەت/ڕووسیەیە. ئەوە چوارچێوەی ڕووداوەکانی هەنووکەیی شی دەکاتەوە و یارمەتیدەر دەبێ بۆ پێشبینیکردنی کردەوەکانی ڕووسیە.

وێنەکانی ئاژانسی هەواڵدەریی ڕووسیەی فێدراڵ پاشەکشەی بەربڵاو ئاشکرا دەکەن. بەئاشکرا دیارە کە ڕووسیە وازی لە پلانە سەرەتاییەکانی بۆ داگیرکردنی کییەڤ و بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی ئوکراین هێناوە. بۆیە ئامانجە سیاسییەکانی ئۆپەراسیۆنی Z دەستەبەر ناکرێن. گۆڕینی ڕێژیم و داگیرکردنی (ڕێژەیی؟) ئوکراین ڕوو نادا. ئەوەی کە هێندەی دیکە سەرنجڕاکێشە، شێوەی باسکردنەکەی گۆڕاوە. وەک دەبینن، تا ٢ی ئاپریل ئەوان نەخشەی "سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی"یان بڵاو دەکردەوە. لە ٢ی ئاپریل بەولاوە، باس لە "جێبەجێ"کردنەکەی دەکەن. بەڕاستی، ئەو پاشەکشە خێرایە جێگایەک بۆ ئیدیعای سەرکەوتن ناهێڵێتەوە.



ڕووسیە چۆن پاشەکشەکەی شی کردەوە؟ ژەنراڵ فۆمین گوتی: "ئێمە بڕیارمان داوە کە بە شێوەیەکی بەرچاو، بە چەند وەجبە چالاکییە سەربازییەکانمان لە کییەڤ و چەرنیهیڤ کەم بکەینەوە. ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین کە کییەڤ بڕیاری لەو جۆرە بدا و مەرجەکانی هاوکاریی داهاتوو دروست بکا." بەڵام ئەوە بە مانای ئاساییکردنەوە نییە. سەرگەئی شۆیگو کە لە پڕۆپاگانداکردندا دەستێکی باڵای هەیە گوتی کە یەکەم قۆناخی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکە "بە سەرکەوتوویی کۆتایی هاتوە." تواناییەکانی هێزی سەربازیی ئوکراین لاواز بوە، بۆیە ڕووسیە دەتوانێ هەوڵەکانی لە سەر ئامانجی سەرەکی، "ڕزگار کردنی دۆنباس" چڕ بکاتەوە.

هێندێک لایەن هەر ئێستا پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەیان لە ڕووسیە کردوە و ئاکامگیرییان کردوە کە "ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت زۆر لەوەی بیرمان لێ دەکردەوە سنووردارتر بوو." ئەوە وەک کۆپیەی کتێبێک دەچێ. ئامانجە سەرەتاییەکەی Z دەستەبەر نەکراوە، بۆیە هەر دەسکەوتێکی وەدەست هاتبێ، وەک ئامانجی سەرەکی وێنا دەکرێ. زۆر لەو چاودێرانەی لایەنگری ڕووسیەن دەڵێن پاشەکشە لە باکوور، هەنگاوێکی ڕاستەقینەیە: ڕووسیەکان بۆ هێرشێکی مەزن لە خۆرهەڵات خۆ ڕێک دەخەوە. ئەوە هەڵە نییە. بە ڕاستی، ڕووسیەکان هێرش "دەکەنە" سەر خۆرهەڵات، لە دۆنباس. بەڵام، ئەو لێکۆڵەرەوانە وێدەچێ ناچاریی بکەنە چاکە.

پاشەکشەی ڕووسیە لە باکوور وا نایەتە بەرچاو کە ڕاهێنانی بۆ کرابێ. من زانیاریی تەواوم لەبەر دەستدا نییە بەڵام بە وێنەکانی ئامێرەکانی گواستنەوەی بەجێماوی ڕووسی ڕا دیارە ئەوان ڕا دەکەن و هەرچی خێرا نەبێ جێی دەهێڵن: تۆپخانە، مووشەکهاوێژ، سیستەمی بەرگریی ئاسمانی. چۆن ئەو شتە قەوما؟ بو جوابی ئەو پرسیارە، پێویستە بزانین چۆن "پێش" پاشەکشەی ڕووسیە دۆژمنایەتییەکان بەڕێوە دەچوون. کام ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی ڕووسیەدا بوو؟ لێکۆڵەرەوەکان گاڵتەیان بەو نەخشانە کرد کە "تەنیا جادەکانی" ئەو شوێنانەی نیشان دەدا کە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕووسیەدا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، "نەخشەی "جادەکان بە تەنیا" زۆر ڕاست بوون و لێکۆڵەرەوەکان لەهەڵەدا بوون. ستریلکۆڤ ئەفسانەی "خاکی پێکەوەگرێدراو" لەقاو دەدا و دەڵێ لانی کەم لە باکوور ڕووسیە تەنیا کۆنترۆڵی "ناوچەیەکی درێژ و باریکی دەوروبەری جادەکانی" بەدەستەوە. ڕووسەکان بەڕاستی "تەنیا جادەکانیان" لەژێر کۆنترۆڵدا بوون. بە گوتەی ستریلکۆڤ، ڕووسەکان کۆنترۆڵی ناوچەی نێوان شارێیەکانی باکوور و شاری وەک چەرنیهیڤ و سومی‌یان بەدەستەوە نەبوو. بۆیە مەترسیی دووپاتبوونەوەی دۆخی جەنگی زستانی١٩٤٠ هەیە، کاتێک هێزی گەلێک بچووکتری فینلەندی، داگیرکارە سوڤیەتییەکانیان گەمارۆ دا و زۆریان لێ کوشتن. فینلەندییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە تاکتیکی پارتیزانی لە زستاندا، هێزەکانی سۆڤیەتیان لەنێو بردن. ئوکراینییەکان بەو زووانە دەستی باڵایان لە کەڵکوەرگرتن لە تاکتیکی ئەوتۆ لە هاویندا دەبێ، کاتێک

"وڵات شینە." کاتێک کە دارەکان بە گەڵایان داپۆشراون پارتیزانە ئوکرایینییەکان لە بەرانبەر هێزی ڕووسیەدا باڵادەست دەبن.

سترێلکۆڤ ئەو ئاکامگیرییە دەکا کە ڕووسەکان هیچ ڕێگا چارەیەکیان نییە مەگەر ئەوە کە لە باکوور پاشەکشە بکەن تا خۆ ڕێک بخەنەوە و دیسان هێرش بکەنەوە سەر دۆنباس. ئەو دەڵێ، "بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ من گومانم هەیە کە دوای لەکیس‌چوونی هەلی زێڕینی یەکەم مانگی جەنگ، هێزەکانمان بتوانن هێزەکانی ئوکراینی لە دۆنباس گەمارۆ بدەن و لە نێویان بەرن. بەداخەوە دەبینم کە فەرماندەیی هێزی سەربازیی ئوکراین گەلێک لێهاتووتر لە هی ڕووسیە دەجووڵێنەوە".
ئەوە چۆن قەوما؟ چۆن هێزی سەربازیی ڕووسیە کە وێدەچێ گەلێک بەهێزتر بێ وەها خراپ لە ئوکراین شکستیان هێنا؟ بێگومان، زۆر کەس دەڵێن شکستی نەهێناوە. بە هەڵکەوت، هەر ئەو کەسانە زۆر جار پێشبینی هەرەسهێنانی ئوکراینیان لە ماوەی چەند ڕۆژ یان چەند حەوتوویەکدا دەکرد. هەڵبەت ئێستا ئەوان لەبیر خۆیان بردۆتەوە. شکستی بەشێکی بەرچاو لە لێکۆڵەرەوەکان لە پێشبینی دروستی جەنگی Z، لەبەر سێ هۆکار بوو. یەکەم، ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر هێزی سەربازیی ڕووسیە - سۆڤیەتیان بەرز دەنرخاند (یان باشترە بڵێین بەهەڵە لێی تێگەیشتن). دووهەم، ئەوان هێزی سەربازیی ئوکراینیان بە کەم گرت. سێهەم، ئەوان ئامانجە سیاسییەکانی ڕووسیەیان پاشگوێ خست.

چاکسازی لە هێزی سەربازیی سۆڤیەت تەنیا بە شێوەی ڕووکەشی بووە و هێزی سەربازیی سۆڤیەت کەرەستەیەکی فرە چالاکی بوو کە بۆ: "بردنەوەی جەنگی ناوکی"، "هەڵگرتنەوەی پەتاتە" و "دامرکاندنی دەوڵەتانی سەر بە خۆی" دروست کرابوو. بڕوانە کە کەرستە فرە کارەکان زۆر جار لە هیچکام لەواندا "هێندە" لێهاتوو نین. بۆیە سەرجەم لقەکانی هێزە سەربازییەکان بۆ جەنگێک گەشەیان پێ درابوو کە ڕێژەیەکی زۆر چەکی ناوکی کەڵکی لێ وەرگیرێ، کە بەتەواوی لەگەڵ جەنگێکی ئاسایی جیاوازی هەیە. ڕێگام بدەن جیاوازییەکە بە نموونە هێنانەوە لە کەرەستەی ڕاگواستنی هێزی پیادەی سەردەمی سۆڤیەت، بی ئێم پی-١، شی بکەمەوە.

ئەو کەرەستەیە ئاساییترین کەرستەی ڕاگواستنی هێزی سەربازیی سۆڤیەت/ڕووسیە بووە. ئەو هەروەها یەکێک لە ڤیزەوەنترینیان بووە. لە کاتێکدا ناوەکەی کورتکراوەی کەرستەی ڕاگواستنی جەنگیی هێزی پیادەیە، سەربازانی بەرەی پێشەوەی جەنگ ناویان نابوو گۆڕی بە کۆمەڵی هێزی پیادە. لە ئەفغانستان و هەروەها لە چیچان سەربازەکان پێیان باشتر بوو لە سەر کەرەستەکە سوار بن نەوەکوو بچنە ناویەوە. بۆچی؟ چونکە ئاسنی قەراخەکانی هێندە ناسک بوو کە زۆر جار بە گوللەی تفەنگ و پرینچکی تۆپ کون دەبوو. ئەوەی لە هەموو شتێک خراپتر بوو ئەوە بوو کە بی ئێم پی-١ هیچ

خۆڕاگرییەکی لە بەرانبەر تەقینەوەی بەهێز یان مینی دژی تانک نەبوو. لە کاتی تەقینەوەی مین، سەربازەکان نەیاندەتوانی بێنە دەر و بە زیندوویی لە ناویدا دەسووتان. بۆچی؟ چونکە ناوەوەی لە ڕوانگەی ئەرگۆنۆمییەوە (شیاوی بۆ جەستەی مرۆڤ) بێکەڵک بوو. ناوەوەی لە ڕادەبەدەر تەنگەبەر بوو. لە سەردەمی سۆڤیەتدا زۆر گوێیان نەدەدایە ئەرگۆنۆمی. باشە بۆچی سۆڤیەت گەشەی بە کەرەستەیەکی گواستنەوەی وەها ناسک دا و ڕێژەیەکی زۆری لێ دروست کردن؟ ئەوان بۆچی نزیکەی ۲۰۰۰۰ بی ئێم پی-۱ یان دروست کرد؟ چونکە ئەوان خۆیان بۆ جەنگی ناوکی ساز کردبوو و بی ئێم پی-۱ بە تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە دروست کرابوو. کەرەستەیەکی گواستنەوەی تایبەتی جەنگی ناوکی، لە کاتی جەنگی ئاساییدا زۆر بێکەڵکە.

با باسی پلانەکانی جەنگی ناوکی یەکیەتی سۆڤیەت بکەین. جەنگی ناوکی قەرار بوو بە هەوڵی هاوئاهەنگیی هەموو لقەکانی هێزی سەربازیی بەڕێوە بچێ. ئەو قەرار بوو بە لێدانی چەکی ناوکیی ستراتێژیک کە "بەشی سەرەکیی ئۆپەراسیۆنەکەیان پێک دێنا" دەست پێ بکا و دوای هەڵمەتە ستراتێژیکە ناوکییەکە، هێزی سەربازی هێرشی زەوی و ئاسمانی دەست پێ بکات. لە جەنگی ئاساییدا، هێرشی سۆڤیەت قەرار بوو بە ئاگری تۆپخانەی سەر سەکۆی گەڕۆک جێبەجێ بکرێ. لە جەنگی ناوکی، بە ئاگری مووشەکی تەیارکراو بە کڵاوی ناوکی سەر سەکۆی گەڕۆک. ئاگری تۆپخانەی سەر سەکۆی گەڕۆک دیوارێکی گەڕۆکی ئاگری تۆپخانەیە کە دوژمن لەنێو دەبا و وەک پەردەیەکی بەرگریی بۆ هێرشی خاکیی کار دەکات کە بە دوایدا دێ. ئەوە لە جەنگی جیهانیی یەکەم و دووهەم بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵکی لێ وەردەگیرا و لە جەنگی جیهانیی سێهەمیش بەکار دێ، بەڵام ئێستا بە چەکی ناوکیی تاکتیکی. هێزەکانی سۆڤیەت قەرار بوو بە ئاگری مووشەکی تەیارکراو بە کڵاوی ناوکیی سەر سەکۆی گەڕۆک بچنە پێشەوە. بۆیە ئەوان بە تایبەتی بۆ ڕۆیشتن بە نێو شوێنی وێرانکراو بە چەکی ناوکی دروست کرابوون. بی ئێم پی-۱ بەرگرییەکی زۆری بەرانبەر بە تیشکی ناوکی هەبوو. بەڵام لەوحی دەورەکەی تەنک بوو تا بتوانێ لە ڕووباران بپەڕێتەوە. هێزەکانی سۆڤیەت قەرار بوو بە نێو وڵاتی وێرانکراو بە چەکی ناوکیدا بڕۆن. بۆیە کەرستەکانی ڕاگواستن پارێزگارییەکی زۆریان دژی تیشکی ناوکی هەبوو و زرێی کەم. هەرچۆنێک بێ لە وڵاتی وێرانکراو بە چەکی ناوکی بەرگرییەکی کەم دەبێ. بڕواننە بی ئێم پی-۱ لە خزمەت ئەسەدی سووریە.

تۆ دەتوانی لە گوگڵ هەزاران وێنەی کەرستەی گواستنەوەی ڕووسی ببینیەوە کە لە ئوکراین شتیان لێ قایم کردوون تا "کەمێک" بەرگرییەکەیان بەرز بکەنەوە. بەشێک لەوانە گەلێک خراپن و ئەوە ئاشکرای دەکات کە ڕووسیەکان کەوتوونە ناو جەنگێکی ئاسایی کە بۆی ئامادە نەبوون. لە ڕوانگەیەکەوە پێموایە ئەو چارەنووسەی هێزی سەربازیی سۆڤیەت/ڕووسیە گەلێک شاعیرانەیە. ئەو بۆ ماوەی دەیان ساڵ بۆ کۆمەڵکوژیی ناوکی دروست کرابوو بەڵام قەت هەلی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوت

تا ئەزموونی بکا.

بێجگە لە جەنگی ناوکی، هێزی سەربازیی سۆڤیەت ئەرکی دیکەشی هەبوو. یەکێک لەوان هەڵگرتنەوەی پەتاتە بوو، مەبەستم لەوە هەم بە شێوەی ڕاستەقینە و هەروەها مێتافۆرییە. هێزی سەربازی قەرار بوو هەموو بۆشاییەکی ئابووری و بازاڕی کاری سۆڤیەت پڕ بکاتەوە کە داوایان لێ کردبان. ئەوان پەتاتەیان هەڵدەگرتنەوە، چونکە لە بەهار تا درەنگانێکی پاییز، هێزی سەربازیی سۆڤیەت سەرقاڵی کاروباری کشتوکاڵ بوو. ئەوان زەوییان دەکێڵا، ئاودێرییان دەکرد، ڕووبەری زەبەلاحی سیبری و ئوزبەکستانیان دروێنە دەکرد. کەس نەیدەتوانی لەو ئەرکانە ڕا بکا. تەنانەت هێزی ئاسمانیی سۆڤیەت کە لە مەجارستان جێگیر کرابوو، ناچار بوو لە کێڵگەکانی کوبا کار بکا. کارمەندانی مووشەکی ناوکی، مەلەوانەکانی هێزی دەریایی، هیزی ئاسمانی، ئەو هێزانەی لە ئورووپا جێگیر کرابوون، هەموویان ناچار بوون کەرەستەکانی ڕاگواستن و هێزی کار بنێرن بۆ کێڵگەکان. بەکردەوە دەتوانین بڵێین توانایيە سەربازییەکانی سۆڤیەت لە وەرزی کشتوکاڵدا گەلێک نزم بوو.

ئەو کاریگەریی لەسەر بەرز کردنەوەی پلە و پایەش هەبوو. چونکە هێزی سەربازی ناچار بوو لە کێڵگەکان کار بکات، ئەوە بەڕێوەبەرە لێهاتووەکان لە بواری کشتوکاڵدا بوون کە پلەیان بەرز دەکرایەوە، نەوەکوو ئەفسەرە باشەکان. ئەوە هەروەها هۆی بێهەڵوێستیی هێزی سەربازی لە کاتی هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەتدا شی دەکاتەوە. ئەوە لە ئاگوستی ١٩٩١ قەوما، کاتێک کە زۆربەیان لە کێڵگەکان بوون. لە کۆتاییدا، هێزی سەربازیی سۆڤیەت - ڕووسیە ناچار بوو دەوڵەتانی سەر بە یەکیەتیی سۆڤیەت دامرکێنێتەوە. ئەوە نێوەرۆکی ئەفلانیی ئۆپەراسیۆنی Z شی دەکاتەوە. ئەوە وەک جەنگ پلانی بۆ دانەڕێژرابوو. ئەوان ئەو ئۆپەراسیۆنەیان وەک ئۆپەراسیۆنی دانوب، هی ١٩٦٨، داڕشتبوو. سەرچاوەکانی ڕووسیە بەئاشکرا ئەوە دەڵێن.

"ئۆپەراسیۆنەکە وەک هی چێکۆسلۆڤاکیا لە ١٩٦٨ داڕێژرابوو. لە هەموو لاوە بێنە ژوورەوە و دەوڵەتی نوێ دامەزرێنن. بەڵام نەیانتوانی جێبەجێی بکەن. مانگێکی تەواو ئێمە وامان نواند کە هەموو شتێک بەباشی دەچێتە پێش و بە هێزێکی بچووک کە بۆ جەنگێکی هەمەلایەنە ئامادە نەکرابوو هاوکات لە هەشت لاوە هەوڵمان دا." ئەوە گوتەی دیمیرتییەڤە. ئوکراینییەکی لایەنگری ڕووسیە کە دواتر بۆ ڕووسیە ڕای کرد و خۆی بۆ تۆڵە ئامادە کرد. ئەو یەکێک لە کادرە سیاسییەکانی هێزی سەربازی بوو کە دەگەڵ سوپای ڕووسیە کەوتبوو، بەو هیوایە کە دوای داگیرکرانی ئوکراین لە لایەن ڕووسیەوە، بەڕێوەبەرایەتیی نوێ دامەزرێنێ. ئەو ئێستا دەزانێ کە ناسەرکەوتوو بوون. لە کاتێکدا کە چاودێرە ڕووسیەکان بەئاشکرا

باسی ئەوە دەکەن کە ئۆپەراسیۆنی Z وەک هی دانوب لە ١٩٦٨ دارێژرابوو، تەنیا تاقمێکی بچووک لە لێکۆڵەرەوانی خۆراوایی دەناسم کە بەئاشکرا باسی وێکچوونی ئۆپەراسیۆنی Z و دانوب دەکەن. یەکێک لەوان ئێدوارد لوتواکە کە پێشبینیی شکستی ڕووسیەی دروست لەبەر ئەو هۆیە کردبوو. لە کاتێکدا کە ڕووسیەکان بە تەمای سەرکەوتنێکی خێرا لە ئوکراین بوون، ئەو ئۆپەراسیۆنە قەرار بوو جەنگێکی فرە خێرا بێ. ئەو کۆپییەی "دانوب" بوو کاتێک یەکیەتیی سۆڤیەت سەرهەڵدانی چێکۆسلۆڤاکیی سەرکوت کرد و کۆتایی بە بەهاری پراگ هێنا. لێرە مەبەستم دەقاودەقە نەوەک بە شێوەی مێتافۆر.

ئۆپەراسیۆنەکانی Z و دانوب چ شتێکی هاوبەشیان هەیە؟ یەکەم، ئامانجە سیاسییەکانیان. لە هەردوو دۆخدا مۆسکۆ لە ڕێبەریی سیاسیی وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ئورووپا و ژیانی سیاسیی ئازاد و بێ بەربەست نارازی بوو. ئەوە قبووڵنەکراو بوو و دەبوو پێشی پێ بگیرێ. لە چێکوسلۆڤاکی و هەروەها لە ئوکراین، مۆسکۆ بەتەمای وەستاندنی "پشێوی" (واتە ژیانی سیاسیی بێ بەربەست) لە وڵاتێک کە وەک وڵاتی سەر بە موسکۆ سەیر دەکرێ، بە زۆر و بە ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی بوو. ئەو ئۆپەراسیۆنە پۆلیسییە دەبوو سوپا جێبەجێی بکا، بەڵام گەلێک خێرا، بە کەمترین بەرگریی و تەقە کردن. بۆ دابەزاندنی بەرگریی بۆ نزمترین ئاست، داگیرکارییەکە دەبێ چاوەڕواننەکراو بێ. بۆیە ئامادەکارییەکان لە هەردوو دۆخدا بە "مانۆڕ" حەشار درابوون. داگیرکاریی Z بە "بڕیاری یەکیەتی" لە بێلاڕووس، لە "دانوب" بە مانۆڕی "نێمەن" کە هەلی بۆ کۆکردنەوەی هێزێکی زەبەلاح لە سنووری چێکۆسلۆڤاکی ڕەخساند. لە ١٩٦٨ و هەروەها ٢٠٢٢ سەربازەکان نەیاندەزانی بۆ کوێ دەچن. تەنانەت فەرماندەکانیان نەیاندەزانی. دروست پێش داگیرکارییەکە، فەرماندەکان بڕیارێکی ڕادیۆییان پێ گەیشت "ڤڵتاڤا - ٦٦٦" کە بە مانای ئەوە بوو پاکەتێکی سەر بەمۆر هەڵپچڕن کە فەرمانێکی نهێنیی تێدابوو کە دەبوو دەستبەجێ جێبەجێی بکەن.

لە هەردوو دۆخی چێکۆسلۆڤاکیی ١٩٦٨ و ئوکراینی ٢٠٢٢ دا، داگیرکارەکان گیروگرفتی لێک جیاکردنەوەی کەرستەی ڕاگواستنی خۆیان و هی ئەوانی داگیریان کردووەیان هەبوو. بۆیە لە ٢٠٢٢ کەرستەکانی خۆیان بە"Z" ، "V"، "O"، تاد نیشانە کردبوون و لە ١٩٦٨ بە هێڵێکی سپی. ئەوە بۆ لێکجیاکردنەوەی "ئێمە" لە "ئەوان" بوو. لە چێکۆسلۆڤاکی بڕیاریان دا هەموو کەرەستەیەکی ڕاگواستنی سەربازیی کە هێڵی سپی پێوە نەبوو لە کار بخەن و ئەگەر بەرگرییان کرد، لەنێویان بەرن. لە هەمان کاتدا، هێزەکانی سۆڤیەت ئیزنی هێرش بۆ سەر هێزەکانی ناتۆیان نەبوو، ئەگەر تووشیان بان. وێدەچێ هەمان فەرمان لە ٢٠٢٢ درابێ. هەردوو ئۆپەراسیۆنەکانی دانوب و Z بە هێرشی هێزی ئاسمانیی بۆ سەر فڕۆکەخانەکان دەستی پێ کرد. لە ١٩٦٨داوا کرا لەبەر "ڕووداوێک" ئیزن بە فڕۆکەی ڕاگواستنی سۆڤیەت بدرێ تا لە فڕۆکەخانەی پراگ

بنیشێ. فڕۆکەکە نیشت، هێزی ئاسمانی دابەزی و دەستی بە سەر فڕۆکەخانەکە داگرت و ڕێگای بۆ داگیرکەری دیکە کردەوە تا بەهاسانی دابەزن. ئۆپەراسیۆنی Z بە هەمان شێوە دەستی پێ کرد. ئۆپەراسیۆنەکە بە بۆمبارانی هێزی ئاسمانی و دابەزین لە فڕۆکەخانە سەرەکییەکان دەستی پێ کرد، لە فڕۆکەخانەی هۆستۆمەل لە نزیک کییەڤ ویستیان ئەو کارە بکەن، بەڵام ئوکرانییەکان دەستبەجێ تەقەیان لێ کردن. لە گرتە ڤیدیۆیەکدا کە هی دەستپێکی هێرش بۆ سەر فڕۆکە خانەیەکی ئوکراینە، یەکەم قۆناخەکانی ئۆپەراسیۆنی Z زۆر وەک ئۆپەراسیۆنی دانوب دەچێ، بە کەڵکوەرگرتنی بەربڵاو لە هێلیکۆپتەری ڕاگواستن: کۆنترۆڵی فڕۆکەخانەکان بەدەستەوە دەگرن و پاشان هێزێکی زۆر هەر بەو هێلیکۆپتەرانە دێن بۆ ئەوێ. بەڵام هێرشی ئاسمانی ئۆپەراسیۆنی Z چارەنووسێکی زۆر خراپتری لە هی دانوب بۆ مۆسکۆ هەبوو. ئوکرانییەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ هێزی ئاسمانیی ڕووسیە زۆر ئامادەتر بوون. هەرچۆنێک بێ، سەربازی پەڕەشووتدار تا ڕادەیەکی زۆر وەک پۆلیسی مەزنکراون کە ناتوانن لەدژی سوپای ئاسایی بوستنەوە. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە لەنێو چوون. ئەگەرچی داگیرکارییەکەی ٢٠٢٢ لە شێوەی ١٩٦٨ بوو، ئامادەکاریی خراپتری بۆ کرابوو. لە هێرشی ١٩٦٨ بۆ سەر چێکوسلاڤاکی، هێزێکی زەبەلاحی ٥٠٠٠٠٠ کەسی لە دوو شەپۆلدا هاتن. لە یەکەم شەپۆل ٢٥٠٠٠٠ کەس هێرش دەبا بەرەو پێشەوە و ئەوی دیکە بە دوایدا دێ، وڵات داگیر دەکا و هێڵی دابینکردنی کەلوپەل دەپارێزێ.

ئۆپەراسیۆنی Z بە ڕێژەیەکی گەلێک کەمتر دەستی پێ کرد. تەنیا ١٩٠ - ١٦٠ هەزار سەربازی ڕووسی لە کۆتاییەکانی فێبریواری سنووری ئوکراینیان بەزاند. وەک ١٩٦٨، ئەوان بەرە پێشەوە هاتن. بەڵام هیچ شەپۆلێکی دووهەم نەهات تا وڵات داگیر بکا و هێڵەکانی دابینکردنی کەلوپەل بپارێزێ، چونکە شەپۆلی دووهەم لەگۆڕێدا نەبوو. پوتین چاوەڕوانی بەرگریی ئوکرانییەکان نەبوو و پێی وابوو ئەوان تەسلیم دەبن. پوتین و بەشێک لە لێکۆڵەرەوە خۆراواییەکان کاریگەریی کولتووری کارەساتی دۆنباسیان بە کەم گرت کە هاوسۆزیی دەگەڵ ڕووسیەیەی لە خۆرهەڵاتی ئوکراین لەنێو بردبوو. دەسەڵاتداریی ڕووسیە لە دۆنباس مۆتەکەیەکی ڕاستەقینە بوو. تەنانەت دامودەزگای پرۆپاگاندای فەرمیی ڕووسیەش دانی بە لێکدانەوەی هەڵەی ڕووسیە لەمەڕ هەڵوێستی جەماوەریی ئوکرانییەکان دانا. ئەوان بەهەڵە پێیان وابوو ئوکرانییەکان وەک خەڵکی ڕووسیەن و سەربەخۆیی ئوکراین تەنیا شتێکی گاڵتەیە. لە هەمان کاتدا ئەوان بەرەورووی خۆڕاگرییەکی سەخت و بڕوابەخۆ بوونەوە. داگیرکاریی لە شێوەی دانوب بە هێزێکی گەلێک کەمترەوە، هەڵە بوو. بۆ؟ چونکە ئوکرانییەکان چاوەڕوانیان دەکرد. ئەوان خۆیان بۆ شەڕی پارتیزانیی و بۆ جەنگ لە نێو جەرگی دوژمندا ئامادە کردبوو. سەرجەم چەمکی هێزەکانی پیادە لە شێوەی لەهستان بۆ ئەو جۆرە جەنگە ئامادە کرابوو. پێشڕەوی سوپای Z و جێهێشتنی خاکێک لەدوای خۆیان کە داگیریان نەکردبوو دەرفەتی بەڕێوەبردنی ئەو شێوە جەنگەی بۆ ئوکرانییەکان ڕەخساند کە خۆیان بۆ ئامادە کردبوو. لە ئاکامدا، شەڕێکی بەربڵاوی پارتیزانییان دەست پێ کرد کە ستوونی دابینکاری کەلوپەل و

سوپای ڕووسیەیان کردە ئامانج. سورپرایزێکی دیکە دژواریی هێرش بۆ سەر هێندێک خاڵ لە شارەکان و بە تایبەت ناوچەی پێشەسازییە، کاتێک بەرگریکارەکان لەسەر خۆڕاگری سوورن. تەنانەت لە چڕترین بۆمبارانەکانیشدا هێندێک کەس زیندوو دەمێننەوە تا بجەنگێن. ماریوپۆل ئەوەی بە باشترین شێوە سەلماندوە.

ڕووسییەکان وێنەیەکی مەترسیدار لە شەڕی هاوشێوەی جەنگی جیهانیی یەکەم لە خۆرهەڵاتی ئوکراین دەدەنە دەست. بەرەی پێشەوەی سوپای Z پەیتا پەیتا هێرش دەکەنە سەر مەتەرێزە قایمەکانی ئوکراینییەکان. ڕووسییەکان زیانێکی زۆریان بەر دەکەوێ بێ ئەوەی بتوانن بچنە پێش، بەڵام فەرماندەکان ئەوان دیسان دەنێرنەوە تا هێرش بکەنەوە. وەک ستێرێلکۆڤ ئاماژەی پێ دەکا. ئێستا ئەوان کێ بۆ ئەو هێرشانە دەنێرن؟ خەڵکی دۆنباس. ئەوان "سوپاگیریی تەوایان" لە دۆنباس و لوهانسک ڕاگەیاندوە و ئەو خەڵکە دەنێرن بۆ هێرش. ئەوە کارێکی زۆر ژیرانەیە. ئەوان سەربازی ڕووسیە نین، بۆیە دەتوانی ڕێژەی فەرمیی کوژراوان لە ئاستێکی نزمتردا ڕاگری.

بڕوانە سەربازەکانی دۆنباس، مرۆڤ بەزەیی پێیاندا دێ. ئەوان ئەرکی قورسی جەنگی خۆرهەڵاتی ئوکراینیان لە ئەستۆیە. دەگەڵ وێنەی چەکدارە پڕ چەکەکانی ڤەدیرۆڤ لە تیک تۆک بەراوردیان بکە. لەبیرتان بێ، ئەوانی لە وێنەکاندا زۆر جوان دەردەکەون، شەڕ ناکەن. ئەوانەی شەڕ دەکەن لە وێنەکاندا جوان نین. توانایی هێزە سەربازییەکانی ڕووسیە، زۆر زێدەڕۆیی تێدا کرابوو. لە هەمان کاتدا، هێزی ئوکراینییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بە کەم گیرابوون. تەنانەت سترێلکۆڤ بێمەیلانە دانی پیادا نابوو کە "فەرماندە ئوکراینییەکان فرە لێهاتووتر لە هی ڕووسیەکان دەجووڵێنەوە".

ئوکراین بەئاشکرا مەزنتر لە قەبارەی خۆی دەجەنگێ. ئەو هێزێکی پیادەی جەنگاوەری هەیە کە وەرەی بەرزە و دژی سوپای ڕووسیە کە پشتی بە هێزی تۆپخانە ئەستوورە، وەستاوەتەوە. ئەو هێزێکی ئاسمانیی هەیە کە یارمەتی بە شارێکی گەمارۆدراو دەکا بێ ئەوەی کە ڕووسیەکان پێ بزانن و هێرش دەکاتە سەر سوپای ڕووسیە. لە کۆتاییدا، ئوکراین فەرماندەییەکی سەربازیی هەیە کە نە تەنیا ئاگاداری داگیرکاریی ڕووسیە بوو، بەڵکو هەروەها بە دروستی پێشبینی شێوەی هەڵسوکەوتی ئەوانی کرد (هەڵبەت بە گوێرەی مودێلی ڕووسیە) و بەرپەرچدانەوەی کاریگەری ئامادە کردن کە ڕووسیەکان چاوەڕوانییان نەدەکرد. ئێستا کە دەڕوانینە دواوە، هەموو شتێک ماقووڵ دێتە بەرچاو. ئوکراینییەکان لە ٢٠١٤ تووشی شکستێکی بەژان بوون بەڵام تێک نەشکان و هەر شتێک کە لە ناوت نەبا، بەهێزترت دەکا. هیچ شتێک وەک شکستێکی سەرشۆڕانە و هەڕەشەیەکی ژینەکی کە پشتی نەشکاندبی نابێتە هۆی شۆڕشێکی دامەزراوەیی. دیسان، بە ئاوڕدانەوە بۆ دواوە، لاوازیی سوپای ڕووسیە زۆر ماقووڵ دێتە بەر چاو. بۆچی ڕووسیەکان ناتوانن هێزێکی پیادەی باشیان لە ئوکراین

هەبێ؟ تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر ئەو هۆیە کە هێزێکی پیادەی ئەوتۆ هەڕەشەیەکی سیاسییە بۆ سەر کرێملین. پوتین ئیزن بە سەرهەڵدانی هێزێکی پیادەی خاوەن ورەی بەرز و لێهاتوو نادا.

هەروەها ئەو هەواڵگریە خراپەی پوتین لەمەڕ ئوکراین پێی گەیشتبوو (واتە هەموویان لایەنگری ڕووسیەن)، بە زۆر گرتنی توانایییە سەربازییەکانی ڕووسیە، ماقووڵ دیتە بەرچاو. فەرمانبەرەکان خۆ لە دانی هەواڵی ناخۆش بە دیکتاتۆرێک دەبوێرن و ئەو شتانەی پێ دەڵێن کە دەیهەوێ بیانبیستێ. ئەو لە بڵقێکی تەواودایە. گیروگرفتی زانیاریی هەڵە لەو بەری جیاوازیی دیکتاتۆریی و دێموکراسییەوەیە. هۆی بەشی هەرە زۆری زانیاریی هەڵە دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی هەڵە. ئەفسەرەکان بڕیار و دوکترینە داپەسەپاوەکان ناهێننە ژێر پرسیار و بێگومان داکۆکییان لێ دەکەن تا لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە نەیەنە ژێر پرسیار.

جێگای سەرسوڕمانە لێکۆڵەرەوە خۆراواییەکان چەندە سوپای ڕووسیەیان بە زۆر گرت، تەنانەت سەرسوڕهێنەرتریشە کە ئەوان چەندە سوپای ئوکراینیان بە کەم گرت. دنیا هەڵسەنگاندنی سوپای ئوکراینی لە ٢٠١٤ بەولاوە بە تەواوی پاشگوێ خستبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢

# ڕێککەوتنێکی لاوازی بایدن دەگەڵ ئێران، یارمەتیی ئابووری و سەربازیی بە ڕووسیەیە

**نەیشناڵ ریڤیو - کارین حەججار**

بێتوو ڕێککەوتنی ئێران واژۆ بکرێ، بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوە بەرچاو بنکۆڵ دەکرێ، چونکە ڕێگا بۆ چالاکییە شێوێنەرەکانی تاران ئاواڵا دەبێ. بێجگە لە پێکهاتن لەسەر سنووربەندییەکی لاواز بۆ سەر بەرنامەی ناوکی ئێران، ڕێککەوتنەکە لێشاوی چەند میلیاردی دراو بۆ ئێران و بەکرێگیراوە تێرۆریستەکانی مومکین دەکا و ئەگەری هێنانەدەری سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان، لە کاتێکدا کە ئەندامەکانی بە شێوەی چالاک هەوڵ دەدەن کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان تێرۆر بکەن، ئەو ڕێکخراوەیە بەهێز دەکات. بەڵام ڕێککەوتنەکە تەنیا نابێتە هۆی بەهێزترکردنی ئێران، بەڵکوو زەختی ئەمریکا بۆ سەر ڕووسیەش لاواز دەکات.

مۆسکۆ هەموو جۆرە سوودی لە ئێرانێکی ناوکی پێ دەگات، لەناویاندا قازانجی ئابووری و سەربازی کە دەبنە هۆی پشتگیری لە هەوڵەکانی پوتین لە ئۆکراین.

تێوەگلانی ڕووسیە لە وتووێژەکانی ڤییەن لە سەرەتاوە گیروگرفت بووە. دیمەنەکانی بەتەنیا، مرۆڤ نیگەران دەکەن. لە کاتێکدا کە پوتین خەریکی تاوانی جەنگە و سەربەخۆیی ئۆکراین پێشێل دەکات، وڵاتە یەکگرتووەکان بە وتووێژ دەگەڵ دیپلۆماتەکانی کرێملین خەریکی ڕێککەوتن دەگەڵ تارانە.

لە سەرەتاوە، ڕووسەکان لەلایەن ئێرانییەکانەوە وتووێژیان کردوە و شەرمیشیان لێی نەکردوە. دانوستانکاری سەرەکیی ڕووسیە، میخایل ئولیانۆڤ، ستایشی هەوڵە هاوبەشەکانی دەگەڵ ئێران و چین لە ماوەی وتووێژەکاندا دەکات و دەڵێ، "ئێمە توانیمان بەیەکەوە ئاکامی ئەرێنی مسۆگەر بکەین." ئەو گوتی مەلاکانی ئێران "بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان وەک شێر دەجەنگێن" و وڵاتەکە لە وتووێژەکاندا "زۆر لەوەی چاوەڕوانی دەکرد، دەستکەوتی وەدەست هێنا." ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە "دۆستە چینییەکانی بە هەمان شێوە وەک هاودانوستانکار کاریگەر و بەکەڵک بوون. ئێمە دەمانتوانی پشت بە یەکتر ببەستین... و لە زۆر خاڵدا، بە هۆی هەوڵی هاوبەش، سەرکەوتوو بووین".

بەشی: دووهەم

هەروەها باڵوێزی ڕووسیە لە ئێران، لێڤان جاگاریان، شانازیی بەوە دەکرد کە نوێنەرانی ئێرانی لە ڤییەن "بەردەوام سوپاسی ئێمەیان دەکرد." بەتایبەتی نوێنەری ئێمە، ئولیانۆڤ، یارمەتیی زۆر دەکات و ئێمە پێوەندی نزیکمان دەگەڵ دۆستە ئێرانییەکانمان هەیە. ئەو گوتی، "ئێمە... دەمانهەوێ یارمەتییان بکەین".

ئەوە بەئاشکرا لە بەرژەوەندیی ئابووری، ستراتێژیک و سەربازیی ڕووسیەدایە کە ئێران بگاتە ڕێککەوتنێکی بەسوود. بێهنام بین تالیبلو، هاوکارێکی پلەبەرزی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییەکان، لە وتووێژێکدا دەگەڵ نەیشنال ڕیڤیودا گوتی، "سێ هۆ شی دەکەنەوە کە بۆچی ڕووسیە ڕێککەوتنێکی خراپی دەگەڵ ئێران دەوێ." ئەو گوتی لەنێو ئەو هۆیانەدا "سووککردنی زەختی ئابووریی پێوەندیدار بە ئۆکراینەوە و پووچەڵکردنەوەی ئابلۆقەکان، فرۆشتنی چەکوچۆڵ و پەرەپێدانی هاوکاریی ناوکی و فرۆشتن".

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، ڕووسیە دەسکەوتی مەزنی لە بڕیارەکانی ڕێککەوتنی لاوازی بایدن دەست دەکەون. بەگوێرەی ڕاپۆرتی بلومبەری، وەزارەتی کاروباری دەرەوە "بەشداریی ڕووسیە لە پرۆژە ناوکییەکانی" دەگەڵ ئێران ناخاتە لیستەی ئابلۆقەکانەوە، لە ناویاندا هەناردەکردنی بەشە زیادییەکەی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی تاران و گۆڕینی دامەزراوەکانی پیتاندن بۆ دامەزراوەی سووتەمەنیی مەدەنی.

بێتوو ئێرانییەکان بگەنە ڕێککەوتن، دەسکەوتەکەیان هەڵگیرانی ئابلۆقە، بایی ١٣٠ میلیارد دۆلار دەبێ، کە پێوەندیی ئابووری ئەوان دەگەڵ ڕووسیە دەبووژێنێتەوە. بەکردەوە، ئەو پێوەندییە هەر ئێستا خەریکی گەشەکردنە. لە سەرەتای ئاپریل فری بیکن ڕایگەیاند کە ئەو دوو وڵاتە کۆنفرانسێکی بازرگانییان بەڕێوە برد "تا هەوڵەکانیان بۆ خۆبواردن لە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چڕ بکەنەوە." خانەخوێی کۆنفرانسەکە مۆسکۆ بوو و لەوێدا ٧٠ ناوەندی پیشەسازیی ئێرانی و ٣٠٠ ناوەندی ڕووسیەیی بەشدار بوون. سیاسەتوانێکی ئێرانی گوتی کە وڵاتەکان چاوەڕوانی "گەشەی بەرچاو لە پێوەندییە دووقۆڵییەکانیانن." کاتەکەی بە هەڵکەوت نییە. وەک بیکن ئاماژەی پێ کرد، پێوەندیی بازرگانی ئەو دوو وڵاتە دەگەڵ خۆئامادەکردنی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ "لابردنی ئابلۆقە" لەسەر ئێران، پەرە دەستێنێ، کە دەبێتە هۆی "ڕەخساندنی دەرفەت بۆ مۆسکۆ تا لە ئێران وەک ئامرازێک بۆ سووککردنی زەختی نێونەتەوەیی کەڵک وەرگرێ".

مارک دوبۆویتز و ماتیو زویب، لە واڵستریت ژورناڵدا نووسیان کە ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە کاتێکدا پوتین بەرەورووی کەڵەکەبوونی ئابلۆقان بۆ سەر خۆی دەبێتەوە، ئێران تەکنیکەکانی دەربازکردنی سیستەمە داراییە نایاساییە

**چەند میلیار دۆلارییەکەی لە ئابلۆقە فێری ڕووسیە بکات:**

**تاران دەتوانێ فێری موسکۆ بکات چۆن ئەو دامەزراوە داراییە نایاساییە کۆپی بکات، یان ڕێژیمی مەلایان دەتوانێ ببێتە دەلاڵی مۆسکۆ و بەشێک لە داهاتی ئەو بازرگانییە نهێنییەی کە لە جیات ڕووسیە بەڕێوەی دەبات بۆخۆی هەڵگرێ. تێکەڵاویی پسپۆڕی ڕووسیەیی و ئێرانی لە چالاکیی نایاسایی دارایی، دەتوانێ ببێتە هۆی پێکهاتنی پێشکەوتووترین ڕایەڵەی پەرەئەستێنی خۆبواردن لە ئابلۆقە. بێتوو ئابلۆقەکانی خۆراوا کاریگەریی خۆیان لەکیس بدەن، زەختی سەر مۆسکۆ بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکردنی ئۆکراین و هەڕەشەی دیکەش لەنێو دەچێ.**

**لە ڕوانگەی ئابووری و سەربازییەوە، ئەو ڕێککەوتنە ڕێگا بۆ بازرگانییەکی پڕ سوودی چەکوچۆڵ لەنێوان تاران و مۆسکۆدا دەکاتەوە. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە کاتێک ئابلۆقەی دەساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠٢٠ کۆتایی هات، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەستبەجێ ئابلۆقەیەکی هاوشێوەی بە سەر ڕێژیمدا سەپاند. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن نە دەیهەوێ ئەو ئابلۆقانەی ئەوپەڕی زەخت بسەپێنێ و نە دەشیهەوێ جێبەجێیان بکات. وتووێژە هەنووکەییەکان ئاماژە بە ئابلۆقەی چەکوچۆڵیش ناکەن.**

**لە مانگی مارچ، وتووێژەکانی ڤییەن لەبەر داواکاریی ڕووسیە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ دانی زەمانەت لە پارێزرانی بازرگانیی ناوکیی کرێملین دەگەڵ تاران لە ئابلۆقە، وەستێندران. وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕووسیە، سێرگەئی لاڤرۆڤ، نەیدەویست ئابلۆقەکان "زەرەر بە مافی بازرگانی، هاوکاری و وەبەرهێنانی ئازاد و هەمەلایەنەی ئێمە و هاوکاریی تەکنیکی-سەربازیی دەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی بگەیەنن." لە کۆتاییدا لاڤرۆڤ پشتڕاستی کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان "زەمانەتی بە نووسراوە"ی داوەتە ڕووسیە کە "پارێزگاریی شیاو لە سەرجەم پرۆژە و چالاکییەکانی پلان بۆ داڕێژراو" لە ڕێککەوتنەکەدا دەکات. (ئەوە لە کاتێکدایە کە پوتین لێدوانی ژاراوی لەمەڕ کەڵکوەرگرتن لە چەکی ناوکی لە کێشەی ئۆکراینێدا دەدات.)**

**بە گوتەی گابرییەل نۆرۆنها، ڕاوێژکاری تەیبەتی پێشوو لەمەڕ دۆسیەی ئێران لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئەو زەمانەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێگا بە ڕووسیە و ئێران دەدا تا مامەڵەیەکی ١٠ میلیارد دۆلاریی ڕاگیراو جێبەجێ بکەن، لە ناویاندا ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی ڕێئاکتۆری مەدەنی لەلایەن ڕووسیەوە لە ناوەندی وزەی ناوکی لە بوشەهر. نۆرۆنها گوتی، "ئەوەی ڕووسیە وتووێژی لەسەر کرد لە بنەڕەتدا پارێزراویی تەواو لە ئابلۆقەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو**

مامەڵە ناوکیە ١٠ میلیارد دۆلارییە جێبەجێ بکات".

ڕووسیە هەر ئێستا کەڵک لە چەکی ئێرانی لە کێشەی ئۆکرایندا وەردەگرێت. گاردیەن بڵاوی کردەوە کە ڕووسیە کەڵک لە تەقەمەنی و ڕەقەواڵەی سەربازی وەردەگرێ "کە لە عێراقەوە ... بە یارمەتی میلیشیا عێراقییەکانی سەر بە ئێران و خزمەتگوزاریی هەواڵگریی ناوچە کە شارەزاییان لە سەر ئەو پرۆسە هەیە، ڕاگوێزراون". ئەوانە بریتین لە مووشەکی دژە تانکی سوپای پاسداران، سیستەمی مووشەکهاوێژی برازیلی و مووشەکی ٣٧٣ ی باوەڕی ئێران.

لە لایەکی دیکەوە، ڕووسیە دەتوانێ سوود لە فرۆشتنی چەک بە ئێران ببینێ. نۆرۆنها گوتی کە دوای هەڵگیرانی ئابلۆقەکان، ئێران دراوی دەرەکیی دەبێ تا بتوانێ مامەڵەکانی چەکوچۆڵ دەگەڵ ڕووسیە جێبەجێ بکات. "لە چوارچێوەی بڕگەکانی ڕێککەوتنەکەدا، ئەمڕۆ ڕووسیە ئازادە چەکی ئاسایی بە ئێران بفرۆشێ و دەتوانێ لە ئۆکتۆبری ساڵی داهاتوو ڕا چەکی پێشکەوتووشی پێ بفرۆشێ".

نۆرۆنها گوتی، "تۆ ناتوانی لە کاتێکدا کە ئیزن بە ئێران دەدەی دەستی بە پاشەکەوتی دراوی بیانیی گەلێک بەرچاو ڕابگات، کە پشتگیریی لە پیشەسازیی چەکوچۆڵی ڕووسیە دەکات، هاوکات بڵێی خەریکی جەنگ دژی [شەڕانشۆیی] ڕووسیە لە ئۆکراینی".

ئەوە بەڕوونی دیارە کە ڕووسیە وتوویژ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکات، لەو ڕێککەوتنەدا، بەرژەوەندیی ئێران بەرژەوەندیی ڕووسیەیە. بەڵام، ئەوە نەبۆتە سڵەمینەوەی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە هەوڵ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک، تەنانەت کاتێک کە بە زبری دژی پوتین دەدوێ.

لە مانگی مارچ، لە کۆشکی سپی پرسیار کرا کە ئاخۆ ئەوان ئامادەن دەگەڵ ڕووسیە دەست بە دانوستان بکەنەوە تا "ڕێگا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ناوکی دەگەڵ ئێران خۆش بکەن"؟ وتەبێژی کۆشکی سپی، جێن پساکی وەڵامی دایە کە "ڕووسیە نایهەوێ ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات" و "ئێمەش نامانهەوێ." پساکی گوتی، "ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە لە بەرژەوەندیی هەردوو لایەکمانە کە ئەوە بەرەو پێشەوە بچێ".

من لە نۆرۆنهام پرسی ئاخۆ کۆشکی سپی چۆن دەتوانێ وتوویژ لەسەر ڕێککەوتنێک بکات کە بە تایبەتی یارمەتی مۆسکۆ

دەکات، باسی ئەوەش ناکەین کە دەڵێن بەرژەوەندیی هاوبەشمان دەگەڵ ڕووسیە هەیە. ئەو پێی گوتم، "ئەوان ئەو شتە دەڵێن و هیوادارن هیچ کەس بەوە نەزانێ و لێیان لەقاو نەدات، ئەوە لەگەڵ هیچکام لە فاکتەرەکانی پشت شانۆکە یەک ناگرێتەوە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢٢

---

## بۆچی هێندێک جوو داکۆکی لە سوپای پاسداران دەکەن؟

**ئیسرائیل هایوم - جاناتان س. تۆبین**

[تا ئێستا، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن خۆی لە بەرانبەر وەسوەسەی سڕینەوەی لە لیستەی تێرۆردا ڕاگرتوە. بەڵام جوولەکە چەپەکان لەو بڕوایەدان کە بتوانن سەرکۆمار ڕازی بکەن پاشەکشە بکات]

بۆ ئەوانەی پێیان وایە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن ڕەنگبێ بگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستێکی زۆرتر کەتوارگەرانە لەمەڕ پرسی ئێران، ڕاگەیاندنی بەشداریی فڕۆکە سووتەمەنی گەیەنەرەکانی ئەمریکایی لە مانۆڕی سەربازیی ئیسڕائیل کە بەو زووانە بەڕێوە دەچێ، هەواڵێکی خۆش بوو. لە هەنگاوێکی تاقانەدا، فڕۆکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئیسڕائیل لە ڕاهێنانێکدا دەفڕن کە لەلایەن زۆرانەوە وەک ڕاهێنان بۆ بۆمبارانی ئێران سەیر دەکرێ.

ئەوە دەبێ وەک پەیامێک بۆ ئێران سەیر بکرێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان بڕاوەی زیاتر لە وتووێژە بێئاکامەکان بۆ پێشگرتن بە خولیا ناوکییەکانیانی لە بەردەستدایە. سەرۆک وەزیرانی ئیسڕائیل، نەفتالی بێنێت، هیوادارە ئەوە بەو مانایە بێت کە خۆبواردنی لاسارانەی تاران بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە لاوازە ناوکییەکە واژۆکراو دەگەڵ سەرکۆماری پێشووتر باراک ئۆباما، ئەمریکاییەکانی ناچار کردوە، جا پێیان خۆش بێ یان ناخۆش، هاوپەیمانییەکەیان دەگەڵ دەوڵەتی جوولەکە پشتڕاست بکەنەوە. بەڵام ئەوە بەو ساکارییەش نیە. هۆیەکەی ئەوەیە کە وتووێژە ڕاستەقینەکان لەمەڕ ڕێککەوتنێکی ناوکی نوێ دەگەڵ ئێران، لە ڤییەن دەگەڵ ڕووسییەکان، کە بەڕێوەبەرایەتیی دێموکرات پێی وایە دەگەڵی بەهۆی داگیرکردنی ئوکراین "لە جەنگ"دایە، و ناوبژیوانی نێوان ئەمریکاییەکان و ئێرانییەکانە، بەڕێوە ناچێ. وتووێژە یەکلاکەرەوەکان لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن و هاوپەیمانە پێشکەوتنخوازەکانی خەریکی مشتومڕی نێوخۆیی لەسەر ئەگەری ملکەچ بوون بە یەکێک لە داواکانی تارانن، لە واشینگتۆن بەڕێوە دەچێ.

تیمی سیاسەتی دەرەوەی بایدن، لەژێر ڕێبەریی سەرۆکی دەستەی دانوستانکار دەگەڵ ئێران و کۆنەسازشکار، ڕۆبەرت ماڵی، هەر ئێستا ڕەزامەندیی لەسەر گەلێک لە بڕیارەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئایینی لەمەڕ ڕێککەوتنێکی نوێ و لاوازتری

بەرجام دەربڕیوە کە دەستکەوتی نموونەیی سیاسەتی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما بوو. ئەوان لەجیاتی ئەوە کە تەنیا بگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتنە کۆنەکە، کە ئەوانی دەوڵەمەند و بەهێز کرد، ئێرانییەکان داوای مەرجی شلتر و دەستخۆشانەی نەغدیی زیاتر دەکەن. بەڵام یەکێک لە داواکارییەکانیان، لانی کەم تا ئێستا، قەڵەمبازێکی مەزن بووە بۆ بایدن: سڕینەوەی سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان.

سوپای پاسداران بەشێک لە هێزی سەربازیی ئێرانە. بەڵام ئەو هەر وەها بەڕێوەبەری ڕایەڵەیەکی نێونەتەوەیی لە تاقمە تێرۆریستییەکانیشە. سوپای پاسداران ڕێکخەری بەخێوکردن و ڕاهێنانی حیزبوڵڵا، جیهادی ئیسلامیی فەلەستین، بەرەی گەلیی ڕزگاریی فەلەستین، حەماس و تێرۆریستەکانی حوسییە و بەرپرسی تاوانە جۆراجۆرەکانیانە.
ئەو هەروەها ڕێژەیەکی لە ئەژمار نەهاتووی شارۆمەندانی ئێرانی کە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی دەوڵەتەکەیانەوە هەستاون، کوشتوە. دەسەڵاتی سوپا هەروەها بەشێک لە ئابووریی ئێرانیش دەگرێتەوە کە ئەوی کردۆتە تیغەرەی پشتی سەرەڕۆیی ئایینی.

بەڵام تا بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، ئەمریکا خۆی لە دانی مۆرکی تێرۆریستی لە سوپای پاسداران دەبوارد چونکە دەیهەویست پێوەندییەکی باشتری دەگەڵ تاران هەبێ. لە کاتێکدا کە ئابلۆقەی دیکە خراونە سەر سوپای پاسداران و ڕێبەرییەکەی، دستنیشانکردنەکەشی وەک تێرۆریست بایەخێکی سیمبۆلیکی مەزنی هەیە. دەستنیشانکردنەکە ئاشکرای دەکا وڵاتە یەکگرتووەکان فریوی هەوڵەکانی ئێران بۆ لێکجیاکردنەوەی ئەو تاقمە یان بەناو باڵی سەربازییەکەی لەو ڕێژیمەی خزمەتی دەکات، ناخوا. بێتوو لە لیستەکە بیسڕنەوە، ئەوە زۆرتر وەک داکۆکی لە هەوڵەکانی ئێران بۆ خۆ دەربازکردن لە چالاکییە تاوانکارەکانیەتی. ئەوە بەو مانایە دەبێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانییەکی لەمەڕ هەوڵە بەردەوامەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە و سەپاندنی هێژمۆنیی خۆی نییە.

تا ئێستا سەرکۆمار جۆ بایدن، بە پشتیوانیی باڵی ڕیفۆرمخوازی حیزبەکەی، خۆ لە بەرانبەر داوای هەڵگرتنی مۆرکی تێرۆریستی لەسەر سوپای پاسداران ڕاگرتوە. ئەو تێ دەگات، چونکە وێدەچێ هاوپەیمانە پێشکەوتنخوازەکانی تێ نەگەن، کە هەڵوێستێکی ئەوتۆ وەک ژێستێک دەچێ کە خەڵکی ئەمریکا وەک لاوازیی و بێتوانایی لەمەڕ وەستانەوە دژی دوژمنانی وڵات و ڕێژیمە سەرەڕۆیەکان لێکی دەدەنەوە.

بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر حەوتوویەک، هاواری نارەزایەتی لەبارەی ئەو بڕیارە لە لایەن پێشکەوتنخوازەکانەوە بەرزتر

بۆتەوە و، بۆ تووڕەیی ئەوانی هیوادارن بایدن لەسەر بڕیارەکەی پێداگر بێ، تەنانەت پلەبەرزترین کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیەکە باسی دوودڵیی خۆیان لەمەڕ پاراستنی ئەو هەڵوێستە دەربڕیوە.

بۆ وێنە، کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوە ئانتۆنی بلینکن لەو دواییانەدا لە کۆنگرە شایەتیی لەبارەی وتووێژەکانی ئێران دا، بووە مایەی نیگەرانیی هەردوو لایەن. ئەو کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرەی دڵنیا کردەوە کە تا ئێران ئاکاری خۆی نەگۆڕێ، مۆرکی تێرۆریستیی هەڵناگیرێ. ڕەنگبێ بە وەستاندنی چالاکییە تێرۆریستییەکانی کە بوونە بەشێکی دانەبڕاو لە سوپای پاسداران لە سەرەتای دامەزرانیەوە ماوەیەکی کورت دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە لە ١٩٧٩. بەڵام، ئەو درێژەی پێ دا و گوتی کە بە بڕوای ناوبراو مۆرکلێدانەکە بێ سوود بووە.

خەڵکی دیکە لە بەرەی چەپ ئەو گوتەیان دووپات کردۆتەوە، لە ناویاندا مەت داس، ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی سەناتۆر بێرنی ساندرز (سەربەخۆ لە ڤێرمۆنتەوە) کە گوتی بە درێژەپێدان بە هێشتنەوەی سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆریستاندا، بایدن لە داوێک کەوتوە کە ترامپ بۆی نایەوە تا بووژاندنەوەی بەرجام دژوارتر بکات. بەڵام لەنێو دەنگ بەرزترینەکان دژی دستنیشانکرانی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی، جوولەکە ئەمریکاییەکانی ڕەخنەگری ئیسڕائیلن.

لۆبیی چەپڕەوی جەی ستریت زۆر دەخوازێ سوپای پاسداران لە لیستەکە بێتە دەر و دەلیلی هێناوەتەوە کە بایدن هەڵەیە بێتوو وا بیر بکاتەوە ئەو تێچوویەکی سیاسی بۆ ئەو بڕیارە دەدا. وتاربێژی دژە زایۆنیست، پیتر بەینارت لە "نیویۆرک تایمز"دا نووسیی بە "ترسان لە سیاسەتی" پاکانە بۆ سوپای پاسداران، بایدن "لە ئەمینترکردنی دنیا" شکست دێنێ. بە تایبەتی ئەو هۆدانە گەلێک مەترسیدارە. ڕێککەوتنێکی نوێ دەگەڵ ئێران بە کردەوە دنیا کەمتر ئەمین دەکات، چونکە بە هیچ شێوەیەک پێش بە ئێران ناگرێ تا دەستی بە چەک ڕابگات، بەرجامە ڕەسەنەکە و شێوەیەکی لاوازتری ئەو بە کردەوە زەمانەتی ئەوە دەکەن کە ئێران دوای تەواوبوونی کاتی مەرجەکان، پاش چەند ساڵ بومبێکی دەبێ. لە هەمان کاتدا، ئەو دراوەی لە هەڵگیرانی ئابلۆقەکان دەستی دەکەوێ و زانیاریی ئەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشت لە بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی ئیسڕائیل و هاوپەیمانە عەرەبەکانی دەکات، ئێران مەترسیدارتریش دەکات. کەوابوو، بۆچی جەی ستریت و هێندێک لە هاوپەیمانە توندئاژۆ دژە زایۆنیستییەکانی لە بەرەی چەپ وا لیبڕاوانە بە نوێنەرایەتیی سوپای پاسداران لۆبیگەری دەکەن؟

بەشی: دووهەم

ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خووی خۆڕسکی داکۆکی لە هەر شتێک کە پێوەندی بە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباماوە هەیە و ڕەتکردنەوەی سیاستە ماقووڵترەکەی ترامپ، کە بە دروستی تێگەیشت درەنگ یان زوو، ڕێککەوتنەکەی سەرۆکی پێشوو دەبێ وەلا بندرێ و جێگرەوەکەی شتێکی توندتر بێ کە بەڕاستی پێش بە توانایی ناوکیە پەرەئەستێنەکانی ئێران بگرێ.
ئەو شەڕە غەریزە حیزبییەکان ئاشکرا دەکا، کاتێک تێکەڵی بێوازیی بەرانبەر بە بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی ئیسرائیل بکرێ، کە بۆتە هۆی حەزی دەنگدەران، تەنانەت لە نێو جوولەکان کە دەیانهەوێ سیاسەتێک ماقووڵ نیشان بدەن کە دەبێتە هۆی ئەوە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شێوەیەک دارێژێتەوە کە ببێتە هۆی دوور کەوتنەوە لە هاوپەیمانە نەریتییەکانی و نزیکایەتی لە ئێران.

گەلۆ ئەوان سەردەکەون؟ پاڵەپەستۆی سەر بایدن بۆ نەرمی نواندن بەرانبەر سوپای پاسداران، بە یارمەتیی ئاماژەکانی ئێرانییەکان کە بێتوو ڕێککەوتنێکی نوێ واژۆ نەکرێ، ئەوان هێندەی دیکەش لە دۆخی تێپەڕین لە لێواری بەناوکیبوون نزیک دەبنەوە. ئەوان کە پێشووتر بە بلۆف سازشی گەلێک زۆرتریان دەستەبەر کردوون، تاران هەموو هاندەرێکی هەیە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوان لە کۆتاییدا سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆر دەردێنن و، هەر وەک ڕابردوو، ویستی تاقمە جوولەکەکان بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی ئەو پرسە، وێدەچێ یەکلاکەرەوە بێ.
ئامادەیی تاقمە جوولەکەکان بۆ خۆگێلکردن لەوە ڕاستییە کە ئەو یەکەیە، کە لە ڕشتنی خوێنی ئەو هەموو جوولەکەیەدا دەستی هەبووە، تێرۆریست نییە، کارێکی قێزەوەنە. مرۆڤ بیر دەکاتەوە کە ڕەواییدان بە سوپای پاسداران تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە ئەفسانەی وەستاندنی بەرنامەی ناوکیی ئێران لەلایەن ئۆبامای و کشانەوە ترامپ لە ڕێککەتنەکە بووە هۆی گەشەکردن بەرەو بۆمبێک، شوورەییە. هەرچەند ئەو تاقمانە حەز دەکەن وا بنوێنن کە "لایەنگری ئاشتین،" ئەوەی ئەوان لە هەموو شتێک مەیلیان لێیە لاواز کردنی ئیسرائیل و بەهێزکردنی ئەو دوژمنانەیە کە بە کردەوە سوێندیان خواردوە ئیسرائیل لەنێو بەرن. هەمان شت پێشکەوتنخوازە جوولەکەکان وەک ماڵی، کە یەکێک لە دەسترۆیشتووترین پلەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەدستەوە، دەگرێتەوە.

بەو مانایە، مشتومڕ لە بارەی سوپای پاسداران بایەخێکی سیمبۆلیکی ئەوتۆی هەیە، بەپێچەوانەی دوودڵیی بلینکن، کە ئاشکرای دەکات هیچ پاشەکشەیەک بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕادەبەدەر سەرشۆڕانە نییە کە نەیانهەوێ پشتگیریی لێ بکەن تا ئەو کاتەی وەک یارمەتیدان بە ئێران و زەرەر گەیاندن بە ئیسرائیل بێتە بەرچاو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٢

# ئەمریکا و ئێران ڕێک دەکەون یان نا؟

**ئیسرائیل هایوم - کلیفۆرد د. مای**

[بێتوو دەسەڵاتدارانی ئێران بەشی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکەن -کە بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردوو وێناچی کاری ئەوتۆ بکەن- دەرگای چەکی ناوکی دوای ماویەکی نە زۆر دوور بۆیان ئاواڵا دەبێ. بەڵام ڕەنگبێ داواکانیان تەنانەت بۆ بایدنیش زۆر بێ.]

چەند مانگە بازاڕی گرەوی ڕێککەوتنی ناوکی لەنێوان سەرکۆمار بایدن و دەسەڵاتدارانی ئێران گەرمە. بایدن بەڵێنی دابوو هەر ڕێککەوتنێکی نوێ لە ڕێککەوتنی سەرکۆمار ئۆباما کە لە ٢٠١٥ واژۆی کرد و سەرکۆمار ترامپ لە ٢٠١٨ لێی کشایەوە، "درێژمەوداتر و بەهێزتر" دەبێ؛ بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران ملیان نەدا.

ئەوان داوای پاشەکشە لەدوای پاشەکشەیان کرد، چونکە دەیانزانی نێردەکانی بایدن ئیدیعا دەکەن ئەوان پێشیان بە دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە توانایی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی گرت، تەنانەت ئەگەر ئەو ئیدیعایە بە تەواوی دوور بێ لە ڕاستی.

هاتبا و دەسەڵاتدارانی ئێران بەشی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کردبا، کە بە لەبەر چاو گرتنی ڕابردوو وێناچی ئەو کارەیان کردبا، دەرگاکان بەرەو یانەی ناوکی لە ماوەیەکی نە زۆر دووردا ئاواڵا دەکرا. ڕێککەوتنەکە زایەڵەی ڕێککەوتنێک دەبوو کە لە ١٩٩٤ سەرکۆماری ئەوکاتی کلینتۆن بە شانازییەوە ڕایگەیاند کە ئەو ڕێککەوتنە پێش بە دەستڕاگەیشتنی کۆرەی باکوور بە چەکی ناوکی دەگرێ.

ئێستا کاتی هەواڵە خۆشەکەیە: دوایین داواکاریی تاران دانوستانەکانی تووشی وەستانێکی ڕوون و ئاشکرا کردووە. ڕێژیمی مەلایان لەسەر ئەو داوایە پێداگرە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوی تێرۆریستیی بیانی

بێنێتە دەر. بایدن تەسلیم نەبووە. ڕەنگبێ هۆیەکەی ئەوەبێ کە ئەو دەزانێ بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان، زیاتر لە ٦٠٠ ئەمریکایی بە چەکی ئەوتۆ کوژراون کە لەژێر چاودێریی سوپای پاسداراندایە و بەتایبەتی بۆ کوشتنی ئەمریکاییان گەشەیان پێ دراوە، بە قاچاخ براون بۆ عێراق و دراون بە میلیشیای شیعە و سوپای پاسداران شێوەی کەڵک لێوەرگرتنیانی فێری ئەوان کردوە. ئەو بێگومان دەزانێ کە سوپای پاسداران بەرپرسی هێرش بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان، سووریە و لوبنانە و پشتیوانی لە حیزبوڵڵا، حەماس، جیهادی ئیسلامیی فەلەستین و حوسییەکان دەکات.

زۆربەی ئەوانەی لەسەر جۆرێکی لاوازتر و کورتمەوداتری ڕێککەوتنی سەرکۆمار ئۆباما پێداگرن، نکۆڵی لەوە ناکەن کە سوپای پاسداران ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە. بەڵام ئەوان دەڵێن دەستنیشان کردنیان وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریست تەنیا شتێکی "سیمبۆلیکە" و لەبەر ئەو هۆیە گرینگ نییە. ئەوە دەبێ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە سەرسوڕهێنەر بێ کە لیستەیەکی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی بیانی لەبەر دەستدایە کە ناوی ٧٠ تاقمی تێرۆریستی تێدایە، لە ناویاندا ئەلقاعیدە و داعش. بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما ٢٥ ڕێکخراوی بە لیستەکەوە زیاد کرد.

حەوتووی ڕابردوو، وەفدێکی بنەماڵەکانی ئەستێرەی زێڕین [مەبەست کەسوکاری ئەو کەسانەیە کە لە کاتی خزمەت بە نیشتمان گیانیان بەخت کردوە. و.]، کەسوکاری ئەندامانی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا کە بە چەکی ئێرانی کوژراون یان بریندار بوون، هاتن بۆ واشینگتۆن و داوایان لە بایدن کرد ناوی سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆریستان نەسڕێتەوە. چاوپێکەوتنەکە دوای ناردنی نامەیەک دێت کە لەو دواییانەدا لە لایەن ٩٠٠ بریندارى جەنگ و ئەندامانی بنەماڵەی ئەستێرەی زێڕین واژۆ کرابوو و تێیدا دژایەتیی خۆیان بۆ سڕینەوەی ناوی سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆریستاندا دەربڕیبوو.

سەرەتای ئەمساڵیش نامەیەک لەلایەن زیاتر لە هەزار کەس کە لە جەنگدا بەشدارییان کردووە و ئەندامانی بنەماڵەکانیان نێردرا کە تێیدا داوایان لە بایدن کردبوو میلیاردان دۆلار لە دراوی دەستبەسەرداگیراوی ئێران ئازاد نەکات. ئەو دراوە دەبوو بۆ قەرەبووکردنەوەی دایک و باوک و هاوسەرانی کەسانی کوژراو بە دەست کۆماری ئیسلامی و بریکارەکانی تەرخان بکرێ. بێتوو ئەو دراوە بدرێتە دەسەڵاتدارانی تاران، بۆ تێرۆریزم و شەڕانشۆیی زۆرتر کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

لە کاتێکدا ئەو مشتومڕە لە ئارادایە، سوپای پاسداران بێدەنگ دانەنیشتوە. ڕۆژی یەکشەممە، نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لێدوانێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا گوتراوە: "لەو چەند مانگەی دواییدا هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ تێرۆری ژەنراڵێکی ئەمریکایی لە ئاڵمان، ڕۆژنامەنووسێک لە فەڕانسە و سیاسەتوانێکی ئیسرائیلی لە تورکیە پووچەڵ کراونەوە... ئەو هێرشە تێرۆریستییانە لە لایەن ڕێبەرانی پلەبەرزی ڕێژیمی ئێران فەرمانیان بۆ دراوە، پەسەند کراون و پشتگیریی داراییان بۆ تەرخان کراوە و ئامانج ئەوە بووە کە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە جێبەجێ بکرێن".

هەر لەوکاتدا ئانتۆنی بلینکن، وەزیری کاروباری دەروە دانی بەوە داناوە کە تاران هێشتا "هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر کاربەدەستانی هەنووکەیی و ڕابردووی ئەمریکایە".

لە کاتی لێپرسینەوەی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران کە لە سەرەتای ئەم حەوتوویە بەڕێوە چوو، سەناتۆر تێد کروز لە بلینکنی پرسی: "ڕاستە کە دانوستانکارانی ئەمریکایی بەتایبەتی داوایان کردوە تا سوپای پاسداران بەڵێنی بدا دەست لە هەوڵەکانی بۆ کوشتنی کاربەدەستانی پێشووی ئەمریکایی هەڵگرێ و ئاخۆ ڕاستە ئەوان گوتوویانە نا؟"

ئەو ئەوەشی زیاد کرد: "ئەگەر ئەوان چالاکانە داواکە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن، "نا، ئێمە درێژە بە هەوڵەکانمان بۆ کوشتنی وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو دەدەین،" ئەو بیرۆکەیە کە دانوستانکارانی ئێمە لە ڤییەن دانیشتوون و دەڵێن، "باشە، ئەوە زۆر باشە، کەوابوو چەند میلیارد دۆلاری دیکەتان بدەینێ؟ ئەوە دەگەڵ ئەقڵ یەک ناگرێتەوە".

ئەو ڕاستییەی باسی نەکرا ئەوە بوو کە مەلاکانی ئێران، بێجگە لە بەئامانجگرتنی کاربەدەستانی پێشوو و هەنووکەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، هەڕەشەیان لە چەند پسپۆری کاروباری ئێران لە ناوەندەکانی توێژینەوە کردوە، لە نێویاندا ئەو شوێنەی من کاری لێ دەکەم.

ئەوانی ڕابردوویان لەبیر نەکردووە لەبیریان ماوە، لە ۲۰۱۱، ئێف بی ئای پیلانی تەقاندنەوەی کافە میلانۆ، ڕێستورانێکی لوکسی "جۆرج تاون" لە کاتێکدا کە عادل ئەلجوبەیر، باڵوێزی ئەو کاتی عەرەبستانی سعودی لە وڵاتە یەکگرتووەکان لەوێ ژەمی شەوی دەخوارد، پووچەڵ کردەوە. مشتەرییەکانی نزیک مێزەکەی ناوبراو دەبوونە قوربانیی لاوەکی. گریمانە دەکرێ ئەو پیلانە دەگەڵ گەلێک پیلانی دیکە، ئەندازیارەکەیان قاسم سولەیمانی بووە، سەرۆکی هێزی قودسی سەر بە

سوپای پاسداران کە پسپۆڕی بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنەکانی تیرۆریستی و میلیشیاییی لە سەرانسەری دنیایە. سەرکۆمار ئۆباما بەڵێنی کاردانەوەی جیددیی دا، بەڵام قەت جێبەجێی نەکرد. بەڵام، لە جانیواری ٢٠٢٠ سولەیمانی لە بەغدا بە فەرمانی سەرکۆمار ترامپ، کە لە تویتێکدا شیی کردەوە کە ژەنراڵەکە "هەزاران ئەمریکایی لە ماوەیەکی دوور و درێژدا کوشتبوو و بریندار کردبوو و خەریکی دانانی پیلان بۆ کوشتنی ڕێژەیەکی زۆرتر بوو" لە هێرشێکی ئاسمانیدا کرایە ئامانج. دەسەڵاتدارانی ئێران بەڵێنی "تۆڵەی سەخت"یان دا. هێرشەکانی دواتر دژی ئەمریکاییان لە عێراق و شوێنی دیکە وێدەچێ نەبوونە هۆی ڕەزامەندیی ئەوان.

چەند دێموکراتی ئێستا دەنگی خۆیان خستۆتە پاڵ دەنگی کۆمارییەکان لە دژایەتییان بۆ سڕینەوەی ناوی سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان. سێناتۆر مەنەندێز، سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران ڕۆژی یەکشەممە بە فاکس‌نیوزی گوت: "من داوا لە بەڕێوەبەرایەتی [بایدن] دەکەم تێ بگا کە ڕێکنەکەوتن لە ڕێککەوتنێکی خراپ باشترە".

ئەوجار چ دەقەومێ؟ بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ئەقڵییەتەی دەسەڵاتدارانی ئێران بڕیارەکانیان دەدەن، تێگەشتنی کارێکی دژوارە.

لە پێوەندی دەگەڵ بایدن، ئەو دەتوانێ توورە بێ. بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو بڕیار بدا دەست بۆ ئامرازی دیکە بەرێ تا پێش بەوە بگرێ کە کۆماری ئیسلامی ببێتە پشتیوانێکی تێرۆریزم کە چەکی ناوکیی هەیە. بێتوو ئەو کارە بکات، ئیسرائیل و هاوپەیمانە عەرەبەکانی (دەستەواژەیەک کە قەت پێم وانەبوو ڕۆژێک بینووسم!) بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکانیان پێشەکەش دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٢

## دەرگای دیجیتاڵی خەریکە بەسەر ڕووسیەدا دابخرێ؟

### گۆڤاری نی تەکنیک - کەللێ ویکلوند

لە مەنتسەلەی فینلەند هەر ئێستا دەیتا سەنتەرێکی گەلێک پێشکەوتوو بە یارمەتی مەکینەی گازۆلی درێژە بە کاری خۆی دەدا، چونکە هیچ کۆمپانیایەکی دابینکەری کارەبای ئەو وڵاتە ئامادە نییە چیدیکە کارەبا بە کۆمپانیای ڕووسیەیی یاندەکس بفرۆشێ کە بە سەر هۆڵی سەرڤەرەکان ڕادەگا.

یاندەکس، هێندێک جار پێی دەڵێن "گوگڵی ڕووسیە"، دەگەڵ تەلەگرام و ڤی کەی نموونەی ناسراوی کۆمپانیای تەکنەلۆژیکی ڕووسیەن کە لە سەرانسەری دنیا بە میلیۆنان بەکارهێنەریان هەن.

بەڵام ئیستا داهاتووی دەوری یاندەکس وەک کۆمپانیایەکی تەکنەلۆژیکی جیهانیی لە هەموو کات زیاتر گومانی لەسەرە، هاوکات کۆمپانیا تەکنەلۆژیکییە زەبەلاحەکانی وەک گوگڵ، مەتا (فەیسبوک)، ئەپڵ و مایکرۆسافت لە بازاڕی ڕووسیە دەکشێنەوە، یان هەبوونی خۆیان لەو وڵاتە کەم دەکەنەوە.

ئەوەی ئێستا خەریکە لە ڕووسیە بقەومێ بە شەوێک نەقەوماوە. بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکان لەمەڕ مەترسییەکانی ئینتەرنێتێکی جیای ڕووسیە، "نی تەکنیک" دەگەڵ ئەو کەسانە وتووێژی کردووە:

- ئولاف کۆلکمەن، ڕاوێژکاری پلەبەرزی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی ئینتەرنێت.
- مارسین دێ کامێنسکی، سەرۆکی ئاسایش و داهێنان لە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ
- دەنیس شەدۆڤ، پارێزەری ڕووسیەیی مافەکانی مرۆڤ کە کاتێک سانسۆڕ و سەرکوت پەرەی ئەستاند، ناچار کرا وڵات جێ بهێڵێ.

## چۆن بوو ئاوای لێ هات؟

دوای داگیرکاریی بەربڵاوی ڕووسیە لە ئوکراین لە کۆتایی فیبریواری، ڕێژیمی ڕووسیە زەختی پەرەئەستێنی خستۆتە سەر ئینتەرنێتی ئاواڵا و کۆمپانیا تەکنەلۆژیکییە نێونەتەوەییەکانی چالاک لە وڵاتە.

سانسۆری کرێملین و چاودێریکردنی بەربڵاو بەسەر ئینتەرنێتەوە بەدناو و بەربەرێنە. ئێستا باس لەوە دەکرێ کە دەوڵەتی ڕووسیە پلانی دامەزراندنی "سپلینتەرنێت"ی هەیە، ناوێک بۆ ئینتەرنێتێک کە بە سەر چەند بەشدا دابەش دەکرێ. "دیواری مەزنی ئاگرینی چین" بەناوبانگترین نموونەی سپلینەرنێتە. بەڵام لە دووهەزارەکانەوە ئێمە گەشەکردنی ئەوتۆمان بۆ وێنە لە وڵاتانی وەک ئێران، سووریە و عەرەبستانی سعودی دیتوە. لە هەر جێیەکی دنیا ئەوە بقەومێ هۆی بنەڕەتییەکەی لە پرەنسیپدا یەکە و ئەویش کۆنترۆڵکردنی ئاڵوویری ئازادی زانیاریی لە ئینتەرنێتە، بۆ نموونە لە سۆسیال میدیا و فیلتەرکردنی نێوەرۆکی ئینتەرنێت.

لە ڕووسیە لە ماوەی چەند ساڵدا ئەو کارە چەند جار لە دە خاڵی ئینتەرنێتی وڵاتدا بەڕێوە چووە و ئەوان لە باقی هێڵی جیهانیی ئینتەرنێت جیا کراونەوە. مەبەست لە "ڕوونێتی سەربەخۆ" (ئەینتەرنێتێکی تایبەتی ڕووسیە کە لە دنیای دەرەوە جیا کراوەتەوە) ئەوەیە کە کۆنترۆڵێکی کۆکراوە لە شوێنێک بەسەر هەموو ئینتەرنێتی ڕووسیەدا و دەسەڵاتی داخستنی ئینتەرنێت لە چەند ناوچەی وڵات، لە کاتی پێویست، بداتە دەست دەوڵەت. کرێملین هەروەها دەیەوێ سیستەمێکی دی ئێن ئێسی [DNS=Domain Name System دەیتا بەیسێکە کە لەویدا ناوی دۆمێنەکان بە ئادرەسی ئایپیی ئەوانەوە گرێ دەدرێن. و.]، نیشتمانی دروست بکا کە لەناویاندا دەتوانی کۆپیەی سەرجەم ئینتەرنێتی جیهانیی تێدابێ.

دوایین جار لە جون و جولای ٢٠٢١ تاقیکاریی دیکە بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوەچوون. ڕوون نییە ئەو هەوڵانە چەندە درێژەیان کێشا، یان گەلۆ ئەوانە بوونە هۆی هێندێک دۆخی نائاسایی لە ترافیکی ئینتەرنێتی وڵات. بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتەرز، گوایە تاقیکارییەکان سەرکەوتوو بوون.

لایەنێکی دیکەی خەونی ئینتەرنێتی سەربەخۆی ڕووسیە، کە لە دنیا جیا کرابێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سانسۆری پەرەئەستێن و کۆنترۆڵی چڕتر بەسەر کۆمپانیا تەکنەلۆژیکییە نێوەنەتەوەییەکانەوە کە لەو وڵاتەن وەک گوگڵ، ئەپڵ، مەتا (فەیسبوک) و مایکرۆسۆفت.

هاوکات پسپۆڕان، وەک ڕێکخراوی ناونەتەوەیی ئینتەرنێت سۆسایەتی هۆشداریی دەدەن، کە مانەوە یان نەمانەوەی ڕووسیە لە ئینتەرنێتدا دەتوانێ پێوەندی بە بەشێک لە گەمەیەکی جوگرافیای سیاسی مەزنترەوە هەبێ کە لە ئەگەری ئابلۆقەی نێونەتەوەیی لەلایەن خۆراواوە دژی ڕووسیە لە داهاتوودا، بتوانێ سەرجەم بنەما بنەڕەتییەکانی ئینتەرنێت بخاتە مەترسییەوە.

## ئینتەرنێت سۆسایەتی: لەبەر ئەو هۆیە دەبێ سپلینتەرنێت پێشی پێ بگیرێت

گەشەی ڕونێتی جیاکراوە بەوردی لەژێر چاودێریی ئینتەرنێت سۆسایەتیدایە کە ڕێکخراوێکی ناحوکوومییە و وەک ئۆرگانی ڕێکخستنی ئینتەرنێت کار دەکات. ئینتەرنێت سۆسایەتی، زۆر جار بەکورتی بە ئایسۆک ناو دەبرێت، نیگەرانیی قووڵی خۆی لەبەر سەرهەڵدانی ئینتەرنێتێکی ڕووسیەیی دەربڕیوە کە هەر دێت و زۆرتر سانسۆر دکرێ، یان لە داهاتوودا دەتوانێ بە تەواوی لە دنیا داببڕێ.

ئولاف کۆلکمەن، وتەبێژ و ڕاوێژکاری پلەبەرزی ئایسۆک دەڵێ: "بایەخی ڕایەڵەیەکی ئەوتۆ بە ڕێژەی بەشدارانی مەزەندە دەکرێ. ئینتەرنێت نموونەیەکی ئاشکرای ئەو پرینسیپەیە. ئینتەرنێت بێ گیروگرفت نییە، بەڵام ئێمە دەبینین کە ڕایەڵەکە یارمەتی گەلێک بەرچاوی بە دنیا کردوە لە پێوەندی لەگەڵ داهێنان، ئابووری و گۆڕینەوەی زانیاریی. ئەو جۆرە پەراوێزکەوتنەوە، لێکجیاکردنەوە و فیلتەرکردنە دژی پرینسیپە بنەڕەتیەکانی ئینتەرنێتن و دەتوانن ببنە هۆی ئاسەواری گەلێک نەرێنی نە تەنیا بۆ شارۆمەندانی ڕووسیە بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤی دنیا".

ئەو لەسەرخۆ و بەڕاوتەگبیر دێتە بەرچاو. لەکاتی وتووێژەکە لە ڕێگای ڤیدیۆوە، ئولاف کۆلکمەن لە ژووری کارەکەی لە ژنێڤ دانیشتوە، شوێنی نووسینگەی سەرەکی ئایسۆک. کاتێک باسی ڕونێت، سانسۆری ئینتەرنێت لە ڕووسیە و خراپتر بوونی دۆخی ئینتەرنێت پاش داگیر کردنی ئوکراین دەکەین، دەنگی تیژ دەبێ.

ئەو دەڵێ: "خەڵک لەو جەنگەی ئێستادا دەکوژرێن. دۆخەکە سامناکە. کاتێک بۆ جەنگێکی بەربڵاو بەرنامەڕێژیی دەکەی، وەک چۆن ڕووسیە وێدەچی ئەو کارەی کردبێ، ئەقڵانییە مرۆڤ بیهەوێ سەربەخۆیی خۆی بەرانبەر بە وڵاتانی دیکە بپارێزێ، بە ئینتەرنێتیشەوە. گەشەی ئینتەرنێت بە چەند ئاراستەدا تێپەڕ دەبێ. یەکێک لەو ئاراستانەی ئایسۆک لێی نیگەرانە ئابلۆقەی ئینتەرنێتی لە لایەن وڵاتانی جیاوازەوەیە، کە بە نۆرەی خۆی دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ژێرخانی

تەکنیکی ڕایەڵەکە هەبێ. بێتوو ئەوە بقەومێ مەترسی ئەوە هەیە کە خەڵک دەستیان بە ئینتەرنێت ڕاناگا و لە ئاکامدا لە زانیاری گرینگ بێبەش دەبن.

ئێمە دەزانین تاقیکاریی ڕونێتی سەربەخۆ بەڕێوە چوون. بە بۆچوونی ئێوە ئامانجی دەوڵەتی ڕووسیە لەو کارە چیە؟

- من پێموایە تاقیکارییەکان لە پێش هەموو شتێکدا بۆ دوو شتن. یەکەمیان ئەوەی کە دەیانەوێ بە جۆرێک بە سەربەخۆیی دیجیتاڵی بگەن. هێندێک لایەنی ژێرخانی ئینتەرنێت هەن کە وا دەکات بەشێک لە کەرەستەکان لە دەرەوەی وڵاتن. دی ئێن ئێس یەکێک لەو شتانەیە کە بەشێکی کەڵک لە دەیتابەیسی ناوەندی وەردەگرێ کە لەلایەن ئایکان و ئایانا، ڕێکخراوێک کە لە ئەمریکایە، بەڕیوە دەچن.

بە گوتەی ئولاف کۆلکمەن، دەوڵەتی ڕووسیە ڕەنگبێ لەوە نیگەران بێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆژێک بڕیار بدا ئەو کۆمپانیایانەی لەو وڵاتە چالاکن هان بدات دۆمێنەکانی کە بە ru. کۆتاییان دێ لە سیستەمی دی ئێن ئێس بسڕنەوە. هەروەها بەڵگەی فەرمی ستراتێژیی نەتەوەیی ڕووسیە لە ٢٠١٥ هەن کە نیشانی دەدەن کرێملین بۆ وێنە دەیەوێ کەرستەی ئایتی کە لەدەروە دروست کراون بە کەرستەی ناوخۆ بگۆڕێتەوە.

- بە تاقیکارییەکانی ڕونێت، ڕووسیە هەوڵ دەدا فێر بێ بێتوو تووشی کێشەیەک بێ کە بەو هۆیەوە وڵاتانی دیکە یان لایەنی دیکە بڕیار بدەن ئەو وڵاتە لە ئینتەرنێت جیا بکەنەوە، چۆن بتوانێ ئینتەرنێت لە سەر پێ ڕاگرێ.

## ڕووسیە دەتوانێ ئینتەرنێتێکی تەواو سەربەخۆ دروست بکا؟

ئولاف کالکمەن دەڵێ: "گەلێک دژوار دەبێ. لە پرەنسیپدا بەتەواوی ناموکینە بتوانی ئەو زنجیرانە دروست بکەی بێ ئەوەی تووشی بەستراوەیی بە نەرمامێری ئاواڵا وەک ئەوانەی لە ڕایەڵەی گیتهابدا هەن، نەبی. بێتوو سەرجەم پێوەندییەکان لە ڕووسیەوە بە باقی دنیا بپسێنی بۆ وێنە ئەوە دەبێتە هۆی گیروگرفتی مەزن بۆ بەڕۆژکردنەوەی نەرمامێری ئاواڵا کە کۆمپانیا ئینتەرنێتییە ڕووسیەییەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. چۆن ئەوە بە شێوەیەکی کرداری جێبەجێ دەکەی؟ کەسێک بنێرە بۆ ئەو دیوی سنووری ڕووسیە بە یو ئێس بییەک و داوای لێ بکە بەڕۆژکردنەکان لە وڵاتێکی دیکە دابەزێنێ؟ ئەوە کەتوارگەرانە نییە".

بەشی: دووهەم

## سۆرم، سیستەمی چاودێریی بەربڵاوی ڕووسیە، کە نۆکیا بەستیەوە بەو شێوەیە کار دەکا

چاودێریی دیجیتاڵی بۆ ڕووسیە شتێکی نوێ نییە، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا ئەو تەکنیکەی کرێملین بەکاری دێنێ مودێڕن کراوە. دۆخی شارۆمەندانی ڕووسیە، بە تایبەتی چالاکانی بواری دێموکراسی و ئاشتی و هەروەها جیابیرانی سیاسی زۆر دەمێکە دژوارە، بەڵام دوای داگیرکردنی ئوکراین، خراپتر بووە.

سیستەمی چاودێریی دیجیتاڵیی سۆرم (سیستەمی کارای چالاکیان) لە نێوەڕاستەکانی نەوەدەکانی زایینیەوە کەڵکی لێ وەرگیرا. سیستەمەکە چەند جار پلەی بەرز کراوەتەوە و دوایین جار نزیکەی ٥ ساڵ لەوەپێش بوو. ئەو وا دەکا کە کرێملین و دامودەزگای هەواڵگریی بەتەواوی دەستیان بە زانیاریی بەڕێکراو لە کاناڵە دیجیتاڵییەکانەوە ڕابگا.

دەنگ، پۆستی ئەلەکترۆنیک، پەیامی نووسراو و ژمارەی ئاشکراکەری تەلەفۆنی موبایل لە لایەن ئێف ئێس بی [دەزگای هەواڵگریی] کونترۆڵ دەکرێن.

مارسین دێ کامێنسکی، سەرۆکی ئاسایش و داهێنان لە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤەوە دەڵێ: "ئێف ئێس بی هەموو شتێک قوت دەدا و ئێمە نازانین چ لەو هەموو زانیارییەی لە بارەی شارۆمەندانەوە کۆکراوەتەوە دەکەن. بەڵام شتێکی نامۆ نییە کە چالاکانی بواری دێموکراسی بۆ "قسەکردن" بانگهێشت دەکرێن و پاشان بەڵگەی دیجیتاڵییان پێ نیشان دەدەن کە لە ڕوانگەی ئێف ئێس بی چالاکیی نایاسایییە. شتێکی ناماقوڵ نییە ئەگەر پێمان وابێ ئەو زانیارییە لەلایەن سۆرمەوە کۆ کراوەتەوە.

تەکنیکەکەی دەمێکە هەیە، بەڵام لە سەرەتای ٢٠٢١ یاسایەکی نوێ لە ڕووسیە پەسەند کرا کە هەر کۆمپانیایەکی پێوەندی ڕێگای دوور و دابینکاری ئینتەرنێت کە لە ڕایەڵەکەیاندا سۆرم دانەمەزرێنێ، سزای قورسی بەسەردا دەسەپێنرێ. هیچکام لەو کۆمپانیایانە دەستیان بەو زانیارییە ڕاناگا کە سۆرم لە ڕایەڵەی ئەوانی کۆ دەکاتەوە، بەڵام ئێف ئێس بی دەستی ئاواڵایە. ماوەکە تەنانەت پێویست بە بڕیاری دادگاش ناکات تا زانیاریی کۆ بکرێتەوە.

سۆرم لە سندوقی ڕەش پێکهاتوە کە لەلای کۆمپانیای پێوەندی دوور و دابینکارانی ئینتەرنێت دادەمەزرێنرێ. دوای دامەزراندنی سیستەمەکە کەڵک لە شێوازێک بە ناوی تی ئێس یو پی (چارەسەری تەکنیکی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە) وەردەگیرێ کە تەکنیکەکەی لەلایەن کۆمپانیای ڕووسیەیی بەرهەمهێنانی کەرەستە، ئار دی پی دابین دەکرێ.

لە بنەڕەتدا تی ئێس یو پی کەڵک لە پشکنینی قووڵی پاکەت وەردەگرێ .(DPI= Deep Packet Inspection) دەکرێ بڵێین دیوارێکی ئاگرین لە لای ئۆپەراتۆرەکانە کە هەموو نێوەرۆک و هەروەها زانیاریی ئادرەسی سەرجەم پەیامی بەڕێکراو بەو ڕایەڵانەدا دەخوێنێتەوە.

دی پی ئای دەکرێ بۆ فیلتەرکردنی ڤایرۆسی کامپیوتەر یان سپام کەڵکی لێ وەرگیرێ بەڵام کرێملین لە جیاتان لەو تەکنیکە بۆ فیلتەر کردن و سانسۆرکردنی نێوەرۆکی ئینتەرنێت و هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و وتووێژەکانی سەر ئەو ڕایەڵانە، کەڵک وەردەگرێ.

بێجگە لە فیلتەرکردنی نێوەرۆک لە لایەن سۆرم، پێش بە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری و ماڵپەڕە نەخوازراوەکانیش دەگرێ، ئۆپەراتۆرە ڕووسیەییەکان کەڵک لە تەکنیکی دیکەش بۆ ڕێگرتن لە بەشێک لە ئینتەرنێت وەردەگرن. شێوەکارێکی باو ئەوەیە کە کاتێک سەردانی ماڵپەڕێکی قەدەغە بکەی، پێوەندی ئینتەرنێت دەگەڕێندرێتەوە بە شێوەیەک کە بەکارهێنەر لەبەر ئەوەی قەت ناگاتە ماڵپەڕی مەبەست جاڕز دەبێ.

شێوازێکی دیکەی بلۆککردن بەو جۆرەیە کە ئۆپەراتۆرە ڕووسیەییەکان پێش بە پرۆتۆکۆلی تونێلی ئاسایی (TLS) دەگرن و ناهێڵن کار بکا. تی ئێل ئێس، ستانداردێکی کۆد کردنی زانیاریی سەر ئینتەرنێتە و بێتوو پێشی پێ بگیرێ ژمارەیەکی زۆر لە ماڵپەڕەکان ناخوێندرێنەوە. نموونەی ئەوتۆش هەن کە ڕووسیە سیستەمی دی ئێن ئێس دەستکاری دەکا و لە ئاکامدا بەکارهێنەرانی ڕووسیەیی ناتوانن سەردانی هێندێک ماڵپەڕ بکەن.

ئولاف کۆلکمەن دەڵێ: ئەوانە تەکنیکی کەڵکلێوەرگیراو لەلایەن دیواری مەزنی ئاگرینی چینیشن. ئەوانە هەنووکە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕووسیە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بەڵام بێتوو سەرنج بدەینە ئەو ڕایەڵانە پێکەوە بەستراونەوە ئینتەرنێت لە ڕووسیە فرەچەشنییەکی تاڕادەیەک بەربڵاوی هەیە. ئەوە کۆنترۆڵ و سنووردارکردنی نێوەرۆکی ڕایەڵەکە دژوار دەکات، بەڵام ڕێژیمی ڕووسیە لاسارانە هەوڵ دەدا.

## داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ: کۆنترۆڵی دیجیتاڵی هەر دێتوو توندتر دەبێ

بە وتەی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ، کەمایەسییە دێموکڕاتیکەکان زۆر دەمێکە هەن، بەڵام دەگەڵ داگیرکردنی ئۆکراین ئازادیی ڕادەبڕین هێندەی دیکەش کپ دەکرێ.

دۆخی ئەو کەسانەی لەوبەری سۆرم و کەرستەکانی دیکەی چاودێریی دیجیتاڵی کە دەوڵەتی ڕووسیە کەڵکیان لێ وەردەگرێ چۆنە؟

مارسین دێ کامینسکی لە ڕێکخراوی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێ، "بەڕاستی ئێستا بۆ زۆر کەس لەوانەی بۆ دێموکراسی یان مافەکانی مرۆڤ لەو ولاتەدا کار دەکەن زۆر دژوارە. ئێمە هەستمان پێ کردوە کە چالاکان و ڕۆژنامەوانان زۆر بە دژواری دەتوانن هێندێک زانیاریی لەو ولاتەوە بەرێ بکەن. ئەوەی ئێستا ڕێژیم هەوڵ دەدا بیکا، کە چاودێریی ئینتەرنێت بەشێکی گرینگیەتی، ئەوەیە کە هەوڵ دەدا کۆمەڵگەی مەدەنی ڕووسیە لەناو بەرێ تا نەهێڵێ پارسەنگێک دژی هەلومەرجی ئێستا دروست بێ. ئەوە مەزنترین مەترسییە.

## "ڕووسی"یە تاراوگەنشینەکە: بۆ ئاگاداربوون لە ڕاستی vpn پێویستە

لە حەوشەیەکی سامال لە ئالمان دەنیس شەدۆڤ پالی لێداوەتەوە. ئەو پارێزەرەکی ڕووسیەیی و شیکارکەرێکی ئۆڤی‌دی-ئینفۆ، کە ڕێکخراوێکی چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤە کار دەکا.

پاییزی ڕابردوو ئەو ڕووسیەی بەرەو ئالمان بەجێ هێشت، لێرە ئەو لەلای کۆمەڵەی ماکس پلانک توێژەری میوانە. شەدۆڤ دەڵێ دۆخی نیشتمانەکەی لە کۆتاییدا وای لێ هات کە تەحەممول نەدەکرا.
ئەو بە دەنگێکی نزم و لە کاتێکدا کە چاویلکە گەورەکانی میزان دەکا دەڵێ، "هەنووکە سانسۆڕ لە ڕووسیە لە خراپترین دۆخی خۆی لە مێژووی سەردەمی مودێرنی ئەو ولاتەدایە. بەکورتی هەموو مێدیا سەربەخۆکان داخران. کاتێک من و هاوکارەکەم باسی داخرانی ژمارەیەکی زۆر ماڵپەڕمان دەکرد وەک گاڵتەیەکی بەژان دەچوو، زۆری پێ نەچوو دیتمان تەنانەت ماڵپەڕی ڕێکخراوەکەی خۆشمان داخرا.

دەوڵەتی ڕووسیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بۆ بلاوکردنەوەی پرۆپاگەندای خۆی پشتی بە بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئاسایی ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بەستبوو. بەلام دەگەڵ پەرەگرتنی خوازیاریی بۆ ئینتەرنێت وەک گۆڕەپانێک، لە دەیەی یەکەمی ئەو سەدەیە، کرێملین لە گرینگیی بەرۆژ کردنەوەی خۆی بۆ کەڵ وەرگرتن لە تەکنیکی نوێ تێگەیشت.

سیستەمی چاودێریی سۆرم نموونەیەکی ئەو بۆچوونەیە. لەو دواییانەدا دەوڵەتی ڕووسیە هەروەها دەستی بە کەڵکوەرگرتن لە ناسینەوەی ڕوخسار بۆ دەستنیشانکردنی بەشدارانی خۆپیشاندا بۆ وێنە دژی جەنگی ئوکراین کردوە.

دەنیس شەدۆڤ دەڵێ، "لە دەستپێکی جەنگەوە زیاتر لە ١٥٠٠٠ کەس لە ڕووسیە دەستبەسەر کراون، ١٤٩ کەس دوای خۆپیشاندانەکان دادگایی کراون و هەزاران کەس گیراون و جەریمە کراون. هەموو ڕۆژێک گوێمان لە گیرانی خەڵکی دیکە دەبێ و ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین تا یارمەتیی یاسایی ئەو کەسانە بکەین کە تووشی مەترسیی بەندکران دەبن.
ئەو دەڵێ هەموو ڕۆژێ بە یاساکاندا دەچنەوە و پۆلیس دەسەڵاتێکی بەربڵاوی پێدراوە. بۆ وێنە پۆلیس دەتوانێ داوا لە هەر کەسێک بکا تەلەفۆنەکەی نیشان بدا، تا بزانێ کام ئاپ لەسەری دامەزرێنراون. چەند ساڵ لەوەپێش هەڵمەتێکی بەربڵاوی بوختان هەڵبەستن دژی تەلەگرام لە وڵاتدا بەڕێوە چوو و پرۆگرامەکە بەوە تاوانبار کرا کە لەلایەن تاوانکارانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. خەڵکێکی زۆر لە کەڵکوەرگرتن لەو بەرنامەیە یان ئەگەری هەڵمەتی پۆلیس بۆ داخستنی نیگەران بوون. ئێستا زۆر لە خەڵکی ڕووسیە پێیانوایە دەوڵەت هەموو شتێک بە تاوانکاری دەبینێ. بۆیە ئەوە بوەتە خۆسانسۆرکردنێکی بەربڵاو. لە لایەکەوە دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی بێلایەنانە دژوارە و لە لایەکی دیکەوە وەدەستهێنانی دەتوانێ ببێتە هۆی مەترسی مەزن.

ئەو هەروەها دەبینێ زۆر لە کۆمپانیا تەکنەلۆژیکە خۆراواییەکان دوای دەستپێکی جەنگ وازیان لە هاوکاریی دەگەڵ کڕیاری ڕووسیەیی، تەنانەت ڕۆژنامەوان و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ هێناوە. بۆ وێنە دتوانی پێش گرتن بە دەستڕاگەیشتنی کڕیاری ڕووسیەیی بە خزمەتگوزارییە دیجیتاڵیەکان بێ یان چیدیکە ناهێڵن لە ئەژماری گوگڵەوە شتی بکڕن.
شەدۆڤ دەڵێ، "من پێموایە کۆمپانیاکانی خۆراوا کە دەمێکە تەکنیکی سانسۆرکردنیان بە دەوڵت فرۆشتووە بەرپرسیارن. لە لایەکەوە دەبینین ئەو کۆمپانیایانە پشت لە چالاکانی ڕووسیەیی کە دەیانهەوی کەڵک لە خزمەتگوزارییەکانیان وەرگرن دەکەن و لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو کۆمپانیایانە چەندین ساڵە دەگەڵ دەڵەتی ڕووسیە بازرگانییان کردووە.

## بۆچوونت لەسەر داهاتووی ئینتەرنێتی ڕووسیە و خودی ڕووسیە چییە؟

شەدۆڤ دەڵێ، "دۆخەکە ناڕوونە. من پێموایە ئەگەر بیروڕای ئازاد لە ڕووسیە هەبا، داگیرکردنی ئوکراین نەدەقەوما. من هەوەها پێم‌وایە ئەگەر پێوەندییەکان دەگەڵ خۆراوا کەمتر ببنەوە، بۆ وێنە بێتوو کۆمپانیا تەکنەلۆژیکە ناونەتەوەییەکان وڵات جێهێڵن، گەلێک مەترسیدار دەبێ. بۆیە درێژەدان بە خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی ئاوالا گەلێک گرینگە. پێچەوانەکەی، دۆخێک کە وڵاتێکی خاوەن چەکی ناوکی بە ١٤٤ میلیۆن حەشیمەتەوە کە پەراوێزخراوە و تەنیا پرۆپاگاندای دەرخوارد دەدرێ، مەترسی ژینەکی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٢

# هاوپەیمانانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زەخت دەخەنە سەر بایدن تا ستراتیژییەک بۆ سنووردارکردنی ئێران داڕێژێ

## سی ئێن ئێن

هاوکات کە هیواکان بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥ کاڵ دەبنەوە و بایدن خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ یەکەم سەفەری خۆی وەک سەرکۆمار بۆ ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودی لە مانگی داهاتوویە، سەرکۆمار جۆ بایدن لەژێر زەختی پەرەئەستێن لەلایەن هاوپەیمانانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدایە تا پلانێکی گونجاو بۆ سنووردارکردنی ئێران داڕێژێت.

بە گوتەی ئاگادارانی ئەو باسوخواسانە لە سەرەتای مانگی جون، جێگری وەزیری بەرگریی عەرەبستانی سعوودی، خالید بین سەلمان، برای شازادەی جێنشین محەممەد بین سەلمان، لە سەفەرێکی بۆ واشینگتۆن بە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بایدن-ی گوتوە کە ناوبراو خۆشحاڵە پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و عەرەبستانی سعوودی دەگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی پێشوو.

بەڵام هەمان سەرچاوە گوتیان، ئەو نیگەرانیی خۆی لەوەش دەربڕیوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێشتا ستراتیژییەکی تۆکمەی بۆ هەڵسوکەوت دەگەڵ بەرنامەی ناوکی، جبەخانەی مووشەکی بالیستیکی و پشتگیریی لە تاقمە میلیشیاکانی ناوچە لە لایەن ئێرانەوە دانەڕشتوە. کاربەدەستانی ناوچەکە دەڵێن، بەڕێوەبەرایەتییەکەی بایدن هێشتا بە هاوپەیمانەکانی، لە ناویاندا عەرەبستانی سعوودی، نەگوتوە لە ئەگەری شکستی دانوستانە ناوکییەکان، پلانی جێگرەوەی ئەوان چییە؟

کاربەدەستێکی پلەبەرزی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، بە ئاماژە بە بڕیاری ئەو دواییانەی ئێران لەمەڕ لابردنی بەشێک لە کامێرا چاودێرەکان و ڕێژنەیەک لە ئۆپەراسیۆنی شاراوەی ئیسرائیل لەنێو خاکی ئێراندا، گوتی "دۆخی ئێران بەرەو ئاقارێکی هەستیار هەنگاو دەنێ." بە گوێرەی لێدوانێکی هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕۆژی دووشەممە، سێ بەلەمی

ئێرانی لە گەرووی هورموز، پاپۆڕێکی وڵاتە یەکگرتووەکانیان "بە شێوەیەکی نائەمین و نابەرپرسانە" جاڕز کرد و تا ٥٠ یاردی (٤٦ میتر) لێی نزیک بوونەوە.

کاربەدەستەکە گوتی، "لەبەر ئەو هۆیەیە ئێمە ئەو سەفەرە دەکەین، هاوپەیمانانمان دەیانهەوێ بزانن ئاخۆ ئێمە لە هەڵسوکەوت دەگەڵ ئەوەدا پێداگرین".

لە مانگی ڕابردوودا نوێنەری تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پرسی ئێران، ڕاب ماڵی، لە شایەتیدانێک لە بەرانبەر کۆنگرەدا گوتی، "هەنووکە، دەتوانین لە باشترین دۆخدا بڵێین ئاسۆی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ ناڕوونە" و هێشتا نازاندرێت ئەگەر ڕێککەوتنێک واژۆ بکرێ و ئابلۆقەکان هەڵگێڕێن، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن چۆن پێش بە هێرشی مووشەکیی نائەتۆمی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێران دەگرێت.

وتەبێژێکی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بە سی ئێن ئێنی گوت، "ئێمە ئەرکدارین لە نزیکەوە ڕاوێژ دەگەڵ هاوپەیمانە ناوچەییەکانمان بکەین، بێ لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران و بە شێوەیەکی گشتیی، ئێمە پشتگیریی لە وتووێژی نێوان وڵاتان لەمەڕ سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەیی دەکەین." نوێنەرانی کۆنگرە و هاوبەشان و هاوپەیمانان لە ناوچە زەختیان خستۆتە سەر کۆشکی سپی بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر، بەڵام بەڕێوەبەرایەتییەکە نادڵنیایە و لە بەلاڕێداچوونی دانوستانە ناوکییەکان دەترسێ.

کاربەدەستانی ئاگادار لە وتووێژەکان دەڵێن بەڕێوەبەرایەتی بایدن گوتوویەتی لە ئەگەری شکستی وتووێژەکان، زەختی ئابووری لەسەر ئێران دەپارێزرێت و گەمارۆکان چڕتر دەکاتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها هەوڵی داوە هاوپەیمانییەکی ناوچەیی دژی ئێران دروست بکات و داوای لە وڵاتانی کەنداو کردوە سەرجەم سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی و مووشەکیی خۆیان لەدژی هێرشەکانی ئێران تێکەڵ بەیەک بکەن. هەنگاوەکە لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە لە هەردوو حیزبەکان پشتگیریی لێ دەکرێ بەڵام هێشتا نەیتوانیوە پشتیوانیی وڵاتانی کەنداو وەدەست بێنێت.

کاربەدەستان گوتیان، دەسەڵاتدارانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو بڕوایە نین کە سنووردارکردنی ئێران تەنیا ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بێت، بەڵام هیوادارن لە ماوەی سەفەری سەرکۆمار بۆ ئیسرائیل، کەرتی خۆراوا و عەرەبستانی سعوودی ببیستن ئاخۆ هاوبەشەکان دەتوانن چ شتێکی دیکە بکەن تا کەریگەرییان لەسەر ئاکاری ئێران هەبێت.

بەشی: دووهەم

لە هەمان کاتدا، وێدەچێ ئیسرائیل هەر دێت و زۆرتر خوازیاری جێبەجێکردنی شتەکان بە دەستی خۆی بێت. ژمارەیەک کاربەدەستی پێشوو و هەنووکەیی ئاگادار بەسەر کاری هەواڵگرییدا بە سی ئێن ئێن-یان گوت کە دامودەزگای هەواڵگریی ئەو وڵاتە هەوڵەکانی بۆ هێرشی شاراوە بۆ سەر ئامانجەکانی بەرنامەی ناوکیی ئێران و زانایانی ئەو بوارە چڕتر کردۆتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر زانیارییەکانی ئەو هەوڵانەیان لە ئەمریکاییەکان شاردۆتەوە.

وڵاتانی کەنداو ئەوەندەی ئیسرائیل لە چەکی ناوکیی ئێران نیگەران نین و زۆرتر نیگەرانی ئەوەن ئاخۆ هەڵگیرانی گەمارۆ ئابوورییەکانی دوای ڕێککەوتنی ناوکیی چۆن یارمەتیی ئێران دەدەن تا سامانی پشتگیریی لە چالاکییە بەدخوازانەکانی دابین بکات.

عەلی شیهابی، بریکارێکی هەواڵگریی عەرەبستان کە لە ڕیاز نزیکە و زۆرجار ڕوانگەی دەوڵەتی ئەو وڵاتە بڵاو دەکاتەوە گوتی "کەنداو دەیهەوێ هەست بە هاوڕایی ئەمریکا بکات، بەڵام هەنووکە گرنگترین پرسیار ئەوەیە ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پشت پێبەستن دەبێت؟ عەرەبستانی سعوودی زۆرترین تێوەگلانی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بۆ سنووردارکردنی ئێران دەوێ، کەوابوو ئەوە پرسی سەرەکییە بۆ باسکردن لە وتووێژی نێوان ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو و بایدن.

بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە مەڕ جیددیبوونی خولیا ناوکییەکانی ئێران هاوهەڵوێست نییە. بەشێک لە کاربەدەستە هەنووکەیی و پێشووترەکانی ئاگادار بەسەر هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکاندا پێیان وایە ئامانجی سەرەکی ئێران هەڵگیرانی گەمارۆ ئابوورییەکانە و ڕێبەرانی ڕێژیم پێیان خۆشە لە هەڕەشەی گەشەپێدانی زیاتر بە بەرنامە ناوکییەکەیان وەک ئامرازی خستنەژێر گوشار کەڵک وەرگرن. بەشێکی دیکە پێیان وایە ئێران بەڕاستی دەیهەوێ چەکی ناوکیی بەرهەم بێنێت، چونکە ڕێبەری ئەو وڵاتە سەرنجی داوەتە کۆرەی باکوور و ڕووسیە، دوو وڵاتی خاوەن چەکی ناوکیی، کە چۆن خۆیان لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕۆژاوا بۆ داگیرکردن یان گۆڕینی ڕێژیم، پاراستوە.

مانگی ڕابردوو "ماڵی" بە نوێنەرانی کۆنگرەی گوت، لە پێوەندی لەگەڵ دڵنیابوون لەوەی کە ئێران قەت دەستی بە چەکی ناوکیی ڕانەگات، "هیچ شتێک لەسەر مێزەکە وەلا نەنراوە،" لە ناویاندا کردەوەی سەربازی. بەڵام ئەو دووپاتی کردەوە هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە تەنیا ڕێگاچارەی ڕاستەقینە، ڕێگاچارەی سیاسییە. وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەڵوێستی خۆی دووپات کردەوە. ئەو گوتی، "ئێمە خۆمان بە ڕەچاو کردنی دیپلۆماسی وەک باشترین و

درێژمەوداترین ئامراز بۆ وەڵامدانەوەی نیگەرانییەکانمان لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی ئێران، ئەرکدار دەزانین".

## ئاسەواری قووڵبوونەوەی قەیران

کاربەدەستانی هەواڵگری و سەربازیی ئەمریکا لە نزیکەوە چاوەدێریی ئاسەواری قووڵبوونەوەی گرژییەکان لەنێوان ئێران و ئیسرائیل لە بەرەبەری سەفەری بایدن بۆ ناوچەکە دەکەن؛ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئیسرائیل وێدەچێ هەوڵەکانی بۆ کوشتنی ئامانجدار و ئۆپەراسیۆنی شەڕی ناڕاستەوخۆ لەنێو ئێران لەو مانگانەی دواییدا چڕترکردبێتەوە، جاناتان پانیکۆف، سەرۆکی دەستپێشخەریی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجومەنی ئاتلانتیک و جێگری پێشووی ئەفسەری هەواڵگریی نەتەوەیی لە ئەنجومەنی ڕۆژهەڵاتی نزیک و هەواڵگریی نەتەوەییدا گوتی، "ئێستا وێناچێ ئیسرائیل پلانێکی ستراتیژیکی بۆ کۆتاییهێنان بە بەرنامەی گەشەپێدانی چەکی ناوکی لە لایەن ئێرانەوە هەبێت. ئەو هیوادارە بە زنجیرەیەک هەنگاوی تاکتیکی زەخت بخاتە سەر ئێران و بەردەوام پێشکەوتنەکانی وەدوا بخات".

کاربەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان و سەرچاوەیەکی دیکەی ئاگادار لە هەواڵگریی بۆ سی ئێن ئێن-یان پشتڕاست کردەوە کە ئیسرائیل بەرپرسی کوشتنی سەرهەنگ سەیاد خودایی سەر بە سوپای قودس بوو کە مانگی ڕابردوو لە تاران کوژرا و یەکەم جار نیویۆرک تایمز هەواڵەکەی بڵاو کردەوە. باڵوێزخانەی ئیسرائیل داوای لێدوانی لەو بارەوە بێ وەڵام هێشتۆتەوە.

دوو زانای دیکەی ئێران لە کۆتاییەکانی مانگی مای کوژراون کە ئێران ئیدیعای کردوە بە هۆی دەرمانداوکران لە لایەن ئیسرائیلەوە کوژراون. هەروەها لە کۆتایی مانگی مای، هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کرایە سەر بنکەی سەربازیی پارچین و لە ئەنجامی ئەو هێرشە ئەندازیارێکی ئێرانی کوژرا و ئەندامێکی دیکەی سوپای پاسداران لەناکاو لە باڵکۆنێکەوە کەوتە خوارەوە و مرد.

ئیسرائیل پێش لە بڕیاری ئۆپەراسیۆنەکانی، ئەمریکا ئاگادار ناکاتەوە و قەت دان بە ڕۆڵگێڕی و دەوری خۆیدا ناهێنێ، تەنانەت بە شێوەی تاکییش. چەند کاربەدەستی هەنووکەیی و پێشووی ئاگادار لەو پرسانە بە سی ئێن ئێن-یان گوتوە، بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، بەشبەحاڵی خۆیان، تا ڕادەیەکی زۆر لەمەڕ ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل خۆگێلکردیان هەبووە و داوایان لەو وڵاتە نەکردوە واز لەو ئۆپەراسیۆنانە بێنێت.

سەرەڕای ئەوەش، لەو کاتەی کە وێناچێ جەنگێکی ئاسایی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل ڕوو بدا، ئەگەری لێکدانەوەی هەڵە

کە ببێتە هۆی لەدەستچوونی کۆنترۆڵ، زۆرە.

بە گوتەی کاربەدەستێک، ئێران لە وەڵامی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەو دواییانەی ئیسرائیلدا، ئامادەیی بەرگریی ئاسمانیی خۆی بەرز کردۆتەوە و کاربەدەستان ئەمە وەک نیشانەی خۆئامادەکردنی ئێران بۆ تۆڵەئەستاندنەوە سەیر دەکەن. پانیکۆڤ گوتی: "هاوکات لەگەڵ زەبر و زەختەکانی ئیسرائیل، ئێرانییەکان بێتوو بەو ئاکامە بگەن کە بەرجام مردوە، هەوڵەکانیان بۆ بەرپەرچدانەوە زیاتر دەبێت." کاربەدەستان هەروەها گوتوویانە لەگەڵ لێکدانەوەی هێرشەکانی ئەو دواییانەی ئیسرائیل وەکوو هەڕەشە بۆ سەر مان و نەمانی ڕێژیم، شێوەی لێدوانەکانی ئێران هەر دێت و شەڕانشۆیانەتر دەبێت.

نیگەرانییەکان لەمەڕ ئەگەری قووڵترکردنەوەی گرژییەکان لەلایەن ئێرانەوە بوونە هۆی ئاڵوگۆڕی بەربڵاو لە سیاسەتی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداودا، بۆ وێنە بۆتە هۆی ئاسانکاری و ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ بەحرەین، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و چەند وڵاتی دیکەی ئەندامی کۆمکاری عەرەبی. بە گوتەی چەند بەرپرسێک، دۆخی ناجێگیری ئاسایشی ناوچە بۆتە هۆی زەختی زۆر لەلایەن ئیسرائیل بۆ سەر بایدن تا سەردانی عەرەبستان بکا و چاوی بە شازادەی جێنشین بکەوێ و چاوەڕوان دەکرێ لە سەفەری مانگی داهاتووی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بایدن لە هەنگاوێکی زۆر دەگمەندا ڕاستەوخۆ بە فڕۆکەی تایبەتیی سەرکۆمار، لە تەلاڤیڤەوە بەرەو ڕیاز بفڕێت. یاریدەدەرێکی کۆنگرە و ئاگادار لە وردەکارییەکان گوتی، "ژمارەیەکی زۆر لە هاوپەیمانانمان لەسەر ئەو باوەڕە سوورن کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران، ئاسایشی ئەوان بە شێوەی بەرچاو دەخاتە مەترسییەوە، کاتێک ئەو سیاسەتە بە کشانەوە لە ئەفغانستان و سنووردارکردنی فرۆشتنی چەکوچۆڵ، پێشوازیی سارد لە ڕێککەوتنی ئابراهام لە لایەن ئەمریکاوە و ڕاگەیاندنی وەرسووڕانی سەرنجی ئاسایشی بەرەو ناوچەی ئوقیانوسەکانی هندوستان و ئارام، گرێ دەدەی، ژمارەیەکی زۆر لە هاوپەیمانەکانمان بەو ئاکامە دەگەن کە بۆخۆیان جڵەوی کارەکان بەدەستەوە بگرن".

یاریدەدەرەکە ئەوەشی زیاد کرد کە هەندێ لەم وڵاتانە ڕەنگبێ بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڕەشەکانی ئێران، لە هاوبەشی دیکە(وەکوو وڵاتی چین) بگەڕێن. شیهابی ئەو بۆچوونەی پشتڕاست کردەوە و گوتی، "لە کۆتاییدا، سیاسەتی ئەمریکا زۆر ناجێگیرە و ئەگەر شانشینی عەرەبستان و ئەوانی دیکە وانەیەک لە مێژوو فێر بووبێتن، ئەوەیە کە ناکرێ سەرجەم هێلکەکان لە سەوەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان هاوێی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢٢

# وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە ستراتیژییەکی باشتر بۆ چاوترسێنکردنی ئێران هەیە

دێنیس ڕاس

(پەرەپێدانی ترسەکانی تاران، ڕەنگبێ تەنیا ڕێگا بۆ پێشگرتن بە جەنگ بێ)

حەوتووی ڕابردوو، ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان بەکورتی دانوستانە ناڕاستەوخۆکانیان، بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥، درێژە پێدا. بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکانی پێشوو لە ڤییەن، کە لە مانگی مارس ڕاگیران، ئەو کۆبوونەوەیە بە میواندارێی قەتەر و بێ بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی لایەنەکانی ڕێککەوتنە ڕەسەنەکە، واتە چین، فەڕانسە، ئاڵمان، ڕووسیە و بریتانیا، بەڕێوە چوو. ئەگەرچی وتوێژەکان بێئاکام بوون، نەفسی ڕێککەوتنی تاران و واشینگتۆن بۆ شێوازی نوێی دانوستان دەرەخەری حەزی دوولایەنە بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکەیە. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، حەزێکی بەهێزی بۆ گێڕانەوەی بەرنامەی ناوکی ئێران بۆ نێو سندوقەکە و خۆبواردن لە هەڵبژاردنی بڕاردەیەک لەنێو لیستەی نەخوازراو بۆ پێشگرتن بە پیتاندنی یورانیۆم لەلایەن ئێران تا ئاستی نزیک بۆمبی ناوکی و کورت کردنەوەی کاتی "تێپەڕین" [لە سنووری گەیشتن بە بۆمبی ناوکی. و.] تا نزیکەی سفر هەیە. بۆ ئێران، هاندەری سەرەکی هەڵگیرانی ئابلۆقەکانە، کە ئیزنی پێ دەدا نەوت بفرۆشێ و دەستی بە چەند میلیارد دۆلار لە ئەژماری سڕکراودا ڕابگات. سووککرانی زەختەکە بە تایبەتی ئێستا گرینگە، چونکە دەوڵەتی بێ پارەی ئێران ناچار بووە یارمەتییەکانی شیرەمەنی، هێلکە و گەنم کەم بکاتەوە و لە ئاکامدا بۆتە هۆی تووڕەیی و ناڕەزایەتیی بەربڵاو لە سەرانسەری وڵات.

گومان لەوە دانیە کە حەزی هاوبەش، زەمانەتی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ ناکەن، وەک چۆن بەرەوپێشنەچوونی دوایین وتوویژ ئەوەی ئاشکرا دەکات. تاران پێداگر بووە کە واشینگتۆن دەبێ سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوی تێرۆریستی بیانی بێنێتە دەر، ئەوە داوایەکە کە بایدن بە فەرمی ڕایگەیاندوە ئەو کارە ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، من پێموایە کاتێک دوولایەن ڕێکدەکەون، تەنانەت ئەگەر دوودڵی هەر لایەک بۆ دانپێدانان بە شتێکی زیاتر، ڕەنگبێ زۆرتر بەو مانایە بێ کە بۆ جێبەجێکردنەکەی، کات پێویستە. هەڵبەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە تاران و واشینگتۆن قەت نەتوانن جیاوازییەکانیان چارەسەر بکەن. یان تاران پێیوابێ کە واشینگتۆن لەژێر زەختی زیاتردا پاشەکشە دەکات، بۆیە بەرنامە ناوکییەکەی خێراتر بکات، ئۆرانیۆمی پیتێنراو تا ئاستی ٦٠ پلە بۆ چەند بۆمبی ناوکی تا ئاستی ٩٠ پلە (ئاستی

بەشی: دووهەم

پێویست بۆ بۆمبی ناوکی) بپیتێنێ و لە چەند شوێنی جیاواز کۆیان بکاتەوە و پێش بە دەستڕاگەیشتنی پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بگرێ، بە شێوەیەک کە دنیا نەزانێ خەریکی چییە.



شتێکی ئاشکرایە، بێتوو هیچ ڕێککەوتنێک نەکرێ، یان بێتوو ئێران دەست بە خێراترکردنی بەرنامە ناوکییەکەی، وەک بەشێک لە ستراتیژیی دانوستان بکات، وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە ستراتیژییەکی نوێ بۆ چاوترسێنکردنی تاران دەبێ. بەڵام تەنانەت ئەگەر دوولایەن ڕێک بکەون، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێویستی بە باشترکردنی چاوترسێنکردنەکەی هەیە. هۆیەکەی ئەوەیە کە کاتێک ئابلۆقەکانی پێوەندیدار بە ڕێککەوتنی ٢٠١٥ هەڵگیرێن، ئێران هیچ حەزێکی بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی دواتر، وەک ڕێککەوتنێکی "درێژمەوداتر و بەهێزتر"، کە پێشتر بەڕێوەبەرایەتی بایدن باسی کردووە، نابێ. بێجگە لەوە، سنووورە سەرەکییەکانی ڕێکەوتنی ٢٠١٥ لە ٢٠٣٠ ماوەیان بەسەر دەچێ، لە ئاکامدا هیچ سنوورێک بۆ قەبارەی ژێرخانی ناوکیی ئێران، ژمارە و چۆنیەتیی سانتریفیوژەکانی، یان ئاستی پیتاندن نامێنێ. بە واتایەکی دیکە، دەگەڵ دەستپێکی ٢٠٣٠، ئێران ڕەنگبێ هیچ هۆیەکی بۆ نەچوون بەرەو خاڵێک کە لەوێدا بتوانێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بۆمبی ناوکی هەبێ، نەبێ.

ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکە سامانی بەرچاو دەخاتە بەر دەستی ئێران. وەک چۆن ئیسرائیل، عەرەبستانی سعوودی و ئیماڕات خوازیارن ئاماژەی پێبکەن، لە کاتێکدا ئێران لەژێر زەختی ئابلۆقان دایە، لێشاوی چەکوچۆڵی بەرەو میلیشیا کرێگیراوەکانی لە عێراق، لوبنان، سووریە و یەمەن ناردوە، بیر بکەنەوە کاتێک ئەو ئابلۆقانە نەمینن، چ دەکەن؟

**بەشی: دووهەم**

بۆ باشترکردنی چاوترسێنکردنی ئێران لە درێژخایەندا، واشینگتۆن دەبێ بە ئاشکرا ڕاگەیەنێ کە بێتوو تاران درێژە بەو ڕێبازە بدات، دەدۆڕێ و هەروەها ڕایگەیەنێت بێتوو ئێران ڕێچکەکەی بگۆڕێ، چ دەستکەوتێکی دەبێت. ئامانجەکە دەبێ ئەوە بێ کە ترسی ئێران لە هەنگاوی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان زیندوو بکاتەوە، بێ ئەوەی ڕێگاچارەی سیاسی ڕەت بکرێتەوە. لە لایەکەوە، ڕێبەرانی ئێران دەبێ بزانن کە درێژەدان بەو ڕێچکەیەی گرتوویانەتە بەر، مەترسی لەکیسچوونی سەرەجەم ژێرخانی ناوکی هەیە، کە ئەوان چەند دەیەیە خەریکی گەشە پێدانی. لەلایەکی دیکەوە، ئەوان دەبێ تێبگەن کە بێتوو ئەوان دەست لە بژاردەی گەشەپێدانی چەکی ناوکی و زەخت خستنە سەر دراوسێکانیان هەڵگرن، بەرنامەی ئابلۆقەی بەربەرین، کە بە سنووردانانە کرداریيەکانی بوونە هۆی دەبەزینی بازرگانی دەگەڵ ئێران، هەڵ دەگیرێن.

## جێگای گومان نییە

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە گەشەپێدانی ستراتێژییەکی کاریگەری چاوترسێنکردندا ناسەرکەوتوو بوو و، تا ئێرە، بەڕێوەبەرایەتیی بایدنیش بە هەمان شێوە بووە. سیاسەتی "ئەوپەڕی زەختی" سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ لە پێشگرتن بە هێرشەکانی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەدەست بەکرێگیراوەکانی، ئێران دژی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق و سووریە، پاپۆڕەکان لە کەنداوی فارس و کەنداوی عوممان و ژێرخانی نەوتیی عەرەبستانی سعودی، شکستی هێنا. تەنانەت کوشتنی قاسم سولەیمانیش، سەرۆکی سوپای قودسی ئێران، هێرشی بەکرێگیراوانی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان نەوەستاند، ئەگەرچی ڕەنگبێ بووبێتە هۆی سڵەمینەوەی ئێران لە کوشتنی ئەمریکاییان.

هەڵوێستی بایدن کاریگەرتر نەبووە. ئەو داوای ئێرانی بۆ وتووێژی ناڕاستەوخۆ قبووڵ کردووە، ئیزنی بە چین داوە نەوتی ئێران بێ سزادران بکڕێ و میلیشیا حوسییەکانی یەمەن، کە ئێران پشتگیرییان دەکات، لە لیستەی فەرمی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان هێناوەتە دەر. بەڵام، لەجیات بەخۆداچوونەوە، وێدەچێ ئێران بوێرتر بووبێ. لە کاتی سەرکۆماریی ئۆباما و ترامپدا، پیتاندنی ئۆرانیۆم تا پلەی ٢٠، سنووری نێوان پیتاندنی کەم و زۆر، وەک هەنگاوێکی ورووژێنەرانە سەیر دەکرا. ئێستا ئێران نەتەنیا ئۆرانیۆم تا پلەی ٢٠ دەپیتێنێ، بێ ئەوەی تووشی لێپرسینەوە بێ، بەڵکو بەرەو پیتاندن تا پلەی ٦٠ هەنگاوی ناوە، کە بەو مانایەیە هەست بە ترسێکی ئەوتۆ لە هەڵوێستی توندی وڵاتە یەکگرتووەکان ناکات و تا ئێستا هەر واش بووە. (کاربەدەستانی هەواڵگریی ئیسرائیل بە منیان گوت کە لە نێو ڕێژیمی ئێراندا لەسەر پیتاندن بە پلەی ٦٠، مشتومڕ هەیە، بەشێک لە کاربەدەستان پێیان وایە ئەوکارە مەترسیدارە. ئەوانەی هاندەری پیتاندن بە پلەی ٦٠ بوون بێگومان هەست دەکەن حەق بەوانە و تەنانەت دڵنیاتر بوون کە ئەمریکا بە هێز وەڵام ناداتەوە.)

بۆ چاوترسێنکردنی ئێران لە گەشەپێدان بە بەرنامە ناوکییەکەی و هەوڵدان بۆ سیاسەتی وێرانکەری ناوچەیی، واشینگتۆن پێویستی بە ستراتیژییەکی یەکگرتوو هەیە کە لەویدا کەڵک لە ئامرازی سیاسی، دیپلۆماتیک، ئابووری، هەواڵگریی، سایبەری و سەربازیی وەرگیرێت. ئەو بە هەمان شێوە پێویستە هەڵوێستەکەی نەتەنیا بە شێوەی تایبەت، بەڵکو بەگشتیش نیشان بدا. واشینگتۆن دەبێ ئێران ئاگادار بکاتەوە و، وای دابنێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش ئەو چاوەڕوانییەیان هەیە، کە بێتوو ئاشکرا بێ ئێران بەرەو چەکی ناوکی هەنگاو دەنێ، ئەمریکا بە هەموو ئامرازێکی شیاو وەڵام دەداتەوە. وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی ٢٠١٥، ئێران بەڵێنی دا وەدوای وەدەستهێنان و گەشەپێدانی چەکی ناوکی نەکەوێ. چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان بەئاشکرا بەڵێنی داوە پێش بە بۆمبی ناوکی ئێرانی بگرێ، دەبێ ئێران ناچار بکات بەڵێنی خۆی بباتە سەر، بێ لەبەرچاو گرتنی سەرکەوتن یان شکستی ژیاندنەوەی ڕێککەوتنی ٢٠١٥. تەنیا گوتنی ئەوە کە کەڵک لە هەموو بژاردەکان وەردەگرین، لێدوانێکی هێندە سواوە کە کەس بە جیددی وەرناگرێ، وبەس نییە. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەبێ بڵێ، بێتوو ئێران بەرەو چەکی ناوکی هەنگاو بنێ، سەرجەم ژێرخانی ناوکییەکەی دەخاتە مەترسییەوە. پێش ڕاگەیاندنی ئەو هەڵوێستە بە فەرمی، بەڕێوەبەرایەتییەکە دەبێ بە شێوەی تاکی هۆی ئەقڵانی ئەو هەڵوێستە بۆ هاوپەیمانانی خۆی شی بکاتەوە و پشتیوانیی ئەوان وەدەست بێنێ. کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەسەر پرسی ئێران هاوهەڵوێست بێ، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی و ڕێبەرانی دیکەی ئێران تێدەگەن کە تێچووی کۆماری ئیسلامی بەرز دەبێتەوە. بێجگە لەوە، تەریک خستنەوەی سیاسی ئێران گرینگە. ڕێبەرانی ئێران وڵاتی خۆیان وک کۆرەی باکوور سەیر ناکەن. لە ڕوانگەی خۆیانەوە، ئەوان میراتگری شارستانیەتێکی گەلێک مەزنن، نەوەک شانیشینییەکی پەراوێزخراو.

چونکە ڕێبەرانی ئێران گومانیان لە کەڵکوەرگرتنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هێز بۆ پێشگرتن بە پەرەپێدانی بەرنامەی ناوکییەکەیان هەیە، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێویستی بە چەند هەنگاو هەیە تا سیاسەتە ڕاگەیەندراوەکەی جێی باوەڕ بێ.

یەکەم، ئەو دەبێ ڕێنوێنی ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان بکات تا مانۆڕان بەڕێوە بەرێ، هەم بۆ خۆی و هەروەها دەگەڵ هاوپەیمانانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ڕاهێنانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئامانجی پتەو بکات. دووهەم، ئەو دەبێ ڕاهێنانی گەیاندنی سووتەمەنی بە فڕۆکەی ئیسڕائیلی لە ئاسمان بکات کە بۆ هەر هێرشێکی بەکردەوەی ئیسڕائیل بۆ سەر ئێران پێویستە. ئەوەی نابێ بیکا ئەو کارەیە لە مانگی مای کردی: خۆی لە پڕکردنەوەی سووتەمەنیی فڕۆکەی ئیسڕائیلی، لە کاتی ڕاهێنانی هاوبەشی هێرشی دووری ئاسمان بۆ زەوی، بوارد. واشینگتۆن پێویستە ترسی ئێرانییەکان لە هێرش پەرە پێ بدا، نەوەک بیانوو بداتە ڕێبەرانی ئەو وڵاتە پێیان وابێ ئەمریکا قەت کەڵک لە هێزی سەربازیی دژی ئەوان وەر ناگرێ.

لە کۆتاییدا، بۆ پتەوتر کردنی بڕوا بە سیاسەتی ڕاگەیەنراو، ولاتە یەکگرتووەکان دەبێ یارمەتی سەربازیی زیاتر بدات بە ئیسڕائیل. وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، ئیسڕائیل پێویستی بە توانایی باشتری گەیاندنی سووتەمەنی لە ئاسمان هەیە تا بە شێوەیەکی بڕوا پێکراو و کاریگەر ژێرخانی پتەوکراوی ناوکیی ئێران لە مەترسی باوێ. بۆیە بەڕیوەبەرایەتیی بایدن دەبێ گەیاندنی تانکەری KC-46 ، فڕۆکەیەکی هەڵگری سووتەمەنی کە فرۆشتنەکەی بە ئیسڕائیل پەسەند کراوە، خێراتر بکات، بەڵام نەوەکوو لە ٢٠٢٤ کە ئێستا بڕیاری بۆ دراوە. پەسەندکردنی وەپێشدانی ئەو مامەڵەیە، ڕەنگبێ لە سەفەری بایدن بۆ ئیسڕائیل لە ١٣ و ١٤ی جولای، ئەو پەیامە بە ئێرانییەکان بدات کە ئەمریکا ئامادەیە ئەگەر پێویست بێ، توانایی سەربازیی ئیسڕائیل بەرز بکاتەوە. بژاردەیەکی دیکەش ئەوەیە کە تەقەمەنی کونکەری مەزن MOP، بۆمبێکی کێوڕمێنی ٣٠ هەزار پاوندی، بداتە ئیسڕائیل و فڕۆکەیەکی B-2 ش بۆ هەڵگرتنی بە کرێ بداتەوە ئەو وڵاتە. ئیسڕائیل ئێستا توانایی لەنێوبردنی بنکەی پیتاندنی فۆردۆی نییە، کە لەنێو کێوێکدا دروست کراوە، بەڵام یەک MOP و فڕۆکەیەکی B-2 دەتوانن ئەو کارە بکەن، ئەوە سوور بوونی ئەمریکا لە پشتیوانیی هێرشەکانی ئیسڕائیل، ئەگەر پێویست بێ، پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەوە بەو مانایە نییە، ئەمریکا بیەوێ ئیسڕائیل لەجیات ئەو کردەوەی هەبێ. لەجیاتان، ئەوە سیگناڵێکە بۆ ئێران کە واشینگتۆن بە تەنیا یان دەگەڵ لایەنی دیکە بۆ لەناو بردنی ژێرخانی ناوکی هەنگاو دەنێ، بێتوو ئەو وڵاتە بەرەو بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی هەنگاو بنێ. ڕێبەرانی ئێران دەبێ بزانن هەر هەوڵێکی ئەوتۆ کردەوەیەکی هێندە مەترسیدارە بۆیان؛ ئەوان دەبێ بڕوا بکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەی دەیڵێ مەبەستیەتی و ئەوان دەبێ تێ بگەن کە بێتوو ئێران ڕێگاچارەی سیاسی ناومکین بکەن، ئەمریکا ئامادەکاریی بۆ هەنگاوی سەربازی دەکات.

## شتێک کە لێی بترسی

بەڵام واشینگتۆن ناتوانێ تەنیا جەخت لەسەر بەرنامەی ناوکی ئێران بکاتەوە. ئەو دەبێ هەروەها ستراتێژییەکی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئاکاری تێکدەرانەی تاران لە ناوچەدا، پێشگرتن بە گەیشتنی چەکوچۆڵی ئێرانی بە بەکرێگیراوەکانی و گەشە پێدانی بەرگریی هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی لە ناوچەدا هەبێ، بە تایبەت دژی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، مووشەکی دەریایی و مووشەکی بالیستیکی بەکرێگیراوانی ئێران. بۆ ئەو مەبەستە، ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ سیستەمی بەرگریی هۆشداریی سەرەتایی دژی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، بەرگریی سایبەری و مووشەکیی هاوبەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەناوچەدا وەسەریەک بخات، ئەگەرچی ئەو هاوبەشانە دەبێ لە پێشدا ڕەزامەندی بۆ ئەو کارە دەربڕن.

بەشی: دووهەم

لە کاتێکدا کە گەلێک لە دۆستانی وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانی ئەوەن ئەو وڵاتە لە ناوچەکە بکشێتەوە، یەکخستنی بەرگریی، ڕێگایەکە بۆ دڵنیاییدان بەوان و هێشتنەوەی ئەمریکا لەو ناوچەیە. سوودی ئەوە تەنیا دابەشکردنی قورسایی تێچووەکان نییە، بەڵکوو سامانی تاکیی وڵاتەکان لەناوچەدا کەڵکی باشتری لێ وەردەگیرێت. وڵاتە یەکگرتووەکان پێویست ناکا مووشەکی بەگریی زۆرتر بدات بە هاوبەشەکانی، بێتوو ئەوەی تا ئێستا پێیانی داوە بە شێوەیەکی کاریگەر وەک کۆیەک کەڵکیان لێ وەرگیرێ. کۆی ئەو چەکوچۆڵانە بێگومان لە لە بەشە تاکیەکانی زیاترن. دەبێ دان بوەشدا بنرێت کە لە سایەی بەڕیوەبەرایەتی بایدنەوە، هەر ئێستا کار بۆ گەشە پێدانی ژێرخانی بەرگریی ئاسمانیی و مووشەکیی یەکگرتوو لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەستی پێ کردوە.

لە کۆتاییدا، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ ئامادە بێ بەهێزتر وەڵامی هێرشەکانی بەکرێگیراوانی ئێران دژی هێزەکانی ئەو وڵاتە لە عێراق و سووریە بداتەوە. ئەو بنکانەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لێیان جێگیر بوون زیاتر لە ٤٠ جار بەئامانج گیراون، بەڵام ئەمریکا تەنیا دوو جار بە شێوەیەکی باش وەڵامی ئەو هێرشانەی داوەتەوە. وەڵامەکانی واشینگتۆن دەبێ چاوەڕواننەکراو بن و دەبێ ئەوە بە ڕێبەرانی ئێران بڵێن کە، بە پێچەوانەی گریمانەی ئەوان، وڵاتە یەکگرتووەکان ئامادەیە دژی ئەوان کەڵک لە هێز وەرگرێ. ڕەنگبێ کاتی ئەوە هاتبی وەک ئیسرائیلییەکان بکەین: لە نیوەشەودا لە ئامانجەکانی ئێرانی بدەین، نەوەک هی بەکرێگیراوەکانی، و دانیشیان پێدا نەهێنین. وڵاتە یەکگرتووەکان نابێ ئێران لە دۆخێک هاوێ یان وەڵام بداتەوە یان حەیای بچێ، بەڵام دەتوانێ بۆی ڕوون بکاتەوە کە چیدیکە هێرشەکانی بێ وەڵام ناهێڵێتەوە.

ئامانجی سیاسەتی ڕاگەیەنراوی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ چاوترسێن کردن بێ. تا ڕێبەرانی ئێران باشتر لەوە تێبگەن کە چ دەدۆڕێنن، بەو شێەوەی وێدەچێ ئەوان زۆرتر ملکەچی ڕێگاچارەی سیاسی بن. ئەویش هەڵگیرانی ئابلۆقەکان بەشێوەیەکی گەلێک زیاتر لەوەی چاوەڕوانی دەکەن، بێتوو تاران ڕێککەوتنێکی بەهێزتر و درێژمەوداتر پەسەند بکات. ڕێککەوتنێکی "زیاتر بۆ زیاتر" لەو شێوازە ڕەنگبێ بکرێ وەدەست بێ، بەڵام تەنیا کاتێک کە ڕێبەرانی ئێرانی بە شێوەی ڕاستەقینە لەوە بترسن چ شتێک لە کیس دەدەن. بە شێوەیەکی گاڵتەجارانە، وێدەچێ گەڕاندنەوەی ترسی ئێران لە وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا ڕێگای پێشگرتن بە جەنگ، سنووردار کردنی هەڕەشەکانی ئێران لە ناوچە و گەیشتن بە ئاکامێکی سیاسی شیاو لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکی ئێران بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠٢٢

## ئێهود باراک: ئێران دەتوانێ خۆی بکاتە خاوەن چەکی ناوکی و بۆ وەستاندنی بە هێرشی ئاسمانی زۆر درەنگ بووە

هەوڵەکان بۆ پێشگرتن بە ئێران لە بوون بە هێزی ناوکی لە نزمترین ئاستدان و ڕوونە کە بەرەو شکست دەچن. لە ٢٠١٥، ڕێککەوتنەکە بە ڕێبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ وەدواخستنی بەرنامەی ناوکیی ئێران بەگوێرەی پێویست بەهێز نەبوو و کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٨ لە هەمان ڕێککەوتن، هەلی بۆ ئێران ڕەخساند تا "ڕەوایی" بە هەوڵە خشکەییەکانی بەرەو "لێواری بوون بە خاوەن چەکی ناوکی"، واتە ڕێژەی پێویست ئورانیۆمی پیتێندراو لە ئاستی بەرزدا بۆ ئامێرێک و تەکنۆلۆژیای پێویست بۆ کردنی بە چەک، ببەخشێ. لە ٢٠١٨ ئەوان ١٧ مانگ لە گەیشتن بەو لێوارە دوور بوون. ئەمڕۆ ڕەنگبێ ١٧ ڕۆژ دوور بن.

### کاتی ئەوە هاتوو بەرەوڕووی ڕاستی ببینەوە

کاتێک نۆ مانگ لەوەپێش وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئانتۆنی بلینکن، گوتی بێتوو لە ماوەی چەند حەوتوودا ڕێک نەکەوین، واژۆکردنەکە بایەخێکی نابێ، ڕاستی دەکرد. ئەو بۆچوونە ئەوڕۆ زۆر ڕاستترە. ئێران لە پیتاندنی ئورانیۆم بەردەوام بووە و لە وڵاتێکەوە کە لەژێر چاودێریی ڕووسیەدا بوو، بۆتە وڵاتێک کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ڕووسیە دابین دەکات. هەنووکە، ڕێککەوتنێکی نوێ تەنیا بۆ دەرکەوتن بەسوودە، "بیانووی حاشا کردن" بۆ پێویستیی نێوخۆ دەستەبەر دەکات، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، خۆبواردن لە ڕاستیی تاڵتر و بژاردەی ناخۆشتر و، بۆ ئێرانییەکان، درێژەدان بە ڕاگرتنی سەپاندنی ئابلۆقەکان لە نزمترین ئاستدا.

ئەو هاوینە ئێران بەکردەوە دەگاتە لێواری بوون بە دەوڵەتی خاوەن چەکی ناوکی. بەڵێ، ئێستاش ١٨ تا ٢٤ مانگ دەخایەنێ تا ئەوان بتوانن تواناییەکانیان لە هەڵسوکەوت دەگەڵ ئورانیۆم باشتر بکەن و بیخەنە نێو کڵاوەی مووشەکی جەنگی. بەڵام ئەو هەنگاوانە دەکرێ لە تاقیگایەکی بچووک یان کارگەیەک جێبەجێ بکرێن و ناکرێ بە هاسانی چاودێری بکرێن، چ بگا بە وەستاندنیان. ئەگەری ئەوەش زۆرە، تەنانەت کاتێک کە ئێران بوو بە وڵاتێکی خاوەن چەکی ناوکی، مەلاکان حاشای لێ بکەن و لە پەیماننامەی بڵاونەکردنەوە(NPT) یشدا بمێننەوە تا خۆیان لە کەوتنە ژێر ئابلۆقەی

بەهێزتر ببوێرن. بەڵام ئەوە شتێک لە ڕاستییەکە ناگۆڕێ. دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ هەوڵ و تێکۆشان، ئێران خەریکە بگاتە خاڵی بێگەڕانەوە و ببێتە ئەندامی "یانەی ناوکی." ئەوە لە سەرەتاوە خولیای مەلاکان بووە.

ئەوان سەرکەوتووانە ڕێچکەی کۆرەی باکوور و پاکستانیان گرتە بەر، کە دژی هەموو دنیا سەرکێشییان کرد و بوونە خاوەن چەکی ناوکی. ئەوان هەروەها خۆیان لە کۆتایی زۆرەملیی بەرنامەی لیبی و ئەفریقای باشوور و، چارەنووسی بەرنامەکانی عێراق و سووریە، کە بە هێرشی نەشتەرگەرانەی ئیسرائیل لە ١٩٨١ و ٢٠٠٧ لەنێو چوون، بوارد. بەڵام لە ١٩٨١ و ٢٠٠٧، ئەو بەرنامانە نەگەیشتبوونە ئاستی پێشکەوتووی بەرنامەی ئێران.



لەبەر هۆی نادیار، دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام لە ٢٠١٨، نە ئەمریکا و نە ئیسرائیل "پلانی"B ی سەربازییان، واتە هێرشێک کە بتوانێ بەرنامەی ئێرانییەکان لانی کەم چەند ساڵ وەدوا بخات، ئامادە نەکرد. بەڵام لە کاتێکدا کە ئێران ١٧ مانگ لە "تێپەڕین"ی سەرکەوتووانە دوور بوو، ئەو ئامانجە دەکرا دەستەبەر بکرێ. بەڵام دۆخەکە لە کاتێکدا ئەوان ١٧ ڕۆژ دوورن بەتەواوی جیاوازە. "تێپەڕین" کورتکراوەی بڕیارە و دوای ئەو هەنگاو دێ، واتە گواستنەوە لە بەرنامەی ناوکی مەدەنی، ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەکار دێ، بۆ بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی. ئەو پیتاندنی ئۆرانیۆم بە ئیزۆتۆپی ٢٣٨ تا ئاستی سەرووی ٩٠٪ دەگرێتەوە. پیتاندنەکە لە سانتریفیوژاندا

دەکرێ و پرۆسەی بەرز کردنەوە لە ٦٠٪ بۆ "ئاستی پێویست بۆ چەک" گەلێک لە پرۆسەکانی پێشووتر هاسانترە. ئەو دوایین قۆناخە پێویستیی بە جێگای کەمە، ڕەنگبێ لە تونێلی گەلێک قووڵدا کە هیچ چەکێک نایگاتێ. کەوابوو، تەنانەت بێتوو هەواڵگریی نایابت هەبێ (کە هەمیشە وا نییە) و بزانی کەنگێ دەقەومێ، ڕەنگبێ بەو ئاکامە بگەی کە هیچت لەدەست نایە. ئەوە هەر ئێستا، زیاتر لە جارێک، لە پێوەندی دەگەڵ کۆرەی باکوور، لە ئەمریکا قەوماوە.

کەوابوو ڕاستییەکە ئەوەیە: هەم ئیسرائیل (بێگومان) و ئەمریکاش دەتوانن لە ئاسمانی ئێرانەوە دژی ئەو بنکە یان دامەزراوەیەکی دیکە شتێک بکەن و لەناوی بەرن. بەڵام کاتێک ئێران بەکردەوە گەیشتە لێواری بوون بە دەوڵەتی ناوکی، ئەو جۆرە هێرشانە ناتوانن پێش بەو وڵاتە بگرن تا چەکی ناوکی دروست بکات. بەڕاستی، لە هەلومەرجی دیاریکراودا ڕەنگبێ ئەوان خێراییەکەیان بۆ دروستکردنی بۆمب زیاتریش بکەن و بە بیانووی بەرگریی لە خۆیان، ڕەوایی بە هەوڵەکانیان بدەن.

بە واتایەکی دیکە، بە پێچەوانەی هێرشی نەشتەرگەرانەی کە ١٢ ساڵ لەوە پێش بیریان لێ دەکراوە، یان دەبوو ٤ ساڵ لەوەپێش بیری لێ بکرێتەوە، ئۆپەراسیۆنێک کە دەیتوانی برنامەی ئێرانییەکان گەلێک وەدوا بخات (لە کاتێکدا کە مەترسیی جەنگ دەگەڵ ئێران هەبوو)، بژاردەکانی ئێستا هەموویان مەترسیی جەنگیان (بە تایبەتی بۆ ئیسرائیل) بەدواوەیە، بە ئەگەرێکی زۆر کەمەوە کە بتوانن بەرنامەی ناوکی ئێرانییەکان وەدوا بخەن.

هێشتا وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ ئێران لە چوون بەرەو چەکی ناوکی، بە ئۆلتیماتۆمێکی سیاسی بۆ وەستاندنی بەرنامەکە، کە پشتئەستوور بە هەڕەشەی جێگای باوەڕ بۆ جەنگی بەربڵاو بێ، چاوترسێن بکات. هیچ شتێک لەوە کەمتر ئاکامێکی نابێ. هیوادارم ئەوە هێشتا کەتوارانە بێ. دەنا ئێمە تووشی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ، بەرەو خراپتربوونی هاوسەنگیی ئاسایشی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەبین. ئێران هەر ئێستا ڕکەبەرێکی سەخت و لاسارە و دژی ئیسرائیل و وڵاتی دیکە کار دەکات، ڕاستەوخۆ و بە بەکرێگراوەکانی لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن خەریکی بڵاو کردنەوەی تێرۆر، پشێوی و سەرهەڵدان لەهەر شوێنکە کە بتوانێ. من بۆ چاوتروکاندنێکیش گومانم لە تواناییەکانی بۆ هەراسانکردنی ئیسرائیل و ئەوانی دیکە، تێکدانی ژیانی ئاسایی یان خولیای بەچۆک داهێنانی ئیسرائیل نییە.

بەڵام، کاتێک باس لە توانایی ناوکی دەکرێ، دەبێ لەبیرمان بێ بۆ دروستکردنی جبەخانەیەکی ناوکیی سەرەتایی دەساڵ یان زۆرتر دەخایەنێ. ئەوە تەنیا لە درێژمەودادا دەبێتە هەڕەشەی مان و نەمان بۆ سەر ئیسرائیل. بمانهەوی کەتوارگەرانە

بدوێین، ئەوە باسی پێدادانی بۆمبێک بە ئیسرائیل نییە. مەلاکانی ئێران کۆنەپەرست و توندئاژۆخوازن، بەڵام گەمژە و شێت نین. ئەوان نایانهەوێ بگەڕێنەوە چاخی بەردین. بەپێچەوانە، بۆ ئێران بوون بە خاوەن توانایی ناوکی، پرسی مانەوەی ڕێژیمە. ئەوە دەبێتە هۆی دڵنیابوون کە هیچ کەس نەوێرێ بە شێوەی بەربڵاو لە ئێران دەستێوەردان بکات، جا هەرچەند ڕێژیمەکە لەرۆزکیش بێ. توانایی ناوکی هەروەها "هاوسەنگی" ئەوان بەرانبەر بە ئیسرائیل ڕادەگرێ و دەستی ئێران ئاواڵا دەکات تا ناکۆکی و پشێوی لە سەرانسەری ناوچەکەدا بڵاو بکاتەوە.

مەترسییەکی ڕاستەقینە، لە پێش هەموو شتێکدا، ئەگەری هەرسهێنانی پەیماننامەی بڵاونەکرنەوەیە .(NPT) بێتوو ئێران بڕیار بدا ببێتە خاوەن چەکی ناوکی، بڕیارێک کە تەنیا ڕێژیمی ئێران دەیدا، تورکیە، میسر و بە شێوەی جیاواز عەرەبستانی سعودیش هەست پێ دەکەن کە ناچارن ببنە خاوەن چەکی ناوکی. ڕەنگبێ ئەوە دەساڵ یان بیست ساڵ بخایەنێ تا بە ئاکام بگات، بەڵام هەرەسهێنانی (NPT)دیکتاتۆرە پلە سێیەکانی دنیا هان دەدات بۆ پاراستنی ڕێژیمەکانیان هەمان ڕێچکە بگرنە بەر. لەوەش زیاتر، ڕەنگبێ ڕێگای وەراستگەڕانی مۆتەکەیەکیش ئاواڵا بێ، کە گراهام ئالیسۆن مامۆستای زانستگای هاروارد وەک تێرۆریزمی ناوکی باسی کردوە، ئەوەش بەو مانایەیە کە هەرچی دەوڵەتی خاوەن چەکی ناوکی زیاتر بن، مەترسیی دەستپێڕاگەیشتنی تاقمێکی تێرۆریستی بە ئامێرێکی خاوی ناوکی زیاتر دەبێ. کەوابوو، چار چییە؟ یەکەم، سەیری ڕاستییەکە بکە و کاری لەسەر بکە، نەوەک لەسەر ئاوات و خەیاڵ پڵاو. دەست بکە بە بیرکردنەوە و خۆ ئامادە کردن بۆ دۆخە ڕاستەقینە نوێیەکە.

ئەگەر ڕێککەوتنێکی نوێ دەگەڵ ئێران، تەنانەت یەکێکی جێگای گومان، یارمەتی بە پاراستنی پەیماننامەی پێشگرتن بە بڵاوبوونەوە (NPT) دەکات، ئەوە دیسان بۆ ئامانجەکان بەکەڵکە. بەڵام واژۆی ئێران لەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیکات بایەخی کەمترە. واشینگتۆن دەبێ یانەیەکی بچووک لە وڵاتانی پێوەندیدار، لە نێویاندا ئیسرائیل، دروست بکات و خۆی لە وەبەرهێنانی پێویست لەسەر هەواڵگریی بۆ کەمکردنەوەی مەترسی تووش بوونی نائاگاداریی لە هەر پێشوەچوونێکی یەکلاکەرەوە، دڵنیا بکاتەوە. دەبێ کاری زۆر لە بواری هاوکاریی ئۆپەراسیۆنی و سیاسی بکرێت، لە ئۆپەراسیۆنی شاراوە تا سیاسەتی گشتی، تا ئامادەکردنی ئابلۆقەی گەلێک بەهێزتر و هەروەها پلانی ئامادە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەل ڕووداوی پێشبینی نەکراو، ئەگەر یان کاتێک ئاشکرا بێ ئێران هەنگاوەکانی بۆ سەرەیەک خستنی چەکێک خێراتر دەکات، واتە کاتێک بیهەوێ لە خاڵی بێگەڕانەوە بەرەو بۆمبی ناوکی تێپەڕ بێ.

ئیسرائیلیش دەبێ بەو ئامرازانە تەیار بێ کە توانایی ئەوەی پێ ببەخشێ تا بە شێوەی سەربەخۆ هێرش بکاتە سەر

**بەشی: دووهەم**

بەرنامەی ناوکیی ئێران، بێتوو هەردوو دەوڵەت بەو ئاکامە بگەن کە بەتەواوی پێویستە. هاوبەشە بچووکترەکە دەبێ ئەو تواناییەی هەبێ، چونکە لە کاتی تێپەڕینی ئێران لە هێڵەکە، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان سەرقاڵی قەیران لە شوێنێکی دیکە بێ، جا ئەو شوێنە ڤێنێزوئێلا بێ، دوورگەکانی دەریای باشووری چین، تایوان، ئوکراین یان کاتی دەستاودەست کردنی دەسەڵات دوای هەڵبژاردن بێ.

دەبێ سەرنجی تایبەتی بدرێتە قەناعەت پێهێنان بە تورکیە، میسر، عەرەبستانی سعودی و ئەوانی دیکە لە ناوچە کە ئەوان بەشێوەی شیاو دژی گورەشە گیریی ناوکی ئێران پارێزراون و پێویست ناکات ببنە خاوەن چەکی ناوکی.

دەسەڵاتی ئایەتوڵڵاکان تاهەتایی نابێ. زۆر جار شۆڕشی ئەوتۆ لە کاتی جیلی سێهەمیاندا هەرەس دەهێنن (بڕوانە بۆ وێنە شۆڕشی کۆمۆنیستی). کۆمەڵگەی لە ڕادەبەدەر لاوی ئێران لە یەک دوو دەیەی دیکەدا دەگاتە ئەو قۆناخە. خەڵکی ئێران خەڵکێکی مەزنە و لە سەرەتای مێژووەوە خاوەن شارستانییەتییێکی مەزن بووە. ئەوان تەنیا ٤٥ ساڵ پێش ئێستا باشترین دۆستی ئیسرائیل لە ناوچەدا بوون. ئێمە دەبێ لە پێشگرتن بە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاوەستاو بین. لە کاتێکی دیاریکراودا، بەو هیوایە زوو بێ و وە درەنگی نەکەوێ، ئەوان هەرس دەهێنن و لاپەڕەیەکی نوێ دەکرێتەوە.

با بەیەکەوە بەرەو ئەو قۆناخە کار بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمەی ٢٧٢٣ی کوردی = مارچی ٢٠٢٤ی زایینی**

---




# سپاس و پێزانین

**هاوڕێ کەماڵ حەسەن پوور بۆ وەرگێڕاوەکانی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان**

**دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان**


